# حیکایەتی شۆرشەکان

**دیرۆك و پێناسەیەکی کورتی**

**چەند شۆرشێکی رزگاریخوازی جیهانه**

**ئامادەکردن و وەرگێرانی**

**شێرزاد هەینی**


- ناوی کتێب: **شۆرشەکانی جیهان**
- نووسینی: **شێرزاد هەینی**
- بابەت: **مێژوویی**
- تایپ و هەڵەچن: **وەرگێر**
- دەرهێنانی هونەری ناوەوەو بەرگ**: خلیل هدایت مام شێخ**/4924263
- تیراژ: (1000) دانه
- نرخ: ( ٥٠٠٠ ) دینار
- شوێنی چاپ : چاپخانەی رۆژهەلآت– هەولێر

● له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ٢٨٤٢) ی 2012 پێدراوە.

## له بلاّوكراوەكانی كتێبخانەی ئاوێر ژمارە (113)

**حیکایەتی شۆڕشەکان**

1. **شۆڕشی ئینگلیزی**
2. **شۆڕشی ئەمریکی**
3. **شۆڕشی عەرەب**
4. **شۆڕشی یەمەن**
5. **شۆڕشی مهدییەکانی سودان**
6. **شۆڕشی رووسی**

## 7. شۆرشی فەرەنسی

حیکایەتی شۆرشەکان

**حیکایەتەکان بە چەند دێڕێك:**

**سەرەتای سەرهەڵدان و هزری نوێ و شۆڕشەکان لە ئینگلتراوە دەست پێدەکات و دەگاتە وڵاتانی تری ئەوروپی و پەرلەمان دەبێتە واقیعێکی دروست و دەسەڵاتی پاشایەتی رەها دەگەڕێتەوە بۆ میللەت. ئەمریکییەکان بەو شۆڕشە شێرازەی سیاسی دەوڵەتە مەزنەکەیان دادەڕێژن. لە حیجاز و نەجد و میرنیشینەکانی تری عەرەبی بە دەستی ئینگلیز عوسمانییەکان دەردەکەن، دوایی سەرکەشانە ناگانە ئامانجەکانیان، بۆیە وڵاتە عەرەبییەکانیش لەسەر وڵاتانی داگیرکەر دابەشدەکرێت. میسرییەکان و هێزەکانی تری ناوچەکە و دەرەوە دەست لە قەوارە ئیمامییەکەی یەمەن وەردەن و زیانی زۆر لە هەمولایەك دەکەوێت و ناوچەکە هیلاك دەکەن. مەهدییەکانی**

سودان بەناوی مەهدی ئاخر زەمان هەڵدەستنەوە و شۆرش دەکەن و لە میسری یەکگرتوو جیادەبنەوە. بەسەرهاتی لەناوبردنی قەیسەرەکانی رووس و ململانێی مارکسییەکان لەناو شۆرشی رووس رووداوی زۆر خوێناوی بوون. فەرەنسییەکان ئەگەرچی شۆرشەکەیان خوێناوی بووە، بەڵام پێشەنگی نوێبوون و هزری پێشکەوتنخوازی بووە لە سەرانسەری جیهان.

شێرزاد هەینی

ستۆکهۆلم

یولیۆی ٢٠١٢

# شۆڕشی ئینگلیزی دایکی شۆڕشەکان

حەسەن حافیز

شۆڕشی ئینگلیزی دایکی شۆڕشەکان

**گەلی ئینگلیز دەستوور دەنووسنەوە و پاشایەتی سنووردار دەکەن و دیموکراسی دادەمەزرێنن.**

لەودەمانەی موڵکایەتی زۆردارانەی ڕەها، یان موڵکایەتی زۆردارانەی ڕەوشنگەر باڵی بەسەر ئەورووپادا کێشابوو، بنچینە و سەرەتاییەکانی دیموکراسی لە ئینگلترا جێگیر و سەقامگیر دەبێت، بۆیەش سەیر نییە ئەگەر لەو وڵاتەدا، یەکەم شۆڕش بۆ ڕووخاندنی سیستەمی پاشایەتی لە مێژووی نوێی تێدا ڕوو بدات، ئەگەرچی سەرەتا شۆڕشەکە سەرناکەوێت و ستوونەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی لەو وڵاتە هەر دەمینێت و ناڕووخێت، بەڵام جۆشی شۆڕشگێری لە ساڵانی ١٦٤٢ هەتا

١٦٨٨ هەر گەرم و بەجۆش بووە، بەوەش بناغە و بنچینە سەرەکییەکانی دیموکراسی لە جیهان دادەکوترێت و هەموو جیهان پەند و زانین لەو سەرهەڵدانە دەبینێت .

شۆرشی ئینگلیزی دەبێتە بنچینەیەك بۆ ئەوەی میللەتەکە دابونەریتە کۆنەکان بگۆرێت، پاشایەتی دەسەڵاتی وەك جاران بەرەهایی نەمینێت، پەرلەمانی هەڵبژێردراو ببێتە دەزگایەکی شەرعی ئەکتیڤی بریاردەر، پاشاش ناچار دەبێت گوێ لە فەرمانەکانی میللەت بگرێت، نەك وەك جاران کە بەپێچەوانە بوو، بەڵام دەسەڵات دەرهێنان لەبن دەستی پاشا ئاسان نەبووە، چەندین ساڵ و سەدەی ویستوە، بۆیەش وڵاتەکە بە ئەزموونی زۆری دەستووری تێپەریوە، کەواتە شۆرشەکە بوو، کە دابونەریت و سیمای دیموکراسی و پاشایەتی دەستووریی ساز و دامەزراندووە. ئینگلترا زوو هەستی کردبوو شوێن و پێگەی ئەوان لە رووی جوگرافیاییەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەوەش دیارە کەوا وڵاتەکە بەشێکی دانەبراوی ئەوروپایە، بەڵام هەڵکەوتەی دوورگەکە و بوونی دەریای مانش یان کەناڵی ئینگلیزی لەنێوان خۆیان و کیشوەرە پیرەکە، بوارساز بووە لەو جەستە دابراوەی خۆیانەوە زووتر لە وڵاتانی تر چەمکی نەتەوە و تایبەتمەندی نەتەوەی ئینگلیزی گەڵاڵە و بەرجەستەی بکەن.

بۆیە شتێکی نامۆ و سەیر نییە، کەوا مێژووی ئینگلترا بەچەندین رووداوی یەك لەدوای یەکدا تێ بپەرێت، بەوەش میللەتەکە ناسنامەی تایبەتی خۆی هەبێت، لەوەیاندا لە زۆر گۆشەنیگاوە رێزپەر بووە. دیارە کەوا ئەو رووداوانەش ماوەیەکی زۆری ویستوە و توانراوە کولتووری خۆیان گەڵاڵە بکەن، بەوەش ببەسترێنەوە و بەنەرمیش و لەسەرخۆش بگۆرێن، بەڵام گۆرانێکی زیندووی کارا. میللەتی ئینگلیزی بەوەیان لە میللەتی فەرەنسی جیاوازە، کەوا ئەوان لە پرۆژە و بەرنامەکانیاندا پەلە ناکەن، چەندین سەدەی ویستوە تا توانراوە حوکمێکی نمونەیی نوێی ساز و ئامادە بکەن و خوێنی کەم برێژن، ئەوەش بەپێچەوانەی شۆرشەکەی فەرەنسایە، کە چەندین ساڵی خوێناوییان لەو کاروانەدا بەرێکردووە، دیارە کەوا هەموو میللەتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەوەش تەنها لەکاتی سەرهەڵدانەکانیان دەردەکەوێت.

شۆرش لوتکەی دارشتنە لە دامەزراندنی نەتەوەی ئینگلیزی و بناغەیەکەی، کە کەسایەتی سیاسی ئینگلیزیی سیاسی ناوازە بەرزدەکاتەوە، بەڵام بوار و گەیشتن بەو شۆرشە نەمرە ئاسان نەبووە،

کار و تێکۆشانی چەند سەدەی ویستووە، تا دەسەڵاتی پاشا سنووردار کراوە و ئینگلترا لە دەسەڵات و پاوەری پاپاکان و هێرش و چاوتێبڕینی دەرەکی دەربازی بووە، ئەو قۆناخەی تێپەڕاندووە. سەرهەڵدانی شۆڕشەکە بە سەرۆکایەتی (ئولیڤر کرۆمویل) هەنگاوێکی شایستە بووە بۆ دانانی بنچینەکانی دەسەڵات و ئازادییەکان، ئەوەش بوارێك بووە تا رووناکبیرە ئەوروپاییەکان سێ سەدە شانازی پێوە بکەن و پەیڕەوی بەرنامەکانی ئەو بکەن، پرسیارەکەشمان ئەوەیە ئەو شۆڕش و سەرهەڵدانە چۆن روویدا!؟

**ماگنا کارتا**

سیستەمی پاشایەتی ئینگلیزیش وەك هەموو پاشایەتییەکانی تری ئەوروپی لەسەر بنچینەی دەسەڵاتی رەهای تاکڕەوی پیرۆز بەڕێوە دەچوو، لەوەتی پاشایەتی دەسەڵاتی هەبووە، بەو بەرنامەیە کاریکردووە و پیرۆزیش کراوە، بەڵام لەودەمانەی شەڕەکانی خاچپەرستەکان روودەدات، لەبەر ئەو رەوشە نوێیە کەمێك سیستەمەکە هەژاوە و گۆڕینی تێدا بوو، بەدروستی و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی پاشایە بەناوبانگەکەیان، کە لە ناوچە عەرەبییەکان زۆرتر دەناسرا، ریتشاردی دڵشێر (١١٨٩_ ١١٩٩) ئەوەی چەند ساڵێك لە وڵات دەردەچێت و دەکەوێتە شەڕی دژوار لەگەڵ سولتان سەلاحەدینی ئەیوبی، کە زۆربەی شەڕەکانیشی دەدۆڕاند، لەو ماوەیەی ئەو لە دەرەوەی وڵات بووە، ئاژاوەیەکی بێ سنوور لە وڵاتەکە بەرپابووە تا ئەودەمانەی ئەو گەڕاوەتەوە. کە ریتشاردی دڵشێر دەمرێت براکەی جۆن پاشا (١١٩٩_ ١٢١٦) دێتە سەر تەختی پاشایەتی ئینگلترا، ئەویش دژایەتی هەموولایەك دەکات، دەسەڵاتی پاشایەتییەکەی بەناڕەوا پەیڕەو دەکات، بەوەش پاپاکان و دەرەبەگ و جووتیارەکانیش لە خۆی تووڕە و نیگەران دەکات، لەودەمانەش پاشا لەجیاتی رەوشی وڵات ئارام بکاتەوە، وڵاتەکەی دووچاری شەڕێکی دژوار لەگەڵ فیلیپ ئۆگسسی پاشای فەرەنسا دەکات، لەوێ لە مەیدانی شەڕەکە هەموو سەرکردە و سەربازەکان پاشاکەیان جێدەهێڵن، ئەویش لە شەڕەکەدا دەشکێت، بۆیەش لە مەیدانی شەڕی (بۆڤین) بەیەکجاری سوپاکەی هەرەس دەهێنێت، ئەویش رادەکات و دەگەڕێتەوە لەندەن و دووبارە دەست دەکاتەوە بە وەرگرتنی باجی زۆر و زۆردارییەکانییەوە، تا بتوانێت سوپایەکی

مەزن و چەکداری بەهێز دامەزرێنێتەوە، بەڵام رای گشتی و هەموو لایەنەکان دژایەتی توندی دەکەن. هەموو دەرەبەگەکان بۆ سەرکەوتن بە سەر بڕیار و کردەوەکانی پاشا هەڵدەستنەوە و هێزی خۆیان کۆدەکەنەوە و پاشاکەش لە گۆشەیەکی تەسکی دەسەڵاتدا دەپەستن و بەناچاری پەیمانێکی مەزن، کە بە ناوی (ماگنا کارتا) دەناسرێت لەساڵی ١٢١٥ پیَ ئیمزا دەکەن، بەوەش هەموو ئازادییەکان ساز دەبێت و بەردی بناغەی ئەو سەربەستییەی لە وڵاتدا هەیە دەچەسپێت .

ئەگەرچی پەیمانەکە بە چەندین کۆت و بەندیش بەسترابووە، بەڵام بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پاشا بۆ دەسەڵاتی ژمارەیەك لە هاوڵاتیانی میللەتەکە و چینە دەرەبەگەکە پێشهاتێکی نویَ بوو، گرینگی ئەو پەیمانەش لەوە خۆی دەدۆزێتەوە، کەوا لەودەمانە چەندین مافی زەوتکراوی میللەت دەگەڕێندرێتەوە بۆ میللەت، ئەوەش لەناو هەموو میللەتانی دونیا نویَ و نەکردە بوو. هەر ئەو ئازادییە بووە، کە لە سەدەی بیسەت و یەکیش پەیڕەو کراوە. ئەو پەیمانەش کۆنترین پەیمانی نووسراوە لەنێوان دەسەڵاتدار و میللەت، بنچینەکانی لە سازکردنی دادگایی یاسایی و نەگرتنی تاکی ئینگلیز بەبیَ دادگاییکردن بووە، سیستەمی سوێندخۆریش بۆ یەکەمجار دەخرێتە ناو بازنەی دادگاکان و لەودەمانەش ئەو سیستەمە زۆر پیشکەوتوو بووە، هەروەها دەسەڵاتیش دەداتە ئەو پەرلەمانەی کە دامەزرابوو، بەوەش میللەت لە ئایندە رووبەری دەسەڵاتەکانیان فراوان دەبێت، بەکورتی پەیمانە مەزنەکە، پاشایەتی ئینگلیزی رەهای دەستووری دەگۆڕێت بە پاشایەتی دەستووریی سنووردار، ئەوەش بوارساز دەکات یاسایە ئینگلیزییەکە بەرقرار بێت و گەشەش بکات، ئەوەش بە دەسکەوتێکی مێژوویی لە سەدەی سێزدەهەم ئەژمارد دەکرێت .

پەیمانەکە پێشهاتێکی رێزپەڕیش بوو لە مێژووی ئینگلترا و بەراورد بە سیستەمە ئەورووپییەکانی تر و مافەکانی میللەتی بەدروستی و بەڕاستی بە چاو بینیووە، کە ئینگلیزەکان هەر شێست بەندەکەیان پەیڕەو کردووە، بوویتە ستوونێکی بەهێزی دامەزراندن و هەڵکەوتەی کەسایەتی تاکی ئینگلیز، کە بیرۆکەی ئەنجومەنی باڵاش دادەمەزرێت. لە سەدەی چواردەم چوارچیوەی ئەو سیستەمە باشتر و زۆرتر دەچەسپێت، بەپێی بەندەکانی ئەو پەیمانە (ماگنا کارتا) دوو ئەنجومەن

**بە ناوی ئەنجومەنی لۆردەکان، کە نوێنەری پیاوە ماقوڵەکان و نوێنەری پیاوانی ئاینی دەبێت و ئەنجومەنی دووەمیش بە ناوی ئەنجومەنی عەموم بووە کە نوێنەرایەتی شار و هەرێمەکانی دەکرد.**

**ترازاندنی کڵێسا**

**هەنگاوی دووەمی شۆڕشەکە دارشتنەوەی کلتوورە سیاسییەکە بوو بۆ ئینگلترا، ئەوەش پاش ململانێیەکی دوورودرێژی پاشا هنریی هەشتەم (١٥٠٩_١٥٤٧) لەگەڵ پاپای رۆمانی سازکار بوو، ئەوەش پێشهاتێکی بەجەرگ بوو، بۆ سازدانی ئینگلترا و دوورکەوتنەوەی لە کیشوەرە پیرەکە و دانانی کەسایەتی نەتەوەیی تایبەت بۆ خۆیان. دیارە کەوا ئارەزووە تایبەتییەکانی هنری هەشتەمی پاشا رۆلی هەبوو لە دابڕینی وڵاتەکە لە کڵێسای کاسۆلیك، هەروەها هەڵکردنی باهۆزی نەتەوەیی بەتوندی و بەجۆش لەو وڵاتە و لە وڵاتانی تری ئەورووپیش فاکتەرێکی دیاری ئەو ململانێیە بوو .**

**هنری هەشتەم کە ناکۆکییەکانی لەگەڵ کڵێسا قووڵ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بوو، شاژن کاترین ئارگونی کیژە تاقانەکەی فریناند و ئیزابیلای پاشای ئەسپانیا تەڵاق بدات، کە تەنها ماری کیژی لەو ژنەدا مابوو، دیارە کەوا هنری هەشتەمیش کوڕێکی بۆ دوارۆژی تەختەکەیان دەویست، بۆیەش لەگەڵ یەکێك لە کیژەکانی ناو کۆشك و بەردەستەکانی شاژن بە ناوی ئان پۆلین دەست تێکەڵ دەکات و دڵی دەداتە ئەو کیژە نازدارە خزمەتکارە، بەڵام هۆکاری سەرەکی تەڵاقدانی ئەو ژنە لەبەر ئەوە بوو کەوا برازاکەی ئەو، ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم پاشای ئەسپانیا و ئیمپراتۆری دەوڵەتی رۆمانی مەزن، بە مەترسییەکی مەزنی لەسەر ئینگلترا دەزانی، بۆیەش مانەوەی کاترینی لە لەندەن بەباش نەدەزانی و دەبووایە لەو جیاببێتەوە.**

**ئەو داوا لە پاپا دەکات تەڵاقدانی هاوسەرەکەی حەڵاڵ بکات و لە کاترین جیاببێتەوە، دیارە کەوا پاپای ئەو سەردەمە، ئەو جۆرە بڕیارانەی دەدا و لایان ئاسایی بووە، بەڵام بڕیاردان بە جیابونەوەی کاترین لە هنری هەشتەم بێگومان نیازی سیاسی تێدا بووە، چونکە پاپا کەوتبووە**

بن دەسەڵاتی ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم، تا ئەویش تووڕە نەکات ، کە راستەوخۆ دەستی بەسەر ئازادییەکانی ئەودا دەشکا ئەوەی نەکردووە، کەوا پوورەکەی تەڵاق بدرێت، بۆیەش پاپا بە هیچ کلۆجێك رەزامەندی نادات هنری هەشتەم کاترین تەڵاق بدات و ژنێکی تر مارە بکاتەوە. بۆیە ئەویش هەڵمەتێکی سازکراوی بە بەرنامە دەکاتە سەر کڵێسای کاسۆلیك و پیاوانی ئاینی و هەموو شایستە و دەسکەوتەکانیان لێ وەردەگرێتەوە، ئینجا چ سامان و موڵك بێت یان کۆکردنەوەی سەدەقە و نەزرەکان بێت، کاریش بۆ ئەوە دەکات کڵێسای ئینگلترا لە کڵێسای دایك جیابکاتەوە، تا چیتر ئەوان دەستیان بەسەر ئەو وڵاتدا نەشکێت و لەورۆژەوە کڵێسا دەکەوێتە بن دەست و فەرمانی دەوڵەت، لەورۆژەوە ئەسقف بە دەسەڵاتی پاشاوە دادەمەزرێت، ئیتر بەو شێوەیە کڵێسای ئەنجلیکایی دادەمەزرێت و پەیدا دەبێت.

تەندالی قەشە، ئەوەی باندۆری بزاڤەکەی مارتن لۆسەری ئەڵمانی و ریفۆرمەکانی ئەوی لەسەر بوو، بەرنامەی تایبەتی بۆ کارەکانی ساز دەکات و بەو دەسەڵاتەوە کار دەکات، لەساڵی ١٥٢٦ بڕیاریش دەدرێت کەوا کتێبی موقەدەس وەرگێڕدرێتە سەر زمانی ئینگلیزی، بەوەش بەیەکجاری کڵێسای ئەنجلیکایی لە پاپایەتی کاسۆلیك جیادەبێتەوە. هنری هەشتەمیش کاترین تەڵاق دەدات و لە رۆژی ١٥ ی ینایری ساڵی ١٥٣٣ لەگەڵ ئان پۆلین پرۆسەی هاوسەرگیری دەکات، کرانمری سەرۆکی ئەسقفەکانی کانتربری ئەو پرۆسەیە بەحەڵاڵ و دروست ناو دەبات و پیرۆزبایی بە هنری هەشتەمیش دەڵێت، بەڵام پاشا گومانی لەو ژنە دەبێت و حەز دەکات لە کۆڵی ببێتەوە، بۆیە بە تومەتی خیانەت لە رۆژی ١٩ ی مایوی ساڵی ١٥٣٦ لە سێدارەی دەدات، ئیتر هنری پاشا ژن لە دوای ژن دەهێنێت، تا دەگاتە چوار ژن، بۆ جیابوونەوەیان بیانووی تازەی بۆ دەدۆزینەوە .

هنری پاشا بەر لەوەی کۆچیدوایی بکات هەموو پرنسیپەکانی دابڕینی کڵێسا لە پاپا و شێوازێکی نەتەوەیی لۆکالی دەداتە کڵێساکەیان، بەڵام پاش هاتنی ئیلیزابێتی کیژی (١٥٥٨_ ١٦٠٣) دوا شێوازی گۆڕانەکان دادەرێژێت، ئەگەرچی ئەو دووبارە بەندەکانی پەیمانەکەی (ماگنا کارتا) دەبەزێنێت و دەبێتە پاشایەکی بە دەسەڵاتی رەها و هەموو دەسەڵاتەکان دەگرێتەوە دەست، دیارە ئەوەش بەند دەبێت بەو رەوشەی کە وڵاتەکەی پێدا تێدەپەڕێت و مەترسی دەرەکی لەسەر زۆر دەبێت و ژمارەیەك لە دەرەبەگەکان دەیانەوێ هەرێمەکانی خۆیان دابڕن و دەسەڵاتی پاشا

کەم بکەنەوە، بۆیە میللەتی ئینگلیزی لە بەرامبەر پاراستنی ئاسایش و سەربەخۆیی وڵاتەکەیان ماوەیەك دەستبەرداری سەربەخۆیی و ئازادییە تایبەتییەکانیان دەبن و حوکمی رەهای پاشاکەیان بە شێوەیەکی کاتی قبووڵ دەکەنەوە.

## نقوومکردنی پاپۆڕی ئەرمادا

لەسەردەمی هنری هەشتەم ترسی داگیرکردن و دەسەڵاتی بێگانە لەسەر وڵاتەکەیان هەر هەبووە، بەتایبەتی پاپۆڕە ئەسپانییەکە (ئەرمادا) کە لەو سەردەمەدا گەورەترین ئەستوولی دەریایی بوو. پاش ئەوەی کڵێساکەی ئینگلیزی لە کڵێسا کاسۆلیکەکە دادەبڕێت دژایەتی و نەیاری ئەو دوو میللەتە و ترسی ئەسپانییەکان لەسەر ئینگلیزەکان زۆرتر دەبێت، چونکە ئەسپانیا خۆی وەك سەردار و گەورەی کڵێسای کاسۆلیك لەسەرانسەری جیهان راگەیاندبوو. بۆیەش ئەسپانییەکان بەرنامەیان هەبوو دووبارە کۆمەڵگەی ئینگلیزی بگێڕنەوە ناو باوەشە گەورەکەی ئیمان و کڵێساکەیان، ئەوەش زۆرتر دەردەکەوێت و گەرمتر دەبێت کە بازرگانە ئینگلیزەکان لەجیاتی ئەسپانیا بازاڕەکان کۆنترۆڵ دەکەن و ئەسپانیا لەو بازاڕەدا پەراوێز دەکرێت، ئەو مەترسییەش مەزنتر دەبێت و ئەسپانییەکان زۆر تەنگاو دەبەن، کە لەگەڵ برتوگاڵییەکان لەساڵی ١٥٨٠ یەك دەگرن و بەیەکەوە دژایەتی و نەیاری ئەسپانییەکان دەکەن، بۆیە ئەسپانیا بیر لە داگیرکردنی ئینگلترا دەکاتەوە و مەترسییەکە دەبێتە واقیع .

پاشای ئەو ساڵانەی ئەسپانیا فیلیپی دووەم بڕیار دەدات گەورەترین و بەهێزترین ئەستوولی دەریایی بە ناوی ئەرمادا، کە مانای مەزنە، ساز بکەن، ئەو ئەستووڵەش بۆ رووخاندن و گێڕانەوەی ئینگلترای پرۆتستاتی هێرشەکەیان دەکەن تا دەوڵەتەکە بگێڕنەوە باوەشی ئەسپانیا.

لەبەردەم کەنارەکانی ئینگلترا و لە نزیك بەنداوی بلیموپ و لە رۆژی ٢١ ی یولیۆی ساڵی ١٥٨٨ پەڕجووەکە (موعجیزە) دەقەومێت، کە تێدا ئەستووڵی ئینگلیزی کە پێکهاتبوو لە چەند کەشتییەکی بازرگانی و چەتەکان بەسەر گەورەترین و مەزنترین ئەستووڵی جیهان زاڵ دەبێت و

سەردەکەوێت، سەرکەوتنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاکتیکەی بەلەمە گچکەکان توانیان مناورە بکەن و بەخێرایی لە ئاوە تەنکەکە ڕێ بکەن، لە بەرامبەر ئەوەشدا پاپۆڕە ئەسپانییەکان گەورە بوون و تاوەرەکانیان بەئاسانی نەدەجولانەوە و بەئاسانی دەکەوتنە ناو تۆڕ زەبری ئینگلیزی، پاشماوەکانی ئەستوولەکەش بە باهۆزەکەی دەریا شپرزە دەبوون.

بەو سەرکەوتنە و بە شکاندنی ترسە مەزنەکە، ئینگلترا پێگەی نەتەوەیی زۆرتر و توندتر دادەمەزرێت و سەربەخۆییە ئاینییەکەی باشتر جێگیر دەبێت، بە شکاندنی ئەرمادا دەریاوانی ئینگلیزی دەریای بەڕوودا دەکرێتەوە و بەئاسانی بەرەو قووڵایی دەریا دەڕوات و جیهانێکی تر دەدۆزێتەوە، لە چەند ساڵی داهاتوو و بە ماوەیەکی کورت چەند کۆلۆنییەك دیار دەکات و لێرەولەوێ مستعمرەیان دەبێت. پاش ئەو سەرکەوتنە سرووشتی میللەتی ئینگلیز دەگۆڕێت و ترسیان لە داگیرکردن و پەلاماردان نامینێت، چیتریش مەزهەبە ئاینییە نوێیەکەیان هەڕەشەی لەسەر نابێت، ئیتر بەهرەکانی ئەو میللەتە دەکرێتەوە و شەپۆلێکی گەشبینی و کرانەوە هەموو توێژەکانی میللەتەکە دەگرێتەوە، سامانی وڵاتەکەیان بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکە دەگەڕێت و گەنجینەکانی وڵاتەکە بە بازرگانیی کۆلۆنییەکانیان گەشە دەکات و دەەوڵەمەندی لەناو میللەتەکە زۆر دەبێت، ئەو میللەتی کە جاران تەنها جووتیار و ماسیگربوون، دەبنە پیشەوەر و سارمایەدار .

لەسەر ئاستی کلتووری و هزریش زمانەکەیان لە زمانەکانی تری لاتینی و فەرەنسی باشتر گەشە دەکات، لەودەمانە و لەو سەردەمەدا شکسپیر ئەدیبی نەمر و فەیلسوف فرانسیس بیکون بنچینەی پتەوی رۆشنبیری عەقلانە لەگەڵ رۆژگارا دەچەسپێنن. لەو کەشەدا پاشاکانیش هەموو مافەکانی خۆیان و بەبێ کەماسی دەستەبەر دەکەن و بڕگە و بەندەکانی پەیمانی ماگنا کارتایان لەبیر دەچێت، لەولاشەوە مەزاجی گشتی میللەتەکەش بەرەو ئازادییەکان و دەستەبەرکردنی هەموو مافەکانیان گەشە دەکات. ململانێ میللەتەکە و دەسەڵاتی پاشاکان بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی ماگنا کارتا پەیدا دەبێت و شەڕەکە لەنێوان ئەو دوو بەرەیە گەرم دەبێت، ئەوەش جۆشەکەی لەسەردەمی شارلی یەکەم دەگاتە ئەوپەڕی دژواری.

کۆمەڵگەی ئینگلیزیش وەك کۆمەڵگە ئەورووپییەکانی تر لە سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر بنچینەکانی دەرەبەگی چەسپابوو، مەلیك وەك گەورە دەرەبەگێك دەوری بە چەندین گەورە

سەرمایەدار و مەلاکەکان دەوری گیرابوو، لەولاشەوە کڵێسا بە هەموو تواناکانییەوە پشتیوانی ئەو سیستەمی کردووە و بەشداری سەرمایەی ئەو چینەی کردووە، لە بەرامبەردا کڵێسا رۆڵی زۆری هەبووە لە ئیقناعکردنی چینە چەوساوەکە، ئەوانەی برسیەتی و هەژاری هەراسانی کردبوون، کە باج بدەن و لەو رەوشەدا بەرگە بگرن و تەنگاو نەبن و رازی بن. لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا توانرا جەخت لەسەر بنەما چەسپێندراوەکان بکەن، بەو بازرگانییەی کە لەگەڵ وڵاتە کۆلۆنییەکان هاتبووە ئاراوە، چینێکی نوێ پەیدا دەبێت ئەوانەش ناویان نرابوو جنتری، کە سامانێکی مام ناوەندییان هەبوو، ئەوان وەك ئەو دەرەبەگانە نەبوون کە بە میرات سامانیان بۆ ماوەتەوە، ئەوانە بە دەستی خۆیان سامان پەیدا دەکەن، کەواتە ئەو چینە ناوەندەی نێوان نەجیبزادە و دەرەبەگە موڵکدارەکان لەگەڵ خاوەن زەوییە کشتوکاڵی و وەرزێرەکان کەوتنە کارکردن و خۆیان دۆزیەوە وەك چینێکی کاریگەر و دەسەڵاتداری دەوڵەمەند .

ئەو چینە گەیشتبووە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی ئابووری بەرچاو، بەڵام هێشتا لە مافە سیاسییەکان لەبەر رۆشنایی یاسا و سیستەمە سیاسییەکانی بەرتەسکی ناو سیستەمی دەرەبەگایەتی دەیاننالاند. ئەوانە و بەناچاری کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بە پارە دەکڕن و بۆچوونە سیاسیی و دژ بە مەلیك و نەجیبزادەکان دەردەبڕن و بەئاشکرا رامانی ئازادانەی خۆیان دەوت. لەگەڵ زۆربوونی پارە و گەشەی بازاڕی شارەکانی ئینگلترا چینە برژەوا واتە چینە ناوەندەکە، کەسانی خاوەن کارگەی گچکە و پارێزەر و دکتۆر و ئەندازیار و پیشەوەرەکان، ئەوانەی هیچ کاتێك سیستەمی سیاسی ئەورۆژانە، دانی بە بوون و دەسەڵات و پێگەی ئەوان نەنابوو، ئەوانە گەشە دەکەن، دیارە کەوا ئەو چینە بەباشی هەستیان بە بوونی خۆیان دەکرد و وەك ئەوانی تر داوای یەکسانی و نوێنەرایەتی سیاسییان دەکرد و هیواخوازبوون بێنە ناو مەیدانە سیاسییەکە، بە مەرجێك ئامادەییان وەك هێزە ئابوورییەکەیان دیار و روون بێت، کە بەردەوام بەرەو پێشەوە و گەشەداری دەردەکەوت. بۆیە هەردوو چینەکە، چینە نوێیەکە جنتری، لەگەڵ برژەواکە بەیەکەوە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەستیان لەناو دەستی یەکتر ناوە تا بوونی خۆیان لەناو سیستەمە سیاسییەکە بچەسپێنن، ئەوەش دیارە کەوا دەبوایە کۆشش بکەن، ئەو مافانە لەناو کەڵپە و دەستی پاشا و دەرەبەگەکان بە راکێشان دەربهێنن .

بۆیەش لە ناوەندی یەکەمی سەدەی حەڤدەم ململانێی لەنێوان چینەکانی ئینگلیزی ئاوێتە بە جۆرەها مەزهەبی ئاینی و ئاستی ئابووری جیاوازە پەیدا دەبێت، بەشە باکوورەکەی ئینگلترا دیارە کەوا کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بە زۆرینەی کاسۆلیك بوون، بەڵام باشوورەکەی کە بازاڕی پیشەسازی بوو مەزهەبی زۆرینەیان پرۆتستانت بوو. لەودەمانەش پیاوانی چینە نوێیەکە داوای زۆرترین زەمانەتی گومرگییان دەکرد، دەیانویست پێگەکانی بازاڕ و ئابووری ئازاد زۆرتر و توندتر بچەسپێت، کە تێدا داهاتەکان هاوشانی وزە و دەستی کار و نرخی کالاکان بێت، بەڵام گەورە سەرمایەدارە دەرەبەگەکان لەسەر بنەما زۆردارییە دەرەبەگییە باوەکەیان سووربوون، کە تێدەگەن مەترسییەکان کە لەو چینەوە ئاراستەیان دەکرێت نزیکە و پێگە کۆمەڵایەتییەکان دەلەرزێت و خۆیان لە لوتکەکە نامینێن، ئیتر بە چاوی سووکەوە سەیری پارێزەرەکانیان دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی لە کار و پرۆژە نوێیەکانیان دەست رەنگینیان پێوە دیاربوو، ئەوانە و بازرگانەکان کە دەستیان بە سەر شارەکاندا داگرتبوو، بەتایبەتی لەندەن کە سەرژمێرییەکەی سێ سەد هەزار کەس دەبوو، ئەوەش لەچاو کۆی سەرژمێری ئینگلترا کە سێ ملیۆن کەس بوو زۆر بوو، ئەو شارەی ببووە مەڵبەندی ژیانە نوێیەکەی ئابووری. ئیتر دژایەتی و رکابەرایەتی پیاوانی دەرەبەگ و بازرگانی شار و گوندەکان و کاسۆلیك و پرۆتستانت بەڕوونی و بەئاشکرا هەستی پێدەکرا، هەموو وڵات کەوتبوو ژێر فشاری ململانێی ئاینی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و بەرەو شۆرش و قلیشانەوە دەچوو.

***

لە رۆژی ١٨ ی مانگی یونیۆی ساڵی ١٦٢٥ کە یەکەمین پەرلەمان لەسەردەمی شارلزی یەکەم کۆدەبێتەو، ئەو گەشەسەندنە کۆمەڵایەتییە و گۆڕانی نەخشەی چینەکانی ئینگلترا پاش گەشە ئابوورییەکەی وڵات سەریهەڵدابوو، ئەوەش بەباشی لەو کۆبوونەوەیەدا دیار دەکەوێت، ئەوەش ئاماژەی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە نوێیەکە بوو. هاوشانی نەجیبزادەکان و ئەسقفەکانی

ئەنجومەنی لۆردەکان، پێنجسەد پیاو لە ئەنجومەنی عەمووم، کە زۆریەیان لە بیوریتانییەکانی نوێنەرانی چینە نوێیەکانی کە لە ناو کۆمەڵگەکە ئامادەییان هەبوو بەشداربوون.

قەیرانە سەرەکییە راستەقینەییەکەش لە ئینگلترا ئەوە بوو، کەوا پاشای وڵاتەکە شارلزی یەکەم ئەوەی لە ساڵانی ١٦٢٥ هەتا ١٦٤٩ حوکمی دەکرد، توانای خوێندنەوەی دیمەنی ئینگلیزی نەبوو، نەیدەتوانی پێشهاتەکان بدۆزێتەوە و بزانێت، هەستی بەوە نەدەکرد، کەوا زۆر لە شتەکان گۆڕاون و وڵاتەکە لە دۆخی جارانی نەماوە، بەڵام کە هەست بە گۆڕانەکە دەکات، بەتایبەتی لە پەرلەمان و ئەنجومەنی عەمووم کە نوێنەرایەتی شارەکانیان دەکرد و زۆربەیان لە هەموو مافە سیاسییەکان و رەوشە کۆمەڵایەتییە نوێیەکە بێبەش بوون. کە پاشا داوا لە پەرلەمان دەکات پارەی زۆرتری بۆ شەڕەکانی دژ بە ئەسپانیا و بۆ پێویستییەکانی حوکمەت بۆ تەرخان بکەن، ئەنجومەنی عمووم داوای دەسەڵاتی زۆرتر دەکات، سەبارەت بە پارەکەش تەنها هەزار پاوەندی بۆ تەرخان دەکەن، دیارە کەوا ئەو پارەیەش بەشی شەڕە گەورەکەی ئەوی نەدەکرد، چونکە تەنها مەسروفاتی ئەستوولەکەی دوو ئەوەندە پارەی دەویست. دوو سەدە بوو کەوا دەسەڵاتی پاشا هەتا لەسەر کورسی پاشایەتی بێت، دەتوانێت گومرگ و باج لەسەر کالاکانی هاوردە و دەرچوو دابنێت، ئەوەش دەبووە پارەیەکی تایبەت بە پاشا، بەڵام پەرلەمان یاسایەك دەردەکات، کەوا پاشا تەنها یەك ساڵ حەقی هەیە، ئەو باجە وەربگرێت، چونکە ئەو پارە زۆرەی جاران پاشا وەریدەگرت لەلایەن دارودەستەکەی پاشای وڵات بەهەدەر دەدرا و بەخۆڕایی سەرف دەکرا، هەروەها پاشا ناتوانێت بەبێ رەزامەندی پەرلەمان باج وەربگرێت و هەموو مەسروفاتی حکومەتیش دەبێ لەبەر رۆشنایی پەرلەمان بێت .

بەڵام شارلز پاشا لەو بڕیارە نوێیانە سەرگران دەبێت چونکە ئەوانە بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکەی دەزانێت، بۆیە کە نەخۆشی تاعون بڵاودەبێتەوە ئەو کارەساتە بە هەلدەزانێت و لە رۆژی ١٢ ی ئۆگستی ساڵی ١٦٢٥ پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام کە پێویستی بە پارە دەبێتەوە، داوا دەکات دووبارە پەرلەمان کۆببێتەوە. کە گرژییەکەی ئەنجومەنی عمووم و پاشا توند دەبێت و گەف لە پاشا دەکەن بە هیچ شێوەیەك باج زیاد نەکات، بۆیەش بۆ لێپرسینەوە لە گەندەڵەکانی جۆرج فلییزر دۆقی بکنگهامی راوێژکاری پاشا و ئەستەنگ نانەوە لە کاروبارەکانی

پەرلەمان لیژنەیەك پێکدەهێنن، بەڵام پاشا ڕەزامەندی لەسەر ئەو کارە ناکات و لە وەڵامدا دەڵێت :

من قبووڵم نییە ئەنجومەن لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسە نزیکەکانی من بکەن، بەتایبەتی کەسێکی وا. بۆیەش ئەنجومەن لە ڕۆژی ٨ ی مایۆی ساڵی ١٦٢٦ بەڕەسمی دادگاییکردنی دۆقەکەی بکنگهام بە تاوانی خیانەت رادەگەیێنن و داوا دەکەن ئەو لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە، داواش لە پاشا دەکەن تا ئەو راوێژکارە لانەدات هیچ پارەی بۆ تەرخان ناکەن، بۆیەش پاشا لە ڕۆژی ١٥ ی یونیۆ و بۆ جاری دووەم پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە. لەبەر شکست و دۆڕانەکانی شارلزی یەکەم پاشا ئیفلاس دەکات و لە ڕۆژی ١٧ ی مارسی ١٦٢٨ داوای کۆبونەوەی پەرلەمان دەکاتەوە، لەو خولەدا وەك نوێنەری شاری هلنتنگتون ئۆلیڤر کرومویل ڕەوانە دەکەن، ئەوەی پاشان دەبێتە سەرکردەی شۆڕشەکە. لەو پەرلەماندا نوێنەرەکان لە ڕۆژی ١٨ ی مایۆی ساڵی ١٦٢٨ پرۆژەیەك بە ناوی پەیمانی ئاوێزانی مافەکان پێشکەش بە پاشا دەکەن، ئەوەش پێگەیەکی مێژوویی بوو لە پێناوی سەربەخۆیی و سەروەریی پەرلەمان کە تێدا نووسرابوو:

بۆ جەلالەتی شکۆداری پاشای مەزن...

ئێمە بە هەموو ڕێز و شەرمەندییەوە ئەو داوایە لەبەردەم پاشا و گەورەمان دادەنێین...

لەوکاتەوە کە یاساکە لەلایەن ئیدواردی یەکەمەوە دانرا و جێبەجێکرا، کە تێدا بە هیچ بیانووێك باج و پیتاکێك نەوەرگیراوە و نەستێندراوە، تەنها ئەو ئیرادەیە نەبێت کە دەدرێتە سەرۆکی ئەسقفەکان و ئەسقفەکان و هەر یەك لە ئێرل و بارون و فارس نەبێت، ئەوانە و نوێنەرانی شارەکان و زانکۆ و کەسە سەربەستەکانی ناو کۆمەڵیش. لەوڕۆژەوە هاونیشتمانییەکانت ئازادییان هەبووە، واتە ئەوانە ئیجبار نەکراون باج، یان رسومات و پیتاك بدەن، ئەگەر ئەوەش درابێت بە ڕەزامەندی پەرلەمانەوە بووە و بەس.

شارلز بە شێوەیەکی فێڵبازانە ڕەزامەندی لەسەر یاساکە دەکات، بەڵام پەرلەمان داوا لە پاشا دەکاتەوە بەڕوونی وەڵامی ئەو داوایە بداتەوە، بەڵام ئەو لەسەر هەڵوێستی خۆی دەمینێتەوە لەسەر ئیعتیمادەکانیش، پاشا بەڕەسمی ڕەزامەندی دەکات، بۆیەش لەندەن ئەو تەسلیمبوونە بە

گرینگ دەزانێت و ماناکەی بەمەزنییەوە وەردەگرێت، بۆیەش بە شێوەیەکی زۆر باڵکێش زەنگەکان لەناو لەندەن لێ دەدرێن و چەندینساڵ بوو زەنگەکان بەو شێوەیە لێ نەدرابوون.

پەرلەمان دووبارە داوا لە پاشا دەکەن دۆقی بکنگهام دەربکات، بەڵام ئەو داواکەیان رەفز دەکاتەوە، بۆیەش یەکێك لە جەنگاوەرە دێرینەکان ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات و دەچێت چەقۆیەکی قەسابەکان دەکڕێت و ماوەی شێست میل لە لەندەنەوە دەڕوات تا دەگاتە پورتسموس، لەوێ چەقۆکە لە سینگی دۆقی بکنگهام دەچەقێنێت و دەیکوژێت، لە رۆژی ٢٣ ی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٦٢٨ خۆی رادەستی دەسەڵاتداران دەکات. کوشتنی راوێژەکارەکە پاشا تووڕە دەکات و بۆیەش بۆ جاری سێیەم پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە سەرۆکی پەرلەمان فەرمانەکە جێبەجێ دەکات و سەرۆکایەتی جێدەهێڵێت، بەڵام ئەندامەکان گوێ بە فەرمانەکانی پاشا نادەن و سەرۆکەکەش ناچار دەکەن بگەڕێتەوە سەر کورسییەکەی پەرلەمان.

پەرلەمانتار جۆن ئیلوت داوای کردبوو یاسایەك دەربچێت و بڕگەکانی تێدا بڕیار بدات ئەوەی مەزهەبێکی نەیار و دوور لە کڵێسای دەوڵەت بێنێتە وڵات ئەو کەسە لەسێدارە بدرێت، یان ئەوانەی باج بەبێ رەزامەندی پەرلەمان کۆدەکەنەوە، ئەو داوایە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بە چەپڵە و هوتافکێشان قبوولکرا و پەرلەمان وەك یاسایەکی رەسمی پەسەندی دەکات، کە ئەندامانی پەرلەمان هەواڵی ئەوەیان بۆ دێت کەوا سەربازەکانی پاشا بەنیازن بێنە ژوورە و زۆریان نەماوە بگەنە باڵەخانەکە و بە زۆر ئەندامەکان دەربکەن، ئەوان دەست لە کۆبونەوەکە هەڵدەگرن و باڵەخانەکە چۆڵ دەکەن. شارلز پاشا و بە گومانی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی فەرمان دەدات پەرلەمانتار ئیلوت و سلدن بگیرێن و حەوت لە ئەندامانی عوومیش دەگرێت، بەڵام بەزووترین کات شەش کەسیان بەردەدات، ئەوانی تریش بە پارەیەکی زۆر سزا دەدات و بڕیاری گیرانیان بە ماوەی درێژ دەردەکات، ئیتر ئیلوت لە تەمەنی سی و هەشت ساڵییدا لە زیندانا دەمرێت.

حاکمە رەهاکە

شارلز پاشا پاش ئەوەی پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆ ماوەی یازدە ساڵ دەبێتە حاکمی تاکڕەوی رەهای وڵات (١٦٢٩_ ١٦٤٠)، ئەو ماوەیەش درێژترین ماوە بووە کە تێدا ئینگلترا کۆبونەوەی پەرلەمانی تێدا نەکردبێت، بۆیەش لەوماوەیەدا شارلز پاشا بەئارەزووی خۆی فەرمانڕەوایی لە وڵاتدا دەکات، بەوەش دەسەڵاتی ئەو لەسەرووی هەموو دەسەڵاتی پاشاکانی تری ئەو مەملەکەتە بووە، بۆیەش بەئارەزووی خۆی باج و قەرزی ئیجباری وەردەگرێت، لەودەمانەدا هاوڵاتییان ناچار دەکات سەربازەکان لەماڵەکانیدا بحەوێنەوە و داڵدەیان بدەن و بەبیَ لێپرسینەوە خەڵکەکە لە زیندان بپەستێت، هەموو مافەکانی بەرگریکردنی زیندانییەکانیش ناهێڵێت و مافی ئەوەیان نامینێت لەبەردەم دادگا و سوێندخۆرەکاندا بەرگری بکەن، بەوەش بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و بۆ یەکەم جار وا بە زەقی بەندەکانی بەڵێنی ماجنا کارتا پێشێل دەکرێت .

کە لە سکۆتلاند یاخیبوونێك بەرپادەبێت، پاشا پێویستی بە پشتیوانی پەرلەمان دەبێت بۆ دابینکردنی پارەیەکی زۆر لە رۆژی ١٣ ی ئەپریلی ساڵی ١٦٤٠ داوای کۆبونەوەی پەرلەمان دەکاتەوە، بەڵام پەرلەمان داواکەی پاشا جێبەجیَ ناکەن و ئەویش لە رۆژی ٥ ی مایۆی ساڵی ١٦٤٠ پەرلەمان سەرلەنویَ هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام کە سوپاکەی پاشا لە یاخیبوونەکەی سکۆتلاند دەشکێت و زیانێکی زۆری بەردەکەوێت و بەڕاستی شپرزە دەبێت، بەناچاری پاشا داوا دەکاتەوە پەرلەمان کۆببێتەوە.

## پەرلەمانە ماوە درێژەکە

لە رۆژی ٣ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٦٤٠ لە وستمنستر پەرلەمان کۆدەبێتەوە، ئەو پەرلەمانەی بە پەرلەمانە درێژەکە دەناسرێت، کە تا ساڵی ١٦٤٠ بەردەوام دەبێت، ئەگەر هەمووشیان نەبێت ئەوە زۆربەی ئەندامەکانی پەرلەمان ئەوەیان لەبیر بوو کەوا تۆڵە لەو پاشایە بکەنەوە کەوا زۆرتر لە جارێك پەراوێزی دەکردن و چەند جارێك بۆ پێویستییەکانی خۆیەوە داوای دەکردنەوە. کە

پەرلەمان داوا دەکات لە یەکێك لە یاوەرەکانی پاشا بە ناوی ئێرل سترافۆرد لەلایەن پەرلەمانەوە لێپرسینەوەی لیَ بکرێت، بەوەیان گورزێکی کوشندەیان لە شارلزی یەکەم دابوو، یاوەرەکەیان بەوە تاوانبار کردبوو کەوا بەنهێنی پشتیوانی پاپاکان دەکات و بەرنامەرێژی دەکات لەگەڵ سوپایەکی ئێرلەندای مەزهەبی پەرلەمان بروخێنێت، پاشا بەوەیان زۆر سەخڵەت دەبێت و بەو پلانەی ئەو سەرسام دەبێت، بۆیەش دەستەوەستان دەبێت و نەیتوانی یەکێك لە نزیکترین یاوەرەکانی لەو تومەتە بپارێزێت .

لە رۆژی ١٧ ی مایوی ساڵی ١٦٤١ ئۆلیڤەر کرومویل پێشنیار دەکات حکومەتی ئەسقفییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەنجومەنی عموم پێشنیارەکە پەسەند دەکات و ئەنجومەنی لۆردەکانیش بڕیارەکە رەفز دەکات، بۆیە پاشا هەڕەشەیان لیَ دەکات و بەڵێن دەدات لە پێناوی پاراستنی کڵێسای ئەنجیلکانی خۆی بکاتە قوربانی، بۆیەش پێشنیارەکە هەرەس دەهێنێت، بەڵام ئەنجومەنی لۆردەکان یاسایەك بۆ دەرکردنی ئەسقفەکان لە ٥ ی مانگی فبرایەری ساڵی ١٦٤٢ دەردەکات، بەوەش لۆردەکان کورسییان لە ئەنجومەنی لۆردەکان نامینێت، بەوەش شارلز پاشا پشتیوانییەکەی لە ئەنجومەنەکە نامینێت. ئەنجومەنی عمووم و لەسەر دەسەڵات و کەسایەتی ماندوو و داڕماوی پاشا دەسەڵاتی خۆیان پتەو دەکەن، بۆیەش پرۆژەی یاسایەك پەسەند دەکەن کە تێدا ماوەی بەکاربوونی پەرلەمان دەکەنە سیَ ساڵ، پاش تێپەڕبوونی پەنجا رۆژ بەسەر دەستبەکاربوونی پەرلەمان، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیش تەحریم دەکەن، بڕیار دەدەن سیستەمی باج و قەزاش چاکسازی تێدا بکەن، هەروەها هەردوو دادگای هۆلی ئەستێرە و دادگای لیژنەی باڵاش هەڵدەوەشێنەوە، ئەوەش باسکە باڵا و درێژەکەی پاشا بوون لەناو سیستەمی قەزای وڵاتدا، هەروەها پاوانخوازی و باجی سەر کەشتییەکانیش ناهێڵن. دەسەڵاتی وەرگرتنی باجی هاتن و دەرچوونی کاڵاش لە مەلیك وەردەگرنەوە، تەنها لەوددەمانە نەبێت کە پەرلەمان بوارسازی بۆ بکات، دیارە شارلزیش لەسەر ئەو ریفۆرمانە رەزامەندی دەردەبڕێت.

مەلیك لە پەرلەمان

لە مانگی مارسیساڵی ١٦٤١ ئەنجومەن ئێرل سترافۆردیان بە تومەتی خیانەت دابووە دادگا، بڕیاری دادگاش لەلایەن پاشاوە پەسەند دەکرێت، تا مەلیك یەكێك لە دۆستە نزیكەكانی خۆی لە ئاشووبەیەك رزگار بكات، دەچێتە ناو پەرلەمان و ئامادەیی نیشان دەدات تا ناسیارەكەی دەرباز بكات، بڕیاری لابردنی ئێرل سترافۆردیان بۆ پەسەند دەكات و بەڵام مەسەلەی ناوزەدكردنی ئەو بە خائین قبوولْ ناكات. ئەنجومەنی عموومی بە هیچ شێوەیەك قبووڵیان نەبوو پاشا بیتە پەرلەمان و ئەوەیان بە شكاندنی حورمەتی پەرلەمان دەزانی، بۆ بەیانییەكەی خەڵكێكی زۆر لەبەردەم بارەگەی ئەنجومەنی لۆردەكان و كۆشكی پاشا كۆدەبنەوە، بەیەك دەنگ هاواری دادپەروەری دەكەن... داواش دەكەن سترافۆرد لە سێدارە بدرێت. ئەنجومەنی شوراش لە پاشا دەپاڕێتەوە كەوا ئەو بڕیارە پەسەند بكات، ئەویش رازی دەبێت، لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنەكە سەرۆكی ئەسقفییەكان یورك داوا دەكات پاشا ئەو بڕیارە پەسەند بكات، بەڵام هەڕەشەی نەجیبزادەكان لە هەموویان بە فشارتر بوو، بۆیە بە پاشا دەڵێن ژیانی خۆت و شاژن و هەموو مناڵەكانت لە مەترسیی دایە، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەرئەوەی فەرمان و بڕیارەكە پەسەند نەكات، بەڵام لە كۆتایی سترافۆرد خۆی داوا لە مەلیك دەكات بڕیارەكە پەسەند بكات و لاری نەبێت لە سێدارەدانی، ئیتر شارلز فەرمانەكە ئیمزا دەكات، بەوەش بەزینی خۆی و سەركەوتنی پەرلەمان لە رۆژی ١٢ ی مایۆی ساڵی ١٦٤١ رادەگەینێت و سترافۆرد بەرەو پەتی سێدارە دەبەن.

ئیتر لەورۆژەوە كێرڤی بەربەرەكانی و لاملییەكانی پاشا بەرامبەر پەرلەمان بەرەو خوار دەڕوات، پاشا دوو ئەسقەڤ كڵێسا، كە لە پەرلەمان پلەیان لێ وەرگیرا بوو ئەو فەرمان دەدات هەردووكیان بە پلەی بەرزتریش بگەڕێنەوە كڵێسا، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان بە راگەیاندنی ناڕەزایی مەزن دەنگیان بەرز دەكەنەوە و ئاگاداری پاشاش دەكەنەوە، كەوا پەرلەمان حەقی هەیە پۆستەكان بەرز بكات یان دابگرێت، هەر ئەوانیش رەزامەندی دامەزراندن دەردەكەن، بەوەش خەڵكە پارێزەرەكان وادەزانن ئەو مەسەلەیە دەسەڵاتی پەرلەمان باڵا دەكات و پاشاش دەبەستێتەوە. بۆیەش ناكۆكی دەكەوێتە نێوان خەڵكە پارێزەرەكە و دەستوورییەكانی ناو پەرلەمان، شارلز پاشا هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو بڕیارە دەكات، بۆیەش پەرلەمان هەنگاوێك دەچێتە پێش و ئەوان ناڕەزاییە مەزنەكە و بەبێ رەزامەندی پاشا رادەگەیێنن. شارلز پاشا بیرۆكەی قەدەغەكردنی دەنگدانی ئەسقفەكان لە پەرلەمان رەفز دەكاتەوە، سووریش دەبێت لەسەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتی

هەیە پێشنیار بداتە ئەنجومەنی شورا و کاربەدەستان لە پۆستەکان دابنێت، ئەو بڕیارەکان بدات، بەڵام پەرلەمان پرۆژەی یاسای میلیشیاکان دەخاتە روو و باسکردن کە ماف بە دەسەڵاتی سوپا دەدات .

پاشا دوا کۆشش دەکات ریزەکانی نوینەرانی پەرلەمان شەق بکات، لە رۆژی ٣ ی ینایری ساڵی ١٦٤٢ نائیبی گشتی بە ناوی پاشا، پێنج ئەندام پەرلەمان بە تومەتی خیانەت و هاندانی سوپا دژ بە پاشا تاوانبار دەکات، بۆیەش پاشا بە هێزێکی سێ سەد سەربازییەوە بەرەو پەرلەمان دەچێت تا پێنج نوێنەرەکە بگرێت، بەڵام کەسیان لەوێ نادۆزێتەوە، بۆیەش پاشا دەڵێت :

دیارە پیاوە ترسنۆکەکان هەڵاتون. نوێنەرەکانی پەرلەمان ئەو هێرشەی پاشا بە راگەیاندنی شەڕ دژ بە پەرلەمان دەزانن، چونکە ئەوەیان هیچ شەرعیەتێکی نەبوو، بۆیەش پەرلەمان لە رۆژی ٥ ی مارسی ساڵی ١٦٤٢ بڕیار دەدات سوپا تەنها دەکرێ بە فەرمانی پەرلەمان جوولە بکات، بۆیەش سی و پێنج نوێنەری لۆردەکان و شێست و پێنج نوێنەری پەرلەمان دەچنە یورك بۆ پشتیوانی پاشاکە. پاش ئەو رووداوە پەیوەندی پەرلەمان و پاشا دەگاتە دووڕیانێکی داخراو، تا کێشە و قەیرانەکە چارەسەر بکەن، پەرلەمان پرۆژەیەکی نۆزدە پێشنیاری دەدەنە پاشا، لەوانە کەوا پەرلەمان مافی خۆیەتی سەرپەرشتی سوپا بکات، دەسەڵاتی گۆڕینی سرووتە ئاینییەکانی هەبێت، پەرلەمان دەسەڵاتی دامەزراندن و لادانی وەزیرەکانی تاج و پاسەوانەکانی کوڕەکانی پاشایان هەبێت، هەروەها پەرلەمان دەسەڵاتی لابردنی ئەوانەی لەلایەن ئەنجومەنی لۆردەکانەوە بۆ سەرپەرشتی دادەنرێن هەبێت. دیارە کەوا ئاساییە پاشا ئەو پێشنیارانە پەسەند ناکات و ئەوەش مانای ئەوە بوو کەوا ئەو لە هەموو دەسەڵاتەکان دەڕووتێنەوە .

### هەڵگیرسانی شۆرشەکە

کە رەوشەکە ئاڵۆز دەبێت، لەسەر داخوازی نەتەوەی ئینگلیز لە رۆژی ٢ ی ئۆگستی ساڵی ١٦٤٢ پەرلەمان شۆرش رادەگەێنێت، پەرلەمان لەوەیاندا زیرەك بوو، کەوا لە ساتێکی گونجاودا

شۆرشەکەی راگەیاند، چونکە کاسۆلیك مەترسی لەسەر وڵاتدا هەبوو، دەترسان دووبارە مەزهەبەکە بڵاوببێتەوە، شۆرشەکە ببووە پێویستییەکی حەتمی چونکە گەڕانەوە و سەرکەوتنی پاشا، واتە کۆمەڵکوژی بۆ مەزهەبی پرۆتستانت، بۆیەش شۆرشەکە لەسەر داوای هەموو چینەکانی میللەت هەڵدەگیرسێت.

پەرلەمانتارەکان لیژنەیەك بە ناوی لیژنەی ئەمنی گشتی دادەمەزرێنن بۆ سازکردنی سوپایەك بۆ دژایەتیکردنی پاشا، بۆیەش پەرلەمانتار و لەسەرووی هەموویان کرومۆیل هانی خەڵکەکەیان دەدا بۆ مەشق و سازبوون بۆ سەرهەڵدان، لەودەمانەش ئەو پەرلەمانتارانە دەست بە سەر گەنجینەکانی پاشایەتی دادەگرن. لەگەڵ ئەو گۆڕان و هەڵچوونە جەماوەرییەدا پاشا بەرەو باکووری ئینگلترا هەڵدێت، لەوێیەوە خەریکی سازکردنی سوپاکەی دەبێت و لەدوای دۆست و هەڤاڵبەندی دەگەڕێت، بەوەش دەتوانێت چەند پەرلەمانتار و گەورە دەرەبەگەکان کۆبکاتەوە، کە سوپاکەی ساز دەکات شارلزی یەکەم بەیداخی شەڕ لە رۆژی ٢٧ ی ئۆگستی ساڵی ١٦٤٢ لە نوتنگهام بەرز دەکاتەوە، بەوەش شەڕی یەکەمی ناوخۆ رادەگەێندرێت.

### هەڵگیرسانی یەکەم شەڕی ناوخۆ

بۆ یەکەمین جار ئینگلترا رووبەڕووی شەڕێك دەبێتەوە هەرگیز لە مێژوودا ئەوەی نەدیبێت، پاشا بە هاوکاری چینە ئورستقراتەکە و کڵێسای کاسۆلیك و هەڤاڵەکانی لە دەرەبەگەکانی باکووری وڵات، هێزێك ساز دەکات، بەڵام نوێنەری چینەکانی ناوەند و شارە پیشەسازییەکان و بەنداو و شارە بازرگانییەکانی باشوور هەموو پشتیوانی لەندەن دەکەن. بەڵام ئەنجومەنی عمووم دەبێتە دوو بەش، سێ سەد کەسیان لەگەڵ شۆرشەکە بوون، لایەنگیرانی پاشاش ژمارەیان سەد و حەفتا و پێنج ئەندام بوو، ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی لۆرداتیش سەد و دە ئەندام بوو، سەرەتا سییان لایەنگیری شۆرش بوون، بەڵام ژمارە زۆرەکەی ئەندامەکان لایەنگیری شۆرشیان دەکرد و بەردەوام لەسەر ئەو رێبازە دەمینێنەوە .

لەبەر ئەوەی نیوەی سەرمایە نەتەوەکە لە لەندەن بوو، بۆیەش ئەو پارەیە بەئاسانی دەبێتە سەرمایەی شۆڕشەکە، لەبەرئەوەی پاشا زووتر دژایەتی دەرەوەی کردبوو، بۆیە نەدەکرا پارەش لە دەرەوە قەرز بکات، بەناچاری پاشا پشت بە سەدەقە و یارمەتییەکانی دەرەبەگەکان دەبەستێت، ئەوانەی وایاندەزانی سەرکەوتنی پاشا سەرکەوتنی ئەوانە و بەپیچەوانەش ئەوان بەیەکجاری لەناودەچن و هەموو دەسکەوتەکانیان نامینێت.

لە رۆژی ٢٣ ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٦٢٤ بۆ یەکەمجار و لەتەنیشت شاری ئادجهل هەردوو سوپاکە رووبەڕوو دەبنەوە و دوو ئاراستە و دوو مەزهەبی جیاواز و بەرەژوەندییە نەیارەکان ببوونە دوو لایەنی دژ بەیەك، ئەگەرچی لە شەڕەکەدا هیچ لایەنێك سەرکەوتنێکی مەزنیان بەدەست نەهێنابوو، بەڵام پاشا لەو شەڕەدا توانی ئۆکسفۆرد بکاتە  بنکەی سەرکردایەتی چالاکییەکانی، هەروەها شاژن هنریتا لە گەشتەکەی بۆ یارمەتی کۆکردنەوە رۆیشتبوو دەگەڕێتەوە، ئەویش کۆمەڵێکی چەك و تەقەمەنی و کۆمەك دەگەێنێتە سوپاکەی پاشا، سەرەتا لە چەندین شەڕەدا سوپاکەی پاشا سەردەکەوێت و پەرلەمانتارەکانیش پاشەکشەیان بوو، بۆیە بریستولیان لەدەستدا نامینێت. کە پەرلەمان دەشکێت و دەزانن ناتوانن خۆیان بگرنەوە، روو لە سکۆتلاند دەکەن و لە رۆژی ٢٢ ی سپتەمبەر پەیمان و هەڤاڵبەندییەکی موقەدەس ئیمزا دەکەن، سکۆتلاندییەکان بەڵێن دەدەن یارمەتییان بدەن و سوپایەك بۆ هاوکاریکردنیان رەوانەی بەرەکانی شەڕەکە بکەن، لە بەرامبەر ئەوەشدا پەرلەمان مانگانە سی هەزار پاوەندیان بداتێ، پەرلەمانیش لە ئینگلترا و ئیرلەندا مەزهەبی پروتستانتی شێخایەتی پەیڕەو بکات. لەولاشەوە پاشا لەگەڵ یاخیبووەکانی ئیرلەندی کاسۆلیك بەپەلە رێکەوتنامەیەکی ئاشتیان لەگەڵ مۆر دەکات و بەوەش کاسۆلیکەکان دڵشاد دەکات، ئیتر کاسۆلیکەکانیش پشتگیری شۆرش دەکەن، بەوەش شەڕە ناوخۆییەکە سێ نەتەوە و چوار مەزهەب دەگرێتەوە.

سەرکردایەتی کرومویل

لەسەر پێشنیاری ئۆلیڤر کرومویل لە ئەپریلی ساڵی ١٦٤٥ زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لە تیمەکانی شۆڕش دووردەخرێتەوە، ئەویش دەکەنە سەرکردەی هەموو سوارەکان، پەرلەمانیش داوای لێ دەکات سوپایەکی نوێی لە بیست و دوو هەزار کەس پێکبهێنێت، کرومویل ئەرکی مەشقکردنی ئەو سوپایەی دەکەوێتە ئەستۆ. کرومویل پێشتر ئەزموونی سەربازی نەبوو، بەڵام ئەو خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و خۆراگری هەبوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، لەناو ریزەکانی سوپاکەش بەها ئاینییەکان بەهێز و پتەو دەکات، لە بەرەی ونسبی چەند سەرکەوتنێك ئەنجام دەدات، بە ورە و دیسپلینی سەربازەکانی سەردەکەوێت. بەوەش پاشا هەموو سەربازانی پیادە و تۆپخانە و نیوەی سوارەکانی لەدەست دەدات، پاشا بڕیار دەدات هەموو یاساکانی دژ بە کاسۆلیك هەڵدەوەشێنێتەوە و کۆشش دەکات زۆرترین هێزی ئیرلەندی لە ئینگلترا بەکاربهێنێت، بەوەش پاشا زۆرتر تووشی نسکۆ و شکان دەبوو، زۆربەی سەربازەکانی را دەکەن و کەس بەکەڵکی ناهێت، کەسیش هاوکاری ناکات، بەڵام بە سازدانی دانوستان لەگەڵ چەندین گرووپ، بەوەش سوپاکە و نەیارەکانی لەیەك دەکاتەوە، بەو فێڵانە دووبەرەکی دەخاتە ناو سوپای دوژمنەکانی، کەسانی سەربەخۆ و پەرلەمانتارەکان لەیەك دەکات، هەروەها لەنێوان پەرلەمانتارەکان و سکۆتلاندییەکان، بەڵام لەوەیاندا سەرناکەوێت. دەرئەنجام پاشا دەشکێت، ئەویش ژنەکەی رەوانەی فەرەنسا دەکات، خۆشی بەرەو سکۆتلاند دەڕوات و لە رۆژی ٥ ی مایۆی ساڵی ١٦٤٦ سوپاکەی تەسلیم دەبن، شەڕی ناوخۆییەکەش کۆتایی دێت، سکۆتلاندییەکانیش لەگەڵ شۆرشگێرەکان رێکدەکەون بەرامبەرە ٤٠٠ هەزار پاوەند کە پاشایان تەسلیم بکەن، بەوەش مەلیك دەکەوێتە ناو دەستی دوژمنەکانی .

تەسلیمبوون و شکانی پاشا واتە دەسەڵات دەکەوێتە بن دەستی پەرلەمان، ئەوانیش دووچاری رووبەڕووبونەوەیەکی نوێ دەبنەوە، ئەویش سوپاکەیان، کە لەنزیك لەندەن جێگیربیوون، ئەوان داوای پاداشتی سەرکەوتنیان دەکرد لە بەرامبەر ئەو قوربانییەی لەو شەڕەدا پێشکەشیان کردووە. لەبەرئەوەی هەموولایەك بڕوایان وابوو پاشایەتی هەر بمینێت، بۆیە پاشاش بیر لەوە دەکاتەوە بگەڕێتەوە سەر تەختی پاشایەتی، بەڵام دەیویست بە دەسەڵاتەوە بێتەوە سەر حوکم، نەك وەك پاشایەکی سادەی بێ دەسەڵات، بۆیەش سوپا بەڕووی پەرلەمان دەکاتەوە، سکۆتلاندش بەڕووی ئینگلترا دەنێتەوە، بەو هیوایەی بەو ناکۆکییانە ئەو دەتوانێت وەك

پاشایەکی بەدەسەلأت بگەڕێتەوە سەر تەختەکەی، بۆیە ئەوانەی لەو نزیکبوون دەیانوت، کەوا بڕوای بەو دەستەواژەیە هەیە: جارێکیان بە ژنەکە، یان بە قەشەیەك، یان بە کوڕێکی زۆڵی ناسکی بەنایزی ساوا .

پاشا دەتوانێت لەبەر دەستی سەربازەکاندا را بکات و خۆی ئازاد بکات، بەنهێنییش پەیوەندی دەکاتەوە بە سکۆتلاندییەکانەوە تا بگرێتەوە سەر تەختە داگیرکراوەکەی، بۆیەش سوپای سکۆتلاندییەکان بەرەو خاکی ئینگلیزی بەڕێدەکەون، بەوەش قۆناخی دووەمی شەڕە ناوخۆییەکە هەڵدەگیرسێتەوە، پەرلەمانیش لەگەڵ کرومویل بۆ دوورخستنەوەی سوپاکەی مەلیك رێکدەکەون تا شەڕی داگیرکەرانی بۆ بکات، دیارە کەوا پەرلەمان دەیەوێت لە داگیرکردن و پاشایەتی و دەسەلأتی کرومویلیش دووردەکاتەوە. کرومویل لە رۆژی ١٧ ی ئۆگستی هێزەکانی سکۆتلاند دەشکێنێت. سوپا سەرکەوتووەکە تا تۆڵە لە مەلیك بکەنەوە لە هولمبی هاوس هێرشی دەکەنە سەر و لەوێیەوە دەیبەن بۆ نیو مارکت، کرومویلیش بەزووتر کات دەگاتە شوێنەکە و خۆی وەك سەرۆکی ئەنجومەنی سوپاکە رادەگەێنێت، لە مانگی ینایری ساڵی ١٦٤٨ دەگاتە لەندەن و لەوێش رادەگەێنێت کەوا دەسەلأتی پەرلەمانیش زۆردارانەیە و داوا دەکات پەرلەمانی نوێ هەڵبژێردرێت.

لە رۆژی ٦ ی مانگی ئۆگستی کرومویل بەسەرکەوتووی دەگاتە لەندەن و شارلزی پاشاش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتەوە، سوپاش کۆنترۆڵی پەرلەمان دەکات و کرومویل هەموو دەسەلأتەکان دەخاتە بن دەستی خۆی. ئیتر سەرکردە سەرکەوتووەکە زۆر بەهێز دەبێت و شەڕی دووەمی ناوخۆییەکەش کۆتایی دێت و دەسەلأتی سیاسی لە لەندەن دەگرێتە دەست، پەرلەمانیش بەزەبری هێز دەکەوێتە بن دەسەلأتی ئەو، پەرلەمانیش یاسایەك دەردەکەن، تێدا شەڕەکەی پاشا لەسەر پەرلەمان خیانەتێکی مەزنە، لە رۆژی ٤ ی ینایری ساڵی ١٦٤٩ پەرلەمانتارەکان بڕیار دەدەن کەوا میللەت لەپاش خودا سەرچاوەی راستی هەموو دەسەلأتێکن، دیارە کەوا پەرلەمانتارەکانیش نوێنەری میللەتن، ئیتر ئەوان خاوەن دەسەلأتە باڵاکانن لەسەر ئەو نەتەوەیە، بۆیەش هەموو تەشریعاتی ئەوان وەك یاسا سەیر دەکرێت و پێویستی بە رەزامەندی پاشا یان لۆردەکان نامینێت .

له ڕۆژی ١٩ ی ینایری ساڵی ١٦٤٩ پاشاش بەشێوەیەکی شکلی دادگایی دەکەن، پەنجا و نۆ قازی لەوانە کرومویلیش بڕیاری لەسێدارەدانی پاشا ئیمزا دەکەن، بۆ بەیانییەکەی پاشا لەسەرخۆ بەرەو مردن هەنگاوی دەنا، خەڵکە ترساوەکەش سەیریان دەکرد، بە یەك لێدانی تەورداسی جەلادەکە سەری پاشا دەپەڕێنن، یەکێك لە ئامادەبوانی ئەو کوشتنندا نووسیویەتی :

لەودەمانەدا دەنگی ناڵەی هەزارەها  کەسی ئامادەبوو بەیەکەوە دەهات، کە من هەرگیز دیمەنی وام نەدیبوو، هیواشم زۆرە دووبارە نەبێتەوە. هەڵەکەی شارلزی یەکەم گەورە بوو، بۆیەش سەری لەسەردانا، ئەو نەیدەویست سامانەکە دابەشی سەر خەڵکەکە بکات، ئەو کاری بۆ ئەوە نەدەکرد سەقامگیری دەسەڵاتی سیاسی بەرپابێت و ڕەوشی کۆمەڵایەتی خەڵکەکە ساز بکات، بۆیەش چارەنووسی بەوە گەیشت .

پاش لەسێدارەدانی پاشا سەردەمێکی نوێ لە مێژووی ئینگلترا ساز دەبێت، کە زاراوەی سەردەمی کۆمارییان بۆ هەڵبژاردبوو. کە کرومویل و پیاوەکانی لە ڕۆژی ٣٠ ی ینایری ساڵی ١٦٤٩ شارلزی یەکەم و داروودەستەکانیان لەناوبرد، کێشەی دامەزراندنی حکومەت و دابینکردنی ئاسایی پاش شەڕە دژوارە ناوخۆییەکە کە حەوت ساڵی خایاندبوو هاتووتە پێش، سەرەتا ئەنجومەنی لۆردەکان پاشایەتی هەڵدەوەشێنەوەو لە ڕۆژی ١٩ ی مایوی ساڵی ١٦٤٩ کۆماری ئینگلیزی رادەگەێنن، ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت پێکدەهێنن. کرومویل دەبێتە پارێزەری ئینگلترا، بەپێی یاسای ڕەسمی هێزێکی سەربازی پڕ چەك دامەزرێنێت کە هەرگیز لە وڵاتدا هێزی وا نەبووبێت، بەوەش هەموو نەیار و دوژمنەکانی کۆمارەکە لەناو دەبات و ئیرلەندا و سکۆتلاندیش دەخاتە ژێر رکێفی کۆمارەکەیان. لەو سەردەمەدا ئینگلترا دەبێتە خاوەن بەهێزترین سوپا لە ئەوروپا و دەتوانێت هەموو دوورگەکانی بریتانی لە دەرەوە بپارێزێت و کۆشش دەکاتەوە دووبارە بنەماڵەی ستیورات بگەڕێنەوە سەر دەسەڵات، لەگەڵ پرتگاڵیش هەڤاڵبەندییەکی دائیمی دەبەستێت، بەوەش ئینگلترا شوێن پێیەك لە دەریای ناوەڕاست دادەنێت .

سەرئەنجام دەسەڵاتەکەی ئۆلیڤر کرومویل حوکمێکی سەربازی دیکتاتۆری بوو، بۆیەش لەگەڵ سەرکەوتنەکانی دەریاکان و وشکاییەکان و فراوانبوونی سنوور و موڵکەکانی ئیمپراتۆریەتی ئینگلیزیی نوێ سیستەمە کۆمارییەکە لەبەر چاوی خەڵکە پارێزگارەکە خۆشەویست نەبوو، کە

کرومویل لە رۆژی ٣ ی سپتەمبەری ساڵی ١٦٥٨ دەمرێت، میللەتەکە هەناسەی ئیسراحەت هەڵدەکێشن و ریتشاردی کوڕی کرومویل لەسەر وەسیەتی باوکی دەکەنە حاکمی وڵات، ئەوەش تەنها شێوەیەك بوو لە گواستنەوەی دەسەلات و هیچ گۆڕانێکی بەدواوە نەبوو، مەسەلەکان وەك جاران دەمینێتەوە. ریتشارد لەساڵی ١٦٥٩ و زۆر بەپەلە واز لە دەسەلات دەهێنێت و رەوشە پڕ پلان و دەست و خیانەتەکە جێدەهێلێت، بۆیە یەکێك لەسەرکردەکانی سوپا بە ناوی لمبرت دەیەوێ بگاتە سەر کورسییە بەتاڵەکەی دەسەلات، لەناو کۆشکی وستمنسترەوە رادەگەێنێت کەوا سوپا دەسەلاتتی گرتووتە دەست، بەلام هەموولایەك پشتی تێ دەکەن و بەرنامەکەی سەرناگرێت و هەرەس دەهێنێت.

## گەڕانەوەی مەلیك

ئەمیر شارلزی دووەم کوڕی شارلزی یەکەم لە دەرەوە دەژیا، لە پەرلەمان ئیش بۆ ئەوە دەکرا پاشایەتی بگەڕێتەوە، بۆیەش زۆرینەی ناو پەرلەمان پشتیوانییان لە پاشا دەکرد، هاولاتیانیش لەبەر ئەو دیمەنە ناشیرینەی کۆماری کە لەلایەن کرومویلەوە دانرابوو ئارەزوویان بوو دەستبەرداری ئەو سیستەمە بن، ئیتر لە رۆژی ٨ ی مایو پەرلەمان بانگەوازی شارلزی دووەم رادەگەینێت، داواش دەکەن پاشا لە تاراوگە بگەڕێتەوە و تەختەکەی وەربگرێتەوە، ئینگلیزەکان بەو بۆنەیە ئاهەنگ دەگێڕن و بە هیوایەی ماڵئاوایی لەو بیست ساڵە تاڵە بکەن کە بەردەوام شەڕی تێدا بەردەوام بوو، داواش دەکەن پاشایەتی بەبێ خوێنرژان بگەڕێتەوە. کە وڵات سیستەمێکی نوێی حکومی پیادە دەکرد پاشایەتی دەگەڕێتەوە وڵات، بەلام دەسەلاتی ئەو پاشایە وەك شارلزی یەکەم نەبوو، سیستەمە نوێیەکە وەك ئەو بەرنامەیە بوو کە شۆڕشەکەی ساڵانی ١٦٤٢ هەتا ١٦٤٩ داوای دەکرد،، بەوەش دەسەلاتە بالاکە لەبن دەستی مەلیك دەگوازرێتەوە دەست پەرلەمان و لە ئەنجومەنی لۆردەکانیش دەگوازرێتەوە دەست ئەنجومەنی عمووم.

له ڕۆژی ٢٥ ی مایو ئوستووڵەکەی پاشا دەگاتەوە دوڤر، شارلزی دووەم له ڕۆژی ٢٩ ی مایوی ساڵی ١٦٦٠ دەگاتەوە لەندەن، دووباره پاشایەتی دەگەڕێتەوه و هاوبیرییەك لەنێوان پاشا و پەرلەمانیش دەبینرا، پاشا دەسەڵاتی باڵای لەسەر هێزە ئینگلیزییەکە لە دەریا و له وشکاییدا هەبوو، پەرلەمان دووباره کارەکانی ئەنجومەنی لۆردەکان ڕێکدەخاتەوە، ئەسقفەکان دەگەڕێنەوە کڵێسا ڕەسمییەکە، سوارەکانیش سامانەکانیان وەردەگرنەوە کە لەسەردەمی کرومویل زەفتکرابوون، لەگەڵ ئەوەشدا کەمێك قەرەبووش وەردەگرنەوە، دووباره چینە ئورستقراتییەکە هەیبەت و شکۆکەیان وەردەگرنەوە. بەڵام ئەو کارانە چەندین دوژمنایەتی دروست دەکات، کە ئەو بنەماڵانەی موڵکەکانیان دەدرێتە، پاشاکانی بنەماڵەی ستیورات تووڕە دەکات، ئەو ناڕەزاییەش دەگاتە ناو چینەکانی نەجیبزادەکان و خەڵکە ناوەندەکانیش، بۆیەش ئەو بزاڤە حزبی (ئازادەکان)ی لێ دەکەوێتەوە کە ڕووبەڕووی حزبی پارێزگاران کە گەورە ساماندارەکانی تێدا بوو دەبێتەوە. کە شارلزی دووەم دەمرێت، وەسیەت دەکات کۆشك و تەختەکەی بدرێتە جیمسی دووەمی برای، ئەوەی هەتا ساڵی ١٦٨٥ حوکم دەکات و لەو ساڵانەش وڵات بە شۆرشێك سەرقاڵ دەبێت، چونکە پاشایە نوێیەکە دەیەوێت دووباره مەزهەبی کاسلۆلیك بگێڕێتەوە وڵات.

## شۆرشە مەزنەکە

یەکەم چاکە کە جیمسی دووەم لەگەڵ کاسۆلیکەکان کردوویەتی، هەزارەها کەسی لێ ئازاد کردون، ئەوانەی بڕواداری کاسۆلیك بوون پۆستی باڵایان دەداتێ، هەموو ئەو یاسایانەی دژ بەو مەزهەبە زووتر دەرچووە، پاشا هەڵیاندەوەشێنێتەوە، بۆیەش بوونی پاشایەکی کاسۆلیك لە وڵاتێکی پروتستانت میللەت تووڕە دەکات و لە ئەنجامدا شۆرش هەڵدەگیرسێت، سوپاکەش بە سەرکردایەتی ئارشیبالد کامبل ئیرل ئارجیل و دۆق جیمس مونموپ بۆ لابردنی پاشایە کاسۆلیکەکە دەبێت. هەردوو حزبەکە، ئازادەکان و پارێزەرەکان بۆ مانەوە و لابردنی پاشا دەبێتە ناکۆکییان.

ئەندامانی حزبی ئازادەکان بۆ لابردنی پاشاکە ولیم ئۆرنج و هاوسەرە پروتستانتەکەی ماری بانگ دەکەنەوە، ئەو ژنەی کە کیژی جیمسی پاشا بوو کە ژنی یەکەمی، کە تەختی پاشایەتی وڵاتەکە وەربگرن. بەڵام ئارجیل لە رۆژی ١٧ ی یونیو هەرەس دەهێنێت و لە ٣٠ یونیوش لەسێدارە دەدرێت، بەوەش بەشە باکوورەکە شۆرشەکەیان سەرناگرێت، بەڵام خەڵکی دورستشیر کە دژایەتی کاسۆلیکیان دەکرد، پێشوازی گەرم لە مونموپ دەکەن و بە فریادرەسی دەزانن. ژمارەیەکی زۆری پرۆتستانتیش دەگەنە بن باڵی ئەو، بەوەش بەختی بۆ وەرگرتنی تەختی پاشایەتی زۆر دەبێت، بەڵام نەجیبزادەکان و دەرەبەگەکان پشتیوانی ناکان و قبووڵ ناکەن هاوکاری بکەن، کە سوپاکەی ئەو، کە بریتی بوون لە کەسە هاوبیرەکان لە نزیك شاری سدجمور لە رۆژی ٦ ی یولیۆی ساڵی ١٦٨٥ دەشکێن و مونموپ لە ئەنجامی ئەو شکستە مەزنەدا را دەکات، بەڵام دەگیرێت و ئەگەرچی زۆریش دەپاڕێتەوە، دەرئەنجام بە فەرمانی پاشا لەسەری دەدەن .

سوپاکەی پاشا بە سەرۆکایەتی پرس کیرك، پاش ئەو سەرکەوتنە، راوی پاشماوەی شۆرشگێڕەکان دەنێن، بەبێ دادگا هەموو گیراوەکانیان لەدار دەدەن، جیمس پاشا دادگایەك بە سەرپەرشتی سەرۆك قازییەکان جفریز بۆ دادگاییکردنی بەشداربووانی شۆرشەکە دادەنێت، پاشاش ئەو قازییە ئازاد دەکات لە دادگاییکردنی گیراوەکان، ئینجا پرۆسەکە زۆر بە شێوەیەکی خوێناوی بەرێوە دەچێت و کەسیان مافی ئەوەیان نابێت بەرگری لە خۆیان بکەن، بۆیەش خەڵکێکی زۆری بێتاوان بە گچکەترین تومەت لەسێدارە دەدەن، لەبەر ئەو شێوە درەندەییەی دادگاکە زۆر لە نەجیبزادەکان لە پاشا دووردەکەونەوە، بۆیەش نێوان میللەت و پاشا بۆشاییەکی دووری تێدەکەوێت .

کە جیمسی دووەم داوا لە پەرلەمان دەکات یاسای دەستنیشانکردن هەموار بکات، ئەو یاسایەی دەسەڵاتی هەبوو کاسۆلیکەکان لە پۆستەکان و پەرلەمان دووربکاتەوە، هەروەها پاشا داواش دەکات یاسای مافی لێکۆڵینەوە لە یاسای گرتن و سوپایەك لەژێر فەرمانڕەوایەتی ئەو دامەزرێنن هەموار و گۆڕانکارییان تێدا بکات، بەڵام پەرلەمان گوێی بە داواکانی مەلیك نادات، بۆیەش پاشا پەرلەمان سڕ دەکات و خەڵکە کاسۆلیکەکانیش لە پۆستە دیارەکانی حکومەت دادەنێت.

## لێبووردیی

له ڕۆژی ٤ ی ئۆگستی جیمسی دووەم یەکەم بەڵگەنامەی لێبووردەیی لەسەردەمی خۆیدا بڵاودەکاتەوە، دیارە مەبەستی پاشاش لەوەدا ئەوە بوو کەوا زەمانەتی مەزهەبی کاسۆلیك لەپاش مردنی بکات، کە لە داهاتوو هیچ کێشە و ئاشوبەیەکیان ڕووبەڕوو نەبێتەوە، بەڵام ئەوەیان سنووری مەبەستی دەرباز دەکات، بۆ یەکەم جاریش ئازادییە ئاینییەکان بۆ هەموو هاوڵاتیان لەسەرانسەری وڵات ڕەها دەکات و دابینی مافەکانیان دەستەبەر دەکات. بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە هەموو کەس ئازادە بڕوا بە کام مەزهەب بهێنێت و کەسیش لەسەر بۆچوون و بڕوای ئاینی سزا نەدرێت، بواریش نادەن کەس حەقی بەسەر مەزهەبی کەسی ترەوە نەبێت، چیتریش پۆست و وەزیفەکانیش لەسەر بنچینەی مەزهەب نەبێت، هەموو گیراوەکانی ئەو تومەتانەی سەر ململانێیەکانی جیاوازییەکان ئازاد بکرێن .

ئەگەرچی ئەو بەڵگەنامەیە ئاستێکی باڵای لێبووردەیی پێوە بوو، بەڵام دەبێتە دەروازەیەك بۆ هەڵگیرسانی شەڕی نێوان مەزهەبەکان و دەستە و کۆمەڵەکان و ئەوانەی بەرژەوەندییەکانیان دەگۆڕا، چونکە پاشا و پەرلەمان مەبەستیان لە دەرکردنی ئەو بەڵگەنامەیەدا هەبوو، ئەویش گەیشتنی کاسۆلیکەکان بوو بۆ پۆستەکانی دەوڵەت، ئەوانەش پشتیوانی سەرەکی پاشابوون، کۆشش بۆ لاوازکردنی پرۆتستانتەکان بوو، کە پشتیوانی پەرلەمانیان دەکرد، بۆیەش زۆر ئاسایی بوو کەوا پەرلەمانە پرۆتستانتەکە ئەو بەڵگەنامەیە ڕەت بکاتەوە و پاشایە کاسۆلیکەکەش سووربێت لەسەر مانەوە و جێبەجێ کردنی بەڵگەنامە لێبووردەییەکە. پاشا بەئاشکرا بڕوابوونی خۆی بە مەزهەبی کاسۆلیك ڕادەگەیێنێت و دەکەوێتە ناو باوەشی ڕاوێژکارەکانی ئەو مەزهەبە، لەساڵی ١٦٨٨ پاشا چوار لە ئەسقفە کاسۆلیکەکان بۆ ئیدارەی کڵێسای کاسۆلیك لە ئینگلترا دادەمەزرێنێت، جیمسی دووەم بۆ هەر یەکێکیان مووچەی مانگانەی هەزار پاوەندیان بۆ دەبڕێتەوە، بەوەش پاشا ئامادەیی و شکۆیی کڵێسای کاسۆلیك لە شەقامی ئینگلیزی ڕادەگەیێنێت، بەڵکو دەگاتە ئاست کڵێسای ئەنجلیکانی کە کڵێسای ڕەسمی دەوڵەت بوو.

لەساڵی ١٦٨٨ کە پاشا جیمس کوڕێکی دەبێت، هەموو کایەکانی وڵاتەکە بە پانی و بە درێژی دەگۆڕێت، کەواتە پاشای داهاتووی وڵات ئەویش کاسۆلیك دەبێت، چونکە کوڕەکە پرۆتستانتەکەی شاژن ماری، لەو تەختە دووردەخرێتەوە، بۆیەش رەوتە دژەکانی پاشا و کاسۆلیکیەت نکۆڵی لە بوونی ئەو کوڕەی پاشا دەکەن، دەڵێن مەبەستی پاشا لە بەناوکردنی ئەو کوڕە تەنها بۆ ئەوەیە بنچینەکانی کاسۆلیك لە وڵات پاش مردنی پتەو بکات، بۆیەش هەموو نیگا و هیواکان بە مارییەوە دەبەسترێتەوە چونکە ئەو شاژنە تاکە هیوای پرۆتستانتەکان بوو، بۆیە هەموو کۆششەکان گەرم دەبێت بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشێك تا ماری و ولیم ئۆرنجی هاوسەری بگەنە سەر تەخت و ببنە پاشا و حاکمی ئینگلترا.

شۆڕشە سپییەکە

دەسەڵاتدارەکان زۆر بەپەلە پەیوەندی بە ولیم ئۆرنجی هاوسەری ماری و حاکمی باڵای یەکێتی هەرێمەکانی خاکە نەوییەکان (هۆڵەندا) دەکەن، لە ئەنجامی دانوستانی شۆڕشگێرەکان لەگەڵ ولیم رێکدەکەون لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی ئینگلترا بدەنە ماری و ولیمیش هاوبەشی دەسەڵاتەکە بکات، بەیەکەوە کۆشش بکەن جیمسی دووەمی پاشا لەسەر تەختەکە لاببەن و دەسەڵاتی کاسۆلیکیش لەسەر مەملەکەتە کەم بکەنەوە، بۆیەش لە رۆژی ١٩ی ئۆکتۆبەر ئوستولێکی پێکهاتوو لە پەنجا کەشتی جەنگی و پێنج سەد کەشتی بار و پێنج سەد سوار و یازدە هەزار سەربازی پیادە بەرەو کەنارەکانی ئینگلترا بەرێدەکەوێت، هەر کە ولیم پێی لەسەر ئەو خاکە دادەنێت، بازرگانەکانی لەندەن قەرزێکی بە دوو سەد هەزار پاوەند دەدەنێ، هەر ئەوانەش بوون کە زووتر یارمەتی جیمسی دووەمیان نەدابوو، ئیتر بەو هەڵوێستە ولیم ورەی بەرزدەبێتەوە و پێگێریی خۆی بەو وڵاتەوە دادەنێت، لە ئەنجامی شەڕە دۆڕاوەکانی سوپاکەی جیمسی دووەم لاواز و ماندوو دیاربوو، بۆیەش ولیم پەیوەندییان پێوە دەکات و پشتیوانیان لێ دەخوازێت، بەوەش شازادە ئان کیژی جیمس پاشا و لەگەڵ مێردەکەی جۆرجی دانیمارکی لایەنگیری بۆ شۆڕشگێران رادەگەێنن. بەوەیان پاشا خۆی لە مەیدانا بە تەنها دەبینێتەوە، هالیڤاکسی یەکێك لە هاوڕێیە نزیکەکانی بۆ

دانوستان دەستنیشان دەکات، ئەویش ئامادە دەبێت دەستبەرداری دەسەڵات بێت، ئەگەر سەلامەتی بپارێزن، بەڵام ئەوەش تەنها پلانێك بوو تا خۆی لەو گێژەلووکە دەرباز بکات، بۆیە لە مەیدانەکە رادەکات، کە هالیڤاکس لە بەرەکانی شەڕەکە دەگەڕێتەوە دەبینێت وڵاتەکە بێ پاشایە و جیمس رایکردووە، بۆیە دەستەیەك لە نەجیبزادەکان، ئەو وەك سەرۆکی کاتی دەوڵەت دەستنیشان دەکەن.

لە رۆژی ١٣ ی دیسمبەر ئەو نامەیەکی لە جیمس پێ دەگات، کەوا ئەو کەوتووتە بن دەستی دوژمنان و گیراوە، بۆیە هێزێك رەوانە ناوچەکە دەکەن، تا پاشایە زەلیلەکە بهێنەوە کۆشکی هویتهول، بەڵام پاشا کە دەزانیت ولیم لەو نزیك بوویتەوە بەرەو فەرەنسا رادەکات، لەوێش لەلای لویسی چواردەهەم کەمێك کۆمەك دەکرێت، لەو سەفەرە ناگەڕێتەوە و جارێکی تر بە چاوەکانی لەندەن نابینێتەوە و لە تاراوگەش دەمرێت .

ولیم لە ١٩ی دیسمبەردا دەگاتە لەندەن، خەڵکەکە وەك سەرکردەیەکی فریادرەس پێشوازی دەکەن، ئەو لەوەدەمانەوە دەیتوانی بەیەکجاری پەیام و بەرنامەی قڕکردنی کاسۆلیك بدات و خۆی وەك سەرکردەیەکی دیکتاتۆریش بناسێنێت، بەڵام سەرکردە سەرکەوتووەکە ئەنجامی سەرکەوتنەکانی بە ئارام و لەسەرخۆ دەدورێتەوە، بوار دەدات پەرلەمان دەسەڵاتی هەر هەبێت، بواریش نادات لەو شارە راورووت بکرێت کە لەلایەن پروتستانتەکان و دژ بە کاسۆلیکەکان دەکران. ولیم ئۆرنج بواردەدات پەرلەمان بە لۆردەکان و ئەنجومەنی عموومەکەوە وەك خۆیان کارەکانیان بکەن، بواریش دەدات ئەسقفەکان لە کفوتیری بمینێنەوە، لە رۆژی یەکەمی مانگی فبرایەر هەموو پلانەکان رەوشە نوێیەکە دیار دەکات، لەبەرئەوەی جیمسی دووەم لەسەر تەختەکەی رایکردووە، بۆیە ئاسایی بوو کە ئەو وەك پاشا نەناسن، بۆیەش ماری کیژەکەی و هاوسەرەکەی ولیم دەکەنە پاشای وڵات و ناو لە ولیم دەنێن ولیمی سێیەم و شاژنیش ماریی دووەم. ئیتر ژن و مێردەکە بواردەدەن پرۆژەی یاسای راگەیاندراوی مافەکانیش دەربچێت، کە لەلایەن پەرلەمانەوە پێشنیار کرابوو، کە بە ناوی بەڵگەنامەی مافەکان دەناسرا و لە رۆژی ١٦ ی دیسمبەری ساڵی ١٦٨٩ پەسەندی دەکەن، بەوەش شۆرشەکە سەردەکەوێت و پەرلەمان لە پاشا دەباتەوە و پرۆتستانتیش لە کاسۆلیك دەباتەوە.

بەڵگەنامەی مافەکان یەکێکە لە بەڵگەنامە هەر بەناوبانگەکان لە مێژووی سیاسی ئینگلترا و دەبێتە بنچینەی سەرەکی یاساکانی ئینگلیزی و بەردی گۆشەی زەمانەتی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان بەرامبەر بە گەمە و فێڵەکانی پاشاکان. لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە کەوا مەلیك دەسەڵات و مافەکانی لەسەر تەختەکەی لە ئیرادەی میللەتەوە وەردەگرێت، پاشاش مافی ئەوەی نییە ئەو یاسایانە پێشێل بکات کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت، هەروەها گەیشتنی کاسۆلیك بە دەسەلاتیش تەحریم دەکات. ولیمی پاشاش ناچار دەکەن خۆی سوێندی دوورخستنەوەی کاسۆلیك بەو شێوەیە بخوێنێتەوە :

من وەك پاشای ئینگلترا سوێند دەخۆم دژایەتی و رەقابەری و نەفرەتی هەموو جۆرێکی کوفر و زەندیقەکان بکەم، ئەو بیردۆزە پیسە نەفرەتەی کە دەڵێت ئەو کەسانی تر بکوژن و لەناویان بەرن، ئەو سەرکردەیەی کە پاپا یان دەستەی بارەگەی پاپا لە رۆما فەرمانی دژی بۆ دەردەکات، هەر ئەو کەسە لە کلێسا و لە تەختی پاشایەتی دووردەخرێتەوە و دەردەکرێت، هەروەها ئەو کەسە نابێ و ناکرێت بمینێت، هەروەها هیچ حاکمێك، کەسیك، مەترانێك، یان دەوڵەتێك، یان شازادەیەکی دەرەکی هیچ جۆرە ولایەت و دەسەڵات و سەروەری و سوڵتانی لەو مەملەکەتەدا نابێت، بۆیەش داوا لە کردگار دەکەم یارمەتیم بدات.

ئیتر شۆرشە نەمرەکە بەبێ ئەوەی خوێن برژێت سەردەکەوێت و جێگای رەواشە ناو لەو شۆرشە بنرێت، شۆرشە سپییەکە. بەوەش هەموو بەربەرەکانییەکانی سەر دەسەڵات لەلایەن پەرلەمان و پاشا کە ماوەی چل ساڵی خایاند نامینێت، هەروەها ململانێی دەرەبەگەکان و چینە نوێیەکەش لەسەر دەسەڵات و سامان بنبڕ دەکرێت. ئەگەرچی شەڕ و ململانێی نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیکەکان لەسەرانسەری ئەورووپا بۆ دەستبەرکردنی ئازادییەکانی باوەڕ هەبوو، چەند سەدەش بەردەوامیش بوو، بەڵام لە ئینگلترا و لە جەرگەی کیشوەرەکەدا بە سەلامەتی لەو گێژاوە دەربازیان دەبێت، چونکە ئەو ململانێیە ئەڵمانیای رووخاند و فەرەنسای لاواز کرد و شکۆی ئەسپانیای نەهێشت .

بە کۆتایی هاتنی سەردەمی شۆرشەکە، لە ئینگلترا تیرۆژی جیهانێکی نوێ دەردەکەوێت، ئینگلیزەکان بە شۆرشێکی درێژی بەرهەمدار بەختیاربوون ئاشتی و سەلامەتی لەسەر خاکی

خۆیان فەراهەم دەکەن، ئاشتییەك بوو کە ئەوروپاییەکان هەموو حەسوودیان پێیان دەهات، بەو ئاشتییەش توانیان وزە و دەسەڵاتی ناوخۆیان پتەو بکەن، کە ببووە ستوونی سەرەکی سازبوونی ئیستعمار لە سەدەی هەژدەم.

ئینگلترا سەردەمێکی نوێی تێدا سازدەبێت کە لەسەر ئاستی ئەوروپا وەك ڕۆژانی پێش شۆڕشەکە نەبوو، چونکە جاران وەك دەسەڵات و پاوەرێکی لاوەکی سەیری ئەو وڵاتە کراوە، بەردەوامیش وڵاتێك بووە وەك پاشکۆ بۆ فەرەنسا، بەڵام پاش ئەو شۆڕشە سیماکانی نەتەوەی دەسەڵاتداری بەهێز دەردەکەوێت، بۆیەش هەموو وڵاتانی ئەوروپای حیسابیان بۆ فەرمانەکانی ئەو کردووە. هەر ئەوانیش لەپشتی پەردەوە سیاسەتەکانی نێوان جەمسەرەکانی ئەوروپایان دادەڕشت و لە کێشەکانی ئەوروپا ئەوان هاوسەنگ بوون، بەوەش لە سەدەی نۆزدەهەم توانیان کۆنترۆڵی تەواوی سیاسەتی ئەوروپی بکەن. لە ناو وڵاتیش شارەکانی ئینگلیزی هەموو دەسەڵاتەکانی دەرەبەگەکانیان وەردەگرنەوە و چالاکی بازرگانی لەگەڵ زۆربوونی موستعمرەکان گەشە دەکات، بۆیەش پەیمانێکی نەنووسراویش پەیڕەو دەکەن، کەوا هێزە بازرگانییەکانی سەرمایەدارەکانی زەوی، دەسەڵاتەکانی ئورستقراتییەکان وەربگرنەوە، بە مەرجێك بەرژەوەندییە بازرگانییەکان هاوسەنگی سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکەیان بێت.

## بابەتی دووەم

## شۆڕشی ئەمریکی

**نووسینی حەسەن حافیز**

## شۆڕشی ئەمریکی

ئەوروپییەکان خاکی ئەمریکایان بە جیهانی نوێ دەزانی، کە بێ پارە و سامان دەستیان کەوتبوو، بۆیەش پاش ئەوەی (کریستۆڤەر کۆلمبس) کیشوەرەکە دەدۆزێتەوە شەپۆل شەپۆل خەڵکەکە روویان تێکردووە، ئینگلیزەکان لە هەموو نەتەوەکانی تر زۆرتر روویان لەو خاکە نوێیە کردبوو، بۆیەش بۆ مان و جێگیربوون شەڕ و رووبەڕووبونەوەی دژواریان لەگەڵ هیندییە سوورەکان کردبوو، ئەوانەی خەڵکی رەسەنی سەر ئەو خاکە بوون، کۆمەڵکوژییەکانی بەڕوودایاندا کراوە بوویتە نیشانەیەکی شەرمەزاری بۆ خۆرئاوا. کۆلۆنیزمە ئینگلیزەکان کە وڵاتی دایکیان جێهێشتبوو بەرەو وڵاتی نوێی بەڕێکەوتن بۆ ژیانێکی کامەرانتر و سامانی زۆرتر و ئازادی کە ببووە مستعمرییەکەی ئینگلیزی بوو، بەو هیوایەی هەموو پەیوەندییەکانیان بە وڵاتی یەکەمیان ببڕن و

بیری لێ نەکەنەوە، بۆیەش ئەگەر رووبەڕووبونەوە لەنێوان ئینگلیزەکان و نیشتەجێیەکانی تر نزیك و لەباربووە بۆیەش شۆڕشیش هەڵدەگیرساوە، شۆڕشە ئەمریکییەکە لە منالّدانی ئەو شۆڕشەش دەوڵەتێکی بەهێز و ئیمپراتۆریەتیەکی باڵادەست لەسەر هەموو دروست دەبێت .

کە ئینگلیز لە شەڕە حەوت ساڵییەکەیان (١٧٥٦_ ١٧٦٣) دەربازیان دەبێت بڵاچەی شۆڕشەکە دەردەکەوێت، کە تێدا فەرەنسییەکان دەشکێن و لە هەموو کۆلۆنیزمەکان بەتایبەتی لە کەنداش دەردەکرێن و فەرەنساش دان بەرێکەوتننامەکەی پاریسی ساڵی ١٧٦٣ دادەنێت و ئۆقیانووسی ئەتلەسیی دەبێتە دەریاچەیەکی ئینگلیزیی بەبێ رکابەرایەتی... ئیتر لەورۆژەوە ئاستی پارەدان و پشتیوانییە داراییەکان و سەربازییەکان لەسەر کۆلۆنیزمەکان بەرزتر دەکەن، بەوەش هەمووڵایەك ناڕەزاییەك لە سیاسەتی پاشایەتی زۆردار دەردەبڕن .

بریتانیای مەزن کە لەساڵی ١٧٠٧ بە یەکێتی سیاسیی نێوان مەملەکەتی ئینگلترا و ئوسکتلاندا و ویلز دامەزرابوو، توانیان دەست بە سەر کۆلۆنیزمە فەرەنسییەکان لە ئەمریکای باکوور دەست بەسەر دابگرن و رووبەرێکی زۆری خاکی بەیاریان بەدەست دەکەوێت، بەوەش تونرا بۆ سەرمایەگوزاری لەبەرژەوەندی کۆشکی بریتانی بەرجەستە ببێت. کە جۆرجی سێیەم (١٧٦٠_١٨٢٠) دەبێتە پاشای مەملەکەتەکە کۆشش دەکات دەسەڵاتی ناوەندی ئیمپراتۆریەتییەکە پتەوتر بکات، ئەو کەسێکی دیکتاتۆر بوو، بۆیەش هیچ بایەخی بە پەرلەمان و حکومەت نەدەدا، هەموو دەسەڵاتە سیاسییە و دەستوورییەکانیشی بزاندووە، کە هەتا ساڵی ١٦٨٨ەوە پەیڕەو دەکرا، بەوەش دەسەڵاتی پاشاکە وای کردبوو یاساکان بەرتەسك بکرێتەوە و کۆلۆنیزمە بریتانییەکان لە ئەمریکای باشوور قۆڵبەست بکات .

پاش ئەو سەرکەوتنەیان بریتانییەکان فشاریان لەسەر هاوڵاتییە نیشتەجێبووەکان و هیندییە سوورەکان زۆرتر کردبوو، بازرگانیکردنیان بە رەشەکان قۆرخکردبوو، بۆ ئەوەش دەبوایە مۆڵەت لە بریتانییەکان وەربگرن، کڕینی زەوییان لە هیندییەکانیان قەدەغە کردبوو، ئیتر هەموو هەوارەکانیان کردبووە زیندانییەکی گەورە و بواریان نەدەدا بەرەو خۆرئاوا بڕۆن و لەوێ بژین، واتە نەدەکرا ئەو دەسکەوتانەی پاش شکانی فەرەنسییەکان موڵکەکانیان بدرێتە کەسی تر، بەوەش ناڕەزاییەکان دژ بە دەسەڵاتی ناوەندی لە لەندەن بەرزدەبێتەوە. لە ئەنجامی

شەڕەکانیش ئابووری بریتانیا پێویستی بە سەرچاوەی ترەوە هەبوو، باشترین و گونجاوترین چارەسەر بۆ هەڵسانەوەی میزانییەی دەوڵەتیش، وەك یەکەم هەنگاو دەرچوونی یاسای شەکرەکە بوو کە لەساڵی ١٧٦٤ دەرکرا، بەوەش قەدەغەکرابوو دۆشاو (هەنگوێنی رەش) بێتە وڵات تەنها لەو ناوچەکانی بن دەسەڵاتی ئینگلیزەکانەوە نەبێت، باجیش خرابووە سەر هەنگوێن و مەشرووب و قاوە و ئاوریشم و هەندێ کالای تریش، بڕیاریش درابوو هەموو کارگێڕییە داراییەکان توند بکرێت و هەموو جۆرەکانی قاچاخیش بنبڕبکرێت. ئەمریکییەکان تەنها بەشە داراییەکەیان قبوولْ کردبوو، بەڵام بە بەشە مادییەکەیان ناڕەحەت بوون، بەڵام ئەوان لەوە تووڕە ببوون کە لەندەن پرسی بە دەسەڵات یاسادانانەکانی نیشتەجێبووەکان نەکردبوو، کە ئەوان حەقی ئەوەیان هەیە شێوەکانی باج دیار بکەن، چونکە ئەوەیان بە پێشێلییەکی بەدەر لە دەستووریان دەزانی. بەوەشیان خۆیان بە هاوڵاتی پلە دوو زانیبوو کەوا هاوڵاتیبوونی ئەوان تەنها بۆ کۆکردنەوەی باج و پارەیە بۆ خزمەتی خاوەن شکۆ و بەس.

باجی مۆر

بەردەوام یاسا بریتانییەکان بازرگانی لەناو ویلایەتە ئەمریکییەکان کۆتبەند دەکرد، لەساڵی ١٧٦٤ یاسای دراوی دەرکردبوو، بەوەش مافی بە خەسڵەتی یاسایی دراوەکانی لە موستعمرەکان راگرتبوو، کە جاران قەرزی پێ دەدرایەوە، هەمان ساڵیش یاسای یاخیبوون لەسەر هەموو موستعمرەکان دەردەکات، بەوەش هەموو جۆرە رێپێوان و خۆپێشاندانێك لە هەموو موستعمرەکان قەدەغە دەکات. بۆ دابینکردنی سەربازگە و شوێنی حەوانەی هێزەکانی پاشایەتی ساز و ئامادە بۆ رووبەڕووبونەوەی هەر پەلامار و هێرشێکی هیندییە سوورەکان لەساڵی ١٧٦٥ یاسای خانووبەرەی موستعمرەکان دەردەکات، کە تێدا هاوڵاتیان فەرز دەکات شوێنی حەوانەی سەربازەکانی پاشایەتی لەلای خۆیان بکەنەوە و هەروەها هەموو پێداویستییەکانیشان بۆ دابین بکەن .

هەر لەو ساڵەدا یاسای (مۆرکردن) ی ناودار خراپی دەرکردبوو، بەوەش ئیدارەی بریتانی ناوەندەی لە لەندەن بە کۆمەڵەیەك یاسا کارگێڕی هەموو موستعمرەکان بە ئابووری ئینگلیزی بە پەیوەندییەکی کاسۆلیکی بەستراوی گرێدراو دەبەستێتەوە. دانانی باجی مۆرکردن بۆ موازنە و پڕکردنەوەی مەسرەفە زۆرەکانی بەرگری بوون لە موستعمرەکان، ئەو یاساییەش بە پلەی یەکەم پیاوانی میدیا و نووسەران و بزنسمان و پیاوانی کاری چینە برژەوا بەهێزەکەی کۆمەڵگەی شارەکانی ئەمریکای دەگرتەوە، ئەوەش بە لێدانی پوولێك بوو بە نرخی شەش هەتا شەش پاوەند لە رۆژنامەکان و بلیتەکان و نامیلکە و مۆڵەت و گرێبەستەکان و سەندە بازرگانییەکان و بۆندەکانی فرۆشتن و رەهن بوون، واتە هەموو پسولەیەکی رەسمی یان بازرگانی نێوان دوو کەس بکرێت .

پاش ئەوەی توێژێکی زۆری کۆمەڵگەی ناو موسستعمرەکان بەو یاسایە زیانیان بەرکەوت ئاژاوەیەکی فراوانی میللی بەرپابوو، ئەوەش لەوە رەنگی دەدایەوە کەوا ئەوان بە دەست تێوەردانی بریتانیا لە کاروبارەکانیان نیگەران و تووڕەبوون، سەرەتا لە ولایەتی فرجینیا ئەو یاسایە رەفز کرایەوە، بۆیەش ئەنجومەنی هاولاتیان کە دوایی بە بڕیارەکانی فرجینیا ناسرا، پابەندنەبوونی خۆیان بەو یاسایە دەربڕی و وتیان بێجگە لە ئەنجومەنەکەیان کەسی تر ناتوانێت باجمان لەسەر دابنێت، ئینجا ویلایەتی مساتشوستس هەنگاوەکانی ئەوانی هەڵگرت کە ئەنجومەنە یاسادانانەکەیان بنچینەیەکی یاسایی دانا، کە پاشان دەبێتە رووداوێکی گرینگ لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە تێدا هاتبوو کەوا پەرلەمانی بریتانی ناتوانێت باج لەسەر موستعمرەکان دابنێت چونکە ئەوان پەرلەمانی هەڵبژێردراوی موستعمرەکان نین، وتیان (باج وەرگرتن بەبێ نوێنەرایەتیکردن نابێت). بەرهەڵستی و ناڕەزاییەکەش پشتی بەوە بەستابوو کەوا خەڵکەکە بڕوایان بەو دەستەواژە ئینگلیزییە هەبوو، کە دەگوترا باج وەرناگرێت بەبێ رەزامەندی لە نوێنەرە دیارکراو و هەڵبژێردراوەکانیان لە پەرلەمان.

بۆیەش ئەوان داواکاربوون وەك هاولاتیانی بریتانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەو یاسایانە دەیویست لە دوورەوە ئابووری ئەمریکییەکان بە بریتانیاوە ببەستێت کە چینێکی بازرگانی دیار سەریان هەڵدابوو، ئەوانەش دوور لە پرنسیپ و رێنماییە ئابوورییەکانی بریتانی باش گەشەیان کردبوو، کەواتە هەر سازشێك ئەوانەی دەرووتاندەوە. ئیتر بەو شێوەیە گیانی دژایەتیکردن لەناو

هەموو موستعمرەکان گەشە دەکات، دەرئەنجام دەستەیەك بەناوی رۆڵەکانی ئازادی دادەمەزرێت و داوا دەکەن وەرگرتنی باجەکان بە سیستەم بێت، ئەوانەش هەرەشە دەکەن و پوولەکان دەسووتێنن و فەرمانبەرەکانی دەزگاکانی پوولەکانیش ناچار دەکەن دەست لەکاربکێشنەوە. بۆیەش ئەنجومەنەکانی یاسادانان لە موستعمرەکان بایکۆتی هەموو کەلوپەلە بەریتانییەکان دەکەن، ناو لە پرۆسەکەش دەنێن، نەخێر بۆ هێنان، بۆیەش حکومەتی بریتانی لە دەرئەنجامی ئەو بایکۆتەدا یاساکەی مۆرکردنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، هەروەها چاویش بە هەموو بڕیارەکانی ئەو چەند ساڵە کورتەی رابردووش دادەهێنێتەوە، پەرلەمانی بریتانیش کاردەکات دانانی باج لەسەر خەڵکی موستعمرەکان لە داهاتوو بە یاسا بکات، بۆیەش یاسای راگەیاندن لەساڵی ١٧٦٦ دەردەکات، بەوەش ماف بە خۆی دەدات باج لە موستعمرەکان وەربگرێت. لەو شەڕەدا کە چەکی تێدا بەکار نەهات، نیشتەجێبووەکان بەسەر بریتانیای مەزن سەردەکەون، بەوەش میللەت هێزی راستەقینەی دەردەکەوێت و بریتانییەکان پاشەکشە دەکەن، بۆیەش هەڵگیرسانی شۆرشە لەسەر تەقینەوە بوو.

## کۆمەڵکوژییەکەی بۆستن

کە تاونشند دەبێتە سەرۆك وەزیران کۆشش دەکات هەموو بەرنامە و سیاسەتەکەی پاشا بۆ چۆکدانان بە هاوڵاتیانی موستعمرەکان جێبەجێ بکات، بۆیە کە ئەنجومەنی یاسادانانی موستعمرەی نیویۆرك یاسای نیشتەجێکردنەکە رەفز دەکەن، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بریتانی لەساڵی ١٧٦٧ بڕیار دەدات ئەو ئەنجومەنە هەڵوەشێنێتەوە، مەبەستی بوو بەو کارەیان، بە هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنە گچکەکە هەرەشە لە گەورەکان بکات، بۆیەش سەرۆك وەزیران بڕیار دەدات باج لە هێنانی چا و کاغەز و مس، بەوەش مووچەی کارمەند و حاکمە ئینگلیزەکان لە موستعمرەکان دابین دەکەن، هەروەها دەزگایەکی نوێی گومرگ دادەنێت کە دەسەڵاتی یاسایی تەواوی هەبێت بۆ قەڵاچۆکردنی قاچاخ.

هەموو موستعمرەکان یاسا نوێیەکان رەفز دەکەنەوە، لە بنسلفانیا جۆن دکنسۆن سەرکردایەتی ناڕەزاییەکان دەکات، رامان و پێشنیارەکانی لە کتێبی نامەی دابەشکراوەکە دەنووسێت. سموئیل ئادمز (١٧٢٢_١٨٠٣) کە پاشان وەك یەکێك لە پیاوە دیارەکانی شۆرشە دەناسرێت، ئەویش داوا دەکات هەموو موستعمرەکان یاساییە نوێیەکان جێبەجێ نەکەن، ئەنجومەنی یاسادانانیش رازی دەکات و داوا لە ئەنجومەنی یاسادانانی بۆستن دەکات دان بەو پەیامە بنێن کە بە نامە دابەشکراوەکە دەناسرێت، لەسەر داوا و هاندانی ئادمز خەڵکی بۆستن بەڕووی پیاوانی گومرگی بریتانی هەڵدەستنەوە، کە داوایان دەکرد یاسا نوێیەکان جێبەجێ بکەن .

لەئەنجامی رووبەڕووبونەوەی خەڵکە جۆشدراو و تووڕەکە پیاوانی حامییەی بۆستن تەقە لە خۆپێشاندانەکە دەکەن و سێ کەسیان دەکوژن و چەند کەسێك بریندار دەبن کە دوایی بە کۆمەڵکوژییەکەی بۆستن لە ٥ ی مارس ١٧٧٠ دەناسرێت. ئەو رووداوەش دەبێتە بەڵگەیەك لە ئادامز سیاسەتی بریتانی لە موستعمرە ئەمریکییەکان پێ تاوانبار بکات، هەر ئەویش بوو ناوی کۆمەڵکوژییەکە لە کوشتنی سێ کەسەکە نابوو.

لە بەرامبەر ئەو ناڕەزاییە میللییە گەورەییەدا هەناردەی بریتانیا بۆ مستعمرە ئەمریکییەکان بە نیوە دەبێت، بۆیە پەرلەمانی بریتانی لە سەپاندنی باجەکان لەسەر میللەتی ئەمریکی پەشیمان دەبێتەوە و سەرۆك وەزیران تاونشند باجەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام جۆرجی سێیەم پاشای وڵات باجی چایەکە دەهێڵێتەوە، ئەوەش دووەم جار بوو کە خۆراگریی خەڵکەکەی ئەمریکا سەردەکەوێت، ئەوەش بە فشاری گەورە سەرمایەدارە بریتانییەکان بوو، ئەو رەوشە نوێیەش وڵاتە ژێردەستەکان لە وڵاتی دایك دووردەکاتەوە و هەنگاوێك لە پەیوەندییەکان دەچێتە پاشەوە .

وڵاتەکان ماوەیەك ئارام دەبن و بە هەوای سەرکەوتنەکە مەست ببوون و شکۆی بریتانیای مەزنیش لەرزی بوو، بۆیەش بازرگانەکان کە کۆتەکانی باجیان لەسەر نامینێت گەشە دەکات، ئەو کەسانەی نەرمکاربوون و ئارەزوویان بوو بەیەکجاری لەگەڵ لەندەن نەپچڕێن، ئەوانە پەیوەندییەکەیان دەبوژێننەوە، بەڵام رەوتی سەربەخۆییەکە بەنەرمی لەبن ئاگرێکی هێمندا دەکوڵان. سموئیل ئادامز ئازادیخوازەکانی بەناوی لیژنەکانی پەیوەندی لەساڵی ١٧٧٢ ساز دەکرد، لە هەموو ویلایەتەکاندا سەرقاڵی ئەژمارکردنی هەڵەکانی بریتانییەکان بوون و جۆشی سەربەخۆییان ساز دەکرد.

بۆیە کۆشش دەکەن باجەکەی چا کە ببووە دوا نوێنەر و هەڵوێستی ماف پەرلەمانی بریتانی لە وەرگرتنی باجدا هەڵوەشێنێتەوە، بۆیەش ئەمریکییەکان بایکۆتی ئەو چایە دەکەن کە لە بریتانیاوە دەهات و لەجیاتی ئەوە چای قاچاخی هۆلەندی پەیدا دەکەن، ئەوەش گەورەترین رووبەڕوو و زەبرێکی مەزن بوو کە پاشای بریتانیا دەکەوت، کە بەردەوام دەیخوازی دەست لە کاروباری موستعمرەکانی وەربدات.

## ئاهەنگی چای بۆستن

لەلایەن خۆییەوە حکومەتی بریتانی لەساڵی ١٧٧٣ ماف قۆرخکردنی فرۆشتنی چا لە هەموو موستعمرەکان دەداتە کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاتی، تا زەبرێك لە هەڵمەتی بەقاچاخبردنی لە موستعمرە ئەمریکییەکان بدات و بەوەش نرخی چاکەیان لە چایە قاچاخەکە هەرزانتر دەکەن، ئەوەش هەڕەشەیەك دەبێت تا چا لۆکالییەکە پەکی بکەوێت، بۆیەش بازرگانەکانی چا لەو قۆرخکردنەکە تووڕە دەبن و بە کردەوەکەی کۆمپانیا بریتانییەکە سەرگران دەبن، ئەوانیش دەچنە پاڵ ئەوانەی دژایەتی سیاسەتی بریتانی پەیڕەو دەکەن، هانی خەڵکەکەش دەدەن لەجیاتی چا، قاوە و شکولاتا بخۆنەوە، بەشە چای کۆمپانیاکەش وەرناگرن. بەڵام حاکمە ئینگلیزەکەی بۆستن سوور دەبێت لەسەر داگرتنی بارە چایەکەیان لەو سێ کەشتییەی هەڵیگرتبوو، بۆیەش چەند کەسێکی نیشتمانپەروەر و بە هاندانی و سەرکردایەتی ئادامز و بە جلی هیندییەکانەوە دەچنە ناو باری کەشتییەکان و بارەکان دەسوتێنن، ئەوەش لە شەوی ١٦ی دیسمبەری ساڵی ١٧٧٣ روویداوە، و بە رووداوەکەی (ئاهەنگی چای بۆستن) ناسراوە، ئەوەیان پاشای بریتانیا نیگەران دەکات کە کۆششی دەکرد نەك تەنها دەسەڵاتی خۆرهەڵاتی ئەتلەسی بگێڕێتەوە و بەس بەڵکو کەرامەتەکەی بگێڕێتەوە پایەی یەکەمی جاران .

ئەو رووداوە لەسەر پاشا و میللەتی بریتانی حکومەت و پەرلەمان بەئاسانی تێنەدەپەڕی، هەموویان کەوتبونە ناو گۆشەیەکی تەسك، کۆمپانیایە هیندییە خۆرهەڵاتییەکە بارەکەی لەسەر

قسه و راسپاردەی پاشا ناردبوو ئەمریکا، ئەوەش بە ڕێنمایی یاسای ئینگلیزی بووە، بۆیە ئەگەر پاشا لەو هەڵوێستە پاشەکشەی کردبوایە، ئەوە بەڕەسمی دانی بە ئازادی موستعمرەکان دانابوو، بەوەش هیچ دەسەڵاتێکی نەمابوو، بۆیە پاشا لەساڵی ١٧٧٤ پێنج یاسا دەردەکات، کە لەلای ئەمریکییەکان بەناوی (یاسایە زۆردارییەکان)، یان یاسایە ئیلزامییەکان دەناسرێت، ئەویش بریتی بوون لە: داخستنی بەنداوی بۆستن هەتا هاوڵاتیانی قەرەبووی چایە سووتاوەکە نەدەنەوە، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی یاسادانان لە ماساتشوستس و دانانی راوێژکارەکانیش لەجیاتی هەڵبژاردن راستەوخۆ لەلایەن پاشاوە، ناکرێ کارمەندانی حکومەتی بریتانی لەناو موستعمرەکە دادگایی بکرێن، پێنجەمین بڕیاریش بریتی بوو لە دابینکردنی نوای حەوانە و خواردنی سەربازانی بریتانی لەلایەن هاوڵاتیانەوە .

لە هەمان ساڵدا یاسای کوبیك دەردەچێت کە تێدا هاوڵاتیانی فەرەنسی لەناو ئیمپراتۆریەتی بریتانیادا هەموو دەسەڵاتێکیان دەبێت و رەوشیان تایبەتی دەبێت و ریزی هەموو یاسایە فەرەنسییەکان و کڵێسا کاسۆلیکیەکەشیان دەگیرێت، بەوەش ئەمریکییەکان خەونی ئەوەیان نامینێت بەرەو خۆرئاوا گەشە بکەن، ئەوەش مانای ئەوە بوو کەوا گەورەکردن و پشتیوانیکردنی کڵێسا کاسۆلیکییەکە لەسەر کڵێسا پرۆتستانییەکەیان دەبێت. ئەو یاساییە نوێیانە دەرئەنجامی نەرێی لێ دەکەوێتەوە و هاوڵاتیان ناڕەزایی دەبن، بۆیە لەجیاتی ئەوەی خەڵکەکە لەبن سێبەری حوکمی بریتانییەکان بچەوسێنەوە، تووڕەیی و یاخیبوون سەرهەڵدەدات و بەڕووی لەندەن هەڵدەستنەوە، ئەوەش تەنها مستعمرەی مساتشوستسی نەگرتەوە و بەس بەڵکو ژمارەیەك مستعمرەی هاتە پاڵ، بۆیەش نوێنەرانی مستعمرەی فرجینیا داوایان لە نوێنەرانی چەندین مستعمرە کردبوو لە رۆژی ١٥ی سپتەمبەری ساڵی ١٧٧٤ لە شاری فیلادلفیا کۆببنەوە، هەموو مستعمرەکان بانگەوازەکان قبووڵ دەکەن، تەنها جورجیا نەبێت، بە نوێنەرایەتی ١٢ مستعمرە ٥٦ نوێنەر کۆبونەوەکە دەکرێت، کە بە ناوی (کۆنگرەی کیشوەریی یەکەم)، یان (کۆنگرێسی یەکەم) دەناسرێت، کە تێدا جۆرج واشنتۆن و جۆن ئادامز و تۆماس جفرسۆن و بنیامین فرانکلینی تێدا بووە .

لەو کۆبونەوەیەدا داوا دەکەن تەنها دان بە مافەکانی مێژوویی بنێن، کە لەپاش شۆرشە نەمرەکەی ئینگلیزیی کە لەساڵی ١٦٨٩ بڵاوکراوەتەوە. سەرەتا لە کۆنگرەکە بڕیار دەدەن، کە هەموو ئەو ئەو یاساییە زۆرداریەکان کە بڵاوکرانەوە جێبەجیّ ناکەن، ئینجا دەقی راگەیاندراوی مافەکان ئەو زۆرداریانەی لەسەر میللەتی مستعمرەکان دەکرێن رادەگەیێنن، داواش دەکەن پاشا هەموو باجەکان هەڵوەشێنێتەوە، لەودەمانەی چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی پاشا دەکەن ئەوان بڕیار دەدەن دووبارە بایکوتکردنی کالا بریتانییەکان دووبارە بکەنەوە و لیژنەی تایبەتی بایکوتکردنەکەش لە هەموو شارەکان دادەنێن و چاودێرییان دەکەن و سەرپەرشتی گومرگەکانیش دەکەن، هەر لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردەدەن هەر دەستدرێژییەکی بریتانی بۆ هەر مستعمرەیەکی ئەمریکی دەستدرێژییە دژ بە هەموو مستعمرەکانی کە نوێنەریان لەو کۆنگرەیەدا ئامادەیە. ئەوەی شایانی باسە لەو کۆنگرەیەدا بە هیچ شێوەیەك باسی سەربەخۆییان وەك بژاری تری ئیمپراتۆریەتیان نەکرد و ئاماژەیان بەو لایەنە نەکرد، بەڵام جۆرجی سێیەمی پەرۆشی زۆرداریەکان نەك سەیری داوا رەواکانی بە چاوێکی سۆزەوە نەکرد، سوور دەبێت لەسەر جێبەجێکردنی هەموو ئەو یاسایانەی لەودواییدا دەریکردبوون، ئینجا ئەوە ئەگەر بە هێزیش بێت دەبیّ بێتە واری جێبەجێکردن.

لەبەرامبەر ئەو توندکارییەی پاشاوە، مستعمرەکان خۆیان چەکساز دەکرد، لە ماساتشوستس چالاکییەکانی بەرگری پەیدابوون، خەڵکەکە لەنزیك شاری کۆنکۆرد سەربازگەیەکیان ساز کرد و چەك و تەقەمەنییان دانا، بەردەوامیش مەشقیان دەکرد .

کە هەواڵی سازبوونی ئەو سەربازگەیە دەگاتە سەرکردەی حامیەی بۆستن لە مانگی ئەپریلی ساڵی ١٧٧٥ سوپایەکی پێکهاتوو لە هەزار سەرباز رەوانەی سەریان دەکات و دەست بەسەر چەکەکانیان و سموئیل ئادامز وەك هاندەری یەکەمی ئەو یاخیبوونە دەگرێت. بەڵام هەڵمەتە ئینگلیزییەکە دەکەوێتە ناو کەمینێکی پیاوانی میلیشیا لەنزیك شاری لکزنگتوت، پاش ئەوەی شۆرشگێرەکان چەك و تەقەمەنییەکانیان لیّ وەردەگرنەوە سوپاکە دەست بەتاڵ دەگەڕێتەوە حامییەکەی خۆیانەوە، بەڵام لە گەڕانەوەیاندا سوپا رووبەڕووی جوتیار و پیاوانی بەرگری دەبنەوە، حامییەکەش بە ١٦ هەزار کەس گەمارۆ دەدرێن، بڵاوبونەوەی ئەو هەواڵە لە

مستعمرەکانی تر هانی خەڵکەکە دەدات بەڕووی بریتانییەکان هەڵسنەوە و هەموو حاکمەکانی سەر بە بریتانیا دەردەکەن و بەوەش دەسەڵاتی وڵاتەکە دەکەوێتە بن دەستی میللەت .

لە ڕۆژی ١٠ ی مایۆی ساڵی ١٧٧٥ کۆنگرەی دووەمی کیشوەری یان کۆنگرێسی دووەم لە شاری فیلادلفیا دەبەستن، لەوێ بڕیاردەدەن ئەو سوپا بچووکەی لە بۆستن هەیە سوپای هەموو مستعمرەکانە، لەوێش جۆرج واشنتۆن دەکەنە بەرپرسی ئەو سوپایە. جۆرج ئەو کوڕە گەنجەی فرجینیا کە لەو حەوت ساڵەی دواییدا ناوی دەرکردبوو، ناوی لە سوپا یەکگرتووەکەش دەنێن، سوپای کیشوەری ئەمریکی، لەوێش بڕیار دەدەن لقی دار زەیتون بکەنە نیشانەی ئاشتەوایی لەگەڵ بریتانیا و پاشاکەی، لەوێ بڕیاری سەربەخۆییش نادەن و داواش دەکەن پەیوەندییەکەیان لەسەر بنچینەی یەکسانی و ریزگرتنی هەڵوێستی هاوڵاتیبوون بێت لەلایەن ئیدارەی بریتانییەوە. ئیتر تۆپەکە کەوتبووە ناو یاریگەی پاشا و ئیدارەی بریتانی، ئەوان دەکرا بەنەرمی و بە سیاسەتی هەڵگرتنی باجەکان و ریزگرتنی چوارچیوە کارگێڕییەکان کە لە شێوەی مستعمرەکانەوە دیاربوو رەوشەکە ئارام بکەنەوە، بەڵام پاشا ئەو بوارە هەڵنابژێرێت و بڕیار دەدات رووبەڕوویان ببێتەوە، تا دەگاتە ئاستی ئەوەی لە ڕۆژی ٢٣ ی ئۆگستی ساڵی ١٧٧٥ ئەوە رادەگەێنێت کەوا هەموو مستعمرەکان رەوشی یاخیبوونیان راگەیاندبووە، قبووڵیش ناکات نوێنەرەکەیان کە بۆ دانوستان و بەرنامەیەکی ئاشتیخوازی چووبوو ببینێت. ئەوەش لەلایەن شۆڕشگێڕەکان بە هێرشێك لە بەهاری ١٧٧٦ وەڵام دەدرێتەوە و شاری بۆستن لە ئینگلیزەکان پاك دەکەنەوە. پەیوەندییەکان دەکەوێتە ناو تونێلی تەسك و تاریکەوە، ئیتر شۆڕشەکە دژ بە دەسەڵاتی بریتانی بەرپا دەبێت و شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکی دەست پێ دەکات.

رەوشەکە زۆر بەخێرایی دەگۆڕێت، هەردوو بەرە خۆیان بۆ رووبەڕووبونەوەیەکی نوێ ساز دەکەن، چونکە ئەمریکییەکان زۆرتر داوای سەربەخۆییان دەکرد و ئەو دەنگەش بەرزتربوو، بۆیە بە مانەوەیان لەبن دەسەڵاتی بریتانییان قبووڵ نەبوو. نووسینەکانی تۆماس بین یەکێك بوو لەوانەی بەتوندی هانی نێشتەجێبووەکانی دەدات بەتایبەتی لە کتێبەکەی (هەستی گشتی) کە نزیکەی سەد هەزار دانەی لێ فرۆشرا، ئەو لەوێ داوای ئازادی بۆ هەموو مرۆڤایەتی کردبوو، بۆیەش ئەمریکییەکانیش مافی سەربەخۆییان هەیە، چونکە گونجاو نییە دوورگەیەك کیشوەرێکی گەورە

کۆنترۆڵ بکات، ئەو لە نووسینەکانییدا شرۆڤەی مانای جیابوونەوەی خۆیان لە بریتانیا دەکات. لە مانگی یولیۆی ساڵی ١٧٧٦دا پێشەوا ریتشارد هینری لی لە فرجینیاوە دەگاتە کۆنگرێس لەوێ داوا دەکات هەموو مستعمرەکان ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ، ئەو پێشنیارەش لەلایەن زۆرینەی ئامادەبووان پشتگیری دەکرێت، بۆیە لیژنەیەك لە پێنج باوکەکەی سەربەخۆیی پێکدێت، فرانکلین، جفرسۆن، جۆن ئادامز، لیفنگستۆن و شیرمان ئەوانە کاربکەن پەیمانەکەی سەربەخۆیی دابرێژن.

ئەو پەیمانەی کە جیفرسۆن دابنابوو پاش دەستکاری لەلایەن کۆنگرێسەوە پەسەند دەکرێت، بۆیەش وەك پەیمانێکی سەربەخۆ لە رۆژی ٤ی یولیۆدا رادەگەیندرێت و تێدا نەتەوەیەکی سەربەخۆیی ئازادی نوێ لەدایك دەبێت، هەموو پرنسیپەکانی ئەمریکی لەو دەستەواژەیەدا کۆدەکرێتەوە: هەموو مرۆڤ بە یەکسانی دروستکراون، ئەوانەش لەلایەن یەزدانەوە هەموو مافەکانیان جێگیربووە، لەوانە ماف ژیان و ئازادی و پەرۆشی بۆ سەرفرازییەکان .

لە کۆتایی پەیمانەکەدا ئاماژە بە بیردۆزەکەی فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆك درابوو کە تێدا وەزیفەی باڵای دەوڵەتی لە پاراستنی سامان و ئازادییەکان داناوە، ئەوەش بنچینەی سەرەکی هزری شۆرشە، لە بەشی دووەمی پەیمانەکەدا باس لە سکاڵا و ناڕەزاییەکانی خەڵکەکە لە جۆرجی سێیەم پاشا دەکات، لەدوا بەشیش سەربەخۆیی ١٣ مستعمرەکە لە بریتانیا رادەگەیێنێت و ناویان دەنێت ویلایەتە ئەمریکییەکان. نێشتەجێبووەکان بیرۆکەی سەربەخۆییەکە بە شادی و نیگەرانییشەوە وەردەگرن، شادومان بوون چونکە ببوونە خاوەن نیشتمانێکی ئازاد، نیگەرانیش لەوەی کە نەیاندەزانی هەڵوێستی بریتانیا لەو هەنگاوەدا چ دەبێت، بۆیە کە داوای شۆرشی چەکداری دەکەن بۆ سەربەخۆییەکە هەموولایەن بەرەو چەکوەرگرتن هەنگاو دەنێن بۆ ئامادەبوون لە ئەگەری هێرش و شەڕێکی دژواردا.

شەڕەکە

هێزەکانی بریتانیا لە هەموو ویلایەتەکان و لە کەندا خۆیان بۆ شەڕ ساز دەکەن، لەسەر دەریاش ئوستوولی بریتانی گەمارۆی تەواوی کەنارەکانی دابوو، بۆیە ئەمریکا بەتەواوی لە ئەوروپا دابڕابوو، هێزەکانی ئەمریکییەکانیش لەڕووی ڕێکخستن و ئەزموونە شارەزا و لێهاتوو نەبوون، ژمارەیان تەنها ١٨ هەزار جەنگاوەر دەبوو، ژمارەی سەربازە ئەمریکییەکان لە پشتیوانی و دڵسۆزییان بۆ بریتانییەکان هەبوو ٣٠ هەزار سەرباز دەبوو، ئەگەرچی ئەوروپییەکان پشتیوانی ئەمریکییەکان دەکرد، بەڵام بڕوایان وابوو کەوا شەڕێکی کورت روو دەدات و بریتانیا زوو دەیانبەزێنێت و شەڕەکە تەواو دەبێت، یەکەم ڕووبەڕووبونەوەی ڕەسمی نێوان شۆڕشگێڕەکان و هێزە بریتانییەکان لەنزیك شاری بۆستن لە مانگی یولیۆی ساڵی ١٧٧٦ قەوما، لە شوێنێك بوو کە بە بنکر هیل دەناسرا، بەڵام ڕووبەڕووبونەوەکە تەنها هەستکردنی ترپەکانی دڵ بوو و بەس. شۆڕشگێڕەکان ویستیان هەموو پشتیوانییەکان لە کەنداوە دەگاتە بریتانییەکان بگرن، بەڵام لە دیسمبەری ساڵی ١٧٧٦ لەوەیاندا دەشکێن و هێزە سازەکانی ناوچەی کوبیك دەیانشکێنن، یەکەم سەرکەوتن لەلایەن جۆرج واشنتۆنەوە بوو کە توانی هێرش بکاتە سەر شاری بۆستن بوو کە تێدا سەرکردە ئینگلیزەکە ولیم ناچار دەکەن لە شارەکە بکشێتەوە و شارەکە بکەوێتە بن دەستی هاوڵاتیان، بەڵام شادومانییەکەی شۆڕشگێڕەکان درێژەی نابێت چونکە ئینگلیزەکان بە سەرکردایەتی (هل) شۆڕشگێڕەکان لە نیویۆرك دەردەپەڕێنن و داگیری دەکەن، ئەوێش دەکەن بنکەی سەرکردایەتی هێزەکانی بریتانی، ئیتر دووبارە بەرەکان یەکسان دەبنەوە. بەڵام بە ئازایەتی خۆی جۆرج واشنتۆن پاش کشانەوەیان لە بنسلفانیتا ڕیزەکانی ڕێکدەخاتەوە و فێڵ لە سوپایە ئەڵمانییە بەکرێگیراوەکە دەکەن و دەیانشکێنن، ئیتر هێرشەکە بەرەو برنستۆن دەبێت و بەسەر هێزەکانی بریتانی زاڵ دەبن و ویلایەتی نیوجیرسی داگیردەکەنەوە.

## رزگارکردنی شۆرشگێرەکان

هێزەکانی بریتانی بۆ تۆڵەکردنەوە لەساڵی ١٧٧٧ هێرشێکی بەربڵاو ساز دەکات، بە مەبەستی لەتکردنی هێزی ئەمریکییەکان هێزێکیان بکەوێتە باشوور و ئەوی تریان بەرەو باکوور، بۆیە لە

نیویۆرکەوە بەرەو فیلادلفیا هێرش دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵمەتەکەیان بێ بەرنامەبوو، بۆیە دەشکێن و هەرەس دەهێنن، هێزە ئەمریکییەکەش بە سەرکردایەتی ژەنراڵ جیتس هێزەکانی سەرکردەی ئینگلیزی بیرجوین کە بریتی بوو لە شەش هەزار سەرباز لە ناوچەی سراتواجای باکووری نیویۆرك لە رۆژی ١٧ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٧٧٧ گەمارۆ دەدات و ناچاریان دەکەن خۆیان بدەنە دەست. ئەو شەڕە دەبێتە سەرەتای مێژووی شەڕەکەی سەربەخۆیی، پاش ئەوەی سەرکردە (هو) لە شەڕەکەی واشنتۆن و داگیرکردنی فیلادلفیا دەشکێت هێزەکان شپرزە دەبن، بەڵام شەڕەکەی سراتواجا هیوایەکی گەش دەداتە شۆرشگێرەکان، چونکە ئەگەر لەو شەڕەدا سەرنەکەوتبوان ئەوا هەموو خەونەکانی سەربەخۆییەکە دەڕەوییەوە، لەسەر ئاستی دەوڵییش ئەو شەڕە فەرەنسا و ئەسپانیا و هۆلەنداش هاندەدا لە شەڕەکە دژ بە بریتانیا بەشداری بکەن، ئەویش شەڕی هەر سێ دەوڵەتەکە رادەگەێنێت.

### فەرەنسییەکان تۆڵە دەکەنەوە

فەرەنسییەکان پەرۆشی ئەوە بوون شکانی دوژمن و نەیارەکەیان لە موستعمرە ئەمریکییە ببینن و بریتانییەکان بە بەزیویی ببن، تا بتوانن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و لە مستعمرەکان دەربکرێن، بۆیەش وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسی پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ سەرکردەکانی شۆرشی ئەمریکی و دوور لە چاو و چاودێری ئەستووڵی بریتانی فەرەنسییەکان چەك و تەقەمەنی بۆ ئەمریکییەکان رەوانە دەکەن و لە پاریس بەنهێنی چاویان دەکەویت بە سەرکردەکانی کۆنگرێس.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕەکانی سەربەخۆییدا ژمارەیەکی زۆری گیانفیدای فەرەنسییەکان بەشداری شەڕەکان دەکەن و پشتیوانی ئەمریکییەکان دەکەن لەوانە مرکیز لافاییت کە ئەفسەرێکی گەنجی سوپابوو و پەیوەندی دەکات بە سوپاکەی جۆرج واشنتۆن و دەگاتە پۆستێکی باڵا لە سوپای ئەمریکییدا. فەرەنسا بە شێوەیەکی دیار لەپاش شەڕەکەی ساراتواجا بەشداری شەڕەکە دەکات و بەشێوەیەکی رەسمیش لەساڵی ١٧٧٨ دان بە سەربەخۆیی ویلایەتە یەککگرتووەکان دەنێت.

فەرەنسا و دەوڵەتە نوێیەکە پەیمانێك بۆ هاوکاری بەردەوام مۆردەکەن تا یەکێك لەو دوو لایەنە ناکۆکە ئاشتی دەکات، واتە فەرەنسا بەشداری شەڕەکە دەکات تا بریتانیا دان بە سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەنێت، بەردەوامیش یارمەتی ئەمریکییەکان دەدەن، لەگەڵ یارمەتییە سەربازییەکە فەرەنسا بە قەرزیش پارەیەکی زۆری بە ئەمریکییەکان دابوو، ئوستوولێکی فەرەنسیش شەش هەزار سەربازییان بە سەرۆکایەتی مارکیز روشامبو دەباتە ئەمریکا. ئەسپانیا لەو رەوشەدا ترسی ئەوەی هەبوو بریتانییەکان لووت لە موڵکی ئەوان لە ئەمریکای باشوور بدەن، بۆیەش بەشداری شەڕەکان دەکات تا بە هەموولایەك باڵادەستی و شکۆی بریتانییەکان بشکێنن.

### شەڕە یەکلاکەرەوەکە

گەیشتنی ئەستووڵ فەرەنسییەکە فاکتەرێکی دیاری شەڕەکەی سەربەخۆیی بوو، فەرەنسییەکان توانیان یارمەتی شۆرشگێرەکان بدەن بۆ گەمارۆدانی فیلادلفیا و دەرکردنی هێزە بریتانییەکان تێدا لەساڵی ١٧٧٨. شکانی بەردەوامی هێزە بریتانییەکان لە دۆڵی ئوهایو دەسەڵاتی شۆرشگێڕەکان لە ویلایەتەکانی باکوور لاواز و بنبڕ دەکات، ئەگەرچی بریتانییەکان هێشتا دەسەڵاتیان لەسەر کارولینای باشوور هەبوو بەڵام دوایی ناچاریان دەکەن لەوێش پاشەکشە بکەن، لە شاری یورك تاون لە دووری چەند میلێك لە جیمس تاون یەکەم شار بوو کە ئینگلیزەکان لە جیهانە نوێیەکە دروستیان کردبوو، لەوێ شەڕە گەورە یەکلاکەرەوەکە روویدا و بەو شەڕەش هەموو ئاراستەکانی شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکی دەگۆڕێت .

لەساڵی ١٧٨١ هێزەکانی جۆرج واشنتۆن بە یارمەتی هێزەکانی فەرەنسی بە سەرۆکایەتی وشامبو بەرەو یورك تاون دەچن و گەمارۆی دەدەن، کە یەکێك بوو لە مەڵبەندە سەرەکییەکانی سوپای بریتانی، ئوستووڵ فەرەنسییەکە لەڕووی دەریاوە گەمارۆی دەدات، بۆیەش سەرکردە بریتانییەکە لە رۆژی ١٩ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٧٨١ خۆی رادەستی شۆرشگێرەکان دەکات و ئەو شکانەش وەچەرخانێکی مێژوویی بوو لە شەڕەکەی سەربەخۆیی ئەمریکی بوو. کە هەموو ویلایەتەکانی

باشوور دەگیرێن بریتانییەکان لە پێگەکانی خۆیان لەناو هەموو ئەمریکا جوولەیان بۆ کشانەوە تێکەوتبوو، مەسەلەی سەرکەوتنیش تەنها کات بوو. کە لە هەموو بەرەکان بریتانییەکان دەشکان، لەناو کۆمەڵگەی ئینگلیزی دەنگی دژ بە شەڕەکە پەیدابببوو، داوا دەکرا شەڕەکە بەزووترین کات کۆتایی پێ بێت، بەتایبەتی حزبی ئازادەکان ئەو رامانەیان هەبوو، ئەوان وایاندەزانی بەردەوامی شەڕەکە دەسەڵاتی پاشا و حزبی پارێزگاران لەسەر حیسابی پەرلەمان زۆرتر دەکات، جۆرجی سێیەم خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی شەڕەکانی لە هەموو قەڵەمرەوەکانیدا دەکرد، لەبەر ئەوەی کەسایەتی سەرۆك وەزیرانی ئەو رۆژانەش کەسی لاواز و بێدەسەڵات بوو، بۆیە مەلیك زۆرتر لەسەر بۆچوونەکانی سوور دەبوو، چونکە ئەو وایدەزانی شکانی ئەوان لەو شەڕەدا واتە نەمانی دەسەڵاتەکەیان لە هەموو مستعمرەکاندا.

کڵێسا ئینجیلکانییەکەش شەڕەکەی بە جۆرێك لە شەڕەکانی پاککردنەوە دەزانی، چونکە وایاندەزانی کەوا هاوڵاتیانی ئەو مستعمرانە وەك ئەوە بوو لە مەزهەبی دەوڵەت لایانداوە، چونکە زۆر ئاساییە کە دەبێ کڵێسا سەر بە دەوڵەت بێت، بەڵام رای گشتی زۆر بڕوایان بە پێشبینییەکانی رووناکبیری فەرەنسی مونتیسکیو دەکرد کە پێشبینی سەربەخۆیی بۆ هەموو مستعمرەکان کردبوو، فەیلەسوفی گەورەش دیڤید هیوم کە لەسەر مەرگدا بوو بریتانیای لەوە هوشیار دەکردەوە کەوا قین هەڵگرتن لە ئەمریکا واتە بریتانیا بەرەو لێواری مەترسی و کارەساتەکان دەڕوات. ئیتر لە پەرلەمان و رای گشتییەوە کودەتاکە روودەدات لە لۆرد شاتام کە یەکێك بوو لە پەرلەمانتارەکانی دژ بە شەڕەکە بوو، ئەو لە ناو پەرلەماندا وتارێکی ئاگرین بەسۆز دەدات کە تێدا وتبووی:

بەڕێزەکان، ئێوە ناتوانن ئەمریکا لەناوبەرن، لەوەیاندا سامان و زۆر ئەرکی قورس سەرف دەکەن، رەنگە بتوانن زۆرترین بازرگانی بکەن، زۆرتر کەرەستە بکڕن و قەرز بکەن و یارمەتی وەربگرن و سازش لەگەڵ پاشایەکی خوڕی وەك پاشای ئەڵمانیاش بکەن و هاوڵاتییەکانی ئەوان بە پارە بکڕن و رەوانەی قەسابخانەکانی شەڕەکەیان بکەن، رەنگە بتوانن ئەوانە هەموو بکەن، بەڵام هەموو کۆشش و ماندووبونەکانتان دەرئەنجامی نابێت و یارمەتی ئەو چڵکاوخۆرانیش دەربازتان ناکات، چونکە ئەوانە هۆشتان بەرەو رق و قین ئەستوورتر دەکات کە چارەسەری نەبێت. من ئێستا وەك

ئینگلیزێك ئەگەر من ئەمریکی بم و ببینم چۆن سەربازێکی بێگانە پێی ناوەتە سەر خاکەکەم، ئەوا من هەرگیز چەکەکەم دانەدەنا .

ئەو وتارە ئاگرینە کاریگەری زۆری هەبوو، لەودەمانەش شکانی بریتانییەکان بەردەوام بوو، ئەوەش کاردانەوەی لەسەر کاردانەوەی رای گشتی دەبوو، ئەوانەش نیشانەی کۆتایی شەڕەکە بوو، ترسی ئەوەشی هەبوو بەردەوامی ئەو شەڕە ببێتە مایەی دژایەتی پەیداکردنی قووڵ لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و بریتانیا و کار لە دوارۆژیش بکات، بەوەش شۆرشگێرەکان زۆرتر بەرەو بەرەی فەرەنسا و ئەسپانیا بچن و ئەوەش کار لە نەمانی بازرگانی بریتانی دەکات و رەنگە ببێتە ئەگەری نەمان و پووچبوونی ئەو کەرتە زیندووەی ئەو میللەتە.

ئەگەرچی بەزینی سوپای بریتانییەکان بەردەوام بوو، شەڕەکان مەسرەف زۆرتر دەبوو، هێزە بریتانییەکان لە بەنداوەکان دەردەکران و پێگە ستراتیژییەکەی نەمابوو، تەنها نیویۆرك چالاکانە ئیشی تێدا هەبوو، ئەوانە هەموو فاکتەربوون کەوا پاشایە کەللەرەقەکە مل بۆ ئاشتی بنێت، لەساڵی ١٧٨٢ لۆرد روکنجهام دەبێتە سەرۆك وەزیران و ئەرکی دانوستانی ئاشتی لەگەڵ شۆرشگێرەکان دەگرێتە ئەستۆ.

## دانپێدانان بە سەربەخۆیی

دانوستانی نهێنی نێوان بریتانیا و شۆرشگێرەکان دەست پێدەکات، تێدا بریتانیا نەرمی لە دروستکردنی دەوڵەتی ئەمریکی لە دەریاچە گەورەکانەوە هەتا فلوریدا و لە ئۆقیانووسی ئەتلەسییەوە هەتا رووباری مسیسبی دەنوێنێت، هەروەها بواریش دەدەن ئەمریکییەکان لە کەنارەکانی کەندا راوەماسی بکەن و رووباری مسیبسییش بەکاربهێنن، لەولاشەوە شۆرشگێرەکان بەڵێن دەدەن ئەو ئەمریکییانە سزا نەدەن کە لەو شەڕانەدا یارمەتی بریتانییەکانیان داوە، لە رۆژی ٣٠ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٧٨٢ پەیمانی ئاشتییەکە مۆر دەکەن و لە ٢٠ ی ینایری ساڵی ١٧٨٣ ئاگربەسەکە رادەگەێنن.

فەرەنسا و ئەسپانیا رازی دەبن کۆنگرەیەکی فراوانی ئاشتی لە پاریس بکرێت، کە تێدا بەڕەسمی قسە لە بەندەکانی کۆتایی شەڕەکە بکەن، لەساڵی ١٧٨٣ کۆنگرەی پاریس بەسترا، لەو کۆنگرەیەدا دان بە سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەپێی ئەو مەرجە نهێنیانەی لەنێوان شۆرشگێرەکان و بریتانییەکان لەسەری رێکەوتوون دەنێن، بریتانیا فلوریدا دەداتە ئەسپانیا، لە رۆژی ٣ی سپتەمبەری ساڵی ١٧٨٣ هەموولایەك پەیمانەکە ئیمزا دەکەن بەوەش کۆتایی بە شەڕی سەربەخۆی ئەمریکا دێت.

پاش شەڕەکە هەموو ویلایەتەکان یەکەی سیاسی سەربەخۆ دادەمەزرێنن، بەڵام لەبەرئەوەی رەوتی یەکبوونەکە بەهێز دەبێت، بۆیە لەساڵی ١٧٨١دا ئیمزا لەسەر دەستووری کۆنفدرالی دەکەن، ئەو دەستوورەش جێبەجێکردنەکەی ئاسان نەبوو، کە تێدا حکومەتە ناوەندییەکە سەرۆکێکی هەبێت، بۆیە هەست دەکەن ئەوەیان زەحمەت دەبێت، بۆیە لەجیاتی ئەو دەسەڵاتە ناوەندییە لیژنەیەك لە ئەندامیەتی ١٣ کەس، بەڵام دەرکردنی بڕیارەکان بە کۆی دەنگ دەبوو، بۆیەش دەرچوونی ئەو بڕیارانانە ئاسان نەبوو. نوێنەری ویلایەتەکان لە هۆڵی فلادلفیا کە پاشان بە هۆڵی سەربەخۆیی دەناسرا لە مانگی مایوی ساڵی ١٧٨٧ کۆدەبنەوە و لەسەر نووسینی دەستوورێکی نوێی وڵات رێکدەکەون، لەوێ بڕیار دەدەن دوو ئەنجومەن دابنێن، یەکێکیان بەپێی سەرژمێرییەکە نوێنەرایەتییان دەبێت، ئەوەش بۆچوونی نوێنەرەکان ویلایەتە گەورەکان بوو، ئەنجومەنەکە ناوی دەبێت بە ئەنجومەنی نوێنەران، ئەنجومەنی دووەمیش وەك چۆن نوێنەرەی ویلایەتە گچکەکان داوایان کردبوو نوێنەرەکانیان وەك یەك دەبێت، ئەوەش ناوی دەبێت بە ئەنجومەنی پیرەکان، ئەو رێکەوتنە کە دوای لە مێژووی ئەمریکی بە ئاساییەکردنەوە مەزنەکە دەناسرێت. بەپێی دەستووره نوێیەکە حکومەتە فیدرالییەکە یەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی دەبێت، لە ناوەندی مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٧٨٧ رەزامەندی لەسەر دەردەبڕن، جۆرج واشنتۆن پاڵەوانی شەڕی سەربەخۆییەکە دەکەنە یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەویش لە رۆژی ٣٠ی ئەپریلی ساڵی ١٧٨٩ دەبێتە سەرۆکی کۆماری فیدراڵ، جۆن ئادامز وەك جێگری سەرۆك دادەنرێت، شاری نیویۆرکیش دەبێتە پایتەختی یەکێتییەکە، دوایی بارەگای ئیدارەی ئەمریکی دەگوازرێتەوە شاری واشنتۆن.

ئیتر بەو شێوەیە شۆڕشەکە کۆتایی دێت، وڵاتەکە دەبێتە شوێنی ئیشکردن، کێ زۆرتر کاری کردبوایە سامان و دەسەڵاتی زۆرتری دەبوو، لەڕووی ئاینەوە ئیشکردنیش پیرۆز دەکرێت، کۆمەڵگەی ئەمریکی ڕێزی زۆری بەهرە زانستییەکانیان دەگرێت، خاکە بەپیتە بەیارەکەش دەبێتە بواری کارکردنی هەموو کەسێکی بەجەرگ و کارمەند و چالاك، بۆیەش ئاسایی بوو ئەو وڵاتە بە ماوەیەکی کەم گەشە بکات و ببێتە زلهێزی ئەو جیهانە.

## بابەتی سێیەم

## شۆرشی عەرەب

## (١٩١٦_١٩٢٥)

سەلاح ئەلئیمام

**شۆرشی عەرەب**

**زۆرداررییەکانی تورك فەرشی خەونەکانی ئازادی لەبەردەم سوپاکەی شەریف ئەلحوسێن راخستبوو**

**قەرزە زۆرەکان و کۆمەڵکوژییەکانی جەمال پاشا لە شام فاکتەرێکی گرینگی شۆرش بوو بەڕووی دەسەڵاتی عوسمانییدا**

**شۆرشە مەزنەکەی عەرەب لە ساڵانی ١٩١٦ هەتا ١٩٢٥ پێش زۆرترین شۆرشەکانی سەردەمی نوێ بوو. کە باسی ئەو شۆرشەش بکرێت لاپەڕەیەکی مێژووی گرینگ لە مێژووی ئیسلامی و**

عەرەبی هەڵدەدیتەوە، کە لە ماوەی نێوان ڕاگەیاندنی دەستووری عوسمانی کە لە ٢٣ ی یولیۆی ساڵی ١٩٠٨ هەتا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ دەگرێتەوە .

ئەو شەڕەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هاوشانی ئەڵمانەکان بەشدارییان تێدا کردبوو، بۆیەش لەو شەڕەدا هەموو شتەکانیان دۆڕاند وەك دەسەڵات و دەوڵەت و هەموو قەڵەمڕەوییەکانیان لە وڵاتانی عەرەبییدا. لەو ڕەوشەدا کە بارێکی ئاڵۆز وڵاتانی عەرەبی پۆشیبوو، لەودەمانە چەندین کۆمەڵەی هزری نەتەوەیی پەیدا دەبێت، هەر لەو وڵاتانەدا چەندین بڵاوکراوەی بەرنامەسازی نوێی هاوشانی ڕۆژنامە کۆنەکان دەردەچوون، بەتایبەتی لە سوریا و لوبنان و میسر، هزری نەتەوەیی عەرەبییش وەك ئاگری ناو پووش بڵاودەبێتەوە، هەموو سیاسەتمەدارەکان و ڕووناکبیرەکان بیریان لەوە دەکردەوە چۆن لە پێستی عوسمانییەکان داماڵێن و دەربچن، لەودەمانە لە وڵاتانی عەرەبی وەك میسر و شام و حیجاز و یەمەن و هەندێ لە پایتەختی ئەورووپی و ئەمریکی چەندین یانە و کۆمەڵەی هزر نەتەوەیی سەریان هەڵدابوو، ئەوانەش داوای جیابوونەوە و سەربەخۆییان لە ئیستعماری تورکی ڕاگەیاندبوو.

## کۆنگرەی پاریس

لە پاریس لاوانی عەرەب بۆ شرۆڤەکردن و دانوستان لەسەر جیابوونەوە لە حوکمی عوسمان کۆدەبنەوە، لەوێیەوە پەیوەندی دەکەن بەو بزاڤ و حزبانەی ڕامانی سەربەخۆییان هەبوو، لەوانە حزبی لامەرکەزی لە میسر، بۆ بەشداربوونیان لەو کۆنگرەیە کە لە ڕۆژی ١٨ی یونیۆی ساڵی ١٩١٣ دەبەسترێت بانگ دەکەن، کۆبونەوەکان لە هۆلی کۆمەڵەی جوگرافیایی لە پاریس دەگیرێت و هەتا ڕۆژی دووشەممەی ٢٣ ی یونیۆ بەردەوام دەبێت، کە تێدا بڕیار لەسەر دە بەیان دەدەن، کە هەموویان باس لە کێشە و دۆسیەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی بوون. حکومەتی ئەستانە لەسەرەتادا دژایەتی کۆنگرەکە و بڕیارەکانی کۆنگرەکە دەکات، بەڵام دوایی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی وەك نوێنەریان کەسێك بۆ دانوستان لەگەڵ سەرپەرشتیاری کۆنگرەکە

ڕەوان دەکەن، تێدا ڕێکدەکەون لەسەر هەندێ لە داواکانیان، ئیتر لە ڕۆژی ٣ ی ئۆگستی ساڵی ١٩١٣ فەرمانێکی سوڵتانی دەردەچێت، کە تێدا هەندێ لەو چاکسازییانە دەکەن، کە نەتەوەییەکان داوایان کردبوو، لە ڕۆژی ٢٨ی ئوکتۆبەردا سەرۆکی کۆنگرەی عەرەبی عەبدولمەجید ئەلزەهراوی لە پاریسەوە دەگاتە ئەستانە، لەوێیەوە دانوستان لەگەڵ ئیتحادییەکان دەکات.

## شەڕە گەورەکە

لە ڕۆژی ٢٨ ی مانگی یونیۆی ساڵی ١٩١٤ ئەرشیدوق فرانسیس فردیناندی جێنشینی نەمسا کە هەنگاریاش بەشێك بوو لەو ئیمپراتۆریەتییە لە سراییڤۆی پایتەختی سربیا دەکوژرێت، نەمسا وا مەزندە دەکات کەوا بکوژەکە جافریلو پرنسیب پەیوەندی بە حکومەتی سربیاوە هەیە، بۆیە شەڕی دژ رادەگەێنێت، بەوەش جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵدەگیرسێت. کە شەڕەکە ڕوودەدات هەر یەك لە فەرەنسا و بریتانیا و ڕووسیا پشتیوانی دەوڵەتی سربیا دەکەن، کە بە بەرەی هاوپەیمانی دەناسرێت، دژ بە هێزەکانی ناوەند، کە بریتی بووە لە نەمسا و هەنگاریا و ئەڵمانیا کە بەرەی ناوەند دەناسرێن، ئینجا تورکیا هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ ناوەند رادەگەێنێت. پاشان وڵاتانی تریش دەچنە پاڵ هاوپەیمانەکان. دەرئەنجامی شەڕەکە هیچ لە وڵاتانی شەڕکەرەکە نەیاندەزانی چۆن دەبێت، چونکە ئەو شەڕە بوو کە ئیمپراتۆرەکانی نەمسا و هەنگاریا و ئەڵمانیا و ڕووسیای ڕووخاند، هەروەها ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش ڕووخا و ئەورووپاش وەك نەخۆشێك دوا هەناسەی دەدا.

## قەرزی زۆر

لەبەر رەوشی شەڕەکە، دەبوایە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکرێتە شەش هەرێمی سەربازی، هەر شوێنێکیش سوپایەکی تێدا بێت، بارەگای سوپای چوارەم لە دیمەشق بوو، کە سنووری دەسەڵاتەکەی لە باشووری تەرتووسەوە هەتا یەمەن درێژ بوو، سەرەتا سەرکردایەتی ئەو سوپایەش فەریق زەکی پاشا حەلەبی بوو، دوایی گۆڕا بە ئەحمەد پاشای وەزیری حەربییەی ئەودەمانە، ئەویش یەکێك بوو لەسەرکردەی ئیتحادییەکان. ئەو لە رۆژی ٥ ی دیسمبەر دەگاتە دیمەشق، بەو بۆنەیەش ئاهەنگێکی مەزنیان بۆ کردبوو. جەمال پاشا کەسێکی زۆردار بوو، سەدان کەسی دەگرت و لە سێدارەی دەدان، ناوی ئەو لە هزر و هۆشی خەڵکی سوریا و لوبنان هەتا ئێستاش هەر ماوە، وەك رەمزی زۆرداری و چەوسانەوەیە، لە هەفتەکانی یەکەمی دەستبەکاربوونییدا سەدان عەرەبی ریفۆرمخوازی لەسێدارە دابوو، ئەوانەی داواکاری پەیوەندی پتەوی نێوان عەرەب و تورکیا بوون و مەبەستیان بوو شەریعەی ئیسلامی ببێتە رێبازی دەوڵەت.

جەمال پاشا دیوانی باڵای عورفی دانابوو، کە بریتی بوو لە دوو دەزگا، دەزگای لێکۆڵینەوە و دەزگای قازییەکان، کە تێدا دانیشتنەکانی هیچی بەئاشکرا نەبوون، بەرگری و مورافعاتی تێدا نەبوو، بەشێکی ئەشکەنجەدانیشی هەبوو، کە چەندین شێوەی ئەشکەنجەی دڕەندی تێدا بوو، قوربانییەکانی ئەو دیوانەش سەدان کەس دەبوون، کە زۆربەیان گەنجانی تەمەن ژێر بیستساڵی بوون، هەتا ئەوانەی تەمەنیان سەرووی حەفتا ساڵیش بوو، کە بە شێوەی وەحشانە لەسێدارە دەدران. کۆمەڵکوژییەکانی ئەو حاکمە هەموو عەرەبی ترساند بوو، بۆیەش زۆریان بەرەو میسر و عیراق و حیجاز رایانکردبوو، بەوەش رای گشتی عەرەبی بۆچوونیان لەسەر تورك دەگۆڕێت و داوای تۆڵەکردنەوەیان دەکرد، شاعیرە عەرەبەکانی وڵاتانی عەرەبی، بە چامە شیعرییەکانیان ماتەمینی خەڵکەکەیان دەنووسیەوە، جۆشی بزافی رزگارییان هاندەدا، هەموو مێژوونووسان کۆکن لەسەرئەوەی زوڵم و زۆردارەکانی تورك فاکتەرەی سەرەکی هەڵگیرسانی شۆرشەکە بوو.

### ئامادەکاری بۆ شۆرش

لەودەمانەی شەڕەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی گیانی ئەو خەڵکەی دەدوریەوە، حەوت ساڵیش بوو شەریف ئەلحوسێن وەك شەریفی مەکە دەستبەکار بوو، لە پایزی ساڵی ١٩١٥ ئیتیحادییەکان لە وڵاتی شام و میسر و حیجاز چالاکییەکان گەشەی دەکرد، بەڵام شەریفی مەکە دژایەتییان دەکات و بواریان نادات دەست لە کاروباری دەوڵەت وەربدەن، بۆیەش ئەوان لە ڕۆژنامەکاندا هەڵمەتێکی گەورەیان بەڕووی ئەودا بەرپاکردبوو، لە مەڵبەندی گشتی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی لە ئەستانە شکایەتی لێ دەکەن، بەڵام کاردانەوەیەکی ئەکتیڤی نابێت.

پۆستی شەریفی مەکە لە دوا ڕۆژەکانی حکومی عوسمانییەکان تەنها سەرپەرشتی بنەماڵەی ئەبی نومای دەکرد، ئەوانیش لەسەردەمی هەڵمەتە میسرییەکە بۆ سەر حیجاز لەسەر دەستی محەمەد عەلی پاشاوە فەرمانڕەوایی ئەو دەڤەرەیان کردبوو، لەودەمانەش شەریفەکەش، ئەلحوسێن پاشای کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵای کوڕی محەمەد عەبدولموعین بوو. لە پایزی ساڵی ١٩١٥ ئەمیر فەیسەلی کوڕی شەریف ئەلحوسێن بۆ شکایەت لە بوونی پلانێك بە چاودێری ئەستانە بۆ باوکی سەردانی ئەستانە دەکات، ئەوانیش ئەو پلانە بەرێکەوت لەناو بەڵگەنامەکانی وەهیب پاشای والی حیجازەوە زانیبوو. لەوێ ئەمیر فەیسەل داوا لە دیوانی باڵا دەکات زیندانییەکان ئازاد بکەن، کە پاشان لە ڕۆژی ٦ ی مایوی ساڵی ١٩١٦ لەسێدارە دران. ئەو لەوێ گلەیی زۆر لە سیاسەتی جەمال پاشا دەکات کە دژایەتی عەرەب دەکات، ئەمیر فەیسەل وتبووی ناکرێ عەرەب لەو هەڵسوکەوتەی ئەو بێدەنگ بن، ئەو پەیامێك دەداتە سەعید حەلیم پاشا کە پۆستی سەدری ئەلعەزەمی هەبوو، تێدا هەموو داواکارییەکانی عەرەبی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خستبووە ڕوو، داواشی کردبوو کەوا ئەوان ئامادەن پشتیوانی دەوڵەت بکەن، ئەگەر سەربەخۆیی حیجاز لەسەر بنچینەی لامەرکەزی بێت، شەریف ئەلحوسێنیش بکەنە ئەمیری حیجاز و ئەمیریایەتیش پاش ئەو، بە میرات بۆ مناڵەکانی شەریف ئەلحوسێن بمینێتەوە. دەرئەنجامی ئەو سەفەرە وەهیب پاشا لە والی حیجاز نامینێت، ئەوەی پلانی لەگەڵ ئیتیحادییەکان کردبوو بۆ کوشتنی شەریف ئەلحوسێن، ئینجا ئەمیر فەیسەل لەوێیەوە بەرەو دیمەشق بەڕێدەکەوێت، کە جەمال پاشا پێشوازی گەرمی دەکات، چونکە ڕەوشەکە ئارامکردنەوەی ناوچەکەی دەویست، لە دیمەشقەوە بە هاوشانی جەمال پاشا ئەمیر بەرەو قودس بەڕێدەکەوێت و سەردانی مەیدانی شەرەکانی سیناش دەدات، وتارێکی بەجۆشیش

بۆ شەڕ و جیهادیان پێشکەش دەکات، لەوێ دەڵێت بە سەرکردایەتی سوپایەکی گەورەی گیانفیدابیان دەگەڕێمەوە تا هاوشانی ئێوە بەشداری شەڕەکە بکەم.

مەملەکەتی عەرەبی

پاش ئەوەی ئەمیر دەگەڕێتەوە دیمەشق دیمانەی پیاوانی کۆمەڵە نهێنییەکان لە دیمەشق دەکات، کە هەموو دیمانەکانیش نیوە شەوانە و بەنهێنی بوون، رەوشەکەش لەو شارە ئاڵۆز و بەرەڵا بوو، بۆچوونی واش هەبوو کەوا کار بکەن هاوکاری دەوڵەتی عوسمانی بکەن تا بتوانێت لە زەبری داگیرکەرانی ئەوروپی خۆیان بپارێزین، بەڵام لەبەر زوڵم و زۆردارییەکانی سەرکردەکانی تورك رەوشێکی ناڕەزایی و قینی بەرووی تورکەکان لەلایەن خەڵکەکە هەبوو. ئەمیر فەیسەل لە مانگی دیسمبەری ساڵی ١٩١٥ بەجۆش و چالاکییەوە دەگەڕێتەوە مەکە، پاش چەند رۆژێك دەگاتە تایف، لەوێ باوکی و هەردوو براکەی عەبدولا و عەلی دەبینێت، هەر چواریان و دوور لەبەر چاوی جاسوسەکان کۆبونەوەیەك دەکەن، تێدا بڕیار دەدەن بۆ دژایەتی تورکەکان هاوکاری ئینگلیز بکەن، لەودەمانەش نوێنەرانی ئینگلیز لەگەڵ شەریف ئەلحوسێن هاتوچوویان بوو تا هاوکارییان بکەن بۆ دژایەتی عوسمانییەکان، ئەوانیش بەڵێنیان دەدا بۆ رزگارکردنیان لە ستەمی عوسمانییەکان، تورکەکانیش چواردەورەی شەریفیان پڕ جاسووس کردبوو، بەردەوامیش چاویان لە چالاکییەکان بوو و هەناسەیان دەژماردن .

لە مانگی ینایری ساڵی ١٩١٦ ئەمیر فەیسەل لەگەڵ پەنجا سواری بڕواپێکراوی خۆی دەگاتە دیمەشق، لەوێ پەیوەندی دەکاتەوە بە رووناکبیرانی عەرەب، بەیەکەوە باس لە ئەگەری بەرپابوونی شۆرش دژ بە تورکەکان دەکەن. لە مانگی فبرایەری هەمان ساڵ ئەنوەر پاشای وەکیلی سەرکردایەتی گشتی دەگاتە دیمەشق، ئینجا ئەمیر و ئەنوەر پاشا بە هاوڕێیەتی جەمال پاشا دەگەڕێنەوە حیجاز، کە دەگەنە مەدینەی منەوەرە حەز دەکەن شەریف ئەلحوسێن ببینن،

**هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کەوا ئەنوەر پاشا مەبەستی لەو سەردانە گرتنی شەریف ئەلحوسێن بوو، تا نەفی بکەن و دادگاییشی بکەن، ئەگەر داواکانیان رەفز بکاتەوە .**

**پەیوەندییەکانی نێوان شەریف ئەلحوسێن و ئەنوەر پاشا بەردەوام دەبێت، کە تێدا شەریف داوا دەکات لێبووردنی گشتی بۆ زیندانە سیاسییەکان دەربچێت و ئازاد بکرێن و مەکە بکرێتە ئیمارەتێکی سەربەخۆ و منداڵەکانیشی بە وەراسەت والی بن، بەڵام جەمال پاشا پلان لە فەیسەل و عەلی برای دەگێرێت و هەردووکیان وەك دیل راپێچی دیمەشق دەکات، بەڵام فەیسەل دەتوانێت لەو پلانە دەربازی ببێت، بەڵام پەیوەندییە نهێنییەکان نێوان فەیسەل و براکەی و باوکی دەمینێت، ئەو بەردەوام لە رووداوەکانی دیمەشق ئاگاداریان دەکاتەوە، باس لە دوا گۆڕانکارییەکان تورکیایان بۆ دەکات، ئیتر بڕیار دەدەن شۆرشەکە هەڵگیرسێنن. هاوکات شەریف ئەلحوسێن پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئینگلیزەکان بەردەوام بووە، کونسڵی راوێژکاری ئینگلیزەکان سیر هنری مکماهۆنی موعەتەمەدی بریتانی لە میسر بووە، کە پۆستی رەسمی جێگیری پاشا بوو، ئەویش شەریف بۆ شۆرشەکە هاندەدات، لەوێش پشتیوانی بریتانیای بۆ عەرەب پێ رادەگەێنیت، کە مەبەستیانە عەرەب لەبن دەسەلأت و زوڵمی تورکەکان دەربهێنن و بەڵێنی ئیمارەتی مەکەشی پێ دەدات، ئیمارەتی خۆرهەلأتی ئوردن و سوریاش بداتە کوڕەکانی، بۆیە شەریف ئەلحوسێن بەو بەڵێنانە پف دەدرێت بۆ بەردەوامبوون لە سازییەکانی شۆرشەکەیان.**

**بلێسەی شۆرشەکە**

**یەکەم بلێسەی شۆرشی عەرەبی لە رۆژی ١٠ی یونیۆی ساڵی ١٩١٦ لە مەکە دادەگیرسێت، کە تێدا لە کازیوەی ئەو رۆژەدا سەربازەکانی سەریف ئەلحوسێن هێرش دەکەنە سەر قشلەی سەربازی لە جرول، لەودەمانە سەربازە تورکەکان خەریکی مەشقی بەیانی خۆیان بوون و ئاگایان لە هیچ نەبوو، سازکاری شەڕیش نەبوون، هەر لەو رۆژەدا هێزێك کە بریتی بوو لە چوار هەزار سەربازی سەر بە شەریف ئەلحوسێن هیرش دەکەنە سەر ئۆردی تورکەکان لە شاری جەدە، لە رۆژی ١٣ ی**

یونیۆش سێ پاپۆڕی شەڕکەری بریتانی بە خەستی بوردمانی ئۆردی تورکی لە جەدە دەکات، لە ڕۆژی ١٤ ی یونیۆش فڕۆکەکانی بریتانی پەیامی تەسلیمبوون فڕێ دەدەنە سەر سەربازگەکانی تورك و داوایان لێ دەکەن چەکەکانیان فڕێ بدەن و ئاڵای تەسلیمبوون لەسەر ئۆردییەکانیان بەرز بکەنەوە، بۆیە سەربازگەکە کە ١٣٤٦ سەرباز و ٤٧ ئەفسەری تێدا بوون تەسلیم دەبن، کە جۆرەها چەك و تۆپ و تەقەمەنییان پێ بوو. لە ڕۆژی ٢٧ ی مانگی یونیۆی ساڵی ١٩١٦ کۆلۆنیلی ئینگلیز ولسن پاشای حاکمی پورسودان وەك نوێنەری سەردار ونجت لە سودان دەگاتە جەدە، کە نامەیەکی پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانی بۆ شەریف ئەلحوسێن هێنابوو، هاوکات لەگەڵ پیرۆزباییەکە بۆ پشتیوانیکردن هێزێکی ٣٢٠ سەربازی و ژمارەیەك تۆپ و سێ هەزار تفەنگیشی بۆ هێنابوو.

بە هەڵگیرسانی ئەو شۆرشە ئیتیحادییەکان شپرزە دەبن بەتایبەتی جەمال پاشا کە زۆر سەخڵەت ببوو، چونکە هەستی بەوە کردبوو کەوا ئەلحوسێن و مناڵەکانی فێڵیان لەو کردووە، پارە و چەکێکی زۆریان لەو وەردەگرت، ئینجا شۆرشیان لەسەر دەکەن، لەوانە بەسری پاشا کە پارێزگاری مەدینە یەکەم کەس بوو کە هەستی بەوە کردبوو، کەوا ئەو ڕاستییە هەیە و دەرکی پێ کردبوو، بۆیەش زوو داوای لەناوبردنی ئەلحوسێن و مناڵەکانی کردبوو، قسە ناودارەکەی لەودەمانە بوو کردبوو کە وتبووی :

زیرەکی عەرەب بەسەر زیرەکی تورکی سەرکەوت .

فەخری پاشا کاردەکات ئۆردییەکەی خۆیان باش ساز بکات و خۆی بۆ شەڕی عەرەبەکان هەتا دوا قۆناخ ساز دەکات، بۆیەش فەرمان دەدات بە زووترین کات سوپا سەربازییەکانی نزیك دیمەشق بەرەو حیجاز بەرێبکەون و بگەنە هێزەکانی فەخری پاشا، ئیتیحادییەکانیش بیریان لەوە کردبووە کەوا شەڕەکەی عەرەب بە عەرەبەکان بکەن، بەرنامەرێژی بکەن یەکرێزی عەرەبەکان لەت بکەن و ناکۆکییان لەناودا بچێنن، بۆیە حەیدەر پاشای وەکیلی ئەنجومەنی پیرەکانی عوسمانی و وەزیری ئەوقافی پێشوو دەهێنن و دەیکەنە شەریفی مەکە، چونکە ئەو پەیوەندی و دۆستایەتی باشی لەگەڵ ئیتیحادییەکان هەبوو، ئەو بە ترێنێکی تایبەتی لە ئەستانە دەبنە دیمەشق و لەوێش بەرەو مەدینەی منەوەرە بەڕێ دەکەوێت، لە مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٩١٦ بە چەندین سەربازی دەوری دەدەن و پشتیوانی دەکەن و شارەکەی بۆ دەکەنە پایتەختی ئیمارەتەکەی.

هەواڵی هەڵگیرسانی شۆڕشە نەك لەناو تورکەکان دەنگ دەداتەوە و بەس، بەڵکو فەرەنسییەکان و ئەڵمانەکان و لە نەمساش دەنگ دەداتەوە، بۆ نمونە پاریس وەفدێك بە چەندین دیارییەوە رەوانەی مەکە دەکات، کونسڵی ئەڵمانیا و نەمساش لە دیمەشق سەردانی جەمال پاشا دەکەن، لەوێ نیگەرانی خۆیان بەو رەوشە رادەگەیێنن، بەڵام جەمال پاشا پێیان دەڵێت: کەوا بزاڤەکە هیچ نییە و جولانەوەیەکی سنووردارە و بەخێرایی دادەمرکێتەوە و دەڵێت فەرمانیش بە هێزەکانی دەدەم بەزووترین کات بزاڤەکە لەناوبەرن و شەریف ئەلحوسێن بگرن و ئینجا لە دیمەشق لەبەر دەروازەکەش لە سێدارەی دەدەین، وەك چۆن سەدان کەسیان زووتر بە پەت وەکردووە. بۆیە هەردوو میوانەکە بەدڵنیاییەوە لەلای جەمال پاشا دەردەچن، کەوا شۆڕشە کاتییەکە زوو دادەمرکێتەوە، ئەوانیش وا دەزانن ئەو بەرپرسە لەو قسانەدا دیارە کەوا دەتوانێت ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکات. لەودەمانەدا سەرکردە سەربازییەکەی ئەڵمانەکان لەسەر هەڵگیرسان و رۆژەڤی ئەو شۆڕشە وتبووی:

لەبەرئەوەی تورکەکان جێگەی رێزی هەموو موسلمانەکانی جیهانن و ئەوان خەلافەتی ئیسلامییان دەکرد، زۆریشمان بۆ کردوون، بەرگەی زۆریشمان لەگەڵ ئەواندا کرد، بۆیە پاش ئەوەی شەریفی مەکە لە دەسەڵاتەکەی ئەوان دەرچوو، هیچی ترمان بۆ ناکرێت، چونکە ئەو یەکێکە لە گەورە پێشەواکانی موسلمان و ئەندامێکی گەورەی بنەماڵە دیارەکانی موسلمانانە، ئەوەیان گران دەکەوێتەوە، بۆیە ئێمە وەك ئەڵمان ناچارین چاو بە هەڵوێستەکانم دابخشێنینەوە و دەبێ کۆشش بکەین تورکەکان لەکۆڵ خۆمان بکەینەوە .

لەودەمانەی شریف ئەلحوسێن کۆششی دەکرد زۆرترین خەڵك دژی عوسمانییەکان و تورك هان بدات، پشتیوانی هاوپەیمانەکان دژ بە تورك رادەگەیێنێت، لەودەمانە کۆبونەوە نهێنییەکان لەنێوان رووسیا و ئینگلترا و فەرەنسا بۆ بەشکردنی موڵك و دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەو ناوچانەدا بەردەوام بوو، بەوەش ئینگلترا و فەرەنسا بەشە عەرەبییەکانیان لەو موڵکانە دەست دەکەوێت، شریف ئەلحوسێنیش پەیوەندییەکانی بۆ سازکردنی شەڕەکە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی مەزنی عەرەبی لەگەڵ ئینگلترا بەردەوام بوو، کە سنوورەکەی بێجگە لە حیجاز وڵاتی شام و عیراقییشی تێدا بێت، ئەویش ببێتە پاشای ئەو مەملەکەتە و پاشان کوڕەکانی ببنە پاشای دوارۆژ .

پەیوەندی و هاتوچووەکانی شریف ئەلحوسێن و ئینگلیزەکان هەژدە مانگی خایاندبوو، کە لە مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٩١٤ هەتا مانگی یونیۆی ساڵی ١٩١٦ بەردەوام بوو. لەودەمانەدا بەڵێنی زۆری لەوان وەرگرتبوو، کە وڵاتی مەزنی ئەو سەردەمە بوو، لەودەمانەی نوێنەرایەتی شریف ئەلحوسێن و ئارسەر مکماهۆنی مەندوبی بریتانی و جێگری پاشا لە قاهیرە بۆ دانانی بنچینەکانی گەشەسەندن و ئاوەدانییەکانی عەرەبی پاش کۆتایی شەڕەکە دادەنرا، لەولاشەوە هەر لە قاهیرە دانوستان لەنێوان سیر مارك سایکسی مەندوبی سامی بریتانی لە خۆرهەڵاتی خواروو و مسیو جورج بیك و مەندوبی فەرەنسی بۆ خۆرهەلات خواروو بۆ مافی چارەنووسی نەتەوەیی عەرەبی و دابەشکردنی ناوچەکە بەردەوام بوو، ئەو دانوستانەش بە سەرپەرشتی مستر سازانوفی موعەتەمەدی گشتی رووسەکانی قاهیرە بوو، بەڵام ئینگلیزەکان بۆچوونی نەیاریان لەسەر دانوستانەکەدا هەبوو، هەروەها جۆرەها فێڵ و پلانگێڕیش لەئارادا بوو .

رووسیا و ئینگلترا و فەرەنسا رێکەوتنامە مێژووییەکە لە رۆژی ٤ی مانگی مارسی ساڵی ١٩١٥ لە شاری پترسبۆرگ مۆر دەکەن، کە تێدا دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، ئەو رێکەوتننامەیە هەتا سەرکەوتنی شۆرشی بەلشەفی لەساڵی ١٩١٧ بەنهێنی دەمینێتەوە، هەتا لە رۆژنامەی پراڤدا بڵاوکرایەوە، کە برگەی سێیەمی ئەو رێکەوتننامەیەدا دەسەڵات و سامانە عوسمانییەکە لەنێوان خۆیاندا بەشدەکەن کە رووسەکان ناوچەکانی قوقاز و فەرەنسییەکان کەنارەکانی شام لەوانە سوریا و لوبنان و میسر و دوورگەی عەرەبی و عیراقیش بەر ئینگلیزەکان دەکەوێت، بەڵام تێدا فەڵەستین ئیدارەیەکی تایبەتی دەبێت.

### عەرەب لە تورك رزگاریان دەبێت و خەبات دژی خۆرئاوا دەکەن

پێش ئەوەی عەرەب خۆی ساز بکات، شەریف ئەلحوسێن شۆرشەکەی راگەیاندبوو، عەرەب ئامادەکاری لەڕووی چەك و تەقەمەنی نەبوو، نەدەکرا بەڕووی دەسەڵاتە تۆکمەکەی تورکەکان بوەستن، کە شارەکانی حیجاز و کەنارەکان و رێگاوبان و ئەشکەوتەکانی هەبوو، ئەفسەرەکانیان

لەسەر هەموو جۆری شەڕەکان شارەزا بوون، سوپاکەیان بواری گەیاندن و یارمەتییەکانیان ساز بوو. جیاوازییەکانی نێوان قەبارەی سوپای تورك و عەرەبەکان زۆرتر بوو، جیاوازییەکان لە رووی ژمارە و چەك و مەشقکردن زۆر بوو، چونکە سوپای عەرەبەکان بریتی بوو لە چەند رەوە بەدوییەك کە هیچ جۆرە مەشقێکی مەیدانییان نەدەزانی، چەکەکانیان سەرەتایی و کۆن بوون، ئەو چەکانەی لە شەڕەکانی یەکەمی جیهانییدا بەکاردەهات، ئەوان نەیانبوو، بۆیە دەڵێن شۆرشەکەیان بەڕووی ئەو هێزەی ئەفسەری بەئەزموونی تێدا بوو، کە هونەرەکانی شەڕیان لە ئامۆژگەی بەرز و زانکۆکان خوێندبوو، زوو بوو. ئۆردی جەدە، یەکەمین پێگەی سەربازی بوو کە لە رۆژی ١٦ی یونیۆدا تەسلیم بە عەرەبەکان بوو، لەوێ چەندین پارچە چەك و تۆپ و تەقەمەنییەکی زۆریان دەست دەکەوێت، کە لە هێرشەکانیان بۆ سەر حامیەی تورکەکان بەکاریان هێنابوو، بەڵام قەڵاتەکە سەخت و قایم بوو، بەڵام بە بۆردومانی زۆر و ئاگربەردان لە رۆژی ٤ی یولیۆ قەڵاتەکە دەگرن و ئینجا بەنداوی لەیسی نێوان حیجاز و یەمەنیش دەگرن، ئینجا دەگەنە ناو شاری تایف و رزگاری دەکەن، بەڵام هێزە عەرەبییەکە زۆر بەزەحمەتی دەگەنە ناو مەدینەی منەوەرە، سوپاکەش بە سەرکردایەتی ئەمیر فەیسەلی کوڕی ئەلحوسێن و ئەمیر عەلی برای بوو، هێزەکەی تورکەکانیش بە سەرۆکایەتی فەخری پاشا بوو، کە دەیتوانی بەرگری بکات و دەربازی ببێت و بگاتەوە مەکە، بۆیە ئەمیر داوای یارمەتی لە هاوپەیمانە ئینگلیزەکانی دەکات کە لەگەڵ نوێنەرەکەیان لە میسرەوە کۆمەکیان بۆ بەڕێ بکات. ئەگەر بەوردی سەیری نامەکانی نێوان ئەلحوسێن و مکماهۆن بکەیت دیارە کەوا ئەلحوسێن لە ئینگلیزییەکان پاڕاوەتەوە تا یارمەتییان بدات، ئەویش بە قسەی شیرین و سارد وەڵامی داوەتەوە و بەردەوام هاواری کردووە فڕۆکەکان بوردومانی تورکەکانی بۆ بکەن و چەکی زۆری بۆ رەوانە بکەن.

لۆرانسی عەرەب

تۆماس ئیدوارد (١٨٨٨_١٩٣٥) ئەفسەری موخابەراتی بریتانی کە بەناوی لۆرانسی عەرەب دەناسرێت و رۆژانەی تایبەتی خۆی لە کتێبە بەناوبانگەکەی ستوونەکانی حەوت حیکمەتەکان

خەریك دەكرد، تۆماس زووتر شوێنەوارناس بوو، زۆریش بە شارستانیەتی خۆرهەڵات و شارستانیەتییە كۆنەكەی سەرسام بوو، ماوەیەكی زۆریش لە بەیروت ژیاوە و زمانی عەرەبی باش زانیوە، كە جەنگی جیهانی یەكەم هەڵدەگیرسێت و دەوڵەتی عوسمانی لایەنگیری بەرەی دژ بە بریتانیا دەكات، بریتانیا ناوی ئەو پیاوە دەبیستێت و دەیەوێ لە ناوچەكە ئیشی پێ بكات و بەكاریبهێنێت بۆ سەركەوتن لەو شەڕەدا، سەرداری سوپاكەی ئینگلیزی لە ناوچەكە داوا و دیمانەی دەكات وەك ئەفسەرێك لە بەشی نەخشەسازی دایدەمەزرێنێت، تا لەو بوارەدا سوودی لێ وەربگرن. كە شۆرشە عەرەبییەكە لە دوورگەی عەرەبی هەڵدەگیرسێت ئەو رەوانەی ناوچەكە دەكەن، لەوێ لورانس، ئەمیر عەبدوڵای كوڕی شریف ئەلحوسێن دەبینێت، ئەو زۆرتر مەبەستی بووە كەسایەتی پێشەوایەتی شۆرشەكە بناسێت ئەوەی ئینگلیزەكان پشتیوانی دەكەن .

لۆرانس داوا دەكات ئەمیر لە ناوچەكەیان گەشتێكی پێ بكات تا بە چاوی خۆی رووداو و رەوشەكە ببینێت و بتوانێت راپۆرتێك بۆ سەركردایەتی گشتی لە قاهیرە بەرز بكاتەوە، پاش رەزامەندی شەریف ئەلحوسێن شازادە عەبدوڵا نامەیەك بۆ ئەمیر عەلی برای رەوانە دەكات كە هاوڕێیەتی لۆرانس بكات و ئاگای لە سەلامەتی ئەو بێت، لۆرانس لەو گەشتەدا پۆشاكی عەرەبی لەبەر دەكات و بە زمانی عەرەبی قسە دەكات وەك كەسێكی حەلەبی خۆی دەناسێنێت. مەبەستی سەرەكی نەبەردییەكەی لۆرانس لە پشكنینی ناوچەی حیجاز بەدرێژی و بەپانییەوە بە سەرپەرشتی و پارێزگاریكردنی شریف و منداڵەكانی تا ئەو پیاوانە بناسێت كە بریتانیا لە ناوچەی حیجاز پشتیوانیان دەكەن، لۆرانس لە كەسایەتی ئەمیر عەبدوڵا و ئەمیر عەلی ئەو سەركردایەتییە نابینێت كە بەدواییدا دەگەڕا، ئینجا چاوی دەكەوێت بە ئەمیر فەیسەل كوڕە گەورەی شەریف ئەلحوسێن، بۆیەش لەگەڵ ئەو باس لە بنچینە سەرەكییەكان و فاكتەرە گرینگەكانی شكست و سەركەوتنی شۆرشەكە دەكات، بۆشی رووندەبێتەوە كەوا ئەو هێرشەی كردبویانە سەر مەدینەی منەورە شكاوبوون، چونكە توركەكان چەكی نوێیان بەكارهێنابوو، بەتایبەتی تۆپەكانیان كە ترسیان لە هەناوی عەرەبەكاندا چاندبوو، چونكە ئەوان ئەو جۆرە چەكەیان نەبیستبوو نەیانزانیبوو چۆنیش بەكاردێت و كاریگەرییەكانی چییە.

له دەڤەری ئەلخییف لۆرانس سەرێك لەو هێزانەی شەریف دەدات، كە لەوێ مۆڵ درابوون، تا نیگایەكی دروست لەسەر رەوشەكەیان پەیدا بكات بەر لەوە بچێتەوە قاهیرە، بۆیەش نامەیەك بۆ سەركردایەتی گشتی دەنووسێت، ئاگاداریان دەكاتەوە كەوا سوپا عەرەبییەكە ئەگەر چەك و پلانی سەربازییان هەبێت دەتوانێت رووبەرووی توركەكان ببێتەوە و بیانشكێنێت، بەوەش سەركردایەتی لە قاهیرە قەناعەت بە نامەكەی لۆرانس دەكات و لە رەوشەكە تێدەگات.

لە رۆژی ٩ ی نۆڤمبەردا وەك چۆن لۆرانس دەیویست لەسەر كەنارەكە، پاپۆرە بریتانییەكان دەنیشتنەوە، چەكی نوێ و زەخیرەی زۆر و ئەفسەری مەشقداری بیابانی و دكتۆر بۆ پشتیوانی ئەمیر فەیسەڵ رەوانە دەكەن. بەدرێژایی چوار مانگ بەردەوام یارمەتییە سەربازییەكان لە ئینگلترا و فەرەنسا دەگەنە شەریف ئەلحوسێن، تا توانیان سوپایەكی نوێی مەشقپێكراو ساز بكات دانوستانێكی زۆریان لەنێواندا بەردەوام بوو.

ئیتر لێرە رۆڵی عەزیز ئەلمیسری (١٨٨٠_١٩٦٥) ی كە یەكێك بوو لە پێشەنگانی نەتەوەیی عەرەبی ئەژمار دەكرێت دەست پێدەكات، ناوی تەواوی عەبدولعەزیز عەلی ئەلمیسریی بووە، بەرەچەڵەك شركسە و دەگەرێتەوە سەر نەتەوەكانی وڵاتانی قەوقاز، ماوەیەك لە عیراق ژیاوە، ئینجا دەچێتە میسر، لەوێش دواناوەندی تەواو دەكات و دەچێتە كۆلێژی سەربازی لە ئاستنبۆڵ و لەساڵی ١٩٠٤ كولێژی ئەركان تەواو دەكات، سەرەتا لەناو كۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی كار دەكات و لە كودەتا سەربازییەكەی ساڵی ١٩٠٨ بەشداری دەكات، كە ئەوان دژایەتی عەرەب ئاشكرا دەكەن، لەوان دووردەكەوێتەوە. عەزیز بەگ لە قاهیرەوە دەچێتە جەدە و لەوێ لە مەكە شریف ئەلحوسێن دەبینێت، قسە لەسەر دامەزراندنی سوپایەكی عەرەبی دەكەن، لەگەڵ ژمارەیەك سەربازی عەرەبی لەوانە نوری سەعیدیشی لەگەڵدا بووە دەچنە بەنداوەكەی رابغ بۆ وەرگرتنی كەلوپەلەسەربازییەكان كە لە بریتانیایەوە بۆ سازكردنی سوپایەكی مۆدیرین بۆیان هاتبوو، هەروەها پێشوازی بریتانییەكانیش بكەن .

ئەو سوپایە عەرەبییەی عەزیز و هاورێیەكانی دایانمەزراندبوو، بە شاهیدی دۆژمنان بەر لە دۆستەكان سوپایەكی بەهێز و تۆكمەبوو، لەو شارانەی لەنزیك شاری مەدەینە روویاندابوو بەشدارییان كردبووو، كە تێدا سێ فەوج و سێ بەتارییەی تۆپخانە و سواری و بلۆكێك

ئەندازیاریانی هەبوو، بەڵام ئەو سوپاکە جێهدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە میسر، لەبنەوە لەگەڵ ئینگلیزەکان نێوانی خۆش نەبوو، ناکۆکی زۆری لەگەڵ ئەوان پەیداکردبوو، ئەو دەیویست ئەو تۆپانەی لەو شەڕانە دەستیان کەوتووە رەوانەی فەڵەستینیان بکات، بەڵام ئینگلیزەکان رازی نەدەبوون، بۆیە بە ئینگلیزەکانی وتبوو:

دیارە کەوا ئینگلیزەکان دەیانەوێ عەرەب و تورکەکان لەناوبەرن، دەیانەوێ ئەو دوو نەتەوەیە ئیهماڵ بکەن. پاش رۆیشتنی ئەو سوپاکە دەکەوێتە بن دەستی نوری سەعید (١٨٨٧_١٩٥٨). لەودەمانەدا سێ سوپای عەرەبی بە سەرکردایەتی کوڕەکانی شریف ئەلحوسێن گەمارۆی شاری مەدەینەیان دابوو، سوپایە باکوورەکەی بە سەرکردایەتی ئەمیر فەیسەڵ بوو، کە ئەرکی سەرەکی ئەو سوپایە شێواندنی سوپاکەی فەخری پاشا بوو تا نەگەنە ینبع، سوپاکەی دووەمی بە سەرکردایەتی ئەمیر عەلی بوو کە بارەگەکەی لە رابغ بوو، کە دەبوایە ئەوانە رووبەڕووی تورکەکان ببنەوە تا نەگەنە مەکە، سوپای عیراقیش بە سەرکردایەتی ئەمیر عەبدوڵا بوو، کە دەبوایە ئەو شەڕی دوژمن بکەن و هێڵی ئاسنی نێوان شام و مەکە هەڵتەکێنن. لەو ماوەیەدا چەندین شەڕی لەنێوان بەرەیەکی عەرەبی بە پشتیوانی ئەوروپییەکان و تورکەکان روویاندا، دەریاوانی ئینگلیزیش لەو شەڕانەدا بەشدارییان دەکرد، پاپۆڕەکانیان هەتا کەنارەکانی حیجاز دەهات، لە رۆژی ٢٤ی ینایری ساڵی ١٩١٧ دا٢٥٠ لە دەریاوانی ئینگلیزی و ٥٠٠ سەربازی عەرەبی دادەبەزن و هێزە تورکییەکان بوردمان دەکەن، بۆیەش تورکەکان دەشێکنن و بەناچاری لە پێگەکانیانەوە دەکشێنەوە، چەندین چەك و زەخیرە لەدوای خۆیانەوە جێدەهێڵن .

مەیدانی شەڕەکە لەنێوان عەرەبەکان و تورکەکان فراوان دەبێت و دەگاتە قووڵایی حیجاز و وڵاتی شام، لەناو وێستگەکانی هێڵە ئاسنە درێژەکانی ناو بیابانی عەرەبییەوە سوپای عەرەبی کۆدەبنەوە و دەتوانن کۆنترۆڵی هێڵی نێوان ئەستانە و وڵاتی حیجاز بکەن، ناوچەکە دەکەنە سێ بەش و هەر بەشێکی دەکەوێتە بن دەستی لایەنێکی عەرەبییەوە. ئەوەی وردەکارییەکانی ئەو شەڕانە بخوێنێتەوە و ورد لە دەرئەنجامەکانی بکۆڵێتەوە بۆی دەردەکەوێت کەوا زۆربەیان شەڕ و بەرەیەکی سەربازی نەبوون، تەنها تاڵانکردن و راورووت بوون، لەو شەڕانە هێڵەکانی ئاسنی حیجازیان هەڵتەکاند کە یەکێك بوو لە پرۆژە هەر گەورەکانی دەوڵەتی عوسمانی، پردەکانیان

تەقاندەوە، ڕێگاکانیان شکاند، هێزەکان گەیشتنە عەقەبە، بەوەش بوار سازبوو وڵاتی شام بگرن. پێشەنگی سوپا باکوورییەکە لە عەقەبە و شوێنە نزیکەکانی ئەو دەڤەرە مۆڵ دەدرێن و شەڕەکانی دەگاتە ناوچەکانی حوران (باشووری سوریا و یان باکووری ئوردن) و چیاکانی درووز و غوتە تا کۆشش بکەن دیمشق لەبن دەستی تورکەکان دەرباز بکەن، لەوێ ئەمیر فەیسەل نامەیەک بۆ ئینگلیزەکان دەنووسێت و داوای یارمەتییان لێ دەکات، ئەوانیش شەڕیان دەکرد تورکەکان لەسەر هێڵی فەڵەستین دابڕن، هەموولایەک ڕێکدەکەون کەوا بە سەرکردایەتی ئەمیر فەیسەل هێرش بۆ رزگارکردنی وڵاتی شام بکرێت و لە چیاکانی دروززەوە دەست پێ بکەن. گەورەی پیاوەی ئەو ناوچەیە سوڵتان پاشا ئەلئەترش کە بە دوژمنی سەرسەختی تورکەکان دەناسرا، بنکەیەک بۆ پەیوەندی نێوان شۆرشگێرە عەرەبەکانی بیابان و هاوڕێیەکانی ناو سوریا دادەمەزرێنێت، کە هەموو پێداویستییەکان ساز دەبن بەرەو سوریا هێرش دەکەن و هەڵمەتەکە لەسەرەتاکانی سپتەمبەری ساڵی ١٩١٨ دەست پێ دەکات و لە ١٨ سپتەمبەر دەگەنە ئەلئەزرەقی ئوردنی، لەوێ لەگەڵ شێخە عەرەبەکان لەسەر ئەو خاڵانە ڕێکدەکەون: چیاکانی درووز سەربەخۆیی سیاسی و ئیدارییان پێ بدرێت، عەرەبیش لەگەڵ درووزەکان هاوکاری بەردەوامیان هەبێت، هەردوو حکومەتی سوری یان حیجازی دەسەڵات و فەرمانیان لەسەر درووزەکانەوە نەبێت، درووزەکان دان بە فەزلی زۆری ئەمیر فەیسەڵ دەنێن، بەڵام وەک ئەمیری چیاکەیان نایناسن.

### هەڵمەتەکەی سەر سوریا

هەڵمەتەکە بە رووخاندنی پردێکی گەورەی گوندی ئەلغزالە لە حوران لە بەیانی رۆژی ٢١ ی سپتەمبەر دەست پێدەکات، هێڵی ئاسنی پەیوەندی بە درعاش هەڵدەتەکێنن و پەیوەندی ئاسنی نێوان حەیفا و درعاش ناهیڵێن، ئیتر توندکارییەکان هەموو پەیوەندییەکان دەگرێتەوە لەوان ڕێگا و پردەکان و وێستگەکانی گەیاندنی ترێنەکانیش.

لە ڕۆژی ٢٨ی سپتەمبەردا چەکدارانی هەڵمەتەکە دەگەنە وێستگەی درعا، بۆ ڕۆژی دوایی پەیوەندی بە سوپای بریتانی دەکەن، ئینجا بەرەو دیمشق دەچن، لە ڕۆژی ٣٠ی سپتەمبەری ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ شادومانی و پێشوازی خەڵکی شارەکە دەگەنە ناو دیمشق، لەسەر تاوەرەکانی دیمشق ئاڵای عەرەبی هەڵدەکەن، هەڵمەتەکەش بە سەرکردایەتی نوری سەعید دەبێت، بەڵام ئەمیر فەیسەل لە ڕۆژی ٢ ی ئوکتۆبەری ساڵی١٩١٨ بە ئوتومبێلێکی شینەوە دەگاتە ناو دیمشق، ئەو لەگەڵ هاوپەیمانان لەلایەن خەڵکەکەوە بەگەرمییەوە پێشوازییان دەکەن.

لەدوا ڕۆژەکانی کۆتایی شەڕەکە بۆ ئەوەی بریتانییەکان دوا کلکی سوپا و پێگە سەربازییەکانی تورکەکان لە ناوچەکە ببڕن بە فڕۆکە بۆردومانی سوپاکە لە شام و فەلەستین و حیجاز دەکەن، فڕۆکەکان بەڕەوە کە ژمارەیان لە سی فڕۆکە کەمتر نەبوو ناوچەکەیان بوردومان دەکرد، بۆیەش تورکەکان هیچیان لە دەست نامینێت و بەرەو بیابانەکان را دەکەن و خۆیان لەوێ دەشارنەوە و هەموو مۆڵگەکانیان چۆڵ دەکەن.

## پاشەکشەی تورکەکان

لە حیجاز سوپاکە بە سەرکردایەتی ئەمیری عەلی بوو، لە بەشە خۆرهەڵاتەکەش بە سەرکردایەتی ئەمیر عەبدوڵا بوو، ئەوانەش شاری مەدینەی منەوەرەیان گەمارۆ دابوو، ڕۆژانەش سەرباز و ئەفسەرانی تورك وەك پەناهەندە خۆیان دەگەیاندە ناو عەرەبەکان و رایاندەکرد، ئەوەش بەو شێوەیە مایەوە هەتا هاوپەیمانەکان لەگەڵ تورکەکان ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی تورك لە ناوچەی عەرەبی بکشێنەوە، ئەوەش لە برگەی ژمارە ١٦ی ڕێکەوتنامەی ئیمزاکراوی ڕۆژی ٣٠ی ئوکتۆبەری ١٩١٨ هاتووە. کە هەواڵی ڕێکەوتنەکە دەگاتە ناو حامییەی شارەکە، هەموو بەیەکەوە بڕیار دەدەن فەخری پاشا لابدەن و شارەکەش رادەستی عەرەبەکان بکەن، بەڵام کە فەخری پاشان ئەوە دەزانێت بە ناویان دەکەوێت و شپرزەیان دەکات، بۆیە دەیویست لەوان دووربکەوێتەوە و سوپایەك دامەزرێنێتەوە، کە دوو سریەی تایبەتی خۆی تەسلیم دەبنەوە، لە

ڕۆژی ١٤ ی ینایری ساڵی ١٩١٩ وەفدێك ڕەوانەی لای ئینگلیزەکان دەکات و لەگەڵ ژەنراڵ جارلندی نوێنەری هاوپەیمانان لە حیجاز کۆدەبێتەوە و لەسەر مەرجەکانی تەسلیمبوون ڕێکدەکەوت، لەگەڵ ئەمیر عەلی کوڕی ئەلحوسێنیش ڕێکدەکەوێت. فەخری پاشا لە ڕۆژی ١٠ی ینایر خۆی لە بارەگا ئەمیر تەسلیم دەکات. لە ڕۆژی ١٦ ی ینایردا یەکەم فەوجی تورکەکان بەنداوی ینبع جێدەهێڵن، ئیتر بەرەبەرە فەوجەکان دەکشێنەوە، دوا سەربازی تورکیش لە ڕۆژی ١٣ی فبرایری ساڵ ١٩١٩ لەناو خاکی حیجاز دەڕوات.

ئیتر بەو جۆرە سوپاکەی تورك لە وڵاتانی عەرەبی دەردەچێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئازادییەکە بە پشتیوانی هێزەکانی هاوپەیمانان بووە، بۆیە سەربەخۆیی خۆیان نەبوو، بۆیە ڕوو لە شۆڕش دەکەن بۆ سەربەخۆیی، چونکە سوپاکانی ئینگلیز و ئەوروپییەکان لەناو وڵاتەکاندا تەشەنەیان کردبوو، لۆرانسی عەرەبیش وەك ئەفسەرێکی موخابەراتی ڕۆلی سەرەکی هەبوو لە گەڕان بەدوای سامانەکانی وڵاتەکان بەتایبەتی پیترۆل. لەبەرئەوەی هاوپەیمانەکان چەکی زۆریان نەدابووە عەرەبەکان و ئەوەش لە ڕێکەوتنەکەی نێوان شەریف ئەلحوسێن و مکماهۆنەوە دیارە، دەڵێن ئەو چەکەی کە پاش کۆششێکی زۆریش بەدەستیان کەوت لە دەستیان دەتەقیەوە و ٢٠٪ زیانی بە خۆیان دەگەیاند، عەرەبیش ئازاد نەبوون سوپاکەیان لە دەرەوەی حیجاز پەرت بکەن.

## بەڵێنە بە درۆیەکان

بەپێی ئەو بەڵێنانەی لە هاوپەیمانەکانیان وەریانگرتبوو، عەرەب دەتوانن مەملەکەتی مەزنی عەرەبی خۆیان پێکبهێنن و خەونیان بەوە دەبینی، بەڵام دەرکەوت دەبوایە دووبارە خەبات بۆ ئەو مەبەستە بکەنەوە و خەباتەکەش زۆر دژوارترە لەوەی دژ بە تورکەکان دەیانکرد. ئینگلیز بەڵێنی دەوڵەتی سەربەخۆ و سەربەست لە ناوەوە و لە دەرەوەی دابوو، کە سنوورەکەیان لە خۆرهەڵاتەوە دەریای فارس و خۆرهەڵاتیش دەریازی قلزم (دەریای سوور) و سنووری میسری و دەریای سپی ناوەڕاست و باکوورەکەی وڵایەتی حەلەب و موسل هەتا ڕووباری فورات بێت لەو

شوێنەی لەگەڵ رووباری دیجلە لە دەریا دەکاتەوە، لەوانە موستعمەرەی عەدەنی لەگەڵدا نەبێت، سیر مکماهۆن داوای کردبوو کەنارەکانی شامی لەگەڵدا نەبێت و لەگەڵ بەشێکی سوریا. ئەوە بوو سنووری دەوڵەتە بەدرۆیەکە.

مێژوونووسی سوری ئەمین ئەلسعید (١٨٩٠_١٩٦٧) یەکێکە لە مێژوونووسە ناودارەکانی شۆرشەکە و بەشداری رۆژانەکانی کردووە، ئەو نووسیویەتی:

زۆر لە خەڵکە زیرەکەکان هوشیاریان دەدایە ئەلحوسێن و کوڕەکانی کەوا ئینگلیزەکان غەدر و فێڵیان زۆرە، زۆر گەمە بە پەیمان و بەڵێنەکانیان دەکەن و لە هەڵخەڵەتاندنا زیرەکن، بەڵام ئەلحوسێن گوێی بەو ئاگادارکردنەوانە نەدابوو، بڕوای بە پەیمانەکە لەسەر بنچینەی دڵسۆز و سۆز دەمینێتەوە.

## پەیمانی بلفۆر

شەریف ئەلحوسێن لە گەرمەی خۆشییەکانی سەرکەوتنەدا بەئارامییەوە چاوەڕوانی هیوایەکی گەشی دەکرد، لەناکاو لە رۆژی ٢ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩١٧ پەیمانی بەلفۆر دەرچوو، ئەوەش لە رۆژنامەی ئەلمقتمی میسری لە رۆژی ٩ ی نۆڤمبەردا بڵاودەبێتەوە، واتە پاش شەش رۆژ لە بڵاوبونەوەی، کەواتە بەشێکی خاکی عەرەبی دەدرێتە جوولەکە. کە ژەنراڵە ئینگلیزەکەی سەرکردایەتی هەڵمەتەکەی دەکرد گەیشتە میسر لە رۆژی ٩ ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٧ بە ئاهەنگێکی مەزنی شکۆدار و بە هاوشانیەتی نوێنەرانی هاوپەیمانان بەڵام بەبێ نوێنەرە گەورەکەی عەرەب و شەریفەکەیان دەگاتە قودس، چونکە ئەو سەرقاڵی هەڵمەتەکانی بوو دژ بە تورکەکان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئینگلیز و فەرەنسییەکان ساز دەکرد. شریف ئەلحوسێن نەیویستبوو بەتەنها لەگەڵ تورکەکان ئاش ببێتەوە، چونکە کە باب ئەلعالی عوسمانی جەمال پاشا ئەلسفاح دەکێشێتەوە لە شام و دەردەسەرییەکان و کۆمەڵکوژییە تورکییە دژ بە عەرەبەکان کۆتایی هاتبوو، کە لەسەربڕینەکەی دیواندا کرابوو، نامەیەکی بۆ شەریف ناردبوو، داوای ئاشتبوونەوەی

کردبوو، ویستبووی لەگەڵ عەرەب دابنیشین، لە ئەستانەوە نامەیەکی دەگاتە دەست، شریف ئەلحوسێن وەك نیەتی پاکی خۆی نامەکەی وەك پێشەکییەك و نیەت پاکییەك دەداتە سێر مکماهۆن، لەگەڵ ئەوەش نامەیەکی بۆ دەنووسێت کەوا عەرەب بەڵێن دەدەن بە هەموو دیاری و سازشیش واز لە هاوپەیمانەکان ناهێنن.

## خۆرئاوا وڵاتەکان دابەشدەکات و بەرهەڵستکارەکانیش پاندەکاتەوە

کە تورکەکان دەڕۆن، فەرەنسییەکان بەپێی ڕێکەوتننامەی سایکس پیکو کاردەکات و کەنارە سووریيەکە بەش بەش دەکەن، تا کارگێڕی کەنارە سوریيەکە و ناوچەکانی لە ڕێکەوتنەکەدا باسکراوە بکەوێتە بن دەستیان، لە ڕۆژی ٣٠ی سپتمبەری ساڵی ١٩١٨ بەبێ ئاگایی عەرەبەکان ئیدارەی ناوچەی شام دیار دەکەن، بەوەش دەسەڵاتی باڵاش دەکەوێتە بن دەستی ماریشال لنبی، ئینجا راوێژکاری فەرەنسی وەك راوێژکاری سیاسی تایبەت دەستبەکار دەبێت تا راوێژ لە ئیدارەی ناوچەی کەنارەکانی سوری بکەن، راوێژکارییەکەش مافی دانانی موڵکیەتی لە ناوچەکە دیار دەکەن، ئەوانیش فەرمانبەرەکان دادەنێن، بەرپرسیاریەتیش درابووە مسیو جۆرج بیکوی مەندوبی سامی فەرەنسی لە خۆرهەڵات، ئەویش لەگەڵ هاوڕێیەکەی سایکس وڵاتانی عەرەبییان بەشکردبوو. لە ڕۆژی ٢٢ ی ئوکتۆبەری ساڵی١٩١٨ و بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە وڵاتی سوریا کرابووە سێ هەرێم :

بەشی یەکەمی لە فەلەستینەوە هەتا ڕووباری ئوردن بوو، لەوانە لیوای قودس و نابلس و عەکا دەکەوێتە بن دەستی ئیدارەی ئینگلیزی، ژەنراڵ بولز وەك حاکمیش دانرابوو .

دووەمیان وڵایەتی کۆنی سوریا دەگرێتەوە، ئەوەش لەبن دەستی ئەمیر فەیسەڵ دەمێنێتەوە .

هەرێمی سێیەمیش کە ناوچەکانی چیای لوبنان و لیوای بەیروت و تەرابلس و لازقیە و ئەنتاکییە و ئەسکەندرویە و حەلەب، ئەوانەش دەکەوێتە بن دەستی فەرەنسییەکان .

لە رۆژی ٥ ی ئۆکتۆبەر ژەنراڵ لنبی دەگاتە دیمشق، هەروەها جێگرەکەی مەندوبی سامی فەرەنسی دەگاتە ئەو شارە، ئەویش ناڕەزایی دەبێت لەسەر دانانی شوکری پاشای ئەیوبی وەك حاکمی بەیروت، بەڵام ئەمیر فەیسەڵ پێیدەڵێت کەوا دانانی حاکم تەنها دەسەڵاتی سەرکردەی گشتییە. لە رۆژی ٩ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩١٨ ئاڵای عەرەبی لەسەر بارەگای حوکم لە بەیروت دادەگیرێت و ئاڵای فەرەنسی بەرز دەکرێتەوە، بەیانییەکەی وەك پشتیوانییەك تیمێکی سەربازی دەگاتە بەیروت، لە ١١ ی نۆڤمبەر فەرەنسییەکان شاری لازقییە دەگرن و لە رۆژی ٢٤ ی نۆڤمبەر ئەسکەندرونە و لە ٧ ی دیسمبەریش شاری ئەنتاکییەش دەگرن.

کۆنگرەی ئاشتەوایی (سوڵح)

لەودەمانەش کۆنگرەی ناسراوی سوڵحیش دانیشتنەکانی لە فەرەنسا دەبەسترا، شەریف ئەلحوسێنیش داوا لە ئەمیری فەیسەڵی کوڕی دەکات بەشداری کۆبونەوەکە بکات، ئەویش لەودەمانە لە قاهیرە بوو، دەچێتە بەیروت و بە پاپۆڕێك بەرەو مرسیلیا لە ٢٢ی نۆڤمبەر دەڕوات. حکومەتی ئینگلیزی وەك دۆستی شریف ئەلحوسێن پەیوەندییان پێوە دەکات و لەگەڵ فەرەنسییەکان پێناوی دەکات و دۆستی دێرینیان لورانس کاردەکات تا حکومەتی فەرەنسی بوار بدەن ئەمیر فەیسەڵ بگاتە پاریس و لە دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەکە لە رۆژی ١٨ ی ینایری ساڵی ١٩١٩ ئەمیر وەك نوێنەری حکومەتی عەرەبی بەشدار بێت، کە تەنها رۆستم بگ حەیدەری لەگەڵدا بوو، بۆیە دەیەویٚ وەك نوێنەری وڵاتانی هاوپەیمانان دابنیشێت! ئینگلیز و فەرەنسییەکان کۆششیان دەکرد دۆزی وڵاتانی عەرەبی دووربێت لە کارنامەی کۆنگرەی سوڵحی پاریس، بەڵام بەناچاری بۆ رازیکردنی سەرۆکی ئەمریکی ویلسون، نوێنەرەکەیان لە رۆژی ٣٠ ی ینایری ساڵی ١٩١٩ دۆزەکەیان خستە بەرنامەکان، واتە بەر لە ١٢ رۆژ لە بەستنی کۆنگرەکە، ئەوەش بە بڕیارێکی نوێنەرەکانی ئەمریکا و ئیتاڵیا و ژاپۆن بووە، کە تێدا بڕیار دەدەن ئەرمینیا و وڵاتانی عەرەبی لە تورکیا جیادەکەنەوە، لەناو هاوڵاتیانیش ریفراندۆم بۆ مافی چارەی خۆنووسینی تێدا بکرێت.

## فەیسەڵ_ وایزمان

لە ڕۆژی ٦ ی فبرایری ساڵی ١٩١٩ ئەمیر فەیسەڵ و لورانسی عەرەب دەچنە کۆنگرەکە بۆ باسکردنی دۆزی عەرەب، بە زمانی عەرەبیش ماوەی ٢٠ دەقە قسەی کردبوو، لۆرانس قسەکانی بۆ دەکردە ئینگلیزی، هەموو داواکانی سەبارەت بە دانپێدانان بە وڵاتانی عەرەبی وەك یەکەیەکی جوگرافی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتی خاوەن شکۆ ئەلحوسێنی کوڕی عەلی داوا دەکات.

ئەوەی شایانی باسە کەوا فەیسەڵ لەودەمانەی لە کۆنگرەکەدا بوو، لەگەڵ دکتۆر حاییم وازیمانی سەرۆکی ڕێکخراوی زایونیزمی جیهانی دیمانەیان دەبێت و بەیەکەوە ڕێکەوتنی ماوە درێژ مۆر دەکەن، تێدا جوولەکە مافیان لە فەلەستین جێگیر دەبێت، ئەوەش یەکێك بوو لەو ڕێکەوتننامەی کە دەوڵەتی عیبری لە فەلەستینی پێ دادەمەزرێت، کە بڕگەکانی لەو بەندانە پێکهاتبوو:

یەکەم: هەموو ئاسانکارییەك بۆ کۆچکردنی جوولەکە بۆ فەلەستین ساز دەبێت، بە مەرجێك مافی جووتیارەکان و پاڵە عەرەبەکانیش مسۆگەر بکرێت و یارمەتییان بدرێت ڕەوشە ئابوورییەکانیان گەشەدار بێت.

دووەم: یاسا و سیستەمێك دابنرێت کە ئازادی هەموو ئاینەکان بپارێزێت، فشار نەکرێتە سەر هیچ لایەنێك لەکاتی جێبەجێکردنی سرووتە ئاینییەکانیان، هەموو کەسێك لە پەیڕەوکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان ئاستەنگیان نەهێتە پێش.

سێیەم: ڕێکخراوە زایونیزمەکە لیژنەیەك ڕەوانەی فەلەستین دەکات هەتا لە ڕەوش و ئیمکانیاتی ئابووری ناوچەکە بکۆڵێتەوە و هەموو چالاکییەکانی ئەو لیژنەیە لەبن دەستی وڵاتانی عەرەبییەوە بێت، لیژنەکە بۆ بوارسازییەکانی گەشەکردن لە هەموو بوارەکان توێژینەوەیەك ئامادە بکات.

## گەڕانەوەی فەیسەڵ بۆ شام

فەیسەڵ دەگەڕێتەوە و کۆنگرەکەش لەسەر دوارۆژی وڵاتانی عەرەبی بەردەوام بوو، لەسەر داوا و سووربوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کۆنگرەکە بڕیار دەدات لیژنەیەکی دەوڵی لە وڵاتانی هاپەیمان پێکبێت بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دۆزەکانی ناو ئاسیای بچووک، ئەو بڕیارە بە دڵی فەرەنسییەکان نەبوو، بۆیە دەنگی بۆ نادەن و نوێنەرەکەیان وادەزانێت کەوا ئەو بڕیارە پەلەی لێ کراوە و دانوستانی زۆرتر دەویست بۆیە رەخنەیان کردبوو.

فەیسەڵ لەناو سوریا شار بە شار دەگەڕا، لە گەڕەکەکان وتاری پێشکەش دەکرد، لەگەڵ فەرەنسییەکان دانوستانی دەکرد، کاتی گەیشتنی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەش نزیك دەکەوتەوە، دەبوایە نوێنەری رەسمی میللەتی عەرەبی سوری لەو دانوستانە هەبێت و گوێ لە داواکانیان بگیرێت، بۆیە شازادە فەیسەڵ داوا دەکات لەناو دیمشق نوێنەرەکانی خۆیان دەستنیشان بکەن و قسە لەسەر چارەنووسی خۆیان لە سوریا بکەن و باس لەوە بکەن، کام جۆرە حوکمیان لە وڵاتدا پێ باشە، داواکانیان پێشکەش بەو لیژنە دەوڵییە بکەن، ئیتر بۆ ئەو مەبەستە و بەپێی یاساییە تورکییە کۆنەکە لە رۆژی ٧ ی یونیۆدا لە باڵەخانەی یانەی عەرەبی لە دیمشق کۆنگرەکەیان بۆ دانان بەرنامە و داواکارەکانیان بەستبوو، وەك هەموو جارێکی خۆی ئەمیر بە وتارێکی گەرمی خۆی کۆنگرەکەی دەکاتەوە.

### داواکارییەکانی وڵات

لە رۆژی چوارشەممەی ١٠ ی یونیۆی ساڵی ١٩١٩ وەفدە ئەمریکییە چاوەڕوانکراوەکە دەگاتە یافا، فەرەنسییەکان لەودەمانەدا دەیانویست بە هەر شێوەیەك بێت دڵی سوورییەکان کەمێکیش بێت بۆ خۆیان رابکێشن، بەڵام نەکرا سۆزیان بجولێنن و لەوەیان هەرەسییان هێنابوو. زۆربەی خەڵکی فەلەستین و باشووری سوریا کۆنگرەی سوری گشتی دەکەنە نوێنەری خۆیان، نوێنەرەکانیان بە

پیاوانی لیژنەکەیان وتبوو: بڕۆنە دیمشق و دیمانەی کۆنگرەکە بکەن، ئەوان بە ناوی ئێمە قسە دەکەن.

لە رۆژی ٣ ی یولیۆی ساڵی ١٩١٩ سەرۆکی کۆنگرەی سوری بە سەرۆکایەتی وەفدێکی ٢١ ئەندام سەرۆکی لیژنەکە دەبینێت و داواکاری میللەتەکەی لەبەردەم دادەنێت، کە تێدا هاتبوو: رازیبوون لەسەر سەربەخۆیی وڵاتەکە، دامەزراندنی حکومەتێکی پاشایەتی مەدەنی، ناڕازیبوون لەسەر بڕیارەکەی کۆنگرەی سوڵح بە مانەوەی وڵات لەژێر ئیتنداب، فەرەنسا هیچ مافێکی بەسەر سوریاوە نابێت و نایەوێت بە هیچ شێوەیەك دەستیان لەو حوکمی وڵاتدا هەبێت، قبووڵیشمان نییە فەلەستین ببێتە وڵاتێکی نەتەوەیی جوولەکە، داواش دەکەن عیراق سەربەخۆ بێت و لەنێوان سوریا و عیراقیش هیچ بەربەستێك نەبێت. هەموو پەیمانە نهێنییەکانیش هەڵبوەشێتەوە کە داواکارە وڵاتەکە دابەش بکەن، بە هیچ شێوەیەك دان بەو وڵاتە دابەشکراوانەش نەهێنن. پاش ئەوەی لیژنەکە کارەکانی لە دیمشق تەواو دەکات، سەردانی بەعلەبەك و دواییش بەیروت دەکات، لەوێ لە گەڕەکەکان دەسووڕێتەوە، کە تێدا کۆدەنگی خەڵکەکە رەفزکردنی ئینتدابی فەرەنسی بوو، لیژنەکە دەگەڕێتەوە شام و ٤٢ رۆژ دەمینێتەوە، لەوێ نزیکەی ٣٦ شار و شارۆچکە دەبینێت، ١٨٣٦ سکاڵانامەی وەردەگرت کە ٥،٧٥٪ هەمان ئەو داوایانەیان تێدا بوو کە کۆنگرە سوورییەکە بڕیاری لەسەر دابوو.

فەرەنسییەکان لە میللەتی سوری بێ ئومێد دەبن، بۆیە بەرەو لەندەن بەڕێدەکەون، لەوێ هەڵمەتێکی توند دژ بە حکومەتی بریتانی لە رۆژنامەکاندا بەرپادەکەن و داوا دەکەن ئەو پەیمانەی سەبارەت بە سوریا مۆریان کردووە جێبەجێ بکرێت، بۆیەش رۆژنامەی تایمزی بریتانی داواکار دەبێت فەرەنسییەکان رازی بکەن و داواکارەکانیان مەیسەر بکەن.

لەودەمانەی رۆژنامەکانی بریتانی کۆششیان دەکرد ئینگلیزەکان بەرەو فەرەنسییەکان نزیك بکەنەوە، لە لوبنان فەرەنسییەکان بە شێوەیەکی تر پڕوپاگەندەیان بۆ پارچە پارچەکردنی ناوچەکە بڵاودەکردەوە، بۆیەش توانیان کار لە ئەنجومەنی ئیدارەی لوبنان بکەن لە رۆژی ٢ی مایۆی ساڵی ١٩١٩ بڕیارێك بۆ فراوانکردنەوەی سنووری لوبنان دەربکەن و ئینجا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەبن پارێزگاری فەرەنسییەکان، ئەو بڕیارەش ئاراستەی کۆنگرەی سوڵح دەکەن. ئینجا

فەرەنسییەکان گوشار لە باتریکی موارانەکان ئەلیاس حویك دەکەن سەردانی پاریس بکات، لەوێ داوای دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی لوبنان لەبن فەرمانڕەوایی فەرەنسییەکان بکات، لەودەمانەشدا جۆرج لوید سەرۆك وەزیرانی بریتانیا لە ١٠ی سپتەمبەری ساڵی ١٩١٩ بە بروسکە داوا لە ئەمیر فەیسەڵ دەکات لە رۆژی ١٦ی سپتەمبەر بگاتە لەندەن، فەیسەڵ پاش چەند سەعاتێك لە وەرگرتنی بروسکەکە سەفەر دەکات. ئەو لە بەنداوەکەی ئەسکەندریە سواری پاپۆڕێکی بریتانی دەبێت، پاپۆڕەکەش لەناو دەریا ماوەیەك رادەگرێت و بە مەبەست لە گەیشتن بە پاریس دوا دەکەوێت، رۆژی ١٩ی سپتەمبەر کە دەگاتە ئەوێندەرێ کۆنگرەکە هەموو کارەکەی تەواو کردبوو، ئەو لەوێ رووبەڕووی سیاسەتێکی نوێ دەبێتەوە، کەوا هەردوو حکومەتی فەرەنسی و بریتانی رێکدەکەون، بەوەش فەرەنسا وەك داگیرکەر و بەپێی رێکەوتنامەی سایکس پیکو دەمینێتەوە.

ئەوەش پەیامێك بوو کەوا پیاوانی شام لە خۆیان تێبگەن و بزانن چییان بۆ دارێژراوە، بۆیە دەرئەنجام بیردەکەنەوە سوپایەکی گەورە بۆ دژایەتی فەرەنسی و بریتانییە هاوپەیمانییەکانیان ساز بکەن، داواش دەکەن هاتنە ناو ریزەکانی ئەو سوپایە سەربەستانە بێت، بەڵام کە هەست دەکەن ئەگەر بە شێوەی ئارەزوومەندانە بێت، خەڵکێکی زۆر کەم روو لەناو سوپاکە دەکەن، بۆیە بڕیار دەدەن سەربازییەکە بکەنە ئیجباری و رێژەی تەمەنی بیست ساڵەش دادەنێن.

**پرۆژەی فەیسەڵ_ کلیمنسوو**

لەودەمانە فەرەنسییەکان سنووری سێ گوندیان لە ناوچەی حمس گرتبوو، سێ هەزار سەربازیش دەچێتە ناو بەعلەبەك، لەو رەوشەدا ئەمیر فەیسەل لە رۆژی ٦ی ینایری ساڵی ١٩٢٠ لە پاریس بەرەو بەیروت دەردەچێت و بەرنامە پرۆژەیەکی لەگەڵ فەرەنسییەکان پێ دەبێت. کە دوایی بە پرۆژی فەیسەڵ_ کلیمنسوو ناسرا، کە تێدا دان بە بوونی راوێژکاری فەرەنسی لە سوریا دادەنێت، کە هەردوو کارگێڕی مەدەنی و سەربازییەکە بگرێتەوە، دەوڵەتی سورییش لەلای حکومەتی

فەرەنسی لە پاریس نوێنەریان دەبێت. خاوەن شکۆش ئەمیر فەیسەڵیش دان بە سەربەخۆیی لوبنان لەبن ئینتدابی فەرەنسادا بنێت. لە رۆژی ٢٦ی ینایردا حکومەتێکی نوێ لە سوریا بە سەرۆکایەتی ئەمیر زید و بە نازناوی سەرۆکی ئەنجومەنی هەردوو کارگێڕییەکە دەبێت، لە ٦ی مارسدا بەڕەسمی لە یانەی عەرەبی و بەئامادەبوونی ئەمیر فەیسەڵ دانیشتنی رەسمی کۆنگرەی سوری دەکرێتەوە.

## کۆنگرەی سان ریمۆ

لە ٧ ی مارسی ساڵی ١٩٢٩ سوریا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە سنوورە سرووشتییەکەی خۆییەوە رادەگەیندرێت، خاوەن شکۆ فەیسەڵی کوڕی ئەلحوسێن وەك مەلیك دادەنرێت، ئەوەش لەسەر چەندین ئاستەوە دەنگۆیەکی زۆری دەبێت، بەڵام ئیدارەی لوبنان یەکێك لە ناڕەزاییەکان بوو، لە رۆژی ١٢ ی مارس سکاڵایەك لەبەردەم ژەنراڵ جورو دادەنێن، دانانی مەلیك فەیسەڵ بە پێشێلییەك بۆ سەر سەروەری و مافەکانی لوبنانی دەزانن، وادەزانن بەوەیان دەست لە کاروباری لوبنان وەردەدەن، چونکە لەودەمانە لوبنان بەشێك بووە لە سنووری سوریای مەزن.

ئینجا باتریك جورو ئەویش لەلای خۆیەوە لەسەر بڕیارەکەی کۆنگرەی سوری لەسەر دانانی فەیسەڵ وەك پاشای ناڕەزایی رادەگەێنێت، داواشی کردبوو هاوپەیمانان بە چاوی ئینسافەوە بڕوانە نەتەوەی لوبنانی، ئینجا شارەوانی تەرابلسیش ناڕەزاییەك لەسەر بڕیارەکەی کۆنگرەی سوری دەردەبڕێت، داواش دەکات سوریای مەزن بکەوێتە بن رەوشی پارێزگاریکردنی فەرەنسییەکان. بۆیەش پیاوانی دەسەڵاتی فەرەنسی داوای وتارخوێنەری مزگەوتەکان دەکەن و داوایان لێ دەکەن چیتر بەناوی خاوەن شکۆ فەیسەڵ پاشاوە وتارەکانیان لە مزگەوتەکان پێشکەش نەکەن و لەجیاتی ئەوە ناوی خەلیفەی عوسمانی محەمەد وەحیدلدینی شەشەم بهێنن، ئەوەی سەرپێچی ئەو فەرمانەشی کردبوو دەگیرێت، لەورۆژانەدا کۆنگرەی سان ریمو لە رۆژی ٢٦ی ئەپریلی ساڵی ١٩٢٠ لە ئیتاڵیاوە سوریا لەبن ئینتدابی فەرەنسی و عیراق و فەلەستینیش

لەبن ئینتدابی ئینگلیزی دادەنێن و هەر لەو کۆنگرەیەشدا بڕیاری جێبەجێکردنی پەیمانی لۆڤەریش دەدەن .

لەورۆژانەش لیوا نوری سەعید لەگەڵ کۆلۆنیل تولای ئەفسەری پەیوەندییەکانی فەرەنسی بەئاگایی مەلیك فەیسەڵ دەگەنە بەیروت، لەگەڵ ژەنراڵ جورو دانوستان دەکەن، ئەویش ئاگادارییەك بۆ مەلیك فەیسەڵ بەو نوێنەرانە رەوانە دەکات، داوای لێ دەکات بەبێ هیچ مەرج ئینتدابی فەرەنسی قبووڵ بکات و دەستی دەسەڵاتی فەرەنسی لە سوریا ئازاد بکات، هەموو یاساکانی تەجنید هەڵوەشێنێتەوە و هێزە نیزامییەکانیش بەرەڵا بکات، ئەوانەی دژایەتی فەرەنسایان کردووە رادەستیان بکات، بۆیەش داوا دەکات بەر لە رۆژی ١٨ی یولیۆ بەڕەسمی رەزامەندی ئەو لەسەر ئەو داوایانەی پێ بگات، ئەگەرنا بە شێوەیەکی سەربازیی سوریا دابەش دەکەین. لەودەمانەش هێزە فەرەنسییەکان لە چەندین ناوچەدا پەرتەیان لێ کردبوو، چەندین پێگەشیان گرتبوو، مەلیك فەیسەڵیش تەنها دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو نامە و بروسکە یارمەتی نارەزاییەکان بگەێنێتە سەرۆك و پاشاکانی ئەوروپی، ئینجا لە رۆژی ١٧ی یولیۆش بەڕەسمی وەك رەزامەندییەك ئاگاداری ژەنراڵ جورو دەکاتەوە، ئەوەش یەك رۆژ پاش کۆتایی مۆڵەتەکە بووە. ئیتر ژەنراڵ جورو لە رۆژی ١٢ی یولیۆ ١٩٢٠ بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئیدارەی لوبنانی هەڵدەوەشێنێتەوە.

### داگیرکردنی دیمشق

بەر لە رازیبوونی حکومەتی پاشایەتی بە ئاگادارکردنەوەی فەرەنسییەکان لەناو جەماوەرەکەدا شەپۆلێکی توندی نارەزایی لەناو شەقامی شارەکاندا بەرپا دەبێت، تێدا نارەزاییش لەسەر بڕیارەکانی فەیسەڵ و حکومەتەکەشی رادەگەێنن، لە رۆژی ١٩ی یولیۆ و پاش ئاگادارکردنەوەی فەرەنسییەکان پاشا سوپاکەی هەڵدەوەشێنێتەوە و بڕیاریش دەدات بۆ ماوەی دوو مانگ دانیشتنەکانی کۆنگرەکەش راگیرێت، بەوەش ناو دیمشق رەوشێکی ناڵەبار و ئاژاوە دەگرێتەوە و

شەوێکی خەمگینی بەسەر دیمشق تێدەپەڕێت. کە حکومەت هەموو مەرجەکانی ژەنراڵ جورو قبووڵ دەکات، دەبوایە هێرشی سوپای فەرەنسی بۆ سەر دیمشق بوەستێت، بەڵام دیارە کەوا سوپاکە بەرەو دیمشق دەجولایەوە، بۆیە پاشا هەست دەکات کەوا هاوپەیمانەکان فێڵیان لێ کردووە و هەڵیانخەڵەتاندووە و بۆیە تەنها بواری شەڕی لەپێشدا دەمینێت و شەڕەکەش رادەگەێنێت، لەناو هەموو کۆڵانەکانی دیمشق بانگەوازی شەڕەکە رادەگەێنێت و هاواری شەڕەکەش بڵاودەبێتەوە، داوا لە هاوڵاتیان دەکەن بەرگری لە شارەکەیان بکەن، بۆیەش هەزارەها کەس دەگەنە مەیدانی شەڕەکان لە میسلۆن.

## شەڕەکەی میسلۆن

یوسف عەزەمە بۆ بەرگریکردن لە دیمشق بەرنامەیەکی دانابوو، کە تێدا چەند قەڵای لە دەوری گوندی مجدل عنجر دانابوو، کە دەیڕوانییە دەشتاییەکانی بیقاع، تا گەیشتنی سوپای فەرەنسی بۆ دیمشق بەرگری تێدا بکەن، بەڵام بەر لە کۆتایی ئاگادارکردنەوەکە سوپاکەی ئیزن دانابوو، جەنگاوەرەکان گەڕابونەوە ماڵەکانیان، بۆیە لە رۆژی شەڕەکەدا لە ١٢ی یولیۆ تەنها ٦٠ سەرباز لەو مۆڵگەیەدا مابوو، ئەوانەشیان لە میسلۆن ساز کردبوو، ئەگەر سوپاکەی هەڵنەوەشاندرابوایەوە، هەرگیز ژەنراڵ جورو جورئەتی ئەوەی نەدەکرد بەئاسانی بەرەو دیمشق هێرش بکات. لەناو کۆڵانەکانی دیمشق بانگەوازی خۆبەختکردن بڵاودەبێتەوە و بوقی شەڕەکەش لە کەندەکەی ئەلحەریر لێ دەدرێت و بەرەو میسلۆنیش رێ دەکەن، کە لەلای خۆرئاواوە تەنها ٢٨ کم لە دیمشقەوە دوور بوو. ئینجا خەڵکە خۆبەختکەرەکان بە ژمارەی سێ هەزار کەس دەگەنە مەیدانەکە و بە تفەنگە کۆنەکانیان کە لە پاشماوەکانی سوپای تورکی دەستیان کەوتبوو، بەوەش بە سەرپەرشتی یوسف عەزەمە ساز دەبن بۆ بەرگری و شکاندنی سوپایە فەرەنسییەکە.

لە بەیانی رۆژی شەممەی ٢٤ ی یولیۆ تۆپخانەی فەرەنسی بەچڕی مۆڵگەی گیانفیداییەکانی بۆرودمان دەکات، دەیان فڕۆکەش بۆردومانی ناوچەکانی دەکرد، لەولاشەوە ژمارەیەکی زۆری

دەبابەش پێشڕەوی دەکرد، پیادەی فەرەنسییش بواری خۆش بوو تا بچێتە پێشەوە، بەڵام گیانفیدایییەکان رووبەڕوویان دەبنەوە، یوسف عەزمەمەش بە دووربینەکەیەوە لە بەرزاییەکەوە سەیری مەیدانەکەی دەکرد، بۆیەش زوو بە دەستڕێژییەك لە گوللەی خەستەوە یەکسەر ئەو دەکوژرێت، لەورۆژەدا ٨٠٠ سەربازی کە دەکاتە چارەگەی سوپایە عەرەبییەکە دەکوژرێن، هەر لە سەعاتەکانی یەکەمی شەڕەکاندا گۆڕەپانەکە پڕ دەبێت لە بریندار و کوژراوی سوریی، هەندێ لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کەوا قوربانییەکان ئەو شەڕە گەیشتبووە ١٥٠٠ کەس. لە سەعات چواری رۆژی یەکشەممەی ٢٥ ی یولیۆی ١٩٢٠ سوپای فەرەنسی دەگاتە ناو دیمشق، وەك ناڕەزاییەك و پرسەدانانیش هەموو دەرگا و دوکانەکانی شارەکە داخرابوو، بەیانییەکەی سەرۆکی هەڵمەتی فەرەنسییەکە وتارێکی بۆ خەڵکەکە دابوو، کە ئەمەش دەقەکەیەتی :

ئەمیر فەیسەڵ بوو، ئەو وڵاتەی بەرەو ئەو شەڕ و ماڵوێرانییە برد، بۆیەش دەسەڵاتەکەی لێ دەستێنینەوە و بڕیاریش دراوە بە دە ملیۆن فەرەنگ دەرئەنجامی ئەو کەلاوەبوون و ماڵوێرانییەش کە لە ئەنجامی چەتەگەرییەکانی سوپاکەی ئەو کە لە ناوچە خۆرئاواییەکان دووچاری هاتووە سزا بدرێت، سوپای سورییش لە چەك داماڵدرێت.

رۆژی ٢٧ی یولیۆ کۆلۆنێل تولا سەرۆکی دەستەی راژەی فەرەنسییەکانی دیمشق ئەو نامەیە دەداتە پاشاکە :

من شەرەفی ئەوەم پێیە، کەوا بڕیارەکەی حکومەتی فەرەنسی بە خاوەن شکۆتان رابگەیێنم، کەوا داوا دەکات بەپێی توانا لە دیمشق بڕۆنە دەرەوە و هێڵی ئاسنی حیجاز خۆت و خێزانەکەت و دارودەستەکەتان بۆ دەرچوون بەکاربهێنن، بۆیە ئەو ترێنەی بەیانی ٢٨ی یولیۆ لە سەعات پێنجی ئێوارە دەردەچێت دەتوانن پێی بڕۆن. کە مەلیك فەیسەڵ لە دیمشق دەردەچێت مەندوبی سامی فەرەنسی دەبێتە سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکان، هەر ئەویش سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان دادەنێت، هەر ئەویش یاسا و بنچینەکان دادەڕێژێت، ئیتر ئەو پرۆژە کۆلۆنیزمە کۆنەکانیان جێ بەجێ دەکەن و شام دابەش دەکەن.

له ڕۆژی ٢٠ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٢٠ ژەنراڵ جورو له کۆشکی حرەشەوە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی لوبنانی گەورە ڕادەگەیێنێت، کە تێدا بەیروت دەکەنە پایتەخت و بە لێکدانی هەردوو ئاڵای لوبنان و فەرەنسییە ئاڵایەکی نوێ بۆ لوبنان بەرز دەکەنەوە، کە لە بەیەکەوە لکاندنی سەیدا و سوور و مەرجعیون و تەرابلس و عەکا لە ویلایەتی بەیروت و بیقاع و هەر چوار بەشەکەی بەعلەبەك و بیقاع و ڕاشیە و حاسبیا و ڕووبەرەکەی لە ٣٥٠٠ کم٢ دەگاتە ١٠٤٥٢ کم٢ و سەرژمێرییەکەی لە ٤١٤ هەزار کەسەوە دەگاتە ٦٢٨ هەزار کەس. لە ڕۆژی ٢٣ ی مایوی ساڵی ١٩٢٦ ئەنجومەنی نوێنەرەکان دەستوورەکە ڕادەگەیێنن و کۆماری لوبنای لە ١ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٢٦ ڕادەگەیێندرێت .

لە ٢٠ ی یولیۆی ساڵی ١٩٢٠ بە سەرۆکایەتی ژەنراڵ دی لاموت بەبێ شەڕ و کوشتار سوپای فەرەنسی دەچێتە ناو حەلەب و کامیل پاشاش وەك والی شارەکە دادەمەزرێت و دەکەوێتە بن دەستی فەرەنسییەکان.

لە ڕۆژی ٢٣ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٢٠ کونسلی سامی بڕیارێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ عەلەوییەکان دەردەکات، کە تێدا شاری لازقییە ببێتە پایتەختەکەی و کۆنە لازقییە و قەزاکانی سهیون و جبلە و بانیاس و بەشێك لە قەزای ترابلس و بەشێك لە حمایان لەو سنوورەدا بێت. هەتا ڕۆژی ٣ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٢٠ حکومەتە سورییەکە بەناوی حکومەتی سوری دەمینێتەوە هەتا جەمیل ئالالشی لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەست لەکاردەکێشێتەوە، لە جێگەکەی ئەو حەقی ئەلعەزم دادەنێن، ئەویش بڕیار دەدات وەزارەتەکان بکاتە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ناویش لە خۆی دەنێت حاکمی دەوڵەتی دیمشق، فەرەنسییەکانیش دان بەو گۆڕانە دەنێن و دیمشق دەبێتە یەکێك لەو پایتەختانەی لەودەمانە دیاربوون. بەڵام دەرکەوتنی چەند شانەیەکی نیشتمانی فەرەنسییەکان شۆك دەکات، زۆریش بەوە نیگەران و پەریشان دەبن، بەتایبەتی پاش ئاژاوەکەی حوران، کە تێدا دەستەیەك لە نیشتمانپەوەرەکان هێرش دەکەنە سەر ئەو ترێنەی ژمارەیەك وەزیر و سیاسەتمدارەکانی هاوپەیمانی فەرەنسییەکانی لەناودابوو، کە تێدا هەموویان ناڕەحەت و شپرزە دەکەن، دواییش هێڵە ئاسنەکانی ناوچەکەش هەڵدەتەکێنن و هێڵەکانی پەیوەندییەکانیش دەپسێنن، بەڵام فەرەنسییەکان بە پشتیوانی فڕۆکەوە دەگەنە درعا و بزاڤەکە دەشکێنن و زۆریان

دەکوژن و دەگرن، هەندێکیان لە دادگا سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەردەکەن. لە باکووری سوریاش دەستی چەکدار بۆ دژایەتیکردنی فەرەنسییەکان ساز دەبێت کە سەرکردایەتی لەلایەن ئیبراهیم هنانوو بووە، چیای زاویە دەکەنە بنکەی هەموو چالاکییەکانیان، لە چەندین شەڕدا فەرەنسییەکان دەبەزێنن، ناوچەیەکی زۆریش دەکەوێتە بن دەسەڵاتی ئەوان، لەوانە شاری لازقییەش دەگرن، بەڵام سوپای فەرەنسی بە زرێپۆش و فڕۆکەکانیان بە دڕندەییەوە ئەو بزاڤانە دادەمرکێنن.

پلانگێڕییەکان رابوونەکە لەبار دەبات

لەو بەشەدا لایەنێکی ئاڵۆزی شۆڕشە مەزنەکەی عەرەب باس دەکەین، کە چەندین پاشاکان دژ بە بەرژەوەندییە میللییەکان و دژ بە شۆڕشەکان وەستان، لەو کۆنگرانەی لەناو کۆشکە گەورەکاندا کراون، چەندین بەرنامەسازی شۆڕشەکانی هەڵتەکاندووە، لەوانەش دۆڕاندنی فەلەستین بووە.

لە شەڕەکەی بەلقان کە تێدا تورکەکان سەردەکەون کۆنگرەیەکی دەوڵی بە ناوی لۆزانی لە سویسرا لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش وەك کۆنگرەی سوڵح لە پاریس، وەفدە سورییەکە ئەوە بە هەڵدەزانن بچنە لۆزان، لەوێ دۆسییەکەیان نمایش بکەن، بەڵام بواریان نادەن لە چالاکییەکانی کۆنگرەکەدا بەشداری بکەن. کە لە سپتەمبەری ساڵی ١٩٢٣ کۆمەڵەی نەتەوەکان کۆبونەوەی ساڵانەی خۆی ساز دەکات، لەوێ وەفدی سوریی داواکانیان پێشکەش دەکەن، بەڵام هیچ جۆرە وەڵامێکیان دەست ناکەوێت، بۆیەش لەساڵی داهاتووش دووبارە داواکە پێشکەش دەکەنەوە بەو هیوایەی وڵامی داواکانیان وەربگرنەوە، بەڵام وەفدە سورییەکە لەناو بازنە بەتاڵە داخراوەکاندا دەخولێنەوە بۆ وەرگرتنی پشتیوانییەکی دەوڵی، بۆیەش شۆڕشە مەزنەکە هەڵدەگیرسێت.

حزبی میللەتی سوریی

لە دیمشقەوە وەفدێك بە سەرۆکایەتی گەورە پیاوان بەرەو بەیروت بەڕێدەکەون بۆ دیمانەی مەندوبی سامی فەرەنسا و لە رۆژی ١٧ی ینایری ساڵی ١٩٢٥ مەندوبەکە دەبینن و داوای میللەتی سوری پیشکەش دەکەن، تێدا داوا دەکەن سنوورەکەیان بگەڕێتەوە وەك رۆژانەی بەر لە روودانی شەڕی یەکەمی جیهانی، وەك گەڕانەوەی دەوڵەتی عەلەوییەکان، درووزەکان، جبل لوبنان، لیوای ئەسکەندرونە، تا بەیەکەوە وڵاتەکە ساز بکەنەوە، هەروەها داواش دەکەن موعتەمەدی فەرەنسی بۆ کاروباری وڵاتەکەیان هەڵوەشێتەوە و کۆچی ئەرمنەکانیش بۆ وڵاتەکەیان رابگرن. مەندوبە سامییەکە ژەنراڵ سرایل بەسۆزەوە گوێ لە داواکەیان دەگرێت، داواشیان لێ دەکەن ریزەکانی پتەو بکەن و لەگەڵ نوێنەرە رەسمییەکانی ئەو وڵاتە نوێیانە هاوکاری بکەن. ئیتر دوایی حەلەبیش وەك دیمشقییەکان وەفدێك بۆ لای مەندوبی سامی ساز دەکەن، مەندوبەکەش ئەو قسانەی بە وەفدە دیمشقییەکە وتبوو، هەمان ئامۆژگاری ئەوانیش دەکات. لەودەمانەش هەنگاوێکی نوێ دێتە ئاراوە ئەویش دامەزراندنی حزبی میللەت بوو، ئەوەش پاش داگیرکردنی سوریا یەکەم حزبی سیاسی بوو بۆ سەرکردایەتی بزاڤی نیشتمانی و رێکخستنی بزاڤەکە دادەمەزرێت، کە سەرۆکایەتی لەلایەن عەبدولرەحمان شاهبندەر بوو.

## ئەلئەترەش سەرکردایەتی شۆرشەکە دەکات

پەیوەندی نێوان شۆرشەکانی چیاکانی درووز و سەرکردەکانی بەرهەڵستکاری ناو دیمشق گەرم بوو، بەیەکەوە کۆك بوون لە دژایەتییکردنی داگیرکەرانی بێگانە لە وڵات و بەنهێنی ئەمیر ئەحمەد ئەلئەترەش و دکتۆر شاهبندەر یەکتریان دیبوو، بەیەکەوە پەیمان دەدەن بەرگری بکەن و خەباتیان هاوڕێیەتی تێدا بێت. لە رێگای جاسووسییەکانیانەوە فەرەنسییەکان دەزانن کەوا شۆرشگێرە درووزەکان و بەرهەڵستکارانی دیمشق دیمانەیان بووە، بۆیە ژەنراڵ سرایل لە رۆژی ٢٦ی ئۆگستی بڕیار دەدات سەرکردەکانی حزبی میللەت بگرێت و دەستنووسەکانیان دەست بەسەردا بگرێت و یانەکەیان دابخات، درووزەکان بڕیار دەدەن بۆ پشتیوانیان بەرەو دیمشق هێزەکانیان بەڕێ بکەن و شۆرش هەڵگیرسێنن. شۆرشەکە بە بانگەوازی سوڵتان پاشان لە بەیانی

٢٣ی ئۆگستی ساڵی ١٩٢٥ بۆ هەموو سورییەکان بڵاودەکرێتەوە، کە تێدا داواکاربووە جیهاد و شۆرش لە پێناوی ئازادییەکان هەڵبستنەوە :

ئەی عەرەبە سورییەکان... دیارە کەوا کۆلۆنیزمەکان وا سامانەکانمان دەبەن، لەنێوان هاوڵاتیانی یەك وڵاتدا تۆی ناپەسەند دەڕوێنن، بۆیەش میللەتەکەمان لەنێوان تایفە و نەتەوە و دەوڵەتۆکەکان دابەش دەکەن، بەوەش بواری ئازادییە ئاینییەکان و هزرییەکانیشمان نەماوە، بازرگانییەکانمان بەستراوەتەوە و سەفەریشمان هەتا بۆ هەریم و ناوچەکانی خۆشمان چاوی لەسەرە... بۆیە هاوڵاتییە نیشتمانپەروەرەکان داواتان لی دەکەین دەست بدەنە چەك و راپەڕن .

فەرەنسییەکانیش بە فرۆکەکانیانەوە نامەی کاغەزیان لە ئاسمانەوە بۆ خەڵکەکە فرێدەدا، تێدا خەڵکەکەیان ئاگادار و هوشیار دەکردەوە، لەلایەن خۆشییەوە ئەلئەترەش خەڵکەکەی هوشیار دەکردەوە و بانگەوازەکانی بەرپەرچدەدایەوە، بۆیەش لە دیمشق و لە درعا فەرەنسییەکان بۆ بەرگری خۆیان ساز کردبوو، وێستگەکانی هێڵی ئاسنی حورانیان پتەو کردبوو، بۆ رووبەڕووبونەوەی شۆرشگێرەکان هێزەکانیان بەرەو باکوور و باشوور رەوانە کردبوو، ئیتر بەو شێوەیە کەشەکانی هەڵگیرسانی شۆرشەکە لەباردا بوو.

## شەڕەکان لە هەموو گۆشەیەکدا

لەودەمانە بە نیازی کوشتن، پەلامار دەکەنە سەر ژەنراڵە فەرەنسییەکە و کە تێدا هاوڕێیەکەی بریندار دەبێت، بۆیەش فەرەنسییەکان گوندی مرجانییە دەسووتێنن کە رووداوەکەی تێدا قەومابوو، پاشان سوپاکە لە گوندی مسیفرە جێگیر دەبن، لە رۆژی ١٧ی سپتەمبەر شەڕێکی رووبەڕوو دەقەومێت، سەرەتا شۆرشگێرەکان سەردەکەون، بەڵام دوایی فڕۆکەکان بەشداری شەڕەکان دەکەن، بەوەش شەڕەکە ئاراستەکەی بەرەو قازانجی فەرەنسییەکان دەشکێتەوە. شەڕەکان دەگاتە سویدا و عری و مجمیر و رساس، لەبەر دژواری و چڕی ئاگری چەکی فەرەنسییەکان شۆرشگێرەکان زیانی زۆریان بەردەکەوێت، ئینجا شەرەکە دەگاتە حما، کە بە

فڕۆکە و تۆپەکان زۆر وێران دەکرێت، فەرەنسییەکان سیاسەتی سووتاندن و  کاوڵکردنی لە حما پەیڕەو دەکەن.

## کاوڵکردنی دیمشق

ژمارەی بەشداربووانی ئەوانەی شەڕی فەرەنسییەکانی دەکرد زۆرتر دەبوو، ژمارەیەك پۆلیس و درەك خۆیان دابووە دەست شۆرشگێرەکان، لەگەڵ پێشڕەوایەتی شۆرشگێڕەکان، فەرەنسییەکان بە ژن و بە پیاوەکانیانەوە بەرەو گەڕەکی ساڵحییە رادەکەن، لەوێش فەرەنسییەکان سەنگەرەکانیان توند دەکەن و بە تێڵبەند دەگرن، تۆپیش دادەنێن و دەبابەکانیان ریز دەکەن و گەڕەکەکەش دەدەنە بەر تۆپ و بە تەواوی کاوڵی دەکەن، بۆیەش شۆرشگێڕەکان لە شارەوە بەرەو غوتە پاشەکشە دەکەن. تۆپبارانی دیشمق لە رۆژی ١٨ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٢٥ یەکێکە لە رووداوە دیارەکانی شۆرشەکە، بۆیەش لەسەر ئاستی جیهانیش دەنگی دایەوە. بۆیە جوفینیل چەندین پرۆژە و بەڵێن دەدات، ئەوانیش هیچیان بەرهەمیان نابێت، لەو بەڵێنانە کاردانەوەیەکی چاکە دەرنەدەکەوت و هەموو پرۆژەکانی هەرەس دەهێنن، دووبارە شەڕەکان دەگەڕێتەوە ناو شارەکان. لە رۆژانی شەڕی دووەمی جیهانییدا سوریا دەکەوێتە بن دەسەڵاتی حکومەتی فیشی فەرەنسییەکان کە لایەنگیری نازییەکانی دەکرد، لەناو خاکی سوریاش شەڕی دژوار لە نێوان هێزەکانی حکومەتی فیشی و هێزەکانی فەرەنسای ئازادی بریتانی روو دەدات، ئەوەش کە هاوپەیمانەکان سوریا لەساڵی ١٩٤١ داگیر دەکەن کۆتایی دێت و بەڵێن بە سوریا دەدەن پاش تەواوبونی شەڕەکە سەربەخۆیی تەواو بە وڵاتەکە دەبەخشن.

## داگیرکردنی عیراق

ئینگلیزەکان لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ١٩١٤ پەلاماری عیراق دەدەن و لە رۆژی ٧ی نۆڤمبەردا ئینگلیزەکان دەگەنە ناو فاو و داگیری دەکەن، دوایی عەبادان و پاشان بەسراش لە رۆژی ٢٣ی نۆڤمبەر دەگرن و حکومەتێکی تێدا دادەمەزرێنن، ئینجا وڵاتەکە دەکەنە مەڵبەندێکی سەربازی بۆ رووبەڕووبونەوەی سوپای تورکی، ئیتر ئینگلیزەکان شارەکان هەموو دەگرن. لە موندروس لە رۆژی ٢٠ ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٢٠ ئاگربەسێك لەنێوان تورك و هاوپەیمانەکان دەبەسترێت، ئەوەش بوارێکی باش بوو تا ئینگلیزەکان پێگەی خۆیان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی ئینگلیزی ساز بکەن، ئەوەش دەبێتە فاکتەری هەڵگیرسانی شۆرشی عیراقی لە ٣٠ ی یونیۆی ساڵی ١٩٢٠. عیراقییەکان چاوەڕێی چارەسەری کێشەکەیان بوون کە بڕیارەکای کۆنگرەی سان ریمو دەردەچێت بەوەش عیراق دەکەوێتە ژێر ئینتدابی بریتانی. کە ئینگلیزەکان کوڕی زانا ئیمام ئەلشیرازی و هاوڕێیەکانی دەگرن و لە عیراق دووریان دەخەنەوە، ئەوەش کۆبونەوە و ناڕەزایی لیٚ دەکەوێتەوە، بۆیەش پیاوانی عەشیرەتەکان شۆرشەکە هەڵدەگیرسێنن و بڵاوکراوە بۆ راگەیاندنی جیهاد و شەڕکردنی ئینگلیزەکان بڵاودەکەنەوە، ئەوەش لەسەر داوای هەموو سەرۆك عەشیرەتەکان خۆیانەوە بوو، بە جیهاد لە پێناوی خودا و نیشتمان دەزانن. ئیتر ئەوە چەند شەڕێکی لە ناوچەکانی نەجەف و رومیسە و روستمییە و دیوانیە و سەماوە و چەند شاری تری لیٚ دەکەوێتەوە، شەڕەکان دەگاتە کوفە و ناوچەکانی سەرووی رووباری فورات و کەرکوك و هەولێر، ئینجا دەگاتە هەموو شارەکانی تریش.

## حکومەتەکەی گەیلانی

لەودەمانە ونستۆن شرشل وەزیری موستعمەرەکانی بریتانی بوو، تۆماس ئیدوارد (لۆرنسی عەرەب) راوێژکاری ئەو بوو، ئیتر دانوستان لەنێوان شرشل و فەیسەڵ دەست پیٚ دەکات، هەردوولا رێکدەکەون کەوا بریتانیا دان بە سەربەخۆیی مەملەکەتی عیراقی دابنێت و یارمەتی عیراقییەکانیش بدات بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی، هەردوولاش رێکەوتنامەیەك بۆ بەرژەوەندی هاوبەش ئیمزا دەکەن، کە تێدا بریتانییەکان چەند دەسکەوتی ئابووریيان دەبێت.

بریتانیا مەندوبێكی نوێی سامی لە عیراق دادەنێت، ئەویش سیر برسی كوكسە، ئەوەی لە ١١ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٢٠ دەگاتە بەغدا و پاش چەند رۆژێك لە گەیشتنی بڵاوكراوەی دامەزراندنی حكومەتێكی نوێ بڵاودەكاتەوە، كوكس لە رۆژی ٢٧ ی سپتەمبەر حكومەتێكی نوێ بە سەرۆكایەتی عەبدولرەحمان گەیلانیی نەقیبی شەریفەكانی بەغدا دادەمەزرێنێت. پاش چەند مانگێك شرشل لە ٩ ی مارسی ١٩٢٠ لەگەڵ لۆرانس دەگاتە قاهیرە، پاش دوو رۆژ وەفدێكی عیراقی بە ئەندامیەتی كوكس و هەندێك لە وەزیرەكان دەگاتە خزمەتی ئەو، لە كۆبونەوەكەدا بڕیار دەدەن بەزووترین كات هەموو گیراوەكان ئازاد بكەن، بەتایبەتی ئەوانەی لە خۆپیشاندانەكاندا گیرابوون.

## عەبدوڵا لە ئوردن

لەودەمانە و لە مەیدانێكی تر ئەمیر عەبدوڵای برای مەلیك فەیسەڵ چالاكانە رۆڵی دەگێڕا، ئەو لەودەمانە وەزیری دەرەوە بوو لە حكومەتی حیجاز، لەگەڵ باوكی شەریف ئەلحوسێن كێشەی دەبێت، بۆیە واز لە وەزارەتەكە دەهێنێت و مەكە جێدەهێڵێت و دەچێتە شاری موعان لە ئوردن، كە بەشێك بوو لە مەملەكەتی حیجاز، لە مانگی سپتەمبەر ١٩٢٠ بە گەرمی پێشوازی لێ دەكرێت و ئەوەش لە دیمشق دەنگۆیەكی زۆری لێ دەكەوێتەوە، لەودەمانەش لە ئەنجامی شەڕەكەی میسلۆن هێشتا خوێن دەرژا و میللەتی سوری بۆ سەربەخۆییەكان و خوێنی شەهیدەكانی دەگریا، بۆیە خەڵكە روو لەو دەكەن و لەو كۆدەبنەوە، ئەوانەی لە شام رایانكردبوو لە میسر و فەلەستین دەگەڕێنەوە بن ئاڵاكەی ئەو. پەیدابوونی ئەمیر عەبدوڵا لە ئوردن وا دەكات فەرەنسییەكان خۆیان كۆبكەنەوە و لە شاری درعا و بەدرێژایی سنووری حوران سوپا كۆدەكەنەوە و سەنگەر ساز دەكەن و بوارەكانی بەرگری ئامادە دەكەن و سەربازەكان چەكەكانیان تیژ دەكەنەوە، بۆیەش نامە بۆ ئینگلیزییەكانیش دەنووسن لە بزاڤی ئەمیر عەبدوڵا هاوكارییان بكەن و بزاڤەكەی لە گۆشەیەكی تەسكدا گۆشەگیر بكەن. ئینگلیزییەكانیش لەو رەوشە و بوونی ئەمیر عەبدوڵا و پەیوەندیكردن بە گەورە پیاوەكان نیگەران دەبێت، ئەو دەمانە دەگوترا كەوا ئەو بزاڤە

ئینگلیزەکان لەو ناوچەیە دەردەکات، لەناو ولاتیش لە خۆرهەلاتی ئوردنیش رەوشەکە ئارام نەبوو، حکومەتی هەرێمەکە کێشەیان زۆر بوو، ئەو رەوشەش بۆنی شەڕی ناوخۆی لێ دەهات، بۆیە دەبوایە کۆشش بکەن ئەو کێشەیە بنبڕ بکەن.

## ئیمارەتی خۆرهەلاتی ئوردن

کە ونستۆن شرشلی وەزیری موستعمراتی ئینگلیزی لە رۆژی ٩ ی مارس ١٩٢٠ گەیشتبووە شۆستەی بەنداوی ئەسکەندریە، ئەمیر عەبدوڵاش بە ترێن لە موعانەوە بەرەو عەمان دەڕۆیشت، لەوێش ژمارەیەك كەسایەتی دەبینێت، ئینجا بەرەو قودس بەڕێدەکەوێت و رۆژی ٢٧ ی مارس دەگاتە ئەو شارە و بەیانییەکەی شرشلیش دەگاتە قودس، بەیەکەوە کۆبونەوەیەکی رەسمی دەکەن بۆ دانوستان لەسەر دامەزراندنی ئیمارەتی خۆرهەلاتی ئوردن بە سەرۆکایەتی ئەمیر عەبدوڵای کوڕی ئەلحوسێن عەلی ئەلهاشمی، ئەوەش بوارسازێك دەبێت بۆ یارمەتیدانی بریتانییەکان بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناوچەکە، لەکاتی پێویستیش پرس بە مەندوبی بریتانی لە عەمان بکەن و بریتانییەکان دوو بنکەی فڕۆکەوانی تێدا دابنێن. پاش کۆتایی کۆبونەوەکە ئەمیر عەبدوڵا بۆ وەرگرتنی ئیمارەتە نوێیەکەی بەرەو عەمان بەڕێدەکەوێت، پاش دانوستان لە ٢ی یولیۆ بە سەرۆکایەتی رەشید تایع حکومەتێکی نوێ رادەگەێنێت.

## سازکردنی پلان

بریتانیا یەکبوونی خۆرهەلاتی ئوردن و فەلەستین بە شێکێکی ئینتدابی دەزانی کە پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکانی کردبوو بۆ دروستبوونی ئەو دوو هەرێمە، کۆمەڵەکەش لە ٢٤ ی یولیۆی ساڵی ١٩٢٢ شێکەکە مۆر دەکات و بەوەش فەلەستین بەپێی برگەکانی بەڵێنی بەلفۆر دەبێتە

وڵاتی نەتەوەیی جوولەکە. لە ڕۆژی ٦ ی ئوکتۆبەری ١٩٢٢ ئەمیر عەبدوڵا لەگەڵ سەرۆک وەزیرەکانی لە عەمانەوە بەرەو لەندەن بەڕێدەکەوێت، لەگەڵ حکومەتی ئینگلیزی دەکەوێتە دانوستان، بەیەکەوە لەسەر چەند خاڵێك ڕێکدەکەون، لەلایەن بریتانییەکان وەك باڵادەستی سەر فەلەستین ئەمیر عەبدوڵا دەکرێتە سەرپەرشتیاری ئەو بەشەی بە خۆرهەڵاتی ئوردن دەناسرا، پاش ئەوەی دوایی سنوورەکەی بۆ دیاردەکەن و بۆ باشترین بەڕێوەبردنیش یاسا و ڕێنماییەکانی خۆجێیەتی بۆ دیار دەکەن، بە مەرجێك لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بریتانیا دژایەتی تێدا نەبێت.

لە ٢٤ یولیۆش هەردوولا ڕێکدەکەون لەسەرئەوەی بریتانیا دان بە پاشایەتی شریف ئەلحوسێن لەسەر حیجاز و مەلیك فەیسەڵ مەلیکی عیراق و حکومەتێکی سەربەخۆش لە خۆرهەڵاتی ئوردن بە سەرۆکایەتی ئەمیر عەبدوڵا بنێت.

کە ئەمیر عەبدوڵا بۆ چوونە حەج وڵاتەکە جێدەهێڵێت، بە دوورکەوتنەوەی ئەو وڵاتەکە دووچاری ڕوودانی ئاژاوەی زۆر دەبێت، کە ئەو لە ١٩ ی ئوگستی ساڵی ١٩٢٤ ئەمیر دەگەڕێتەوە، حکومەتی بریتانی هوشدارییەکی دەداتێ کە تێدا چەند داواکاری تێدا بوو پێشکەش دەکات، لەوانە بریتانییەکان چاودێری دارایی بەبێ مەرج و پێشینەکانەوە بکات، نوێنەرایەتی عەشیرەتەکان هەڵوەشێنێتەوە، لەبەرئەوەی حکومەکە دەستووری بوو، بۆیە ئەمیر بەرپرسی ئیدارەکە نابێت، ئەمیریش هەموو مەرجەکان قبووڵ دەکات. لەودەمانە شاری عەقەبە لەبن دەستی حکومەتی حیجاز بوو، بۆیەش ئەمیر عەبدوڵا داوا لە باوکی دەکات ئەو عەقەبە و مەعانی ڕادەستی بکات، باوکی بەوە ڕازی دەبێت، بەوەش لە مانگی یولیۆدا شاری عەقەبە دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوای موڵکەکانی ئیمارەتی خۆرهەڵاتی ئوردن، ئەوەش لەسەر پێشنیار و داوای بریتانییەکان بوو، چونکە شوێنەکە بایەخێکی سەربازی و سیاسی هەبوو، ئەوەش بە ئاهەنگێکی ڕەسمی لە ڕۆژی ١٦ی یولیۆ بەڕێوە دەچێت.

پەیمانی چۆکپێدانان

هەردوو حکومەتی ئوردن و حکومەتی قودس دانوستان دەکەن، تێدا هەردوولا ڕێکەوتننامەیەك مۆر دەکەن، ئەوەش هەموو عەرەبێکی بەغیرەت تووڕە دەکات، کە تێدا ئەمیر عەبدوڵا ڕازی بووە کەوا ئیمارەتی خۆرهەڵاتی ئوردن هەموو مووچەکانی موعتەمەدی بریتانی و فەرمانبەرەکانی بدات، خاوەن شکۆش ئەمیر عەبدوڵا هەوارێك بۆ نیشتەجێبوونی بریتانییەکان ساز بکات، هەردوو دەسەڵاتەکەی یاسادانان و ئیدارە بە ڕێنماییەکانی موعتەمەدە بریتانییەکە بێت، وشەی فەلەستینیش ئەو پارچەی هەرێمە مونتدەبە دەبێت، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ڕووباری ئوردن، ئەمیریش بەڵێن بدات هیچ فەرمانبەرێك بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی بریتانی دانەمەزرێنێت، هەروەها ئەمیر بەڵێنیش بدات لە ڕێنماییەکانی مەندوبی سامی خۆرهەڵاتی ئوردن لە هەموو کاروبارەکان سەربارەت بە ئیشوکارەکان دەرنەچێت، سەبارەت بە بودجەی ساڵانەش پرس بە خاوەن شکۆی بریتانی بکرێت، واتە مەسەلەی دەرکردنی هەر دراوێکی ئوردنی، ئەمیر سەبارەت بە هەموو ئەو جۆرە یاسایانە پرس بە بریتانیا بکات. هەر لە بەندەکانی ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە کەوا بریتانیا هێزەکانی خۆی لە ئیمارەتی خۆرهەڵاتی ئوردن دەهێڵێتەوە. حکومەتی ئوردنیش هەموو مەسرەفەکانی ئەو هێزانە بکات، خاوەن شکۆ ئەمیر عەبدوڵا لەسەر ئەو هەموو بەند و بڕگە توندکارە زاڵمانە ڕازی دەبێت.

## ناڕەزایی وڵاتپارێزەکان

ئەو ڕێکەوتننامەیە ناڕەزاییەکی زۆری لەلایەن هاوڵاتییانەوە لێ دەکەوێتەوە، بۆیەش بڕیار دەدەن لە عەمان لە ڕۆژی ٢٥ ی یولیۆی ساڵی ١٩٢٨ بە ئامادەبوونی ١٢٠ ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار کۆنگرەیەك دەبەستن، لەوێ ڕادەگەیێنن کەوا ئەوان هەموو بڕگەکانی ڕێکەوتننامەکە ڕەفز دەکەن، بەیەکەوە لەسەر دانانی بەڵگەنامەیەکی نیشتمانی کۆك و ساز دەبن، کە تێدا هەموو داواکارەکانیان ڕادەگەیێنن، ئەوەش بەپێچەوانەی هەموو بڕگەکانی ڕێکەوتنەکەی ئەمیر و بریتانییەکان دەبێت. بۆیەش خەڵکە وڵاتپارێزەکە نامەیەکی ناڕەزایی دەدەنە سیر جۆن تشانسلوری مەندوبی سامی بریتانی فەلەستینی عەمانی، کە تێدا تووڕەیی خۆیان لەسەر هەموو

وردەکارییەکان دەردەبڕن، باس لەوە دەکەن پارەیەکی زۆر لە دەزگاکانی جاسووسی سەرف دەکرێت و پارەیەکی زۆریش لە سازکردنی کۆشکەکەی موعتەمەدی بریتانی سەرف دەکرێت، لە بەرامبەر ئەوەشدا هێشتا حکومەتی رەسمی وڵاتیش باڵەخانەیەکی شیاوی نییە، خەڵکەکە زادی رۆژانەیان نییە. لە کۆنگرە نیشتمانییەکە لیژنەی راپەڕاندن رادەگەیندرێت کە داوا دەکەن هاوڵاتیان بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکەن، نامەیەکی ناڕەزاییش رەوانەی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش دەکەن، بەڵام هەڵبژاردنەکە کرا و ئەنجومەنی یاسادانیش کۆدەبێتەوە و تێدا رێکەوتننامەکەی نێوان بریتانییەکان مەلیك عەبدوڵا پەسەند دەکەن. لیژنەکەی راپەڕاندن لەسەر ناڕەزاییەکانیان بەردەوام دەبن، بۆ دژایەتییکردنی حکومی بریتانییەکان لە وڵاتەکە کارکەر دەبن، راشدەگەێنن کەوا ئەوان دان بە شەرعیەتی ئەنجومەنی یاسادانان نانێن و لە هەموو چالاکییەکانیان رازی نین، داواش دەکەن لە رۆژی ١٥ی مارسی ١٩٣٢ چوارەم کۆنگرەیان ببەستن، کە تێدا رێکەوتننامەکە دووبارە رەفز دەکەنەوە، ئەو فەرمانبەرانی هێنراونەتە وڵات دووربخرێنەوە و هەموو یاساییە رێزپەڕەکانیش هەڵوەشێنەوە، دژایەتی هەموو ئەوانە بکەن کە دەیانەوێ زایونیزم بهێنە ناو خۆرهەڵاتی ئوردن. لیژنەکە کۆنگرەی پێنجەمیان لە عەمان دەبەستن، تێدا حکومەتێکی نیشتمانی رادەگەێنن و هەموو بەندەکانی رێکەوتننامەکەش هەڵدەوەشێنەوە، ناڕەزاییش لەسەر هەڵسوکەوتی زایونیزمەکان لە خۆرهەڵاتی ئوردن پیادەی دەکەن، چەند داواکاری نیشتمانی رەسەنیش نمایش دەکەن، لەناو ئەو کەشە ناڕەزاییە گەرمەدا ئەمیر عەبدوڵا لە رۆژی ٣ی یونیۆی ساڵی ١٩٣٤ لە عەمانەوە بەرەو لەندەن بەرێدەکەوێت، تا بریتانییەکان رازی بکات بەندەکانی رێکەوتننامەکەیان هەموار بکەن، بەڵام پاش گەڕانێکی زۆری ناو وڵاتانی ئەورووپی هیچ لایەنگیرییەك بۆ داواکەی نادۆزێتەوە و ناتوانێت هیچ دەسکەوتێکیش بۆ وڵاتەکەی دەستبەر بکات .

رەوشەکە لە خۆرهەڵاتی ئوردن هەتا رۆژی هەینی ٢٠ی یولیۆی ساڵی ١٩٥١ ئارام نابێت، لەودەمانەش مەلیك عەبدوڵای کوڕی ئەلحوسێن بۆ نوێژی رۆژی هەینی سەردانی مزگەوتی ئەقسا دەکات، لەوێ پیاوێکی فەلەستنی بە ناوی مەستەفا شوکری کە پیشەی بەرگدروو بوو، سێ گوللە لەسەری مەلیك دەدات و دەیکوژێت. وتیان ئەو پیاوە جەرگی دەسووتا کە دەیبینی جوولەکە وڵاتەکەی دەدزن، بۆیە تەقەکانی کردبوو، لەودەمانەش ئەمیر ئەلحوسێن کە پاشان دەبێتە پاشای

**ئوردنی لەگەڵدا بوو، ئەویش گوللەیەکی بەرکەوتووە، بەڵام بەوە بەختیار بووە کەوا گوللەکە بەر ئەو مەدالیایە کەوتبوو کە لە ملی دابوو، بەوەش لە مردن دەربازی بووە.**

**بابەتی چوارەم**

**شۆڕشی یەمەن**

١٩٧٠_١٩٦٢

**سەلاح ئەلئیمام**

**شۆرشی یەمەن**

**ئەو بابەتە باس لە لاپەڕە خوێناوییەکانی خەباتی خەڵکی یەمەنە کە لە ناوەندی یەکەمی سەدەی بیستەم بۆ رووخاندنی قەڵەمرەویی ئیمامەکان، کە لە ماوەی یازدە سەدە بە زوڵم و زۆردارییەکان**

حوكمیان كردووە، حاكمەكان چەند زاڵم و دەسترەش بووینە میللەتەكەش ئەوەندە سەبوور و ئارام بووە، بەڵام ئەوەش سنووری هەبووە و سەبرەكەیان تەواو بووە.

كە گوێت لە دەستەواژەی یەمەنی بەختیار دەبێت، هەست ناكەیت میللەتەكەی چەند لە ناسوور و خەمدا ژیاون، هەتا سەدەی بیستەم ئیمامەكان چۆن ئەو میللەتەیان چەوساندیتەوە. دكتۆر عەبدولرەحمان ئەلبیزانی كە یەكێكە لە سەركردەكانی شۆرشی یەمەن و جێگری سەرۆك ئەنجومەنی سەركردایەتییەكەیەتی، دەردەسەریی و ئەشكەنجەكانی ئەو میللەتەی بە چیرۆكی سەربڕینی هەزار و سەد گەنجەكە لە دانیشتوانی گوندی موكل دەگێڕێتەوە، چونكە یەكێك لەوانە جورئەتی كردبوو مافی میللەتەكە وەك بنەماڵەی هاشمییەكان یەكسان بكرێت، بۆیەش ئەمیری ناوچەكەیان گەنجەكان ریز دەكات تا ژمارەیان دەگاتە هەزار و سەد كەس و ریزەكەش لە گوندەكە دەگاتە سەنعا، ئەوانە كۆتبەند دەكات بە زەنجیر سەروملیان دەبەستنەوە و هەتا تابوورەكە دەگاتە بەردەم كۆشكی ئەمیرەكەیان، ئەوانیش سەری براوی كوڕەكەیان پێ دەبێت، ئینجا ئەمیریش فەرمان دەدات سەری هەموویان بپەرێنێت. یەكێك لە ئەمیرەكانی ئەو ئیمارەتە لەسەر رێگاكان و لەبەردەم هاتوچۆی ئوتومبێلەكان بەربەست دادەنێت تا لە هەموو بەربەستەكان پارە و باجی رەتبوون بدەن، ژمارەی بەربەستەكانی نێوان سەنعا و عەدەن دەگەیشتە زۆرتر لە چل، دەبوایە خاوەن ئوتومبێلەكە چل جار باج بدات، ماوەیەكەش نزیكەی سێ سەد كیلۆمەتر دەبوو.

لەبەرئەوەی یەمەن لە مێژووی شارستانیەتی عەرەبدا وڵاتێكی پێشكەوتوو بووە، بۆیە بە وڵاتی یەمەنی بەختیار ناسراوە، ئەو وڵاتە لە خەلافەتی عەباسی دادەبڕێت و ئیمامە زیدییەكان ماوەی هەزار و سەد ساڵ حوكمیان كردووە، ئەوەش لەو رۆژە بووە كە یەمەنییەكان لەساڵی ٢٨٤ ی كۆچی چوونەتە مەدینەی منەوەرە و موبایەعەی هادیی كوڕی یەحیای كوڕی حوسێنیان كردووە، ئەویان بە ئیمام ناساندووە، ئەویش بەڵێنیداوە بە حوكمی شەرعی خودا و سونەتی پێغمبەرەكەی میللەتەكە بەیەكسانی بە هەموو مەزهەب و رەچەڵەكەكانەوە حوكم بكات، تا ئەوەی وڵاتەكە لەساڵی ١١٧٣ ی زاینی دەكەوێتە بن دەستی ئەیوبییەكان. لەساڵی ١٥١٧ ی زاینی عوسمانییەكان چەند بەشێكی ئەو وڵاتە داگیر دەكەن، بەڵام زیدییەكان بەرگری دەكات، تا

ئیمامەکەیان ئیمام متوکل علی الله لە بەشە باکوورەکەی یەمەن عوسمانییەکان دەردەکات، ئینجا دەسەلاتی دەگاتە سەر هەموو بەشەکانی یەمەن، لە باکووری مەکەوە هەتا باشووری عەمان، ئیتر یەمەن یەکەم ولاتی عەرەبی دەبێت لەودەمانە  کە سەربەخۆیی دەبێت .

ئیمامەکانی یەمەن خۆیان بە نەوەی هاشمییەکان دەزانی، بۆیەش زۆر نەیارانە و دوژمنانە فەرمانڕەوایی میللەتەکەیان کردووە، زوڵمی زۆریان لەو خەڵکە کردووە، هەتا رادەی ئەوەی خوێندەوارییان لەسەر میللەتەکە قەدەغەکردووە، چونکە وایانزانیووە ئەوەیان مەترسی لەسەر سوڵتانەکەیان پەیدا دەکات، خاکی ولاتەکەیان بە خوێنی زانا و پیاوچاك و رۆڵەی عەشیرەتەکانیان ئاوداوە، خۆشیان بە توێژێکی سەرووی میللەت زانیوە. بەشە باکوورەکەی یەمەن ولاتێکی دابڕاو بوو لە جیهان، لە رووی کۆمەلاتی و پیشەسازی و ئابوورییەوە تا ماوەیەکی زۆر درێژ هیچ پەیوەندییەکی نەبوو، وەك دەڵێن هەتا ساڵی ١٩٥٠ لەودەمانەی کە جیهان باسی چۆنیەتی هەڵکەوتەی مانگیان دەخوێند، لەو ولاتە کارەبا نەبووە، هەتا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیش وێستگەیەکی پەخشی رادیۆیان نەبووە، ئینجا بریتانییەکان لەساڵی ١٩٤٦ وێستگەیەکیان لە عەدەن داناوە، لەو ولاتەش تەنها سێ کەس ئامێری رادیۆیان هەبوو، لەوانە ئیمام ئەحمەدو جێنشین ئەلبدر و قازی ئەحمەد ئەلحزرانی و بەس!

پاش کۆتایی هاتنی جەنگەکە لەناو ولاتانی ناوچەکە نائارامییەکی سیاسیی چالاك سەر هەڵدەدات، ئەوەش یەمەنی باکوور دەگرێتەوە، چەندین هەوڵی کودەتا دەکرێت، کە یەکەمیان لەساڵی ١٩٤٨ دەبێت، کە لەلایەن عەبدولای وەزیرەوە دەبێت و بەلام سەرناگرێت. لە مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٥٥ دیسان کودەتایەك بە سەرکردایەتی موقەدەم ئەحمەد یەحیا ئەلسلایا دەکرێت، تیمێکی سەربازی گەمارۆی کۆشکی ئەمیر لە شاری تەعز دەدەن، داوا دەکەن خۆی بداتە دەست، ئەویش خۆی رادەستیان دەکات، بەلام سەرکردەکانی کودەتاکە لەسەر چارەنووسی ئیمام دەبێتە ناکۆکییان، هەندێکیان داوا دەکەن ئەمیر بکوژرێت، هەندێکیان دەڵێن با حکومەکەی بدەنە دەست ئەمیر سەیفەدین عەبدولای برای، ئەمیریش تا سەربازەکان بکرێت گەنجینەکەی دەکات و پارەیان نیشان دەدات، ژنەکانی بنەماڵەی ئەمارەتەکەش نامە بۆ سەرۆك عەشیرەتەکان رەوانە دەکەن، تا بە هانای ئیمام بێن، بەناوی کیژانی پێغمبەرەوە نامە دەنووسن، لەگەڵ هەر نامەیەکیش چەند دانە

قژی براوی خۆیان ڕەوانە دەکەن، بۆیەش عەشیرەتەکان هێرش دەکەنە سەر تەعەز و هەرەس بە کودەتاکە دەهێنن. لەساڵی ١٩٥٥بەدواوە میسر ئامێزی خۆی بۆ شۆرشگێڕە یەمەنە دەرکراوەکان دەکاتەوە، لەوێش لەناو وڵاتی میسردا بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن دادەمەزرێنن کە دژایەتی دەسەڵاتی ئیمامی لە یەمەن پیَ بکەن، سەرۆکی پێشووتری میسر جەماڵ عەبدوڵناسر بەشێکی ئیستگەی دەنگی عەرەب دەخاتە ژێر خزمەتی شۆرشگێڕانی یەمەن و جەزائیر، ئەوانیش لە مانگی ئۆگستی ساڵی ١٩٥٥ وە بڵاوکراوەیەك بەناوی دەنگی یەمەن بڵاودەکەنەوە، ئەفسەرە یەمەنییەکان دەگەنە کولێژە جەنگییەکەی میسری، لەوێش مەشق لەسەر چەکە نوێیەکانی میسری دەکەن .

لە قاهیرە بەردەوام پێشوازی لە هاتنی سەرکردەکانی شۆرشی یەمەن دەکرا، ئەوانەش ناویان لە خۆیان نابوو، یەمەنییە ئازادەکان، بەردەوام کۆبونەوەی ڕێکخستنیان دەکرد و لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزسیونی یەمەنی لە میسر هاوکاری دەکرد، کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش پشتیوانی دەکردن، بۆیەش لە مایوی ساڵی ١٩٦١ هەردوو لایەن یەکدەگرن و بەرەیەك ساز دەکەن، ئەنجومەنێك بۆ کارگێڕی بۆ ئەو یەکێتییە ساز دەکەن و ئەحمەد محەمەد ئەلنعمانی دەکەنە سەرۆك و قازی محەمەد محموود زوبیری وەك جێگیر بۆ کاروباری ناوخۆ دادەنێن، ئەوانە هەردووکیان لە کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٥ بەشدارییان کردبوو، ئەلبزانییش وەك جێگری سەرۆك بۆ کاروباری سیاسیی دادەنێن، یەکێتییەکە کۆشش دەکات سەرهەڵدانێك لەناو یەمەن بەرپابکەن.

## مردنی ئیمام حەمیدەدین

لەوڕۆژانە حاکمی یەمەن ئیمام ناسردین ئەحمەدی کوڕی یەحیای کوڕی محەمەدی کوڕی یەحیای حەمیدەدینە، کە باوکی لەپاش ساڵی ١٩٣٧ بڕوا و پشتیوانی بە کوڕەکانی پەیدا دەکات ناویان دەنێت شێرەکانی ئیسلام، ئەویش زووتر دەکاتە ئەمیری لیوای تەعز. کە شۆرشەکەی دەستوور بەرپا دەبێت بڕیاربوو لە دەرەوەی شاری تەعز بیکوژن، هەروەها باوکیشی لە حەزیزی باشووری

سەنعا لە ڕۆژی ١٧ ی فبرایری ساڵی ١٩٤٨ بکوژن، بەڵام ئەو فێڵ لەو دەکات و دەربازی دەبێت و دەگاتە حجە، لەوێ شەڕ دژی شۆڕشەکە رادەگەێنێت، هەموو سەرکردەکانیش لە حجە دەگرێت و لە سێدارەیان دەدات، لەوڕۆژەوە دەسەڵاتی وڵاتەکە دەکەوێتە بن دەستی ئەو و ناو لە خۆی دەنێت ناسردین. بەرەی بزاڤی ئۆپۆزسیون بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد مەحمود ئەلزبێری لەناوەوە و بە خەباتگێڕ ئەحمەد محەمەد ئەلنعمانییش لە دەرەوە گەشە دەکات. سێ لە ئەفسەرانی سوپا هەوڵدەدەن ئیمام لە نەخۆشخانەی حەدیدە بکوژن، کە لە ڕۆژی ٦ ی مارسی ساڵی ١٩٦١ سەردانی چەند سەربازێکی نەخۆشی کردبوو، بەڵام زۆر بەڕێکەوت لەو پلانەدا دەربازی دەبێت و هەتا ڕۆژی مردنی لە ١٩ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٢ حوکمی وڵات دەکات، ئینجا محەمەد ئەلبدر لەجیاتی باوکی دەسەڵاتی وڵاتەکە دەگرێتە دەست، یەکەم کاریش عەبدوڵا ئەلسلال دەکاتە سەرکردەی پاسەوانی پاشایەتی (ئیمامەتی) ئەو یەکێك بوو لە شۆڕشگێڕەکان و خاوەن عەقلی بزوێنی شۆڕشەکەش بوو.

تەقینەوەکە

پلانگێڕانی شۆڕشەکە سەرەتا بیر لەوە دەکەنەوە پشت بە ئەفسەرەکانی سوپا ببەستن بۆ رووخاندنی حوکمی ئیمام، لەو پرۆسەیەش پشتیوانی عەشیرەتەکان بکەن، بەڵام عەقلی پلانەکە کەسانی مەدەنی بوو، ئەویش عەبدولرەحمان ئەلبیزاوییە کە پلاندانەرەی باشی شۆڕشەکە بوو، ئەو وایدەزانی شۆڕشی سەرکەوتووی لە یەمەن پێویستی بە پێنج ستوون هەیە، ئەوانەش: سوپایەك کودەتاکە بکات، پەلەکردن لە تەواوکردنی بەنداوی ئەلحودیدە بۆ هێنانی چەکی قوورس و کە جیاوازییەکی زۆری هەبێت لەگەڵ ئەو چەکانەی لەدەستی پیاوانی عەشیرەتەکانە، تەواوکردنی ڕێگای نێوان سەنعا و ئەلحودیدە بۆ زوو گەیشتن بە پایتەختەکە بۆ پارێزگاریکردنی، دەوڵەت پشتیوانی شۆڕشەکە بکات، هەبوونی کەرەستەکانی راگەیاندنی ئەکتیڤ بۆ گەیاندنی بنچینەکانی شۆڕشەکە. لەساڵی ١٩٦٢ سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی سوپاکە هەبوو، بەنداوەکەی

ئەلحودیدە تەواوکرا و ڕێگاکەش لەنێوان بەنداوەکە و سەنعا دەستی پێکرابوو، هەروەها ئێستگەیەك لە سەنعا دامەزرا بەڵام پێویستییان بە پشتیوانییەکی دەوڵی هەبوو.

لە ئەڵمانیا پلانی کودەتاییەك دارێژرا، لەوێ ئەلبیزانی و عەبدولغنی موتەهەر و ژمارەیەك لە شۆرشگێڕەکان کۆدەبنەوە، ئینجا ئەلبیزانی دەچێتە قاهیرە تا بەرنامەکە نیشانی بەرپرسە میسرییەکان بدات، لەوانە هاوڕێیەکەی ئەنوەر ئەلساداتی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی میسری و سەلاح نەسری بەڕێوەبەری موخابەراتی میسری، ئینجا دوایی سەرۆك جەمال عەبدولناسریش دێتە سەر هێڵەکە، لە هەندێ لەو دیمانانەدا محەمەد قائید سیفیش بەشدار دەبێت، کە لەساڵی ١٩٤٨ بەشداری کودەتاکەی بە سەرکردایەتی عەبدوڵا ئەلوزیر، ئەگەرچی سەرەتا عەبدولناسر لە پشتیوانیکردنی شۆرشەکە دوودڵ بوو، بەڵام دوایی پشتیوانی یەمەنییە ئازادیخوازەکان دەکات، وەك چۆن پشتیوانی شۆرشگێرەکانی جەزائیری کردبوو.

### شەڕی ئەلقەسر

ئەفسەرەکانی سوپا بۆ کودەتا دوو ڕێگایان لەپێشدا بوو، شۆرشەکە بکەن یان چاوەڕوان بکەن ئەمیر حەسەن لەدەرەوە بگەڕێتەوە و هەردووکیان بەیەکەوە بگرن، بەڵام عەقید عەبدوڵا ئەلسلال چاوەڕوان ناکات و بڕیاری بزاڤەکە دەدات و حاڵەتی ئاوارتە لەناو کولێژی جەنگی لە سەنعا رادەگەێنێت، هەموو گەنجینەکانی چەکەکان دەکاتەوە و بەسەر ئەفسەرە گچکەکان و سەربازەکان دابەش دەکات. لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ ی سپتەمبەردا ئەلسلال سەرکردە ناسراوەکانی بزاڤی نەتەوەیی یەمەنی کۆدەکاتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە هەولی کودەتاکەی ئەلسلایا لەساڵی ١٩٥٥ هاوسۆزی ئەو بوون، هەموو ئەفسەرەکان و هەموو شانە چەکدارەکان ئامادەبوون تا بۆردومانی کۆشکی ئیمام بەدر دەست پێ بکات تا دەست بە شۆرشەکە بکەن و بەرەو کۆشکی ئەلبشائر (کۆشکی ئیمام) و کۆشکی ئەلوسول (کۆشکی پێشوازی) و باڵەخانەی ئیستگە و ئیستگەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان و کۆشکی چەکەکان (گەنجینەی سەرەکی

چەکەکان) و بارەگەکانی ئاسایشی ناوخۆ و موخابەرات، ئەو چەکانەی لەودەمانەدا هەبوون بریتی بوو لە ١٣ دەبابە لە لیوای بەدر و ٦ زەرێپۆش و دوو تۆپی بەتایە و دوو تۆپی دژەئاسمان، بنکەی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵەکەش کۆلێژی جەنگییەکە بوو .

ژمارەیەك ئەفسەری شۆرشگێر بە دەبابەوە روو لە کۆشکی ئەلبشائر دەکەن، بە بڵندگۆ داوا لە پاسەوانی پاشایەتی دەکەن بێنە پاڵ هاوکارییە عەشایرییەکە، ئیمام بەدر خۆی رادەستی هێرشبەرەکان دەکات و ئەوانیش بڕیار دەدەن ئاشتیانە بەرەو دەرەوە دووری بخەنەوە، بەڵام پاسەوانی پاشایەتی قبووڵ ناکەن خۆیان رادەستی هێرشبەرەکان بکەن و تەقە لە یەکی ئەفسەرەکان دەکەن، بۆیەش شۆرشگێڕەکان بە تۆپ و دەبابە بۆردومانیان دەکەن، ئەوان لەسەرەتاوە بڕیاریاندابوو دەبابە و تۆپەکان لەو هێرشەدا بەکاربهێنن.

شەڕەکە بەردەوام دەبێت تا رۆژی دوایی پاسەوانەکانی پاشایەتی خۆیان تەسلیم دەکەن، بە کوشتنی یەکەم ئەفسەرێکی پاشایەتی ناو ئیستگەکە باڵەخانەکە دەگیرێت، گەنجینەی چەکەکانیش زۆر بەئاسانی دەگیرێت و چاوەڕوان دەکەن تا عەقید ئەلسلال فەرمان بدات گەنجینەکان بکەنەوە و پاسەوانەکانی پاشایەتی لەسەر ئەو گەنجینەیە دووربخاتەوە و تفەنگ و تۆپ و تەقەمەنییەکانی کۆنترۆڵ بکات، هەروەها بنکەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان بەبێ دەستکردنەوە دەگیرێت، لە کۆشکی ئەلوسولیش یەکە شۆرشگێرەکان لەگەڵ دبلۆماسییەکان و کەسایەتییە ناسراوەکاندا دەمینێنەوە، تا بزانن کێ دەگاتە لوتکەی دەسەڵاتە نوێیەکە. لەبەیانی رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ٢٦ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٢ ئیستگەی سەنعا یەکەم پەیامی شۆرشەکە دەخوێنێتەوە کە تێدا هاتبوو:

سەرکردایەتی شۆرش ئامانج و سیاسەتی ناوخۆ و بوارە نەتەوەییەکە و لایەنە دەوڵییەکە رادەگەێنێت و ئەوەش ئامانجەکانی شۆرشەکەیە:

ئێمە دەسەڵاتی تاکڕەویی رەها لەناودەبین، دەسەڵاتی دەرەکی ناهێڵین، دەسەڵاتی پاشایەتی بە دەسەڵاتێکی کۆماری دیموکراسی ئیسلامی دەگۆڕین، کە بنچینەکانی لەسەر دادی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتێکی یەککگرتوودا و میللەتیش سەرچاوەی ئەو دەسەڵاتە بێت، کۆشش بکەن هەموو

ئامانجەکانی بنچینەیی کۆماری عەرەبی یەمەنی دەستەبەر بکات، کۆشش دەکەین شەریعەتی دروستی ئیسلامی راستەقینەیی ببوژێنەوە پاش ئەوەی حاکمە بەدکارە زۆردارەکان مرداریان کردبوو، کۆشش دەکەین هەموو قین و رق و دووبەرەکی مەزهەبی و تیرەیی نەهێڵین، میللەتەکەمان بە رێکخستنێکی میللی بۆ دانانی بنچینەیەکی شۆرشگێری ساز بکەین، دەبێ هەموو دەزگاکانی دەوڵەت بەوردی چاودێری بکرێت و کۆشش بکەین شۆرشەکە لەو بەرنامەیەدا لانەدات.

ئەگەرچی ئیمام بەدر لە ژیاندا مابوو، بەڵام هەواڵی مردنیان ئەویان لە رۆژی ٢٨ ی سپتەمبەر بڵاوکردەوە، ئەو لە سەنعای پایتەخت دەردەچێت و دەگاتە حجەی باکوور، ئەویش وەك چۆن باپیرەکانی کردبویان بیر لەوە دەکاتەوە، داوای یارمەتی لە عەشیرەتەکانی باکوور دەکاتەوە، لە چیاکانی حەزرەمووتەوە شەڕ بۆ گرتنەوەی سەنعای پایتەخت دەکاتەوە. بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشەکە عەمیدی میسری عەلی عەبدلخبیر بە فرۆکەیەك دەگاتە سەنعا، لەوێ باس لە پێویستییەکان و ئامادەکارییەکانی گەیاندنی یارمەتییە سەربازییەکان لەگەڵ شۆرشگێرەکان دەکات، بۆیەش زۆر بەپەلە کەتیبەیەکی میسری رەوانە دەکەن، کە ئەرکی پاراستنی گیانی عەقید ئەلسلالیان لەسەرشان دەبێت، ئەو کتیبەیە لە رۆژی ٥ ی ئوکتۆبەر دەگاتە شاری ئەلحودیدە. ئەنوەر ئەلسادات وادەزانێت کەوا لیوایەك بەپشتیوانی دەستەیەك فرۆکەوە و دەستەیەك ئەفسەرە ئازادیخوازە یەمەنییەکان بەسە بۆ دابینکردنی ژیانی ئەلسلال، بەڵام رووداوەکان بە ئاراستەیەکی تر و بەخێرایی دەگۆرێت، چونکە سعوودیە هێزەکانی خۆی رەوانەی سەر سنووری یەمەن دەکات، پاشای ئوردنیش سەرۆك ئەرکانی سوپاکەی بۆ پشتیوانی ئەمیر حەسەن رەوانە دەکات، لە رۆژانی ٢ هەتا ٨ ی ئوکتۆبەر چوار فرۆکەی سعوودیە بە هەموو جۆرە چەکێکەوە دەگاتە ناو عەشیرەتە یەمەنییە هاوکارەکانی ئیمام، بەڵام فرۆکەوانەکان فرۆکەکان بەرەو ئەسوانی میسری دەبەن، ئینجا بالوێزەکانی ئەڵمانیا و بریتانیا و ئەمریکا و ئوردن پشتیوانی لە رژێمەکەی ئیمام دەکەن، بەڵام میسر و چیکوسلۆفاکیا پشتیوانی بۆ شۆرشگێرەکانی کۆماری یەمەن رادەگەیێنن، ئەو رەوشەش وا دەکات ناوچەکە بەرەو تەنگژەییەکی دەوڵی ببات.

سوپای میسری لە یەمەن

پاش ئەوەی سێ مانگ بوو جەمال عەبدولناسر هێزەکانی ڕەوانەی یەمەن کردبوو، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ هەست دەکات ئەو هێزانەی ڕەوانەی کردوون کەمە و پێویستە هێزی زۆرتر ڕەوانە بکات، ئەوەشی باش دەزانی کەوا ناکۆکییەك لەنێوان بەرەی ئەلسلال و عەشیرەتە هەوادارەکانی هەیە، بەتایبەتی شێخ عەبدوڵای کوڕی حوسێن ئەلئەحمری شێخی عەشیرەتەکانی حاشد کە ڕۆڵی مەزنیان لە شەڕەکاندا هەبووە. لە سەرەتا و لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٦٣ ژمارەی هێزەکانی میسری پێنج هەزار سەرباز بووە، بەڵام پاش دوو مانگ ژمارەی هێزە نیزامییەکانی دەگاتە پازدە هەزار سەرباز، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ دەگاتە سی و شەش هەزار سەرباز و لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ دەگاتە پەنجا هەزار سەربازی میسری لە یەمەن، بەڵام لەساڵی ١٩٦٥ زۆرتر دەبێت و دەگاتە ٥٥ هەزار سەرباز، کە لە ١٣ لیوای پیادە دابەشببوون لەگەڵ تیمێکی تۆپخانە و تیمێکی دەبابە و ژمارەیەك لە هێزەکانی ساعقە و چەند لیوای پەڕەشووت، ئەحمەد ئەبوزیدی سەفیری میسر لە مەملەکەتی یەمەن هەر لەساڵی ١٩٥٧ هەتا ١٩٦١ ژمارەیەك ڕاپۆرتی بایەخداری لەسەر ڕەوشی یەمەن ناردبووە وەزارەتی بەرگری میسری کە هیچیان نەگەیشتبوون، دیارە کەوا ئەوانە لە دۆلابەکانی وەزارەتی دەرەوە شاردرابونەوە، سەفیرەکە دەسەڵاتدارانی میسری لەوانە موشیر عەبدلحەکیم عامری ئاگادار دەکاتەوە و پێیدەڵێت کەوا عەشیرەتە یەمەنییەکان لاواز و بێدەسەڵات نین، بۆیە دژایەتی ئەوانە ئاسان نییە، لە نامەکانییدا سەفیرەکە دژی ئەوە بووە کە حکومەتەکەی هێز ڕەوانەی ناو یەمەن بکات، ئەو پێشنیاری کردبوو تەنها شۆڕشگێرەکان و ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بە چەك و بە پارە کۆمەك بکات بەسە، سەفیرەکە لەو نامانەی کە نەگەیشتبوونە وەزارەتی بەرگری وتبووی لایەن و دەوڵەتی زۆریش هەیە پشتیوانی عەشیرەتەکان دەکەن کە دژایەتی شۆڕشەکە بکەن. عەبدولناسر و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بیریان لەوە نەکردبووە کەوا پشتیوانیکردن لە شۆڕشگێرەکان واتە هەڕەشە لەو هێزە بریتانییە دەکەن کە بۆ پاراستن و پارێزگاری لە عەدەن بوونیان هەیە، بۆیەش کە هێزەکانیان ڕەوانەی یەمەن دەکەن بیر لەو لایەنە ناکەنەوە.

سەرکردە سەربازییە میسرییەکان شارەزاییان لە تۆبۆگرافی مەیدانەکانی شەڕەکان نەبوو، نەخشەی پێویستییان لەبەر دەستدا نەبوو، نەدەکرا هیچ ئامار و بەرنامەیەك بەبێ بوونی خاڵەکانی سەر نەخشەکان دیار بکەن، یەکە سەربازییە میسرییەکان تەنها پشتیان بە نەخشەکانی دەریاوانییەکان بەستابوو، بۆیەش بەڕێوەبەری موخابەراتی گشتی میسری سەلاح نەسر وتبووی کەوا ئەوان زانیاریی دروستیان لەسەر یەمەن کەمە، چونکە میسر لەساڵی ١٩٦١ەوە سەفیری لە یەمەن نەبووە. نەبوونی ئەو نەخشە مەیدانیانە وایکردبوو سوپایە میسرییەکە بکەوێتە ناو زەلکاوێك، هەتا لە یەمەن دەمینێنەوە لەناو ئەو زەلکاوەدا گیربببوون، ناویان لە پرۆسەکەش نابوو پرۆسەی ٩٠٠٠ ئەوەش کۆدی سەرکردەکانی سوپای میسری بوو بۆ شەڕەکەی یەمەن، لەناو سوپا میسرییەکە تەنها لیوایەکی میسرییان بەناوی تەلعەت حەسەن عەلی هەبوو کە بەڕەچەڵەك یەمەنی دەبێت ئەو کەمێك زانیاری لەسەر یەمەن هەبوو. بەڵام لایەنی دووەم بەرەی پاشا ئەو کێشەیان نەبوو، هەروەها لە مەملەکەتی سعوودیەش بە لێشاو کرێکارە یەمەنییەکان بۆ پشتیوانی ئیمام بەدر دەگەڕانەوە، بەڵام کە عیراقییەکان ژمارەیەك بەعسییە یەمەنییەکان ڕەوانە دەکاتەوە، ئەوان دەتوانن ڕەوشەکە شپرزە بکەن و پشتیوانی میسرییەکان دەکەن و بەرەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان شلۆق دەکەن.

کە میسرییەکان پشتیوانی شۆڕشەکە دەکەن و سوپا ڕەوانە دەکەن، لەولاشەوە وڵاتانی کەنداو و هێزە دەوڵییەکان لەوانە شاهەنشای ئێران و پاکستان و بریتانیا ئەوانە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئیمام لە یەمەن بەهێزبوو. مەملەکەتی سعوودیە و ئوردن بۆ بەرگری هاوبەش ڕێکەوتنامەیەکی سەربازی و بەرگریی ئیمزا دەکەن، کە بەناوی ڕێکەوتنامەی تاییف دەناسرا، بڕیار دەدەن ئوردنییەکان لە تۆڵەی هەڵاتنی فڕۆکە سعوودییەکان بۆ میسر بۆردومانی سەربازییە کۆمارییەکان بکەن، بۆیەش تیمێکی سەربازی ئوردنی بە سەرۆکایەتی حابس ئەلمجالی و سەرکردەی فڕۆکەوانی سهل حمزە دەچێتە مەملەکەتی سعوودیە، تا لەوێ دیالۆگ دەکەن لەسەر چۆن و کەی فڕۆکە ئوردنییەکان بوردومانەکان بکەن، بڕیار وەردەگرن فڕۆکەخانەکانی سەنعا و ئەلحودیدە و تەعز بۆردومان بکەن، کە تێدا هەموو فڕۆکەکان و پێداویستییەکانیان بسووتێنن و ئەو کەشتییە میسرییانەش تێکبشکێنن کە لەناو دەریای سووربوون و دەگەڕانەوە میسر، هەروەها فڕۆکەکان

بۆردومانی ئێستگەی سەنعا و ئێستگەی پەیوەندییە بێتەڵەکان و قەڵاتی حجە و ئێستگەی تەعز و بەنداوی ئەلسلیفی باکووری شاری ئەلحودیدە بکەن .

لەبەر دووری نێوان ئوردن و یەمەن و گچکەیی تەنکییەکانی بەنزینی فڕۆکەکان بڕیاردەدەن پاش ئەوەی بنکە میسرییەکان بۆردومان دەکەن، فڕۆکەکان بەرەو بنکە سەربازییە بریتانییەکەی عەدەن بنیشنەوە و سوتەمەنی و چەك و تەقەمەنییەکان وەربگرن، ئینجا لە گەڕانەوەیاندا بۆردومانی خاڵە دیاریکراوەکانی تر بکەن. بەڵام سهل حمزەی سەرکردەی وەفدەکە بەبێ ئەوەی هۆییەکان دیار بکات لە سعوودیە دەگەڕێتەوە عەمان، لەوێ دەیەوێ پاشای ئوردن ببینێت و دیالۆگ لەسەر مەسەلەیەك بکەن، کە ناتوانێت پاشا ببینێت یەکسەر سوار دەبێت دەچێتە قاهیرە بۆ دیمانەی جەمال عەبدولناسر، سهل حمزە لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەگەرییدا وتبووی من ویستم ئەو ئەرکە نەکەم و ئیشەکەیان بە یەکێکی تر سپاردبوو، چونکە ئەو ئەوە بە شەرم دەزانێت، بۆیەش میسرییەکان ریزی دەگرن و شەقامێکی ناوچەی هەرمەکانی جیزەی بەناو دەکەن.

هاوپەیمانەکان لە هەمولایەکەوە

دەوڵەتە کارەکەرەکان لەو مەیدانە زۆر بوون، هەر لە پاکستان هەتا ئیران و بریتانیا و هاوپەیمانییەکان، هەمولایەك پشتیوانی هێزەکانی پاشایەتییان دەکرد و ئەوروپییەکان ئیتسگەیەکیان بۆ دانبوو، لەساڵی ١٩٦٣ زۆرتر لە پازدە ملیۆن دۆلار کۆمەکییان کردبوون، پاکستانییەکان تفەنگ دەفرۆشنە ئەوان، ئیران بە پارە یارمەتییان دەدات، بریتانییەکانیش بوار دەدەن چەکەکان بەناو خاکی یەکێك لە هاوپەیمانەکانیان بۆ پاشایەتی دەرباز ببێت، ئەویش شەریف بیجان بوو، ئەوەی لە عەدەن لەبن فەرمانڕەوایەتی بریتانییەکان حوکمی دەکرد، فڕۆکە بریتانییەکان چەکیان دەگەیاندە هێزەکانی ئیمام، بۆیە هێزە میسرییەکەی ناو یەمەن دەکەوێتە بەر چەندین هێزی هەرێمایەتی و دەوڵی، ئەو ڕەوشەش وا لە میللەتی یەمەن دەکات، وەك بەندییەك لە تاریکییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بمینێتەوە.

ئیمام دوو سوپا دادەمەزرێنێت یەکێکیان لە خۆرهەلأت و بە سەرکردایەتی ئەمیر حەسەن، دووەمیان بە سەرکردایەتی خۆییەوە لە خۆرئاوا دەبێت، ئەو دوو سوپایە دەتوانن دەست بەسەر زۆربەی ناوچەکانی باکوور و خۆرهەلأتی یەمەن دابگرن، لەوانە هەردوو شاری حریب و مەئەرەب، بەلأم سەعدەی پایتەختی باکوور کە بوارێکی ستراتیژی سەنعای پایتەخت بوو لەبن دەستی کۆمارییەکاندا بوو، شاری حجە واتە شارەکە و قەلأتەکە لەبن دەستی میسرییەکان و کۆمارییەکان بوو، بەلأم پیاوانی پاشا دەستیان بە سەر چیایەکاندا هەبوو، لە فەرەنسا و بەلژیکا و ئینگلترا بەکرێگیراویان ناردبوو، کە زووتر ئەوانە لە رودیسیا و نیچمە دوورگەی مالاوی و هیندی چینی و جەزائیر شەڕیان کردبوو، ئەوانە بۆ شەڕ و مەشقەکان یارمەتی ئیمامیان دەدا، پیاوانی پاشایان فێرە چەکە دژە دبابەکان و تۆپەکانی ١٠٦ ملم دەکرد، هەروەها فێریان کردبوون مین بچێنن، چونکە زووتر پیاوانی پاشا تەنها چالاکی پارتیزانی و دابڕینی هێزە میسری و کۆمارییە یەمەنییەکان دەزانی و هێرشیان دەکرد سەر کاروانەکانی ئازوخە و تەقەمەنییەکان .

## بەرنامەکانی شەڕەکە

سەرکردایەتی مەیدانی سوپای میسری لە شەڕی یەمەندا سێ ئامانجیان کردبووە بەرنامەی چالاکییەکان، یەکەمیان بواری فڕۆکەوانی بوو، فڕۆکەکان مەشقیان دەکرد، ناوچەکانیان رووماڵ دەکرد، بۆمباکانیان دەگواستەوە، سێ رەوە فڕۆکەی شەڕکەر لەو مەیدانانە هاتوچۆیان بوو، لەسەر سنووری یەمەنی سعوودییەوە، فڕۆکە میسرییەکان لەسەر درێژایی دەشتایی تهامە و شارەکانی نجران و جازانی سعوودییش دەرچوونیان دەبوو، لەو رووماڵکردنە بۆردومانی هەردوو سوپایە زەمینەکەی پاشایەتییان بۆردومان دەکرد، بەوەش میسرییەکان کەمی هێزە پیادەکەیان پڕ دەکردەوە. بواری دووەمی بەرەکانی شەڕەکە کۆنترۆڵکردنی رێگا سەرەکییەکانی سەنعا و شارەکانی تر بوو، هەڵمەتێك بەناوی رەمەزان گەورەترین هێرش بوو، کە لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٦٣ هەتا مانگی فبرایەری ساڵی ١٩٦٤ بەردەوام بوە، بەوەش رێگا سەرەکییەکانی سەنعا بەرەو سەعدەی باکوور و رێگای سەنعا بەرەو مەئەرەب بەرەو خۆرهەلأت دەکرێتەوە، بۆیەش کە میسرییەکان سەردەکەون، هێزەکانی پاشایەتی گرد و چیاکان دەکەنە بنکەی کۆبونەوەی هێرش و

پەلاماردان و خۆشاردنەوە. بواری سێیەمی شەڕەکان ڕاکێشانی عەشیرەتەکان بوو بۆ پشتیوانییکردنی کۆمارییەکان، بۆیەش پارەی زۆریان بۆ ئەو مەبەستە سەرف کردبوو. لەساڵی ١٩٧٦ هێزە میسرییەکان لە سێگۆشەی ئەلحودیدە تەعز سەنعا بۆ بەرگریکردن کۆدەبنەوە، بۆیەش بە فڕۆکە باشووری سعوودیە و باکووری یەمەن بۆردومان دەکەن، عەبدولناسر بۆ دەربازبوون و دەرچوون لەو زەلکاو زۆر مەبەستی سوپاکەی ئەوان و سعوودییەکان لە یەمەن دەربچن، بەڵام ئەوەش نایێتە واری جێبەجێکردنی هەتا شەڕەکەی یونیۆی ساڵی ١٩٦٧ ڕوونادات، لەبەر ئەو ڕەوشە و بوونی سوپای میسری لە یەمەن ئیسرائیلییەکان ئەوە بە هەڵدەزانن و هێرش دەکەن سەر هێزەکانی میسری و سوریی و ئوردنی، لەبەر شکستە مەزنەکە و نسکۆیەکەیان بەرامبەر ئیسرائیل، میسرییەکان لە کۆنگرەی لوتکەی خرتووم سوپاکەیان لە یەمەن دەکێشنەوە، ئەوەش لەساڵانی ١٩٦٨ هەتا ١٩٧١ میسر و سعوودیە سوپاکەیان لە زەلکاوەکەی یەمەن دەکێشنەوە.

### هەڵمەتەکەی ڕەمەزان

هەڵمەتەکەی ڕەمەزان لە مانگی فبرایەری ساڵی ١٩٦٣ دەست پێ دەکات کە مەشیر عەبدولحکیم و ئەنوەر ئەلسادات دەگەنە سەنعا، عەبدولحکیم عامر داوا لە قاهیرە دەکات ژمارەی سەربازەکانی بکاتە چل هەزار سەرباز، سەرەتا کاروانی یەکەم پێنج هەزار سەرباز و لە ڕۆژی ١٨ی مانگی فبرایەر تیمێکی پازدە دەبابە و بیست زرێپۆش و ١٨ لۆری و ژمارەیەك جێب لە سەنعاوە بەرەو سەعدەی باکوورەوە بەڕێدەکەوێت، ئینجا دوایی هێزەکانی تریش سوپاکە تەواو دەکەن. پاش چەند ڕۆژێك تیمێکی ٣٥٠ سەربازی بە دەبابە و زرێپۆشەکانیانەوە لە سەعدەوە بەرەو مەئەرەب لە باشووری خۆرئاوا دەڕوات، لە ڕۆژی ٢٥ ی فبرایەر مەئەرەب و دوایی لە ڕۆژی ٧ ی فبرایەر حریب دەگرن، هێزە پاشاییەکەش کە پێکهاتبوو لە هەزار و ٥٠٠ سەرباز ناتوانن هێزەکە بشکێنن، سەرکردەکەیان لە حریب بەرەو بیحانی ناو یەمەنی باشووری ڕادەکات، کە لەبن دەستی بریتانییەکاندا بوو.

له شەڕەکەی عرقوب ئەوەی بە دووری ٢٥ میل دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی سەنعا، لەوێ هێزێکی ٥٠٠ کەس بە سەرکردایەتی ئەمیر عەبدوڵا هێرش دەکەنە سەر پێگەیەکی میسری لەسەر بەرزاییەکان، کە بە شەش دەبابەی سۆڤیەتی جۆری تی ٥٤ و شەش زرێپۆش و تۆپی ئۆتۆماتیك و دەپارێزرا، میسرییەکان بە تۆپ و قازیفەکانی بازوکا و فڕۆکەکان ناوچەکە ڕووماڵ دەکەن، پیاوانی پاشاش بە تفەنگەکانیان و بە قازیفەی مورترەکەیان کە تەنها بیست گولله و بازوکەکیان ئەویش تەنها چوار گوللەی هەبوو بەرپەرچییان دەدەنەوە، ئەو شەڕەش یەك هەفتە دەخایێنێت، میسرییەکان سێ دەبابە و حەوت زرێپۆشیان لێ دەشکێت و زیانی گیانیان ١٦٠ کوژرا دەبێت، بەڵام میسرییەکان لە شوێنەکەی خۆیانەوە بوار نادەن پیاوەکانی پاشایەتی لە چیاکانی باکوور و لە خۆرهەڵاتی سەنعاوە کۆمەکیان بگاتێ.

لە ڕۆژی ١٢ی یونیۆ چوار هەزار سەربازی پیادەیی میسری بە پشتیوانی سوپای کۆماری و گیانفیداییەکانی عەدەن هێرش دەکەنە سەر شاری بیت عداقە، کە دەکەوێتە ٣٠ میل خۆرهەڵاتی سەنعا، لەوێ بەرەیەکی پاشایەتی بە سەرکردایەتی ئەمیر عەبدوڵا لەسەر ڕێگای ئەلحودیدە بەرەو حجە ساز بوو، میسرییەکان لەماوەی دوو ڕۆژدا پێشڕەوی دەکەن و ١٢ میلیش دەچنە پێشەوە، ئینجا سوپاکەی پاشایەکی دەست دەکاتەوە و بەرپەرچییان دەداتەوە. کە تێدا ٢٥٠ کەسیان لێ دەکوژرێت، بۆیە کۆمارییەکان بەرەو شاری سودەش کە نزیکەی ١٠٠ میل لە خۆرئاوای سەنعا پێشڕەوی دەکەن، لەوێ هەست دەکەن سەرۆك عەشیرەتەکان دڵسۆزییان بۆ ئەمیر کەمە، بۆیە بەئاسانی دەیانکڕن و بەئاسانی دەگەنە ناو شارەکە، بەڵام پاش مانگێك سەرۆك عەشیرەتەکان داوای لێبووردن لە ئەمیر بەدر دەکەن و داوای لێ دەکەن بە پارە و بە چەك پشتیوانیان بکەن، تا شەڕی سوپا میسرییەکەی ناو شارەکەیان بکەن، بۆیەش ئەمیر سوپایەك ساز دەکەن بۆ گرتنەوەی شارەکە و ناوچەکە، لەوەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن بەڵام شارەکەیان پێ ناگیرێتەوە.

لە ڕۆژی ١٥ مانگی ئۆگستی میسرییەکان لە بنکەکەی باکووری خۆرئاواییە سەرەکییەکانیانەوە لە حەرز کە ژمارەیان هەزار سەرباز و لەگەڵ دوو هەزار سەربازی کۆمارییەکان هێرشێك دەکەنە سەر ڕێگایە شاخاوییەکەی کە درێژاییەکەی ٣٥ میل بوو، کە خویەی سەر سنووری سعوودیە و

بارەگای سەرکردایەتی بەدر لە چیای قارە بەیەك دەبەستێتەوە، بەرنامەکە بەپێی گێڕانەوەی موخابەراتی بریتانی وا بووە، هێزەکان دەبنە دوو بەش، یەکێکیان بەرەو خۆرهەڵات واتە بەرەو سەرکردایەتی هێزەکانی بەدر، دووەمیان بەرەو باکووری خۆرهەڵاتی ڕێگایە شاخاوییەکە بەرەو سنووری سعوودیەی بن چیاکانی رازح بووە. میسرییەکان لە بەیانی ڕۆژی شەممەدا لەناو کەند و بێشەڵانەکانی حرز و تعشر دەڕۆن، لەوڕۆژە و لە ڕۆژی دوایی بارانێکی زۆر دەبارێت، بۆیە بیست دەبابە و ٤٠ زرێپۆشەکانیان لەناو قووڕ و زەلکاودا دەچەقێت، هەتا بەیانییەکەی ڕۆژی دووشەممە هێزەکانی پاشایەتی هێرشیان ناکەنە سەر، بۆیە بەدر لە بارەگەکەییەوە لەگەڵ هەزار چەکدارەوە لە دەربەندی تعشرەوە و ئەمیر عەبدوڵاش لە کەندەکەی حرزەوە هێرشیان دەکەنە سەر.

میسرییەکان بە پشتتیوانی شیخ عەشیرەتێك لە سەعدەوە بەرەو باشووری خۆرئاوا و لەبن چیای رازح بۆ گەیشتن بە هێزەکانیان لە حرز بەڕێدەکەون، کە ژمارەیان ٢٥٠ چەتروانی میسری بوو، بەڵام شێخەکە پێشوازی لە چەترونییەکان ناکات، بۆیەش سوپاکە دەگەڕێتەوە سەعدە و بە قەناسی پاشایەتیش ژمارەیەکیان دەکوژرێن، ئەمیر بەدر بانگەواز دەکات و بروسکە رەوانەی هەموو دۆستەکانی لەناو وڵاتدا دەکات تا پشتیوانی بکەن، داواش دەکات لە ناوچەی جواف ئەو هێزی مەشقیان دەکرد بگەنە لایان، پاش ٤٨ سەعات هێزێك بەپشتیوانی تۆپەوە بە لۆری دەگەنە لایان، بەیەکەوە لە هێزە میسرییە چەقیوەکەی ناو قووڕەکە دەدەن، هێزەکانی پاشایەتی دوو هێرش دەکەن، یەکێکیان بۆ سەر جهینە و ژمارەیەك لە ئەفسەرانی ئەرکان دەکوژن، دووەم هێرشیان بۆردومانی سەنعا دەکەن کە لەسەر لوتکەی شاخە نزیکەکان بوون. لەو شەڕانە چەند پسپۆڕێکی بریتانی و بەکرێگیراوانی فەرەنسی و بەلژیکی بەشدارییان دەکەن، بەیەکەوە هێرش لەناکاو دەکەنە سەر فڕۆکە و دبابە میسرییەکانی ناو فڕۆکەخانەکەی باشووری سەنعا، هەروەها بە قازیفەی مورتر هێرش دەکەنە سەر سەربازگەی میسری و کۆمارییەکان لە تەعز. ئەگەرچی میسرییەکان دەتوانن هێزەکانی بەدر لە بارەگای سەرکردایەتییەکەیان لەناو ئەشکەوتەکان دەرپەڕێنن، بەڵام ناتوانن ڕێگا سەرەکییەکی سەر سنووری سعوودیە دابخەن، لە ئێستگە و ڕۆژنامەکاندا سەرکەوتنی خۆیان بڵاودەکەنەوە، بەڵام ناچار دەبن ئاگربەسەکەی کە لە کۆنگرەی ئارکویت لە سودان لە ڕۆژی ٢ ی نۆڤمبەر دانوستانی لەسەر کرابوو مۆر بکەن.

**له مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٤ جەمال عەبدولناسر و مەلیك فەیسەڵ لە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە ئەسکەندریە کۆدەبنەوە، بەڵام هێشتا نزیکەی ٤٠ هەزار سەربازی میسری و دە هەزاری سەربازی تریش لە یەمەن مابوون، لە دوا بەیانی کۆنگرەکەدا سەبارەت بە شۆڕشەکەی یەمەندا بڵاودەکەنەوە، کەوا کۆشش بکەن هەموو ناکۆکییەکانی لایەنە یەمەنییەکان چارەسەر بکەن، کۆششیش بکەن هەموو رووداوەکانی چەکداری و کوشتیارەکانیان لە یەمەن راگرن، هەموو کێشەکانیان ئاشتیانە چارەسەر بکەن.**

**لە رۆژی ٢ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٦٤ کۆنگرەیەکی نهێنی لە ئارکویت لە سودان دەبەسترێت، لایەنە شەڕکەرەکان بڕیار دەدەن سەعات یەکی پاش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممەی رێکەوتی ٨ ی نۆڤمبەر رابگرن، هەردوولاش دانوستانی چڕوپڕ دەکەن، کە نوێنەرانی میسری و سعوودییش وەك چاودێر بەشداری دەکەن، تێدا بڕیاردەدەن بە ئامادەبوونی سەرۆك عەشیرەتەکان لە رۆژی ٢٣ ی نۆڤمبەر کۆنگرەیەك بکەن، ئەو کۆنگرەیەش دەبێتە ناوکی ئەنجومەنی نوێنەران، کە کاربکەن لیژنەی کارگێڕی کاتی دامەزرێنن و هەرلایەنە دوو کەس و یەکێکی بێلایەنیش دابنێن، ئەوانەش بە شێوەیەکی کاتی حوکمی وڵات بکەن، تا ریفرۆمێك بۆ دەستنیشانکردنی کارگێڕییەکی پاشایەتی یان کۆماری ساز بکەن، بڕیار دێتە وەرگرتن، کەوا ئەلسلال و بەدر هیچ پۆستێکی رەسمییان نەبێت. محەمەد ئەحمەد نعمان کە لەلایەن ئەلسلالەوە کرابووە سەرۆك وەزیران داوا دەکات، پرۆسەیەکی ئاشتەوایی لەناو هەموو عەشیرەتەکان بکرێت، داواکەی ئەو لە رادیۆی سەنعا بڵاودەبێتەوە کە داوای کردبووو، ئاشتی لە پێناوی میللەتی یەمەندا بەرقرار بێت، هەروەها وتبووی کەوا ئەو سەرۆکایەتی کۆمارییەکان لە کۆنگرەکە دەکات و ئەلسلالیش لە سەنعا دەمێنێتەوە تا ئیمام بدر ئیقناع بکات بەشداری ئەو کۆنگرەیە بکات. بەڵام نە ئیمام بدر و نە کەس لەسەرکردە دیارەکانی بەشداری ناکەن، بەڵام هەندێ لە سەرۆك عەشیرەتە دیارەکانی هەوادارانی پاشایەتی بەشدار دەبن، لەو کۆنگرەیەدا پێنج سەرۆك عەشیرەت و چوار زانای ئاینی لە لیژنەی کۆششکار بۆ ئاشتەوایی دادەنرێن، عەبدولناسریش لەلایەن خۆیەوە پیرۆزبایی لەو کۆنگرەیە دەکات، ئەوەش بە بوارێکی باش دەزانێت تا هێزە میسرییەکان لە یەمەن بکشێنەوە، ئەو لە رادیۆی قاهیرەدا وتبووی :**

**ئەوەیان کازیوەیەکە لەسەردەمێکی نوێ .**

**ئەلسلالیش لەلایەن خۆیەوە وتبووی ئەو هەنگاوە بوارێکی سەرکەوتووانەیە، لەلایەن بەرەی پاشایەتییشەوە بدر وتبووی :**

**پێویستە ئەو جەنگەی وڵاتە شیرینەکەمانی وێران کردبوو بنبڕ بکرێت و دانوستانی ئاشتییانە هەموو کێشەکانی ناو یەمەن چارەسەر بکات.**

**لوتکەکەی جەدە**

**لەپاش ساڵی ١٩٥٦ کە جەمال عەبدوڵناسر بۆ حەج سەردانی سعوودیە دەکات و لەو حەجەدا پاشا سعوودی کوڕی عەبدولعزیز دەبینێت، لە ڕۆژی ٢٢ ی مانگی ئۆگستی ١٩٦٥ بە کەشتی ئازادی عەبدوڵناسر دەگاتە جەدە و لەوێ مەلیك فەیسەڵ دەبینێت، ئەویش بەگەرمی پێشوازی دەکات لە ماوەی ٤٨ سەعاتدا هەردوولا ڕێکەوتنیك مۆردەکەن و کە ئەویش کورتەی کۆنووسەکەیە:**

**سوپای میسرییەکان لە ماوەی دە مانگ لە یەمەن بکشێنەوە، سعوودییەکان هەموو یارمەتییەکانیان بۆ پاشایەتی یەمەن رابگرن، دوو ئەنجومەنی یەمەنی لە پەنجا ئەندام پێکبهێنن و تێدا نوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدا بێت، ئەوانەش کار بکەن حکومەتێکی کاتی سازبکەن کە کاربکەن لە ماوەی یەك ساڵدا بۆ دیارکردنی ئایندەی یەمەن ریفراندۆم بکەن. لە ڕۆژی ٢٣ ی مانگی نۆڤمبەر هەردوولایەنی پاشایەتی و کۆماری لە حرز کۆدەبنەوە، ئەوەش یەکەم خالی سەرەتات دانانی ناوی دەوڵەتە کاتییەکە بوو، کە بڕیاربوو کاتی ریفراندۆمە گشتییەکە دیاربکەن، هەردوولا رامانی خۆیان لەسەر چۆنیەتی دەوڵەتەکە رادەگەێنن، پاشایەتی داوا دەکەن سیستەمی وڵاتەکە پاشایەتی بێت، کۆمارییەکانیش داوای کۆماری یەمەن دەکەن، کاتی ریفراندۆمەکەش هەتا پاش رەمەزان دوا دەکەن، کە یەك هەفتەی مابوو .**

که دوو سەربازی خۆی دەیانەوێ ئەلسلال بکوژن، کەسایەتی ئەو بەرتەسك دەبێتەوە، بۆیەش ئەو چەند سەربازێکی میسری وەك پاسەوان دیار دەکات، بڕیار دەدات بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش عەبدولقادر ئەلخەتەری و وەزیری ناوخۆ ئەلئەهنومی بگیرێن، پۆلیسیش تەقە لەو خۆپیشاندەرەکان دەکات، کە بەرهەڵستی دەکەن لە هاتنی لیژنەی عەرەبی ئاشتەوایی بۆ یەمەن ساز کرابوو، ئەلسلال حکومەتیش هەڵدەوەشێنێتەوە، حکومەتێکی نوێ پێکدەهێنێت کە سێ وەزارەتە گرینگەکان دەداتە ئەفسەرەکان، خۆشی پۆستی وەزارەتی بەرگری و دەرەوە دەگرێتە ئەستۆ. لە میسریش بە فەرمانی جەمال عەبدولناسر سێ سەرکردەی کۆمارەکان لە ماوەی ساڵێك زۆرتر گیرابوون ئازاد دەکات، ئەوانەش بە تومەتی دانوستانکردن لەگەڵ پاشایەتییدا گیرابوون، ئەوانیش قازی عەبدولرەحمان ئەریانی و ئەحمەد محمەد نعمان و حەسەن ئەلعمری بوون. کە ئەلسلال لە سەرەتای مانگی نۆڤمبەردا سەردانی قاهیرە دەکات، لەوێ عەبدولناسر ئامۆژگاری دەکات دەست لە پۆستەکانییدا بکێشێتەوە و روو لە تاراوگە بکات، بەڵام ئەلسلال گوێ لە ئامۆژگارییەکانی جەمال ناگرێت، بۆیە بۆ پشتیوانی روو لە بەعسییەکانی بەغدا دەکات، بۆیەش عەبدولناسر فەرمان بە سوپاکەی لە یەمەن دەدات ئەگەر کودەتایەك دژ بە ئەلسلال کرا یارمەتی نەدەن، بۆیەش لە رۆژی ٥ ی مانگی نۆڤمبەر کودەتاکە دەکرێت .

لەساڵی ١٩٦٧ هێزە میسرییەکان لە سێگۆشەی ئەلحودیدە تەعز و سەنعا دەمینێتەوە، بەڵام هێزە ئاسمانییەکانی بوردومانی سوپاکەی ئیمامی دەکرد، بەڵام لە مانگی ئۆگستییدا عەبدولناسر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلەنەی لەناو سوپاکەی ئەو، کە لەپاش شەڕەکانی دژ بە ئیسرائیل پەیدا دەبێت فەرمان دەدات پازدە هەزار سەرباز لە یەمەن بکێشێتەوە، لە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە خەرتووم میسر بڕیار دەدات هێزەکانی لە یەمەن بکێشێتەوە، وەزیری دەرەوەی میسریش مەحمود ریاز پێشنیار دەکات رێکەوتنەکەی جەدەی ساڵی ١٩٦٥ زیندوو بکەنەوە، بدریش بەڵێن دەدات بۆ پشتیوانیکردنی میسرییەکان دژ بە ئیسرائیل سوپایەك رەوانەی میسر بکات، عەبدولناسر و مەلیك فەیسەڵیش رێکەوتنێك بۆ کشانەوەی هێزە میسرییەکە لە یەمەن مۆر دەکەن، سعوودییەکانیش چیتر یارمەتی پاشایەتی یەمەن نەدەن، لە وڵاتانی عیراق و سودان و مەغریب چاودێری عەرەبی لە یەمەن دابنێنن .

له ئەنجامی شەڕەکەی ساڵی ١٩٦٧ و کشانەوەی هێزە میسرییەکە لە یەمەن باری کۆمارییەکان لە یەمەن لار دەکات، چونکە میسرییەکان چەك قوورسەکانیان دەبنەوە، کە ئەلسلالیش لە بەغدا دەبێت کودەتایەکی لەسەر دەکەن و کەمبوونەوەی کۆمەك و یارمەتییەکانی دەرەکی رەوشی کۆمارییەکان شپرزە دەکات. هێزەکانی پاشایەتی ماوەی حەفتا رۆژ سەنعا گەمارۆ دەدەن، بەڵام هەر کۆمارییەکان سەردەکەون، ئەویش پاش ئەوە دێت کە مەملەکەتی سعوودیە دان بە کۆماری یەمەنی دەنێت، لەساڵی ١٩٧١ تەواوی هێزە میسرییەکانیش لە یەمەن دەکشێنەوە، دەرچوونی بریتانییەکانی لە یەکێتی باشووری عەرەبی لەساڵی ١٩٦٧ بوارساز بوو کۆمارییەکان سەربکەون، بەپێی ئامارەکانی میسری ژمارەی قوربانییەکانی میسری لە یەمەن گەیشتووتە ١٥١٩٤ میسری و سەربازەکانی پاشاییەتیش دەگاتە نزیکەی ٤٠ هەزار سەربازیان لی کوژرابوو.

## بابەتی پێنجەم

## شۆڕشی رووسی

نووسینی حەسەن حافیز

## شۆڕشی رووسی

ئەگەر پرسیار لە مەزنترین و گەورەترین رووداوی سەدەی بیستەم بکەیت، بێگومان شۆڕشی رووسییەکە شیاوی باسە کە بەلشەفییە مارکسییەکانی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا هێنایە سەر

دەسەڵات، ئەوەش بە مەزنییەکەی هاوشانی رووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە کۆتایی سەدەی بیستەمە .

ئەو شۆڕشە کاردانەوەکەی گەیشتبووە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە بەرینەدا، کاریگەری راستەوخۆشی هەبووە، ئەو شۆڕشەش بوو وڵاتێکی زلهێزی وەك یەکێتی سۆڤیەتی پەیداکرد، ئەوانە بوون کە هیتلەریان لەناو بەفرە دژوارەکانی رووسییدا خنکاند، هەر ئەوانەش بوون پشتیوانییان لە بزاڤە شۆڕشگێڕییەکانی جیهانی سێیەم دەکرد، شەڕە ساردەکەش بە پەیدابوونی ئەو جەمسەرە درێژی کێشا. ئەو شۆڕشە بوو ئەو خەونەی بەرنامەڕێژ دەکرد کە جیاوازییەکانی نێوان چینی دەوڵەمەند و هەژارەکان نامێڵێت، ئەگەرچی سەرکردایەتی سۆڤیەت لە بەرنامەکانی شۆڕشی پرولیتارياش لایان دابوو، بەڵام هەر ئەزموونێکی ناوازە بوو، لە شۆڕشەکانی جیهان و نمونەیەکە باسی دەکرێت و ناوی زیندووە .

رەوشی رووسیای قەیسەری لە سەدەی نۆزدە بەرەو ئاڵۆزی و ناڵەباری دەڕۆیشت، جوتیارەکان ژیانیان مەرگەسات بوو، برسیەتی ناونیشان و هاوڕێیەتی مردنی دەکرد، زۆربەی خێزانەکان لەناو ژوورێك یان کوخێکدا دەژیان، سەرما هەراسانی کردبوون و گەرم نەدەبونەوە، خواردنیان نانی وشك بوو ئەوەی دەستی کەوتبوایە، لە زۆربەی ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی رووسی جوتیارەکان تێر نان نەبوون، کرێکاری شارەکانیش ببوونە کوێلەی گەورەکانیان و لە پەراوێزی ژیاندا دەژیان. هاوڵاتی رووسی سادە تەنها ئەوەی مابوو لە خودا داوا بکات مەرگی پێ ببەخشێت و لەو رژێمە دەربازی بێت کە پیاوانی کۆشك و دەسەڵاتدارەکان هەموو پێداویستییەکانی ژیانیان مسۆگەرە، جوتیارەکانیش هیوایان وابوو، وەك ئاژەڵ سەیریان بکەن چونکە ئەوان مافەکانیان باشتر پارێزراو بوو .

قەیسەرەکان وەك هەموو دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان وایاندەزانی بوونی کەمترین بواری دیموکراسی وەك ئەوروپای هاوسێیان وڵاتەکەیان بەرەو ئاژاوە و رووخان و کەلاوەیی دەبات، ئەوەش لە هەموو شوێنێك و زەمانێك بیانووی دەسەڵاتدارە زۆردارەکان بووە، بۆیەش ئاسایی بوو کە ئەنجومەنی وەزیران تەنها دەستەیەکی راوێژکاری بوو، یان راستتر بڵێین ئەنجومەنێك بوو تەنها بۆ قسەکردن و هیچ کارێکیان نەبوو.

لەو رەوشەدا قەیسەر لەبەر رۆشنایی دەسەڵاتی خودایی پاشایەتی حوکمی وڵاتەکەی بە سیستەمە کۆنەکان سەربەستانە بەڕێوە دەبرد، ئەو سیستەمەش تاکە رژێم بوو لە ئەوروپا نەگۆڕابوو، بنەماڵەی رومانۆف لەساڵی ١٤٩٤ بە زەبری ئیڤانی خوێنرێژ و پوترس و کاترینی مەزن بەڕێوە دەچوو، بنەماڵەی رومانۆف دەسەڵاتیان توندتر دەکەن، کە هێز و زەبرەکەیان لە پاشماوەی دەوڵەتی رۆمانی و بیزنتی وەردەگرن و خۆیان پاش رووخانی قستەنتینیە بە زەبری عوسمانییەکان، لەساڵی ١٤٥٣ دەکەنە پارێزەری یەکەمی مەزهەبی ئەرپوزکس، بۆیەش هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و دنیایی لە کەسایەتی قەیسەر کۆدەکەنەوە و ئەنجومەنی وەزیران وەك پارچەیەك دیکۆر دادەنێت و قەیسەریش دەتوانێت بەئاسانی دووری بخاتەوە، ئەوەش زۆرجار روویداوە .

لەودەمانەی میللەتانی ئەوروپی لە زەبری دەسەڵاتی توندکاری پاشاکان بە هەڵگیرسانی شۆرشە دەستوورییەکان دەربازیان ببوو، قەیسەرە رووسییەکان زۆرتر پێیان توندتر دەکرد و روشنگەرییەکانی شۆرشەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی هیچ کارێکی لە دەسەڵاتەکەی ئەوان نەکردبوو، رەوتە نەتەوەییەکان کە لە ئیتاڵیاوە بەرەو ئەڵمانیاش هەنگاوی دەنا و ریفۆرمەکان گەشەی دەکرد، قەیسەرەکان بێ باکانە و بی ئاگایانە خۆیان مات کردبوو، یان لە پەنا شاخە بەرفرینەکانیان خۆیان حەشار دەدا، بۆیەش بیریان دەکردەوە زۆرتر بەرەو کەنارەکانی بەلتیك و دەریای ناوەڕاستیش بچن، چونکە زووتر نیازی خۆرئاوایان تاقی کردبووە، بەڵام بریتانی مەزن و ئەڵمانیا بەرگری توندیان کردبوو و ورچە رووسییەکەیان ترساندبوو، بەڵام قەیسەرەکان لەناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێنابوو، ئەگەرچی ئوستووڵی رووسی دەگاتە ناو دەریای ناوەڕاست، بەڵام بوونی ئوستووڵە بریتانییەکە کە بەزۆری لەناو ئاوەکانی ناوەڕاستدا بڵاوبیبونەوە دەیانشکێنن، بۆیەش ئەگەرچی ئەوان سوپایەکی مەزنیان هەبوو، لەناو سنووری خۆیاندا گلینلیان دەدا، لەبەر خەیاڵی داگیرکردن قەیسەرەکان بیریان لەوە نەدەکردەوە وەك ئەوروپییەکان بیر لە گەشەی پیشەسازی بکەنەوە، بەردەوام سێبەرەکەی سیستەمی دەرەبەگییەکە لەسەر ئابووری وڵاتدا باڵی کێشابوو، بۆیەش جوتیارەکان وەك کوێلە ئازار و ئەشکەنجەیان لەناو کێڵگەکان دەخوارد، گەشەی پێشەسازییش بە شێوەیەکی شەرمنانە و

بەکەمی و بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی چینە دەوڵەمەندەکە و ماڵە دەسەڵاتدارەکان دەردەکەوت.

## مارکس

لەناو ئەو بازنە تاریکە و سستبووندا لە رووسیا هەندێ تیرۆژی هزرە ئەوروپییەکان دیاربوون، ئەوانە داوای ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتییان دەکرد، لە هەموویان گەشتر و روونتر لە ناوەندی سەدەی نۆزدەم گەیشتنی هزری فەیلسوفی گەورەی ئەڵمان کارل مارکس بوو، لەودەمانە مارکس (١٨١٨_١٨٨٣) لەگەڵ فریدریك ئەنجلزی هاوڕێی بناغەی سۆسیالیستی زانستی دادەرێژن و ئەوەش پەرەپێدانی فەلسەفەکەی هیگل و هزرەکانی سۆسیالیستی میسالی بوون، ئەوانە هەردووکیان لە گەلاڵەکردنی ئەو رامانەدا بەیانی یەکەمی شیوعی لەساڵی ١٨٤٥ لێ دەکەوێتەوە، کە تێدا بانگێشتی ئەوەیان کردبوو کەوا گەشەی جیهانی نەتەوەکان لەگەڵ ململانێی چینەکان دەبێت کە تێدا پرۆلیتاریای کرێکاری زۆرینەیە، لە بەیانەکەدا هاتووە کەوا بەو گۆڕانە کۆمەڵگا دەوکەوێتە ناو کەشێکی برایەتی و یەکسانی و هەموو جیاوازییەکانی ناو چینەکان نامینێت و بەیانەکەش دروشمی ئەی کرێکارانی جیهان یەکبگرن بڵاودەکاتەوە و داواکارە شۆرش بەسەر چینە برژەواکە بکەن ئەوانەی چینە کرێکارییەکە بە سیستەمێکی سەرمایەداری دەچەوسێنەوە.

مارکس هزری وا بوو کەوا کۆمەڵگە سەرمایەدارییە گەورەکانی وەك بریتانیا و ئەمریکا دەتوانن هەنگاو بنێن بەرەو ئیشتراکیەت، ئەو رامانەش بەخێرایی دەگاتە رووسیا، ئەگەرچی مارکس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد شۆرشێك هەڵگیرسێت، بەڵام هزرەکەی ئەو لەو وڵاتە تەشەنەی دەکرد، لە ئیشتراکییە رووسەکانیش رازی نەبوو، بۆیەش لە نامەیەکدا کە بۆ ئەنجلزی رەوانە کردبوو، نووسیبووی: من بڕوا بە رووسەکان ناکەم، پێش ئەوەی رووسەکان هەڵسنەوە دەرگای دۆزەخیان بۆ دەکرێتەوە، چونکە ئەوان لەسەرخۆ پێشدەکەون. ئەو وایدەزانی هێشتا زۆر ماوە رووسەکان

پەیڕەوی سیستەمی سوسیالیستی بکەن. لەبەرئەوەی ئەمریکا و بریتانیا دوو وڵاتی پیشەسازی دیار و گەورە بوون، بۆیە مارکس هەستی دەکرد لەو دوو وڵاتە زووتر چینە کرێکارە هوشیارەکەیان رادەپەڕن و شۆڕش لەسەر سەرمایەدارییەکە دەکەن .

لە رووسیا رۆماننووسی رووسی تورجانیف مەزهەبی عەدەمیەت دادەهێنێت و لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەم وەك مەزهەبێك لەناو چینە هەستیارە شۆڕشگێرەکە بڵاودەبێتەوە کە بانگێشتی لە سێدارەدانی هەموو دەزگا و دەسەڵاتەکانی دەکرد، لەودەمانەش چینە کرێکارە خوێندەوارەکە هاوشانی جوتیارەکە دەجولانەوە و بزاڤێکیان بە ناوی نارودنیك دامەزراند کە پلانی شۆڕشیان هەبوو، بە تایبەتی لەناو جوتیارەکان کە زۆرتر ئارەزووی دەسەڵاتی کۆمەڵەییان تێدابوو، بەوەش دەتوانن رووسیایەکی نوێ دامەزرێنن، ئیتر لەسەر دەستی پیتر تکاتشڤ بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی شیوعیەت لەسەر بنچینە توباوییە میسالییەکە پەیدا دەبێت. لەساڵی ١٨٨٣ ئەو ساڵەی تێدا مارکس دەمرێت، جۆرج فالانتینوفتش لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێیەکانی لە شاری ژەنێفی سویسری حزبی رزگاریی کرێکاری دادەمەزرێنێت، ئەوەش یەکەم حزبی مارکسی بوو لە مێژووی رووسیا، بلیخانۆڤ بڕوای وابوو کەوا ئەگەری شۆڕش لەبار دەبێت ئەگەر رووسیا ببێتە وڵاتێکی پیشەسازی و تێدا چینی پرۆلیتاریای پەیدا دەبێت و ئەوەش کاکلی هزری کارل مارکس بوو. ئیتر دوو بۆچوونی شۆڕشگێرانە لە گۆڕەپانەکە دەخەملین، یەکەمیان بۆچوونەکەی بلیخانۆڤ و مارکسییەکان کە وایاندەزانی شۆڕش تەنها بە کرێکارە زەحمەتکێشەکە دەکرێت، بەڵام نارودنیك وایدەزانی کەوا دەبێ شۆڕشەکە دەبێ پشتیوانی لە جوتیارەکانەوە وەربگرێت، ئەو ناکۆکییەش دوایی دەردەکەوێت.

بلیخانۆڤ هاوڕێیەکانی کۆدەکاتەوە و مارکسییەکان لەناو رووسیا یەك دەخات و لە کۆنگرەی منسك لەساڵی ١٨٩٨ ناو لە خۆیان دەنێن حزبی ئیشتراکی دیموکراسی، حزبەکەی نارودنیکیش ناوی دەبێت بە حزبی شۆڕشگێری ئیشتراکی، هەردوو رەوتەکە لە سەدەی بیستەم دەبنە رەوتە شۆڕشگێرەکەی ناو وڵات. بلیخانۆڤ کەشەکە بۆ ئەو پاڵەوانەی دوایی دەردەکەوێت ساز دەکات، ئەو هەموو بەرەکانی حزبەکەی لە شاری بروکسل لەساڵی ١٩٠٣ کۆدەکاتەوە، کۆششێکی

بەرنامەسازی ئازایانە بەڕێوە دەبات، بەڵام هەتا فلادیمیر ئولیانۆڤ کە دوایی دەبێتە لینین دەردەکەوێت، ئەو دەکەوێتە سێبەرەوە.

## لینین

فلادیمیر ئولیانۆڤ کە نازناوەکەی لینین بوو لە شاری سیمبرسک کە دوایی ناویان ناو ئولیا نوفسك، ئەوەش ناوی یەکەمی لینین بوو، لە رۆژی ٢٢ ی ئەپریلی ساڵی ١٨٧٠ لە بنەماڵەیەکی بیروکراتی گوزەران باش لەدایکبووە، ئەویش وەك گەنجە خوێندەوارەکانی رۆژگارەکە لە رەوشەکە ناو رووسیا نیگەران بوون، بەڵام کە برا گەورەکەی ئەوەی لە پلانی کوشتنی قەیسەرە زۆردارەکە ئەلکسندرای سێیەم بەشداری دەکات، دەگیرێت و لەگەڵ دەستەیەك لەوانە بە فەرمانی ئەلکسندرا لە رۆژی ٢٠ ی مایوی ساڵی ١٨٨٧ لە سێدارە دەدرێت. ئەو رووداوە کارێکی زۆر کارەساتباری لەسەر ئەو خێزانە دەکات، باوکی تووشی خوێنپرژێنی مێشك دەبێت و دەمرێت، ژنەکە لەناو خەم و لە ترسی دوارۆژی مناڵەکانی داماوانە دەژیت، بەڵام لینین بڕیاری خۆی دەدات و بەیەکجاری دەچێتە ناو رێکخستنە چەپەکان و بەجۆشەوە دەکەوێتە خەبات و کۆشش، بۆیەش لە کۆلێژی مافەکەش دەردەکرێت، بەڵام دایکی لە دەسەڵاتدارەکان دەپاڕێتەوە تا کوڕەکەی لە خوێندن وەربگرنەوە، بۆیەش ئەو زیرەکانە خوێندنەکەی بە یەك ساڵ تەواو دەکات و لەساڵی ١٨٩٣ خوێندنەکەی تەواو دەکات و دەست بە کاری پارێزەریی دەکات و لەگەڵ کروبسکایا ئەوەی پاشان دەبێتە هاوسەری ئیش دەکات، بە بیانووی هەوکردنی سییەکان و بۆ چارەسەری لینین بوار وەردەگرێت لەساڵی ١٨٩٥ لە وڵات دەچێتە دەرەوە، تا لەوێ سومبڵە رووسە چەپەکان بدۆزێتەوە، ماوەی چوار مانگ لە ئەورووپا دەسوڕێتەوە لەوانە بلیخانۆڤ لە ژەنێڤ دەدۆزێتەوە. کە لینین دەگەڕێتەوە رووسیا چالاکانە دەکەوێتە سەر کاری سیاسی، لەوێ حزبێکی نهێنی بە ناوی خەبات بۆ رزگارکردنی چینی کرێکاران دادەمەزرێنێت، ئینجا بۆ پەیداکردن و کۆکردنەوەی خەڵکەکە و هاندانیان بۆ مانگرتن لە شارەکاندا دەسوڕێتەوە، بەڵام دەکەوێتە دەست

پۆلیس و دەگیرێت و ماوەی چواردە مانگ لە زیندان دەمینێتەوە، پاشان وەك دوورخراوەیەك دەگوازرێتەوە زیندانەکانی سیبیریا و کە تێدا سێ ساڵ لەوێ دەمینێتەوە، لەودەمانە ئەوێ ببووە سەکۆیەکی کراوەی چەپەکان. لەوێ لینین خەریکی راو و مەلەوانی و سەردانی برادەران دەبێت، بەردەوامیش دەخوێنێتەوە، کە کیژە هاوڕێیەکەی کروبسکایاش دووردەخرێتەوە لەوێ بەیەکەوە پرۆسەی هاوسەرگیری پێکدەهێنن، لەوێش لینین کاتە زۆرەکانی بە نووسین و وەرگێڕان بەسەر دەبات و هەر لەوێش کتێبە ناوازەکەی گەشەی سەرمایەداری لە رووسیا دەنووسێت.

## شۆرشی ١٩٠٥

لینین لەساڵی ١٩٠٠ ئازاد دەکرێت و سەرقاڵی دەکردنی رۆژنامەی ئاسکرای شۆرشگێری دەبێت، بۆ دیتنی هاوڕێیە کۆنەکانی دەچێتە ژەنێڤ، لەوێ هاوڕێیەکان لەسەر سەرنووسەری رۆژنامەیەکەیان ناکۆکییان دەکەوێتە ناو، دەرئەنجام دەستەیەك لە لەنێوان بلیخانۆڤ و زاسولیخ و ئاکسلرود و مارکسییە کۆنەکان و لینین و پترۆسۆڤ و مارتۆڤی مارکسییەکان نوێیەکان پێکدێت. لەبەرئەوەی ئەڵمانیا دژایەتی کۆنی لەگەڵ رووسیا هەبووە، بۆیە لینین ئەوێ دەکاتە بارەگای چالاکییە سیاسییەکانی و ژمارەی یەکەمی رۆژنامەکەیان ئاسکرا دەردەکات و بەنهێنی رۆژنامەکە دەگاتە ناو رووسیا، لەوێ ناو و سەرکەوتنێکی باش دەردەکات، کرێکارەکان ئەو رۆژنامەیە دەکەنە رێبازی بەرچاوی خۆیان و لینین دەبێتە ئەفسانەی زیندووی ناو شۆرشگێرەکان لەناو رووسیا، لەودەمانە لینین لەگەڵ هاوسەرەکەی لە لەندەن بەنهێنی دەژیا، لەوێ گەنجێکی پایەدار سەردانی دەکات کە پاشان بە تروتسکی دەناسرێت، لینین زۆر بە کەسایەتی ئەو کوڕە گەنجە سەرسام دەبێت، بۆیە دەیکاتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی ئاسکرا. بلیخانۆڤ داوای بەستنی کۆنگرەیەك دەکات لە بروکسل، لەوێ و لەو کۆنگرەیەدا کەسایەتی لینین زۆر باڵکێش دەردەکەوێت، لەوێ ئەو لینین بە دوو دەنگ زۆرتر کە پاشان ناویان دەبێت بە حزبی زۆرینە بەلشەفییەکان، بەرەی دووەمیش کە کەمینەکە بوون ناویان دەبێت بە مەنشەفییەکان، کۆنگرەش بڕیار دەدات حزبەکەیان حزبی دیموکراسی سوسیالیستی کە دەستەی ئاسکرا لەوانە لینین

سەرپەرشتی بکرێت. بەڵام پاش ماوەیەکی کەم کەمینەکان دەست بە سەر حزب و ڕۆژنامەکە دادەگرن، بۆیە لینین ناچار دەبێت ڕۆژنامەیەك بە ناوی فبرید بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتیان بەسەر حزبەکە و ڕۆژنامەکە دەربکەن، بەڵام لەودەمانە لەناو وڵاتدا گۆڕانێك ڕوودەدات کە کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی لینین و هاوڕێیەکانی دەبێت .

لە دەرئەنجامی شەڕەکەی ژاپۆنی ڕووسی ساڵانی ١٩٠٤ و ١٩٠٥ لەسەر دەسەڵاتداری لەسەر نیمچە دوورگەی کۆری ڕووخان و لاوازی ڕووسیا دەردەخات، چونکە شەڕەکە بریتی بوو لە ژمارەیەك شکان و هەرەسی سوپا و ئەستوولی ڕووسی بەرامبەر نەتەوەیەکی گچکە بە هەموو پێوانەکان، ئەگەرچی ئەمریکاش بۆ هەڵسانەوە و نەڕووخانی لایەنی ڕووسی دانوستانێك ساز دەکات و شەڕەکە کۆتایی پێ دێت، بەڵام ڕووسیا وەك لایەنێکی شکاوی مەیدانەکە لە هەموو بوارەکاندا دەردەکەوێت، بەڵام ڕووسیا وەك ناو و دەسەڵاتێکی مەزن هەموو شتەکان دەدۆڕێنێت و دەسەڵاتی قەیسەر لەناو وڵاتدا شل و سیس دەبێت، بۆیەش بزاڤە نیشتمانییەکە سیمای دەردەکەویت، زۆر بەخێرایی ڕەوشەکان وەك شۆڕشێکی ڕاستەقینە دەردەکەوێت، بۆیەش ئەو ڕەوشە بەخێرایی قەیسەر دەرووخێنێت.

### یەکشەممە خوێناوییەکە

ڕای گشتی لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دژایەتی دەسەڵاتە گەندەڵ و زۆردارەکەی قەیسەریان دەکرد، ئەگەرچی زووتر کرێکارەکانی کانەکانی سان پترسبۆرگ مانگرتنەکەیان سەری نەگرتبوو، بەڵام جۆرج جابونی باوك و سەرۆکی یەکێتی کرێکارەکانی کارگەکانی ڕووس داوا دەکات ڕێپێوانێك بۆ بەردەم کۆشکی قەیسەر ساز بکرێت و تێدا سکاڵایەك پێشکەش بکرێت، کە تێدا داواکاربوون کاتی ئیشکردنیان بکرێتە هەشت سەعات، بۆیە لە ڕۆژی ٢٢ ی ینایری نزیکەی ٢٠٠ هەزار کرێکار بە پێشەوایەتی باوك جابون بەرەو کۆشکە زستانییەکەی قەیسەر لە سان

پترسبۆرگ ڕێ دەکەن، کە قەیسەر زووتر لەو کۆشکە بەرەو کۆشکە زستانییەکەی لە شاری زاریسکوسیلو رایکردبوو، بۆیەش جارێکی تر نەگەڕایەوە ئەو ماڵەی.

پاسەوانەکانی کۆشکی قەیسەرییەکە بواریان نەدابوو ڕێپێوانەکە پێشڕەویی بکەن، بۆیەش تەقە لە خەڵکەکە دەکەن و تێدا ٥٠٠ کەس دەکوژن، بۆیەش لە ئەنجامی نەفانی حکومەتی قەیسەری، ئەوانەی لەو ئاگربارانە بەشدار ببوون و نەکوژرابوون دەبنە کەسانی شۆڕشگێر و جابونیش خۆی دەرباز دەکات و لە وڵات دەردەچێت، سەرکردە چەپەکانی رووس خۆیان لە پشت ئەو خەڵکە شۆڕشگێرە ڕێکدەخەن و سەرهەڵدانەکە سازتر دەکەن، کە تەنها تروتسکی کە تازە لە فەلەندا کە بەشێك بوو لە قەڵەمڕەویی ئیمپراتۆریەتییەکە دەگەڕێتەوە بەرەو بانگەوازی شۆڕشەکە دەچێت. ئیتر شۆڕشەکە دەگاتە پۆلۆنیا و ویلایەتەکانی بەلتیك و قوقاز، ئەو سەربازانەی بە شکاوی لەو شەرانە دەگەڕێنەوە ئەوانیش بەشداری شۆڕشەکە دەکەن، بۆیەش شارەکان دەگیرێن لەوانە مۆسکۆی کۆنە پایتەختەکەش، نوێنەرانی کرێکارانی کەرگەکانی سان پترسبۆرگ ئەنجومەنی سۆڤیەت دادەنێن بۆ کارگێڕی بەرنامە شۆڕشگێرەکان و دانانی سیاسەتە گشتییەکە، ئەوەش ببووە سۆڤیەتەکە کە لەلایەن مەنشفییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا. نیقۆلای دووەمی قەیسەر لەبەردەم ئەو رەوشەدا تەسلیم دەبێت و شۆڕشەکە هەموو رووسیا دەگرێتەوە و یەکەم دەستوور لە مێژووی خۆیاندا ساز دەکەن، رووسەکان دەبنە خاوەن یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراو دوما، بەڵام قەیسەر دەسەڵاتە لەرزۆکەی لەسەر سوپا و دەریاوانی و سیاسەتی دەرەوە و ناوەوە دەمینێت، بەڵام رووسەکان دڵیان بەو دیموکراسییە خۆش دەبێت، زۆریش ناخایێنێت کەوا هێزە شۆڕشگێرەکان لە دیسمبەری ساڵی ١٩٠٥ هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام رووسەکان و حزبەکان لەو ئەزموونە فێردەبن چۆن شۆڕش بەرپادەبێت و چۆن بەڕێوە دەچێت.

**هاوسەرەکەی نیقولای دووەم و کۆشکەکەی دەکەوێتە بن چەپۆکی راسپۆتین**

پاش شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٠٥ رووسیا بۆ یەکەمجار سیستەمێکی نیمچە دیموکراسی پەیڕەو دەکات، ناوی حکومەتیش بەباش باس دەکرێت، لە بواری پێشەسازییش گەشەسەندنێکیش هەستی پێ دەکرێت، لەولاشەوە رەوتە شۆڕشگێرەکانیش زۆرتر نمای دەکرد، چونکە بە نسکۆی شۆڕشەکە زەبری توندیان پێ کەوتبوو، بەڵام رەوتە دیموکراسییەکەی لە وڵاتدا هەستی پێ دەکرا ئەوەندە لاواز و سەرەتایی بوو قەیسەر دەیتوانی بەئاسانی پەکی بکات و بیروخێنێت، یەکەمجاریش ئەنجومەنی دوما لە مێژووی رووسیا یەکەم کۆبونەوەی لە مایوی ساڵی ١٩٠٦ لە سان پترسبۆرگ دەبەسترێت، بەڵام قەیسەر بیری لەوە نەدەکردەوە هیچ لە پێشنیارەکانی ئەنجومەنەکە بێتە واری جێبەجێ کردن. لەسەرەتای کۆبونەوەکە حکومەت لەگەڵ نوێنەرەکان رووبەڕوو دەبنەوە کە بە هەڵبژاردنی زەلال هەڵبژێردرابوون، بۆیەش قەیسەر ئەوەیان بە هەلدەزانێت و دەست لە کاروباری ئەنجومەنەکە وەردەدات و لە ٢٢ی یولیۆدا پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەگەرچی پەرلەمانتارەکان کۆشش دەکەن هاوڵاتیان بۆ رابوون و هەڵچوون هان بدەن، بەڵام خەڵکەکە لە ئەنجامی نسکۆکەی رابردوو بێدەنگی و ماتبوون هەڵدەبژێرن، بۆیەش پەیامەکانی پەرلەمانتارەکان بێ سوود دەبێت. دیار بوو رەوشەکان وەك جاران دەڕۆیشت و دووبارە قەیسەر دەست دەداتەوە توندکارییەکان و هەموو دەسکەوتەکانی شۆڕشەکە پوچەڵ دەبێتەوە، بەڵام دەرکەوتنی کەسایەتییەکی رووناکبیری وەك ستولیبین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەساڵی ١٩٠٦ دەبێتە تیرۆژی هیوایەك و دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم قەیسەر تا دوما لەناو نەبات، بە ناوبانگییە پاك و دڵسۆزییەکانی ناوێك دەردەکات .

ئەو پرۆژەیەکی چاکسازی لە بواری چاکسازی کشتوکاڵی رادەگەێنێت، بەوەش نیشایەکی چاکە لە رەوشی جوتیارە رووسییەکان پەیدا دەبێت، بۆیەش لینین لە چاکسازییەکانی ئەو پیاوە دەترسێت نەوەك هەستە شۆڕشگێرییەکان کپ بکاتەوە، بەڵام رەوتی منشفییەکان چاکسازییەکانی سەرۆك وەزیران بەباش ناو دەبەن، بەڵام قەدەر وا دەکات ئەو پیاوەی لینین مەبەستی بوو لەو بازنەیە دووربکەوێتەوە، رۆڵی نامینێت و دەکوژێتەوە، ئەویش بە فەرمانی قەیسەر ئەلکسندرا ئەوەش بە دەستی گەورەترین جادووگەری مێژوو راسپۆتین دەبێت.

## راسپۆتین

لەودەمانە قەیسەر نیکۆلای دووەم کە لەنێوان سالآنی (١٨٩٤_١٩١٧) فەرمانڕەوایەتی کردووە کەسێکی لاواز بوو، رەوشەکە و کێشە ئالۆزەکانی ناو وڵاتەکەی لەوە زۆرتر بوو ئەو بتوانێت دەرەقەتیان بێت، بۆیەش هەموو کارە ئالۆز و زەحمەتەکان دەداتە دەست راوێژکارەکانی بەئاشکرا لە نامەیەکدا کە بۆ میللەت دەخوێنێتەوە دەڵێت: ئەو خەون و بەرنامەیەی هەندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنە ناوخۆییەکان ئیشی بۆ دەکەن ئەنجامی نابێت و پووچەڵ دەبنەوە، من بەتوندی دەسەلآتەکەم گرتووە و پەیڕەوی تاکڕەوییش دەکەم و هەرگیزیش لەوەیان پاشگەز نابمەوە. بەلآم یەکێك لەو هەلە و نەفامییەی دووچاری قەیسەر دەبێتەوە کە هاوسەرە ئەڵمانەکەی ئەو ژنەی نە میللەت بە کۆشکیش خۆشیان نەدەویست دەکەوێتە بەر تەونی جادووگەری راهیبێکی گەوجی وەك راسپۆتین (جریجوری یافیموفتیش) ئەوەی توانی دەستی بگاتە کۆشك و پایتەختەکە و لەسالّی ١٩٠٥ هەتا کوشتنەکەی لە رۆژی ١٦ ی دیسمبەری سالّی ١٩١٦ راسپۆتین، ئەوەش وشەیەکی رووسییە و مانای بەدرەووشتە، کە دەتوانێت ئەمیری جێنشین ئەلکیسیس لە نەخۆشییەك چاك بکاتەوە و دەبێتە راوێژکاری تایبەتی قەیسەر و چەندین ئەزموونی موگناتیسی لەسەر دەکات .

بە عەقل و تێگەیشتنە نەفامییەکەی ئەو ژنە راسپۆتین دەتوانێت بگاتە ناو عەقلی نیکۆلای قەیسەر، کە داوای لیّ دەکات بۆ گەیشتن بە حالّەتی پاکبوونەوە و دوا قۆناخی دەربازبوون ئەو تاوان و هەلّەی سێکسی بکات، بۆیەش دەگاتە هەموو گۆشەکانی کۆشکەکە و تێدا جۆرەها بەدرەووشتی و داوێنپیسی تێدا دەکات. کە قەیسەر بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکانی جەنگی یەکەمی جیهان لە کۆشك دووردەکەوێتەوە، دەستی راسپۆتین لەلایەن ژنە قەیسەرەکە دەکرێتەوە دەست لە کاروباری کۆشك وەردەدات تا رادەیەك وەزیریش دادەمەزرێنێت و دووریان دەخاتەوە، هەموو پێوانەکانی لابردن و دامەزراندنەکانیش بەندبوو بەوەی ئەوانە چەند دڵسۆزی ئەو بوون و بەس، خەڵکە نەجیبزادەکانیش کەسایەتی ئەویان لە بەرجەستەبوونی شەیتان دەبینی، کەواتە شاری سان پترسبۆرگ دەکەوێتە بن دەستی شەیتانەکە و ناوی بە شاری شەیتانەکە دەناسرێت. بۆیەش کۆشش دەکەن بە هەر جۆرێك بێت ئەو پیاوە لەناوببەن، بۆیە کێکی ژەهراوی دەدەنیّ،

بەڵام هەموولایەك سەرسام و ئەبلەق دەبن كە ژەهرەكە كار لەو ناكات، چونكە ئەو زووتر خۆی لەوە راهێنابوو، ژەهری بەكارهێنابوو، بۆیە بەرگری تەواوی پەیدا كردبوو، بۆیەش نەیارەكانی بە گولله دەیكوژن و تەرمەكەی فڕێ دەدەنە ناو دەریا تا پاش دوو رۆژ ئینجا دەدۆزرێتەوە. ئەوەی جێگەی رامان بووە كەوا راسپۆتین بە چەند رۆژێك لە كوشتنەكەی نامەیەك بۆ قەیسەر دەنووسیت كەوا مردنی ئەو نزیك بووە، وتبووی من لە ئەنجامی پلانێكی ناو بنەماڵەی قەیسەر دەكوژرێم، هەروەها لە نامەكەدا وتبووی لە ماوەی دوو ساڵدا هەموو بنەماڵەكەتان بە دەستی میللەتی رووسی دەكوژرێن و دروست ئەوەش بەسەر بنەماڵەی رمانۆڤ دێت. راسپۆتین بە یەكێك لە كەسایەتییە شاراوەكانی مێژوو دەناسرێت، كە ژیانی تژییە لە ئەفسانە و جادووگەریی و درۆ، ئەو باش لاوازییەكانی كۆشكی زانیبوو، ئینجا ئەو میللەتەیان بەرەو بەرەكانی كوشتن دەبرد و میللەت لە نەهامەتییەكان دەژیا، بۆیەش ئەوەیان بە هۆكاری سەرەكی هەڵگیرسانی شۆرشەكە بوو كە دەسەڵاتدارەكانی لەناوبرد.

سەركردەیەكی بێ جەماوەر

كە قەیسەر ستولیبین لە كۆڵ خۆی دەكاتەوە دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتە تاكڕەوییەكەی خۆی، بڕیاریش دەدات دژایەتی جوولەكە رابگەێنێت، هەموو پۆست و كارەكان رادەستی خەڵكەكەی خۆی و كەسە گەندەڵ و یاوەرەكانی بكات كە بڕوای رەهای بە دەسەڵاتی ئەو هەیە و بەس، بۆیەش دووبارە ئەنجومەنی دوما هەڵدەوەشێنێتەوە. لە بەرەكەی تریش چیرۆكێكی تر لە ئارادا بوو، لینین لەناو رەوتە سوسیالیستەكان دەسەڵات و هزركەی كەمی دەهێنا، رەوتە بەلشفییەكان بەرامبەر منشفییەكان لاواز دەبوو، ئەوانەی داوای چاكسازییان دەكرد نەك شۆرش، ئەوەش لە كۆنگرەی ستۆكهۆلم لەساڵی ١٩٠٦ بە باشی باڵادەستی ریفۆرمخوازەكان دەردەكەوێت و شكستی لایەنی لینین دەبینرێت و منشفییەكان دەبنە زۆرینە. دیارە ئەو رەوشە نوێیەش مانای ئەوە نەبوو كەوا لینین پەكی دەكەوێت، بۆیە بە هێز و ورەیەكی گەرمەوە دەگەڕێتەوە مەیدانەكە

و کۆشش دەکات دووبارە هەڵبستێتەوە، ئەوەش لە کۆنگرەی لەندەن لەساڵی ١٩٠٧ لینین بەسەر بلیخانۆڤ سەردەکەوێت، بۆیەش لێرە ئەوە روون دەبێتەوە کەوا مەیدانەکە جێگای ئەو دوو بەرەیە نابێتەوە و ناکرێ هەردوولا خەباتەکەیان بەردەوام بکەن و دان بەیەکتری بنێنن. لینین هەست دەکات کەوا دۆست و هەوادارەکانی کەم بووە، منشفییەکان داوا دەکەن رۆژی بلشفییەکان (پرولیتاریا) لەبار ببەن، بۆیەش لینین بە تکیتکەکەی خۆیەوە بەو بڕیارەیان رازی دەبێت و رۆژنامەکەیان لەگەڵ پراڤدا واتە حەقیقەت تێکەڵ دەکاتەوە، کە لەلایەن تروتسکییەوە دەردەچوو، ئەگەرچی لە سیما و لە هەڵسوکەوتەکان یەکبوونێك لەنێوان ئەو دوو هەڵوێستەدا دەبینرا، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دەزانرا کەوا زۆر ناکۆك و ناکۆکییەکان قووڵترن لە یەکبوونەکە، کە لینین دان بە باڵادەستی منشفییەکان دەنێت مانای ئەوە نییە کەوا هزری ئەوانی پێ راستربوو. لە سەرەتای ١٩١٢ لینین ببووە سەرکردەیەکی بێ جەماوەر، بەڵام گۆڕانکارییەکانی مەیدانەکانی ئەورووپا کە تەپڵی شەڕی تێدا لێدەدرا، لینین ئەو رەوشە دەقۆزێتەوە، کە تێدا کرێکاران لەناو رووسیا ناڕەزایی زۆریان هەبوو، گوزەرانی میللەت ئاڵۆز و ناڵەبار بوو، بۆیەش داوا دەکات کۆنگرەیەك لە براگ ببەسترێت.

کۆنگرەکەش هزری بلشفییەکان بوو بۆ سازکردنی دیکتاتۆریەتی کەمینە، بۆیە کەس لە منشفییەکان بانگ ناکەن، کۆنگرەکە تەنها بە ئامادەبوونی لینین و هاوبیرەکانی دەبێت، بۆیە کۆنگرە لینینییەکە بەرنامەڕێژی کاری شۆرش لە رووسیا دەکەن، لەسەر داوای لینین کۆنگرەکە ناوی پراڤدا بۆ رۆژنامەکەیان داگیر دەکات و لەبن دەستی تروتسکی دەردەهێنێت، کە تێدا هزر و رامانی لینینی تێدا بڵاودەکرایەوە و باس لە بەرنامە شۆڕشگێڕییەکەی دەکرد. بە رێژەیەکی دیار و بەرزەوە کەسایەتی لینین بەرزدەبێتەوە، ئەو جارە لینین بە ورەیەك کە شکان و نسکۆ قبووڵ نەکات دێتەوە مەیدان و کار دەکات بەرنامە شۆڕشگێڕییەکەی بچەسپێنێت، کار دەکات لەناو رووسیا کاری نهێنی بکەن، لەودەمانەش قەیسەر کارسازی دەکرد بچێتە ناو شەڕێکی نوێ، ئەویش جەنگی یەکەمی جیهانی.

شەڕەکە

لەبەر هەبوونی ناكۆكی و ململانێی لە ماوەی زۆرتر لە بیست ساڵ لەنێوان وڵاتە ئەوروپییەكان و پاش كوشتنی جێنشینی نەمساوی دەرئەنجام بۆ بنبڕكردنی كێشەكانیان شەڕ دەكەنە دوا چارەسەر، ئیتر بریتانیا و فەرەنسا و رووسیا بەڕووی ئەڵمانیا و هەنگاریا و دەوڵەتی عوسمانی دەوەستن، لە هەموو بەرەكان شەڕەكە دەقەومێت، ئەڵمانیا لە رۆژی ١ی ئۆگستی ساڵی ١٩١٤ شەڕی رووسیا رادەگەێنێت، لەودەمانەش رووسیا لەناو گەندەڵ و فرەجەمسەریی و بەدرەفتارییدا دەیناڵاند. لەسەرەتای ساڵی ١٩١٤ مانگرتنێكی یەك ملیۆن كرێكاری لە رووسیا روودەدات چونكە رەوشیان لەوپەڕی ناخۆشییدا بوو، بەڵام كە ئەڵمانیا شەڕ بەڕووی قەیسەر بەرپا دەكات، رووسییەكان هەموو ناكۆكی و ناڕەحەتییەكانیان لەبیر دەكەن و پشتی قەیسەر دەگرن و دژایەتی ئەڵمانەكان دەكەن، بۆیەش كرێكارەكان مانگرتنەكەیان رادەگرن، واز لە خۆپیشاندانەكان دەهێنن، بە كۆمەڵ بەشداری لە مەیدانەكانی مەشق و راهێنان دەكەن و بەسۆزەوە بەشداری شەڕەكان دەكەن. نەجیبزاد و دەوڵەمەندەكانیش بەدوای پۆست و پلەسەربازییەكاندا دەچن، لە رۆژێكی پڕ شكۆدا و لە مەیدانێكی ڤاڵادا نیكۆلای قەیسەر لەبەردەم خەڵكەكە دەوەستێت و هەمان ئەو سوێندە دەخوات لە ئەلكسندری یەكەم لە كاتی پەلامارەكەی ناپلیۆن خواردبووی، ئیتر خەڵكەكەش بەجۆشەوە هاوار دەكەن، خودا قەیسەرمان بپارێزێت. ئیتر حكومەت كۆمەڵە بڕیارێكی نیشتمانی دەردەكات، لەوانە گۆڕینی ناوی شاری پترسبۆرگ، كە ناوێكی ئەڵمانی بووە بە ناوە رووسییەكەی پترسبراگ، تا میللەتەكەش هوشیار و ئاگادار بن خواردنەوەی ڤۆدگاش قەدەغە دەكەن، ئەندامانی دوماش هەموو ناكۆكی و رقەكانیان بۆ قەیسەر و حكومەت لەبیر دەكەن، هەموویان بە كۆی دەنگ بڕیاری شەڕەكە پەسەند دەكەن، ئەو شۆڕشەی میللەت چاوەڕوانیان دەكرد دەبێتە ئەفسانە، ئیتر هیچ دەنگێك لەسەر دەنگی شەڕەكە لە رووسیا بەرزتر نابێت. ئەو جۆش و سۆزدارییش لەناو مەیدانی شەڕەكە هیچ بایەخێكی نابێت، چونكە شەڕەكە مۆژدەی ماڵوێرانی و كەلاوەیی رووسیا دەبێت، لەبەرئەوەی ئامادەسازییەكان تەنها سۆز و هەڵچوون بوو، بەوەش نەدەكرا ئەڵمانەكان بشكێنن، سوپاكەشیان سەركردایەتییەكی بەهێزیان نەبوو، ژەنراڵ سوكوملینۆڤ هەر ئەوەی هەبوو شانازی بە سەركردایەتییە ٢٥ ساڵییەكەی دەكرد و هەرگیز لە ژیانییدا كتێبێكی لەسەر هونەرە سەربازی و شەڕدا نەخوێندبووە! هەروەها هێزە

رووسییەکان چەکی تەواویان نەبوو، تفەنگ بەشی هەموویانی نەدەکرد، تۆپی قوورسی خێرایان نەبوو، تەقەمەنییان نەبوو، ئازوخەکانیان نەدەگەیشت، بەکورتی سوپاکە لەڕووی چەك و ئازوخەوە لار و کەماسی زۆری هەبوو، لەولاشەوە ئەڵمانەکان چەکانیان باش تیژ و ئامادە کردبوو، دەنگی دەهۆڵیان دەهات و چەکەکانیان نوێکاری زۆری پێوە بوو، بۆیەش دەکرا زۆر بەلەز شەڕەکە ببەنەوە .

رووسیا سوپایەکی پازدە ملیۆنی ساز دەکات و رەوانەی بەرەکانی جەنگیان دەکات، وەك ئەوەی بەرەو کۆمەڵکوژییەکیان بنێریت، لەو شەڕەدا ژەنراڵ سوکوملینۆڤ ئەو تاکیتکە رووسییە کۆنەی لە شەڕدا پەیڕەو نەکرد، کە بوار بدەن دوژمن بێتە ناو خاکیان و دزە بکات، تا بەئاسانی بکەونە بن کەڵپی ورچە رووسییەکە، دیارە کە ئەڵمانەکان هێرش دەکەنە سەر فەرەنسا، شەڕەکە و رووداوەکان و گەرمی و جۆشی فەرەنسییەکان وا دەکات رووسییەکان بەپەرۆشەوە بەرەو رووبەڕووبونەوەی ئەڵمانەکان بچنە مەیدان و لە هێرشەکانیان دوودڵ نەبن. هەڵەی سوپای رووسییەش لەوە دیار دەکەوێت کە بەدرێژایی سنووری ئەورووپییەکە هێرش دەکەن، هەر لە دەریای بەلیتك لە باکوورەوە هەتا دەریای ئەدریاتی لە باشوورەوە، بۆیەش سوپا رووسییەکە پەرت و بڵاودەبنەوە و لەسەر رووبەرێکی بەریندا دەمینێنەوە.

ئیتر خەونی سەرکەوتنی رووسیەکان خاو دەبێتەوە و لە یەکەم شەڕیان لە تاننبرگ لە کۆتایی مانگی ئۆگستی ١٩١٤ دەشکێن، ئینجا لە شەڕەکەی دەریاچەکانی مسوریان لە مانگی دیسمبەریش دەشکێن، لە کۆتایی مانگی ینایری ساڵی ١٩١٥یش دووبارە لە نزیك دەریاچەکانی مسوریان شەڕی دووەم روودەدات تێدا سوپای رووسی پەلاماردەر دەشکێت و سوپا رووسییەکە بەناچارییەوە بەرەو سنوورەکەی پاشەکشە دەکات .

لەو شەڕانە لەیەك بەرەدا چوار ملیۆن سەربازی دەکوژرێت، ئیتر ورەی سەربازەکان دەکەوێتە ژێر سفر، بەر لەوەی بەیەکجاری رووسیا بڕووخێت بەناچاری داوای فریاکەوتن و یارمەتیدان هانا دەباتە بەر هاوپەیمانەکانی، ئیتر رەوشە جۆشدارەکەی میللەتی رووسی بە گەیشتنی هەواڵی شکانی سوپایەکەیان بە دەستی سوپای ئەڵمانی بە نائومێدی و برسیەتی و رووخان دەگۆڕێت. بۆیەش میللەتەکە هیچ دەسەڵاتیان نامینێت کە تۆڵە لەو ئەڵمانە بکەنەوە کە لەناو مۆسکۆدا

دەژیان، ئیتر ئەوەی ناوەکەی ئەڵمانی بووایە دەگیرا و سێدارەیان بۆ رەوەندە ئەڵمانەکان دادەبەستا، دەیانووت ژنەکەی قەیسەر کە بەڕەچەڵەك ئەلمان بوو بەشی ئەو کارەساتەی بەردەکەوێت، ئیتر هاواری دژ بە هاوپەیمانەکان لە فەرەنسییەکان و بریتانییەکان بەرز دەبێتەوە، بۆیەش هاوار دەکەن ئێمە تا دوا سەربازمان شەڕ دەکەین و تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە .

ئیتر لەودەمانە قەیسەر خۆی بۆ سەرپەرشتیکردنی بەرەکە لە شاری پترسبۆرگ دەچێتە دەرەوە، ژنەکەشی دەکەوێتە بن دەستی فریشتە رۆحییەکەی راسپۆتین، بۆیەش ئەو دەبێتە حاکمی رەهای وڵات و دەست لە کاروباری وەزارەتەکانیش وەردەدات، لەودەمانەش لایەنە سیاسییەکان کۆدەبنەوە بۆ لابردنی نیکۆلای وەك قەیسەری رووسیا و دانانی کوڕە گچکەی ئەو. کەسە هزرمەندەکەی ناو بنەماڵەی قەیسەر و سەرکردایەتی حزبە راستڕەوەکان کۆدەبنەوە بۆ لەناوبردن و لادانی راسپۆتین، بۆیەش لە رۆژی ١٦ ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٦ دەیکوژن، هەنگاوی دووەمیش ئەوە بوو کەوا قەیسەر و ژنە بەدکارەکەی لەناو ببەن .

بەڵام پاش کوشتنی راسپۆتینیش رووسەکان هەست دەکەن رەوشەکەیان باش نابێت، بۆیە زۆرتر هەست بە نیگەرانی و رووخان دەکەن، چونکە ئەوان هەستیان دەکرد لەناوبردنی ئەو شەیتانە مرۆڤە سیاسەتی رووسی لە هەموو ناهەمەتییەکان دەرباز دەکات، وا رووسیا وەك خۆی دەمینێتەوە و قەیسەریش وادەزانێت دەتوانێت ئەڵمانەکان بشکێنێت و تۆڵەی خۆی لێیان دەکاتەوە، لەناو کۆشکیش ژنە قەیسەرەکە کۆششی دەکرد تۆڵەی راسپۆتین بکاتەوە و ئەوانەی بەشداری کوشتنەکەیان کردووە لەناو ببات، لەناو سالۆنەکانی پایتەختیش دەنگی ناڕەزاییەکان دەگەیشتە ئاستی هەڵگیرسانی شۆرش. بەڵام قەیسەر بەو گۆڕانکارییانە و بەو رەوشە ناڵەبارە هیچ گۆڕانێکی لێ بەدی نەدەکرا، ئەو سووربوو لەسەر حوکمە تاکڕەوییەکانی، کە مامەکانی و کەسە نزیکەکانی لە هەڵگیرسانی شۆرشەکە ئاگاداری دەکەنەوە، لەجیاتی هەندێ گۆڕان و دەستکاری لە حکومەت بکات، لە وەڵامدا وتبووی: من قبووڵم نییە کەس ئامۆژگارییم بکات.

کە سەفیری بریتانی لە رووسیا مەترسییەکانی لەندەن و پاریسی پێ دەڵێت، ئەو بە هەموو لوتبەرزییەوە کە شیاوی کەسێکی وەك قەیسەر بوو وتبووی: تۆ ئەی سەفیر پێم دەڵێت من کار بکەم میللەتەکەم رازی بکەم، بەڵام منیش مافی خۆم نییە سەرەتا خۆم رازی بکەم!؟

**شۆڕشەکە**

قەیسەر ئەگەر لە شەڕەکە ئەوروپا سەرکەوتنی بەدەستهێنابووایە دەیتوانی پشتی لێ بکاتەوە و ئارام و سەرگەرم بمینێتەوە، بەڵام ئەنجامی شەڕەکە بۆ ئەو کارەساتێك بوو، لەگەڵ نسکۆکان موژدەی سەرکەوتن نەدەما، هاوپەیمانەکانیشی کەم دەبوونەوە، بریتانیا بە غواسە ئەڵمانییەکان دەوری گیرابوو، ئەو چەکە نوێیەی ئەڵمانەکان ئوستوولی مەزنەکەی بریتانییەکانی ئیفلیج کردبوو، فەرەنساش لەناو دڵی کیشوەرەکە بە دەست هێزەکانی ئەڵمانی نەمساوی پەریشان ببوو. لە بەڵگەنامە ئەڵمانییەکاندا دیارە کە لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان ئاشکرا ببوون دیارە کەوا ئەڵمانیا رۆڵی هەبوو لە پەلەکردن و جۆشدانی شۆڕشەکەی رووسیا، دیارە کە چۆن نەخشەسازییان بۆ کردووە، بە پارە و  بە سەرپەرشتیکردن پشتیوانیان کردبوو، دیارە کەوا ئەڵمانیا پەرۆشی ئەوە نەبووە میللەتەکە ئازاد بێت و ئازادییەکیان بۆ دەستەبەر بێت، ئەوان هاندەری شۆڕشەکە بوون تا رووسیا لەو شەڕەدا بشکێت و پاشەکشە بکات، بەوەش ئەڵمانیا دەتوانێت ئەو ٤٠٠ هەزار جەنگاوەرە ئەڵمانەی لە بەرەی رووسییەکە بوو بکێشێتەوە و لە بەرەی فەرەنسی و بۆ بردنەوەی شەڕەکە بەکاربهێنێت.

ئەوەی جێگای سەرسامی بوو کەوا سەرکردایەتی چەپەکان ئەوانەی ناویان دەهات و پێشەنگ بوون لە دەرەوەی وڵات بوون، یان لە سیبریای ترسناك دوورخرابوونەوە، ئەوان پاش نسکۆی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٠٥ دەستیان لە رابوون هەڵگرتبوو، لەناو خۆیاندا سەرقاڵی ناکۆکی و ململانێیش بوون، بۆ نمونە لینین لە سویسرا دەژیا، ئەو هەر بڕوای بەوە نەمابوو جارێکی تر شۆڕشێك ببینێتەوە، لەودەمانەش تروتسکی بەرەو نیویۆرك دەڕۆیشت، بلیخانۆڤ و مارتۆڤ و زۆریش تریان لە وڵاتە ئەوروپییەکان بڵاوببوونەوە، بەڵام کەسیان وەك لینین بە هەڵگیرسانی شۆڕشەکە سەرسام نەبوون.

حکومەتی قەیسەری لە مانگی دیسمبەری ساڵی ١٩١٦ تووشی تەنگژەیەك دەبێت، ئەوەش لە قەیرانەکەی ساڵی ١٩٠٥ نزیك بوو، هەموو دەزگاکانی دەوڵەت ئیفلیج ببوون، سوپاش لە بەرەکانی شەڕەدا لە رەوشێکی کارەساتبارییدا بوون، لە هەموو سالۆن و سەکۆکاندا باس لەوە دەکرا چۆن لەو رەوشەدا دەربازیان ببێت، کە دەرچوونی ئاسان نەبوو، هیچ هیوایەك لە ئاسۆدا بەدی نەدەکرا. ئەگەرچی زۆر باس لەوە دەکرا کەوا تەنها شۆرشێك ئەو رەوشە دەگۆڕێت، بەڵام کەس پێشبینی هەڵگیرسانی شۆرشەکەی نەدەکرد کە هەڵگیرسا، کەس بڕوای نەدەکرد میللەتی رووسی لەگەڵ تروتسکی هەڵدەستێت و دەستەواژە بەناوبانگەکەی بڵێنەوە کە وتی: ئەو رژێمە کەڵکی ئەوەی نەما بەرگە بگریت. لەساڵی ١٩١٧ بڕیار دەدرێت نان بە بلیت دابەش بکرێت، ژنان رژانە سەرشەقامەکان، لەو رەوشە ئاڵۆزەدا قەیسەر نیکۆلا لە رۆژی ٨ی مارس بەرەو بەرەی شەڕەکان بەڕێدەکەوێت، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو شۆرشەی کە لەو رۆژەدا هەڵگیرسابوو.

رۆژی ژنان

راستە چەپەکان و راستڕەوەکان بانگێشتی شۆرشەکەیان کردبوو، بەڵام هەڵگیرسانی شۆرشەکە و رابوونی میللەت دەرئەنجامی خەبات و بانگەوازی ئەوان نەبوو، بەڵکو شۆرشەکە لەلایەن خەڵکەکە بەرپابوو، لە ئەنجامی تووڕەبوونی میللەتەوە شۆرشەکە هەڵگیرسا، لە رۆژی ٣ ی مارس کرێکاران مان دەگرن، ژنانی کارکەر لە رۆژی ٨ ی مارس مان دەگرن کە بە رۆژی ژنان دەناسرێت، بۆیەش ژیان بەیەکجاری ئیفلیج دەبێت. خۆپیشاندەران روو لە فڕنەکانی نان دەکەن و هاوار دەکەن نانمان دەوێت، بەوەش شەپۆلی خەڵکەکە ئەستوورتر دەبێت، خەڵکێکی زۆریش بەگەڵیان دەکەوێت، روو لە پێگە بەرزەکانی دەوڵەت دەکەن، هێرش دەکەنە سەر سومبلەکانی حوکمی قەیسەری، هێرش دەبەنە سەر پۆلیسخانەکان، خەڵکە دەوڵەمەندەکان و کۆشکی قەیسەری، دیارە کەوا سوپاش رۆڵی هەبوو لە بەردەوامی شۆرشەکە، چونکە ژمارەیەکی زۆر هاوشانیان دەبن، هانیان دەدەن تووڕەبوونەکانیان نەشکێنن و هێورنەبنەوە و رازییش نابن خۆپیشاندانەکە کپ بکەنەوە، ئەوانە

هاوسۆزیان دەکەن و دەست لەناودەست هێرش دەکەنە سەر قەلاّتی زۆرداری دەسەلاّت و دەوڵەمەندەکان .

بە دوو رۆژە ئاگری شۆرشەکە بەجۆش دەبێت، خەڵکەکە هاوار دەکەن برووخێت ژنە ئەڵمانەکە، واتە ژنە قەیسەرەکە، ئیتر خەڵکەکە پەلاماری کۆشکی قەیسەر دەدەن کە ژنەکە تێدا دەژیا، لە یەکەم رووبەڕووبونەوە لەگەڵ خەڵکەکە لە رۆژی ١١ی مارسدا ٦٠ کەس دەکوژرێت، بۆیەش کاردانەوەی شۆرشگێرەکان توند و ئاگرین دەبێت، هێرشەکان دەگاتە سەر پۆلیسخانەکان و ئاگریان تێ بەردەدەن، راورووت دەست پێدەکات و پۆلیسەکانیش بنکەکان چۆڵ دەکەن و خۆیان لەناو ماڵەکان حەشاردەدەن و جلە رەسمییەکانیان لەبەردەکەنەوە، بۆیەش قەیسەر کە لە بەرەکان بوو، فەرمان بە ژەنراڵ ئیفانۆڤ دەدات پەلاماری پترۆگراد بدات و بیگرن.

لە رۆژی ١٢ ی مارس گۆڕانێکی مەزن لە رەوتی شۆرشەکە روودەدات و هەموو بنچینەکانی ئاستێکی تر وەردەگرێت، کیریشنیکۆڤ دەستە سەربازییەکەی خۆی دەخاتە پاڵ میللەتەوە و شەڕی حکومەت دەکات، ئەو پاڵەوانە نەناسراوە دەتوانێت دوو لیوای سەربازی تریش رازی دەکات بێنە پاڵ شۆرشەکە، بەوەش شۆرش چەکدار دەبێت و بەیەکەوە هێرشێکی هاوبەشی سەربازی میللی بۆ سەر جبەخانەکان دەکەن. بە هاوکاری دەستە سەربازییە یاخیبووەکە دەتوانن کۆنترۆڵی شەقام بکەن، خەڵکەکەش بەرەو کۆشکی توريد کە دەکاتە بارەگای دوما مل دەنێن، ئیتر پەرلەمانتارەکان رووخاندنی حکومەتی قەیسەر رادەگەیێنن، وەك دانانی دەستەیەك بۆ ئاسایش و ئارامکردنی رەوشەکە لیژنەیەکی فریاکەوتن دەستنیشان دەکەن و کار دەکەن پایتەخت بە ئارامی رابگرن، سۆسیالیستەکانیش بە سەرکردایەتی منشفییەکان لیژنە سۆڤیەتی راپەڕاندن ساز دەکەن، ئیتر دوو بەرەکە بۆ سەرکردایەتی شۆرشەکە دەکەونە ململانێ، لەڕاستییدا وەك دیار بوو کەوا منشفییەکان سەردەکەون و ئەوان لەجیاتی پۆلیسی قەیسەر دەست بەسەر رەوشە رووخاوەکە دادەگرن، حەق دەدەنە خۆیان مافی ڤیتو بەکاربهێنن، بەوەش دەتوانن جوولەکانی لیژنەی فریاکەوتنەکە لەبار ببەن کە لەلایەن ئەنجومەنی دوما دامەزرابوو .

ئەو سوپای بە سەرکردایەتی ژەنراڵ ئیفانۆڤ بۆ کپکردنەوە و دامرکاندنەوەی شۆرشەکە بەڕێکەوتبوو دەگاتە مەیدانەکان، بەڵام دەردەکەوێت کەوا هەموو شتەکان لە کۆنترۆڵ دەرچووە،

بۆیە ئاگاداری قەیسەر دەکەنەوە کەوا کۆشك گەمارۆ دراوە، بۆیەش قەیسەر ناچار دەبێت بەرەو پایتەختی دەسەڵاتەکەی بەڕێدەکەوێت، بەڵام شۆڕشگێڕەکان بوار نادەن سوپاکە و قەیسەر بێنە ناو شارەکە. ئەندامانی دوما لەگەڵ سوسیالیستەکان لەسەر کارنامەیەك بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ کۆمەڵەیەکی کاتی هەڵبژێردراو ڕێکدەکەون، بە مەرجێك قەیسەر لە دەسەڵات دووربخرێتەوە. بەڵام کە سوسیالیستەکان فەرمانی ژمارە یەك بۆ هەموو تیمەکانی سوپا و دەریاوانی رووسی دەردەکەن دانوستانەکە هەڵدەوەشێنەوە و مێزەکە وەردەگێڕن، کە تێدا داوا دەکەن هەموو فەرمانەکانی سۆڤیەت و لیژنەکانی سازکراو بۆ ئەو مەبەستە جێبەجێ بکرێت، هەروەها داوا دەکەن هەموو فەرمانەکانی لیژنەی فریاکەوتن ئەگەر لاری لەگەڵ فەرمانەکانی سۆڤیەت نەبێت جێبەجێ بکەن، ئەوەش مانای ئەوە بوو کەوا ئەنجومەنی سۆڤیەتی تایبەت بە سوسیالیستەکان دەبێتە پێشەنگی شۆڕشەکە.

## وازهێنانی قەیسەر

شۆڕشگێڕەکان وەفدێك رەوانەی لای قەیسەر دەکەن کەوا واز لە تاجەکەی بۆ کوڕەکەی کە جێنشینی بوو بهێنێت، بەڵام قەیسەر واز لە تاجەکە بۆ براکەی دەهێنێت بە بیانووی ئەوەی کوڕەکەی تەندروستی تەواو نییە، بۆیە نیکۆلای قەیسەر لە ڕۆژی ١٥ ی مارسدا پەیمانی وازهێنانەکە بۆ غرندوق میخائیلی برای جێدەهێڵێت و وتارێکیش پێشکەش بە دوما دەکات، کە تێدا وتبووی:

پاش ئەوەی لەگەڵ دوما ڕێکەوتین بڕیارماندا واز لە تاجی رووسی بهێنم و دەستبەرداری دەسەڵاتە باڵاکەش بم، تا من لە کوڕە خۆشەویستەکەم دانەبڕێم من دەسەڵاتەکەم بە براکەم بەخشی، لە لایەن خۆشمەوە پیرۆزبایی لەو پۆستەی پێدەڵێم، داواکارم کردگار یارمەتی بدات رووسیا بەڕێوە ببات.

لیژنەی ڕاپەڕاندن بەو سەرکەوتنە ئیقناع نەبوون، مەبەستیان بوو زۆر بەلەز کۆتایی بە حوکمی پاشایەتی بهێنن، خەڵکەکە بەگەرمییەوە پێشوازییان لەو وەفدە نەکردبوو کە بڕیاری گۆڕینی قەیسەری هێنابووە، بۆیەش دوما بڕیار دەدات دانانی قەیسەر نوێیەکە دوا بکەوێت هەتا ئەنجومەنە کاتییەکە هەڵدەبژێردرێت، ئەوەش پێشنیاری جێنشینەکە بوو، بۆیەش حکومەتێکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات رادەگەێنن، ئیتر ئەوە یەکەم جارە پاش سێ سەدە رووسیا ماوەیەك قەیسەری نەبێت، شۆڕشەکەش سەرکەوت و کەمترین زیانیشیان دەبێت.

حکومەتە کاتییەکە

راگەیاندنی ئەو حکومەتە کاتییە رەزامەندی لەلایەن حزبی گەل (کادیت) حزبی دیموکراسییە دەستوورییەکان کە ملیکۆڤ سەرۆکایەتی دەکرد لەسەر دەکات، سوپا و ئەنجومەنی سۆڤیەتییەکان کە لەلایەن شۆڕشگێرانی مۆسکۆ و شارەکانی تر دامەزرابوو، دان بەو حکومەتە دەنێت، هەروەها لەسەر ئاستی دەرەوەش حکومەتەکانی بریتانی و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئەمریکا دان بەو حکومەتە دەنێن، هەروەها ئەمریکا بەڵێنیش دەدات لەڕووی داراییەوە کۆمەکی ئەو حکومەتە بکات و حزبی ئازادەکانیش کۆشش دەکات ئارامی و ئاسایش بگەڕێتەوە وڵات و خەڵکە هەڵچووەکە هێمن بکرێتەوە و کار بکرێت کەرامەتی رووسیا بپارێزێت و رەوشەکە بەرەو پێشەوە بچێت. لیژنەی راپەڕاندن هەندێ بەرنامە رادەگەێنێت وەك سنووردارکردنی سەعاتەکانی ئیشکردن و چاکردنی رەوشی کرێکاران و دروشمی گەڕانەوە بۆ بەرگریکردن بەرز دەکاتەوە کە رووسیا مافی خۆیەتی شەر بکات بۆ پاراستنی خاك و بواریش نەدات سنوورەکەی ببەزێنن .

دووریش لە کۆشکی دوما شۆڕشگێرەکان داوای نانیان دەکرد، حکومەت توانای ئەوەی نەبوو گەنم رەوانەی هەرێمەکان بکات، لە بەرەکانی شەڕیش سەربازەکان بۆ دوورینەوەی بەرهەمی شۆڕشەکە لە سوپا هەڵدەهاتن و دەگەڕانەوە ماڵەکانیان. ئینجا باڵندە کۆچکردووەکانیش گەڕانەوە هێلانەکانیان، کمینیف لەگەڵ ستالین لە سیبریا دەگەڕێنەوە و لەناو رووسیادا دەست بەسەر

ڕەوتی بلشفییەکان دادەگرن، کمینیف دەست دەکات بە ڕێکخستنی ریزی بلشفییەکان و ڕۆژنامەی پراڤدا ساز دەکاتەوە کە زووتر لەلایەن موتولۆڤەوە دەردەچوو، هەروەها بلیخانۆڤ پاش دوورکەوتنەوەی ٣٦ ساڵ دەگەڕێتەوە وڵات، هەروەها برشکو برشکوفسکایا ئەوەی بە داپیرە دەناسرا، کە پێش هەڵگیرسانی شۆڕشەکە ببووە سومبلی ڕەوشە شۆڕشگێرییەکە ئەویش دەگەڕێتەوە.

## گەڕانەوەی دوورخراوەکان

ئەگەرچی زۆربەی سەرکردایەتییەکانی شۆڕشەکە بەتایبەتی سوسیالیستەکان گەڕابونەوە وڵات، بەڵام ناکۆکییەکان لەنێوان لیژنەی ڕاپەڕاندنی ئەنجومەنی سۆڤیەتییەکان و حکومەتە کاتییەکە کەم نەببووە، لەسەرەتای مانگی ئەپریل لەسەر کەمکردنەوەی ماوەی کاری کرێکاران و ئازادییەکانی ڕۆژنامەگەری هەبوو، دژایەتی لە ڕامانی دوو بۆچوونی کرێکاران و جوتیاران بەدی دەکرا، هەمووش لەسەر دەربڕینی ڕامان و هەڵوێستێکی دیار لەسەر ئەو شەڕەی ڕووبەڕووی ڕووسیا ببووە، بۆیەش شۆڕشەکە پێویستی بە سەرکردەیەك هەبوو هەموو ئاشوبەکان بنبڕ بکات و کێشەکان چارەسەر بکات، دەرکەوتنی ئەو سەرکردەیەش دوا ناکەویت، سەرکردە چاوەڕوانکراوەکە پەیدا دەبێت، لینین سواری شەمەندەفەر دەبێت و لە سویسراوە دەگەڕێتەوە، ئەڵمانەکان ترێنێکی دژەگوللەی دەدەنێ، لە ناوەندی مانگی ئەپریل لینین دەگاتەوە پترگرادی پایتەختی ڕووسیا. لینین لە سویسرا لەگەڵ هاوسەرەکەی ژیانێکی ئارام و بەرنامەرێژ دەژیا، بیری لەوە نەدەکردەوە ڕۆژێك بێت ئەو بگەڕێتەوە ڕووسیا، چونکە ئەو وایدەزانی هێشتا کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە ماوە، ئەڵمانەکان ویستیان یارمەتی قەیسەر بدەن تا لەو شەڕەدا شەرەفمەندانە دەربچێت و نەیاندەویست لەو یاخیبوونەدا دژی بوەستن، بۆیە ئیدارەی ئەڵمانی پرۆژەی پشتیوانی شۆڕشی ڕووسی هەڵدەوەشێنەوە و واز لەو بیرۆکەیە دەهێنن، کە هەواڵەکانی یەکەمی شۆڕشەکە دەگات لینین بۆ شۆڕشەکە بەجۆش و پەرۆش نەبوو، چونکە ئەو وایدەزانی کەوا دەسەڵاتەکە کەوتە بن دەستی چینی برژەوا .

پاش دوورکەوتنەوەی دە ساڵ، لینین لە ڕۆژی ١٦ ی ئەپریل دەگاتەوە پایتەختی رووسیا، بلشفییەکان بە سەرپەرشتی کامینیڤ و ستالین پێشوازییەکی گەرمی بۆ ساز دەکەن، لینین سەرکردایەتی کۆبونەوە رەسمییەکەی حزبە بلشفییەکە دەکات و کۆبونەوەکەش بە هێرشێکی توند بۆ سەر سیاسەتی سۆڤیەتییەکان لە پترگراد دەست پێدەکات، بەوە تاوانباریان دەکات کەوا ئەوانە کەوتوونەتە ناو باوەشی برژەوا و بوونەتە ئامێرێك لەبن دەستی ئەو چینە، بۆیەش داوا دەکات حکومەتە کاتییەکە لەناو ببات، داوا دەکات با جوتیارەکانیش یەکسەر دەست بەسەر زەوییەکان دابگرن، کرێکارە چەکدارەکانیش ئیدارەی کارگەکان بگرنە دەست. لەوێ جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا سەرمایەداری لەناوبەرن، بۆیەش بەو پرۆسەیە شۆرشگێرییەی لینین ئاگربەسەکەی لەگەڵ منشفییەکان تەواو دەبێت و شەڕێکی دژوار بەڕووی بلشفییەکان هەڵدەگیرسێت. کە کۆنگرەی سۆڤیەتی رووسی لە پترگراد دەبەسترێت، لینین کۆنترۆڵی کۆنگرەکە دەکات و بەئامادەبوونی بەلشفییەکان و منشفییەکان ئەو لێدوانە دەدات کە بە نامەی ئەپریل دەناسرێت، لەوێ جەخت لەوە دەکاتەوە حکومەتە کاتییەکە هەڵوەشێتەوە و حکومەتێکی کرێکاری پرۆلیتاری دامەزرێت و دەسەلات بدرێتە سۆڤیەتییەکان و سەرمایەداریش لەناو ببرێت و بانکێکی ناوەندی دامەزرێت و دەولەت دەست بە سەر هەموو داهاتەکاندا بگرێت و هەموو زەوییە کشتوکاڵییەکان خۆماڵی بکرێت و لەجیاتی سوپا با کرێکار و جوتیارەکان چەکدار بکرێن، لەجیاتی شەڕکردنی ئەڵمانەکان با سەربازە رووسیەکان برایەتی ئەڵمانەکان بکەن .

هەموو حزبەکان بەرنامەکانی لینین رەفز دەکەنەوە و دژایەتی دەکەن، هەندێك لە ئەندامەکانی حزبەکەی خۆشی لە بلشفییەکانیش دژایەتییان کردبوو بەڵام نەدەکرا لەوێ بۆچوونەکانیان رابگەێنن و بەڕووی مامۆستاکەیان بوەستنەوە، بەوەش لینین دەبێتە کەسێکی نەویست و نەیاری هەموو حزبەکان، بەڵام خۆشەویستی خەڵکی سەر شەقامەکان و هەموو بۆچوونەکانی لینین بەگەرمییەوە پێشوازییان لێ دەکرێت، لەولاشەوە حکومەتە کاتییەکە دەیویست رەوشەکە ئارام بکاتەوە و بەتایبەتی هەڵوێست وەرگرتن لەسەر شەڕەکە، بۆیەش وەزیری دەرەوەیان ملیکۆڤ نامەیەك بۆ هاوپەیمانان رەوانە دەکات کە تێدا هاتبوو :

رووسیا هەتا دوایی لە شەڕەکە ناکشێتەوە و ڕێزی هەموو بەڵێنە نهێنییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان دەگرێت، ئەو هەڵوێستەش حزبە سوسیالیستەکان تووڕە دەکات و دووبارە میللەت دەرژێنەوە سەر شەقامەکان و حزبی کایتیش لەناو خەڵکی سەرشەقامەکان دووردەکەوێتەوە و دەبنەوە کەمینییەك بۆیەش حکومەتێکی کاتی لەگەڵ سوسیالیستەکان پێکدەهێنن، کە تێدا دە وەزیری کادیت و شەش وەزیری سوسیالیستەکان، بۆیەش سازبوونی ئەو حکومەتە بوارساز دەبێت لینین هێرش بکاتە سەر حکومەتەکە و بلشفییەکان ناڕازی بن، کە تروتسکییش لە ڕۆژی ١٧ی مایو دەگەڕێتەوە پشتیوانییەکی باشی بۆ پەیدا دەبێت، ئەگەرچی ئەو لەسەرەتاوە بلشفی نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی چەند دیمانەیەك لەگەڵ لینین دەکات قەناعەتی پێدەکات، ئیتر بەیەکەوە دەبنە یەك دەست و دژایەتی هەموو لایەنەکانی تر دەکەن، لەبەر ڕۆشنایی کەمینەوە لینین بەڕاشکاوییەوە لە کۆنگرەی سۆڤیەتییەکاندا هزری دیکتاتۆریەتی کەمینە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و ڕەفزکردنی ویستی زۆرینە بە زەبری هێز بەرپەرچدەداتەوە .

ئیتر ململانێیەکان ئاستی ئاشکرای نێوان بەلشفییەکان و هەموو حزبەکان خۆی دەنوێنێت، لینین لە ١ی یولیۆدا ڕێپێوانێکی مەزن ساز دەکات، لەودەمانەش حکومەتی کاتی لە ڕەوشێکی ئەستەنگدا بوو، چونکە سوپا رووسییەکە بە سەرکردایەتی وەزیری سوپاکەیان کێرنسکی شکستێکی گەورەی بەرکەوتبوو، بۆیەش لە ڕۆژنای ١٦ و ١٧ی یولیۆدا ئاژاوە و ناڕەزایی دژ بە حکومەت بەرپادەبێت. حکومەت هیچی لەدەست نامینێت کە بەرای گشتی رابگەێنێت، کەوا لینین بەکرێگیراوی ئەڵمانە، بۆیەش دژایەتی دەکەن و خەڵکەکە تووڕە دەبێت و هێرش دەکەنە سەر بارەگای ڕۆژنامەکەیان پراڤدا، بۆیە لینین رادەکات و خۆی لە فنلەندا دەشارێتەوە و بەلشفییەکان و سەرکردەکەیان بە کەسێکی بەکرێگیراو دەناسرێت. یەکێك لەوانەی زۆر لەو ڕەوشەدا سوود دەبینێت کێرنسکی بوو، بەڵام کە زۆر پشتیوانی لە شەڕ دەکات خەڵکەکە پشتی تێدەکەن و دووبارە دەگەڕێنەوە سەر بەلشفییەکان و بەرزیان دەکەنەوە، چونکە هەموولایەك پەرۆشی ئەوە بوون شەڕەکە کۆتایی پێ بێت، لەبەرئەوەی تەنها بەلشفییەکان دژی شەڕەکە بوون، بۆیە دووبارە خەڵکەکە لەوان کۆدەبێتەوە، بۆیەش ئەوان لە ڕۆژی ٨ی ئۆگستی کۆنگرەی خۆیان دەبەستن و لینین وەك سەرۆکێکی شاناز دادەنێن چونکە ئەو خۆی لەوێ ئامادە نەبوو، چونکە لەوێ بۆیان

ڕووندەبێتەوە کەوا ڕامانەکەی ئەو لە هەموویان دروست تر بووە، ئامادەبوانی کۆنگرەکە لیژنەی ناوەندی حزب دەستنیشان دەکەن، لینینیش سەرکردایەتی ئەو لیژنەیە بکات.

لەولاشەوە هێزە برژەواکەش بە سەرۆکایەتی حزبی کادیت بیر لەوە دەکەنەوە باشترین بوار بۆ دەربازبوونی وڵات لەو ئاژاوە بوونی سەرکردەیەك تاکڕەوی بەهێز دەبێت، تا وڵات لەو کۆڵانە تاریکە دەربهێنێت، سەرەتا بیر لە دانانی ژەنراڵ کورنیلۆڤ دەکەنەوە، چونکە ئەو لەناو سوپا دەسەڵات و پێگەیەکی دیاری هەبووە، کە کێرنسکی دەزانێت دەیانەوێ ئەو ژەنراڵە بکەنە دەسەڵاتداری ڕەوشەکە کورنیلۆڤ لە سەرکردایەتی بەرەکان دووردەخاتەوە و فەرمانی پێدەدات بگەڕێتەوە پترگراد، ئەویش لەو داواکردنەدا تێدەگات، بۆیە فەرمان بە هێزەکەی دەدات هێرش بکەنە سەر پایتەخت و بە زەبری چەك دەسەڵاتەکە وەربگرن و خۆی بگاتە سەر دەسەڵات، ئەوەش لەلایەن سۆڤیەتییەکان قبووڵ ناکرێت و هێزە سوورەکەی خۆی بۆ پاراستنی پایتەخت ساز دەکات، کە کورنیلۆڤ دەگاتە دەروازی شارەکە دەبینێت سەربازەکانی یاخی دەبن و لەبن فەرمانەکانی ئەودا ناجولێنەوە، لە ڕۆژی ١٢ ی سپتەمبەردا کێرنسکی خۆی وەك سەرکردەی باڵای سوپا دەستنیشان دەکات و فەرمان دەدات کورنیلۆڤیش بگیرێت .

کێرنسکی بە سەرۆکایەتی خۆی ئەنجومەنێك لە پێنج کەس پێکدەهێنێت، لە ڕۆژی ١٣ ی سپتەمبەر کۆماری ڕووسیا ڕادەگەیێنێت. بە نەمانی کورنیلۆڤ ڕێگاکان بۆ بەلشفییەکان ئاسان دەبێت حوکم بگرنە دەست. لەودەمانەی کورنیلۆڤ هێرشەکەی دەکردە سەر پایتەخت هەموو حزبەکان لەوانەش بلشفییەکان ئەندامەکانی خۆیان چەکدار دەکرد، کە کێرنسکی دەسەڵاتی باڵای دەکەوێتە دەست، فەرمان دەدات هەموو حزبەکان چەکەکانیان ڕادەستی حکومەت بکەنەوە، بەلشفییەکان کە ببوونە دەستەیەکی چەکداری مەزن ئەوە قبووڵ ناکەن، ئەوان لەوەش سوودمەند ببوون، کە پێشنیارەکەی ئەو لە کۆمارەکەدا جێبەجێ دەبێت و حکومەتێکی سوسیالیستی بەرقرار دەبێت و هەموو زەوییەکان دەدرێنە جوتیارەکان و کارگەکان دەکەوێتە بن دەستی کرێکارەکان و شەڕەکە ڕادەوەستێت و هەموو پەیمانە نهێنییەکانی هەڵدەوەشێتەوە .

لەگەڵ بەدەرکەوتنی ئەو دەسەڵاتدا تروتسکیش ئازاد دەبێت کە لە هەڵبژاردنێکی ئازادا ئەو دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی سۆڤیەتییەکانی پترگراد، ئەوەش وەك پەتای تاعوون لەناو شارەکانی

رووسیا بڵاودەبێتەوە بەتایبەتی لە مۆسکۆ، بۆیەش بلشفییەکان دەست دەگرن بەسەر هەموو ئەنجومەنە سۆڤیەتییەکان و ئیتر هەنگاو دەنێن بۆ وەرگرتنی هەموو پێگەکانی دەسەڵات، بۆ ئەوەش هەموو چاوەڕوان بوون لینین بگەڕێتەوە، ئەویش ڕێنماییان بۆ دەردەکات کەوا ئەندامانی حزبەکە چەکدار بن و خۆیان بۆ شۆرش و وەرگرتنی دەسەڵات ساز بکەن، ئەو بەنهێنی لە ڕۆژی ٢٢ ی سپتەمبەر بە ڕۆژمێرە کۆنەکەی رووسیا دەگەڕێتەوە پترگراد.

## شۆرشی ئۆکتۆبەر

بۆ بەیانییەکەی و پێش ئەوەی کۆبونەوەی کۆمەڵە کاتییەکە لە مانگی دیسمبەر لینین لەگەڵ هاوڕێیەکانی کۆدەبێتەوە پاش دانوستانی دە سەعاتی بەردەوام لەسەر داوای ئەو بڕاری یاخیبوون هەڵدەبژێرن، بۆیەش تروتسکی وەك سەرۆکی سۆڤیەتییەکانی پترگراد داوا دەکات بلشفییەکان چەکدار بکرێن و خۆیان بۆ شۆرش ساز بکەن، لەسەر چالاکی بلشفییەکان جۆرەها پروپاگەندە بڵاودەکرایەوە، لەگەڵ نەیارەکانیان حاڵەتێکی نائارامی پەیدابیوو، ئەو ڕووبەڕووبونەوەیەش توند دەبێت کە کیرنسکی داوا دەکات وەزیرەکان لە کاتێکی درەنگی شەوی ٥ ی ئۆکتۆبەر کۆببێتەوە، کە تێدا ڕەوشی ئاوارتە لە وڵات ڕادەگەێنن و ئامادەباشییەکەی لیژنەی سۆڤیەتییەکان کە لەلایەن بلشفییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو بە ڕەوشێکی نائاسایی و ناشرعی دەناسێنێت، هەر لەو کۆبونەوەیەدا بڕیار دەدات تروتسکی بگیرێت، بەڵام ئەو خۆی باش ساز کردبوو، بۆیە ناتوانن بیگرن، ئەوەش نسکۆیەك بوو بۆ حکومەت کە ناتوانێت بڕیارەکانی جێبەجێ بکات، هەردوو بەرەش نامە بۆ سوپا و ئەستووڵ ڕەوانە دەکەن کەوا لایەنگیری ئەوان بکەن ئەگەر ڕەوشەکە ئەوەی خواست، لەو تەنگژەییەدا لینین دەگاتە بارەگای بلشفییەکان لە کۆشکی سمولنی و بەنهێنی دەگاتە تروتسکی تا بەرنامەسازییەك بکەن بۆ گەیشتن بە لوتکەی دەسەڵات، بۆیەش بلشفییەکان هێرش دەکەن سەر بەرژەوەندییە حکومییەکان و لە ڕۆژی ٧ ی ئۆکتۆبەر وێستگەکانی ترێن و بانکی دەوڵەت و وێستگەکانی وزەی کارەبا و پرد و بەرژەوەندییەکانی تەلەفۆنەکان دەگرن، بەوەش پایتەخت دەکەوێتە بن دەستی بلشفییەکان و تروتسکی بە

**لیژنەیەکی سەربازی ڕاگەیاندنی ڕووخانی حکومەتەکەی کیرنسکی رادەگەێنێت، لەودەمانەی کیرنسکی لەبەرەکانی شەڕدا بوو تروتسکی هەموو وەزیرەکان دەگرێت، بۆ یەکەمجاریش لینین لە ئەنجومەنی سۆڤیەتییەکانی پترگراد دەردەکەوێت، کە تیدا هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت و بلشفییەکان بە زۆرینە دەنگ سەردەکەون و کامینیڤ سەرۆکایەتی حکومەت دەکات .**

**کە بلشفییەکان سەردەکەون منشفییەکان و حزبە راستڕەوەکان کۆدەبنەوە و پشتی یەکتری دەگرن بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی بلشفییەکان و بەیەکەوە لیژنەی دەربازکردنی وڵات و شۆرش دادەمەزرێنن، ئیتر شەڕی ناوخۆ لەناو وڵات بەرپادەبێت. لەلایەن خۆیانەوە بلشفییەکانیش ئەنجومەنی سێ لایەن بە سەرۆکایەتی لینین رادەگەێنن و تروتسکی دەکەنە بەرپرسی کاروباری دەرەوە و ستالینیش دەبێتە بەرپرسی گەلانی کەمینەی ناو ڕووسیا، ئەنجومەنەکە دەرچوونی ڕووسیا لە شەڕەکەش رادەگەێنێت و داواش دەکەن لەگەڵ ئەڵمانەکان ئاشتی بکەن .**

**بلشفییەکان دەست بەسەر زەوی و موڵکی دەربەگە گەورەکان و کارگەی سەرمایەدارەکان دادەگرن، هەروەها مافی چارەنووسی گەلانی ناو ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و جیابونەوەیان رادەگەێنن، بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان و دابینکردنی ئاسایش و بەرپەرچدانەوەی هەموو ڕەوشێکی دژەشۆرش لە هەموو شار و هەرێم و شارۆچکەیەك لیژنەی ئاسایش دادەنێن، ئەوەش دەبێتە یەکەم ناوکی هەواڵگری سۆڤیەتی (کی جی بی)، بۆ خۆپاراستن لیژنەی تایبەتی بۆ سەپاندنی تیرۆری بەکۆمەڵ دژ بە نوێنەرانی چینە دەوڵەمەند و ناوەندەکانی کۆمەڵگەی ڕووسی و رۆشنبیران و پیاوانی ئاینی و ئەفسەرە بەگومانەکان ساز دەکەن، تا دەسەڵاتە نوێیەکەیان لەوانە بپارێزن. لەو پێشهاتەدا زۆربەی ژەنراڵەکان و ئەفسەرەکانی سوپای ڕووسی بەرەو باشووری ڕووسیا را دەکەن، لەوێ یەکەی تایبەتی گیانفیدایی بە ناوی پاسەوانی سپی یان سپییەکان ساز دەکەن. لەگەڵ ناوهێنانی پاسەوانی سپی، بلشفییەکان ناو لە سوپاکەیان دەنێن پاسەوانی سوور، یان سوورەکان، وڵاتانی هاوپەیمانان لەوانە بریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئەمریکا بەڕاشکاویی کۆشش دەکەن حکومەتەکەی بلشفییەکان ناڕەحەت بکەن تا بیروخێنن و حکومەتێکی هاوسۆزی خۆیان دامەزرێنن کە لە شەڕەکاندا هاوسەنگەریان بێت. کە لە هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵە کاتییەکەدا بلشفییەکان زۆرینەی دەنگ بەدەست ناهێنن بڕیار دەدەن هەڵبژاردنەکە لە ڕۆژی ٦ ی ینایری**

ساڵی ١٩١٨ هەڵوەشێنەوە و ئەوەش بەڕەسمی دەبێتە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی رووسی .

لەو رەوشە ئاگرینە گەرمەدا سەرکردایەتی بلشفییەکان نەوەك پاسەوانە سپییەکە و وڵاتانی هاوپەیمان کۆششی گەڕانەوەی قەیسەر بکەن، بڕیار دەدەن لە رۆژی ١٦ی یونیۆی ساڵی ١٩١٨ قەیسەر و هاوسەرەکەی و کیژەکانی و کوڕە تاقانەکەی لەسێدارە دەدەن، تەرمەکانیان فڕێ دەدەنە ناو بیرێکی کانێك و ترشی کبریتیشیان بەسەر دادەکەن، بەو رووداوە ترسناکە چیرۆکی بنەماڵەی رومانۆڤی قەیسەری بنبڕ دەکرێت کە سێ سەدە حوکمی رووسیایان کردبوو. لە ئەنجامی شەڕێکی دژوار و خوێناوی ناوخۆدا بلشفییەکان سەردەکەون و لینین دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا رادەگەیێنێت و دەبێتە حاکمی تاکڕەوی وڵاتەکە و ئەو هزرەی مارکس نیو سەدە بوو داوای دەکرد لە وڵاتێکی کشتوکاڵی، نەك وڵاتێکی پیشەسازی دەچەسپێنن، بەوەش لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتی دەست پێدەکات کە ململانێی لەنێوان بەرنامە سۆسیالیستەکان و سەرمایەدارەکان بەرپادەبێت و هەتا ساڵانی سەدەی بیستەم بەردەوام دەبێت و ئێستاش شوێنەوارەکانی کاریگەریی هەر ماوە.

## بابەتی شەشەم

# شۆرشی مهدییەکانی سودان

## (١٨٨١_١٨٩٨)

سەلاح ئەلئیمام

## شۆرشی مهدییەکانی سودان

لە کۆنەوە سودانییەکان شۆرشیان کردووە، کلیلی سیحری خەڵکەکەش ئاین بووە، کە بەها ئاینەکان بە گرینگترین گەنجینەی کولتوورەکەیانی دەزانن، ئەوەش بەرنامەکەی زانای ئاینی ئیمام محەمەد ئەحمەد ئەلمهدی ئاسان کردبوو بۆ هەڵگیرسانی شۆرش، چونکە ئەو بانگێشتی ئەوەشی کردبوو ئەو مهدی چاوەڕوانکراوە و وڵات ئاسوودە دەکات و دادپەروەری بەرپادەکات.

هەندێ کەس بزاڤی مهدییەت بە بزاڤێکی سنووردار دەزانن، هەندێکیش رامانیان وایە کەوا بزاڤەکە ناوەڕۆکێکی ئاینی سیاسی هەبووە، ئەوەش لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوو کە محەمەد ئەحمەد ئەلمهدی (١٨٤٥_١٨٨٥) کە لەساڵی ١٨٨١ فتوای جیهادی بەڕووی کافر و کۆلۆنیزمە ئینگلیزەکان دەرکردووە. بزاڤەکە سیمایەکی ئاینی هەبووە، بۆیەش ئەلمهدی چل رۆژ لە ئەشکەوتێکی دوورگەی ئابا لە نیلی شین خەڵوەت دەکات، ئینجا لە رۆژی ٢٩ ی یونیۆی ساڵی ١٨٨١ دەچێتە دەرەوە، لەبەردەم فەقێیەکان و زاناکان و شێخەکان و کەسایەتییە دیارەکاندا وەك مهدی چاوەڕوانکراو خۆی دەناسێنێت، کە دەتوانێت ئەو بەدکاری و زوڵمە بە دادپەروەری بگۆڕێتەوە. لەودەمانەدا کۆمەڵگەی سودانی هەڵوەشاوە بوو، تازە هەنگاوی دەهاویشت لە سیستەمە عەشیرەتییەوە بگاتە سیستەمی حکومەتی، ئەوانیش بە هیچ شێوەیەك ئەو کولتوورەیان نەدەویست کە لە خۆرئاوا رووی تێکردبوون، لەبەربوونی باجیش خەڵکەکەش نیگەران و هەراسانیش بوو، لەناو وڵاتیش توندکاری و گەندەڵی و زۆرداریش زۆر پەیڕەو دەکرا، حکومەتیش هەموو جۆرەکانی بارزگانییەکانی کۆنترۆڵ کردبوو، تازەش بازرگانیکردن بە مرۆڤە کوێلەکانیش راگیرابوو، خەڵکەکەش بەئازادکردنی کوێلەکان هەموو سەرمایەکانیان لە دەست دابوو، بە هاتنی بێگانەش خەڵکەکە تووڕە و ناڕازی بوون کە هەموو دەسەڵاتەکانیان لەبن دەستی دابوو، ئەوەیان بە کوفر دەزانی چونکە ئەوانە موسلمان نەبوون .

ئەلمهدی داوا دەکات هەموو بگەڕێنەوە سەر کتێب و سونەکەی و هەموو بەرنامە و کتێبی تر وەلابنێن و هەموو مەزهەبەکانی تریش پشتگوی بخەن و تیمە دەروێشییەکان هەڵوەشێنەوە و خەڵکەکە واز لە ناکۆکییەکانی نێوانیاندا بهێنن و لە مهدییەت کۆببنەوە و ئەوەش تاکە رێبازیان

**بێت و جەختیشی لەسەر جیهاد دەکاتەوە و شەڕی کافرانیش رادەگەیێنێت، ئەلمهدی ناوی لە سەردەمی پێش خۆی نابوو سەردەمی جاهیلیەت.**

**مهدییە چاوەڕوانکراوەکە**

**لە مانگی ئۆگستی ساڵی ١٨٨١ محەمەد ئەحمەد بزاڤەکەی وەك راگەیاندنی مهدییەت بڵاودەکاتەوە کە ماوەیەکی زۆرە موسلمانەکان چاوەڕوانیان دەکرد، بەر لەوە سەردانێکی کردڤان دەکات، بۆ گەیاندنی پەیامەکەی سەردانی هەموو ناوچەکانی ئەو دەڤەرە دەکات، زۆریش بڕوایان بە پەیامەکەی هێنابوو. هەندێك وادەزانن کە خەڵکەکە بڕوای پێ دەهێنن لەبەر ئەوە بوو میللەت لە دەست زۆرداریيەکان دەیناڵاند و وڵاتەکە گەندەڵی زۆری تێدا بووە، لەودەمانەش لە سودان هیچ بزاڤی تر نەبوو هاوشانی ئەو بێت. کە پەیامەکەی مهدی بڵاودەبێتەوە حاکمی سودان رووف پاشا داوا دەکات مهدی لە بارەگای حکومەت لە خەرتووم کە سەر بە حکومەتی میسر بوو ئامادە بێت و دانوستان بکەن، بەڵام مهدی ناچێتە بارەگە و داواکەی جێبەجێ ناکات، بە پەیامنێرەکەش دەڵێت من گەورەی ئەو وڵاتەم، بۆیە دەبێ ئەو بێتە خزمەتی من، بۆیە رووف پاشا کەشتیەکی چەکدار رەوانەی دوورگەی ئابا دەکات تا مهدی بگرن، بەڵام پیاوانی مهدی چەکدارەکان لەناو دەبەن، ئەو سەرکەوتنش سەرەتای بزاڤەکەی مهدی دەبێت، سەرهەڵدانەکە لە ناوچەکە بڵاودەبێتەوە. لەودەمانەش لە میسر سەرهەڵدانێکی تر لەئارادا بوو، لە ئەحمەد ئەلعرابی سەرکردایەتی دەکرد، هەندێ لە مێژوونووسان هەردوو بزاڤەکە بەیەك دەبەستنەوە، وادەزانن فاکتەرەکانی هەردوو سەرهەڵدانەکە یەکن، چونکە هاوڵاتیانی دۆڵی نیل بەدەست حاکمەکەیان هەراسان ببوون و چاویان لە دەربازبوون، پەنای دەبرد هەر کەسێك بۆ گۆڕان شۆرشێك بەرپا بکات، بۆیە لە باکوور چاو دەبڕنە ئەحمەد ئەلعرابی و لە باشووریش سەرکردە ئاینییەکەیان محەمەد ئەلمهدی، ئەگەرچی لەنێوان دوو بزاڤەکەدا جیاوازی زۆر هەبوو، میسرییەکان داوای ژیانێکی پەرلەمانی و سەرکردایەتی نیشتمانیان بۆ سوپاکەیان دەکرد، بەڵام لە سودان خەڵکەکە حکومەتەکەیان بە کافر دەزانی و بۆیەش هاواریان دەکرد سەرکردەیەکی موسلمان لەو کافرانە رزگاریان بکات .**

هەندێکیش رایان وایە کەوا ئینگلیز لەو دوو بزاڤە سوودمەند بوو، هەر ئەوانیش قازانجیان بوو، چونکە لەو رۆژانە و لەکاتی سەرهەڵدانەکە هەموو هیوا و مەبەستەکانیان لە سودان و میسر دەستەبەر دەبێت، لەو رەوشەدا ئینگلیز بەئاسانی لە باکوور و لە باشوور دەگاتە دۆڵی نیل. کە ئەستووڵی ئینگلیزی لە مانگی یولیۆی ساڵی ١٨٨٢ لە ئەسکەندریە دەدات و داگیری دەکات، مهدییەکان لە سودان زۆر تووڕە دەبن و کڵپەی شۆرشەکەیان بەجۆشتر دەبێت و بە هەموو توانابییەکەوە پشتیوانی خۆیان بۆ ئەحمەد ئەلعرابی رادەگەێنن، ئەویش لە تاراوگەوە پشتیوانی مهدی دەکات و ستایشی هەڵوێستەکانی دەکات.

داگیرکردنی خەرتووم

ئەلمهدی لەژێر سەرکردایەتی خۆییەوە داوای یەکگرتنەوە و یەکێتی دۆڵی نیلی دەکرد، ئەوەشی وەك پێشەنگ دەکرد بۆ یەکێتی وڵاتانی ئیسلام لەبەر ئاڵای مهداوییەت، بۆیەش دەوڵەتی عوسمانی لەو تووڕە ببوون، بە کەسێکی یاخییان دەزانی. ئەگەرچی تورکەکان و ئینگلیزەکانیش دژایەتییان دەکرد، بەڵام ئەلمهدی هەنگاو هەنگاو سەردەکەوت و هەموو هێرشەکانی دەشکاند و ئینجا ئەلئەبیز دەگرێت و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، مانەوە و نیشتەجێبوونی ئەو لە ئەلئەبیز سەرەتات راستەقینەیی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەو بوو، لەوێشەوە بەرەو دەسەڵاتی زۆرتری لەسەر ناوچەکانی سودان دەسەپاند.

لە رۆژی ٢٥ ی ینایری ساڵی ١٨٨٥ ئەلمهدی ئەنجومەنێك لە خەلیفە و ئەمیر و درویێشەکانی پێکدەهێنێت، بڕیاریش دەدات هێرش بکاتە سەر شاری خەرتووم، بەیانییەکەی بە سەرکردایەتی عەبدوڵا ئەلنجومی و بە سوپایەکی ٥٠ هەزار درویێشەوە هێرشەکە دەکات، حاکمی ئینگلیزی ئەوکات جوردون پاشا بوو ئەلمهدی فەرمان بە سوپاکە دەدات ئەو حاکمەی بەزیندوویی بۆ بگرن و نەیکوژن، دەیەوێ بە ئەحمەد ئەلعرابی بیگۆڕێتەوە کە لە سریلانکا بە دوورخراوەیی دەژیا، بەڵام کە درویێشەکان حاکمەکە دەگرن بۆ تۆڵەکردنەوە سەری دەپەڕێنن و بروسکەیەکیش بۆ ئەلمهدی

دەنێرن کە بارەگەکەی لە ئوم دەرمان بوو، کە هەواڵی کوشتنی جودون پاشاش دەگاتە ئینگلترا هەموو وڵاتەکە پرسەی بۆ دادەنێت ڤیکتۆریای شاژنیش رەشی بۆ دەپۆشێت. ئەلمهدی لە ئوم دەرمان دەمینێتەوە و لەوێ مزگەوتێك بە بەرد و قوڕ و پووش دروست دەکات، سوپاکەشی لە ریزی خۆییەوە بەدرێژایی ئاسۆکە مۆڵگە هەڵدەدەن، بەڵام لەوێ زۆر ناژیت و لە رۆژی ٢٢ ی یونیویساڵی ١٨٨٥ بە تای تیفۆس دەمرێت، ئینجا عەبدوڵا ئەلتعایشی دەبێتە خەلیفەی ئەو.

### حکومەتەکەی ئەلتعایشی

حکومەتەکەی ئەلتعایشی یەکەم و دوا حکومەتی شۆرشەکەی ئەلمهدی بووە لە سودان، کە تێدا مهدییەکان ناوچەیەکی زۆری سودانیان کۆنترۆڵکردبوو و پەیامەکەی ئەلمهدیش زۆر بڵاودەبێتەوە، پاش گرتنەکەی خەرتووم و کوشتنی حاکمە ئینگلیزەکە بزاڤەکە گەشە دەکات، بەڵام پاش مردنی ئەلمهدی رەوشەکە دەگۆڕێت، چونکە بزاڤەکە هێزێك و بەرەیەك بوو وابەستەی بە کەسایەتی ئەلمهدی هەبوو و بەس و بە هیچ شێوەیەك نەدەگەڕایەوە سەر بڕیار و سیستەمەکانی حکومەت و یاساکانی، کەسایەتی ئەو دەیتوانی هەموو کاروبارەکانی وڵات بەڕێوەببات و باڵی بەسەریدا بکێشێت، زۆرتر بەرنامە ئاینییەکە باو بوو، ئەو میللەتەکەی ئیقناع کردبوو کەوا میسریش دەگرنەوە و دووبارە مەکەش رزگار دەکەنەوە، بەڵام دەمرێت و هیچ لەو خەونانەی جێبەجێ نابێت، ئەوەش کاردانەی خراپی لەسەر درویشەکانی هەبوو، ئەو ببووە سومبلی ئاینی و بە مردنەکەی ناو و سومبلەکە نەما. بۆیەش خەلیفەکەی عەبدوڵا ئەلتعایشی دەبوایە کار بۆ سازبوونەوەی حکومەت بکات و بەو دەزگایە دەسەڵاتی لەسەر وڵاتەکە پتەو بکات، بەڵام ئەو وەك گەورەکەی ئەو کاردانەوە ئاینییەی نەبوو، بەڵام توانی حکومەتێك لەشێوەی حکومەتی میسری پێکبهێنێت .

ئەلتعایشی ئوم دەرمان دەکاتە پایتەختی دەسەڵاتەکەی و هەموو بڕیار و لایەنەکانی حوکمەکە دەخاتە بن دەستی خۆییەوە، حاکمێکی گشتی بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان دادەنێت، خۆی

سەرپەرشتی بیت ئەلمال و کاروبارەکای دادگا دەکات، هەر بە خۆشی سەرکردە سەربازییەکان دەستنیشان دەکات، حکومەتێك دادەمەرزێت کە پەیڕەوی زولم توندکاری بکات، ئەو زۆرداریيەش هەموو وڵاتەکە دەگرێتەوە، کەسیش لەسەر سەر و سامانەکەی دڵنیا نابێت، هەر بەترسیش بەرنامەکان بەڕێوە دەچێت. ئەو سیاسەتە وڵات بەرەو دواوە دەبات، ناڵەباری زۆر دەبێت، بۆیەش هەموو خەڵکەکە سەد خۆزگە بە حکومەتەکەی میسری دەخوازن، کە زۆرتر بەرەحمتر و دڵۆڤانتر بوو. ئەلمهدی دەوڵەتەکەی لەسەر بنچینەی ئاینی دانابوو، داوای دەعوەی دەکرد، ئەو سیستەمێکی ئیداری و کارگێڕی بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکە دانەنابوو، زووش هەموو سیستەمە کۆنەکە هەڵوەشاندبووە، لەبەرئەوەی سودان وڵاتێکی گەورە بوو، گەیاندن و هاتوچووش ئاسان نەبوو، بۆیە نەدەکرا کۆنترۆڵی هەموو دەڤەرەکانی ئەو وڵاتە بکرێت، بۆیە سەرهەڵدانی و یاخیبوون سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات، ئەوەش دەبێتە فاکتەری رووخانی حوکمەکەی ئەلتعایشی.

### شۆرش دژ بە ئەلتعایشی

ئەلتعایشی وەك کەسێکی فێلزان و جادووگەر لە ئەلمهدی نزیك دەبێتەوە، ئەو کەسیکی مەکرباز و زۆرزان بوو، حەزی لە توندوتیژی و خوێنرشتن کردووە، ئەو هەرگیز نە زانا نەبوو، نە قەڵەمدار بووە، بەڵکو ئەو دژایەتی زانستی بە نەزانینی تاریکەوە کردووە، هەموو زاناکان لە ئوم دەرمان کۆدەکاتەوە و رەزیلیان دەکات، بواریان نادات بێجگە لە قورئان هیچ کتێبی تر بخوێنەوە، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی قورئانیان لێ قەدەغە دەکات، لەسەردەمی ئەو نەخوێندەواری تەشەنە دەکات، بەدرەووشتی بڵاودەبێتەوە و رەوشی وڵات تێکدەچێت، سودان لەناو تاریکی و ترس و خوێن و برسیەتییدا دەژیت. بۆیەش لە هەموو گۆشەیەکی وڵات دەنگی ناڕەزایی و سەرهەڵدان دەردەکەوێت، لە شوێنێك کپیان دەکاتەوە لە گۆشەیەکی تر دەنگ دەداتەوە، لەوانە شۆرشەکەی فقیەی عەرەبی ئەبو حمیزە چونکە بواری ئەو نادات بچێتە حەج، لەساڵی ١٨٨٨ لەسەر مەزارەکەی ئەلمهدی ئەو لە ئوم دەرمان گومبەتێك بەرزدەکاتەوە و داوا لە خەڵکەکە لەجیاتی چوونە حەج بێنە سەر مەزاری ئەو. ئەلمهدی کە ژیاندا مابوو، چوار کەس وەك خەلیفەی لەدوای

خۆی دادەنێت، یەکەمیان ئەلتعایشی دەبێت، چوارەمیشیان محەمەد ئەلشریفی ئامۆزای ئەلمهدی بووە، لە سەردەمی ئەلتعایشی لەبەر بەدکارییەکانی و زۆرداری حوکمەکەی زۆرتر لە دەروێشەکان روو لە خەلیفەی چوارەم دەکەن و لەو نزیك دەبنەوە، بۆیەش داوا دەکەن ئەو ببێتە خەلیفەکەیان، ئەلتعایش بە زانیاری داروەستەکەی لەو پلانە ئاگادار دەبێت، بۆیەش بە فێڵ بەسەریاندا سەردەکەوێت، پێیان دەڵێن با محەمەد ئەلشریف پۆستێکی باڵا وەربگرێت، بۆ خەڵکە نزیکەکانی ئەلشریف مووچەی باش دیار دەکات، بۆیەش پاش ئەو کارانە نەیارەکانی چەکەکانیان دادەنێنەوە و لەو نزیك دەبنەوە، ئینجا ئەو غدریان لێ دەکات، ژمارەیەکیان دەکوژێت و ژمارەیەکیشیان زیندانی دەکات لەوانە محەمەد ئەلشریفیش، بەڵام کە دەزانێت سوپایەکی میسری بۆ شەڕکردنیان ئەو بەرێوەن ئەلشریف ئازاد دەکات تا بەیەکەوە هاوسەنگەری شەڕی میسرییەکان بکەن. لەبەرئەوەی حکومەتەکەی ئەلتعایشی هەموو تواناکانی لەناو وڵاتدا سەرفکردبوو، بۆیە تاقەتی شەڕی دەرەکی نەمابوو، نەیتوانی موڵکەکانی لە هێزە پەلاماردەرە میسرییەکە بپارێزێت، بەتایبەتی لە ناوچەی دەریای ئەلغزال و هێڵی ئیستوا و دارفور، لەبەرئەوەی لەگەڵ حبشەش پەیوەندی هاوکاریی نەبووە، بۆیە نەکرا ئەوانیش لە هێرشی میسرییەکان و ئینگلیزییەکان پشتیوانی بکەن، بۆیە ئەو حکومەتەی لەماوەی سێزدە ساڵ بوو دامەزرابوو بەرووی سوپای میسرییەکان و ئینگلیزەکان دەرووخێت.

### هەرەسی دەوڵەتی مهدییەت

فاکتەرەکانی زۆربوون بۆ رووخاندنی دەوڵەتی مهدییە لە سودان، لەوانە پەلاماردان بۆ گرتنی میسر و هێرشکردنەوە سەر سنوورەکانی، بۆیەش دەسەڵاتی داگیرکەرانی ئینگلیز بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە چونکە زۆر لە وڵاتانی ئەوروپی چاویان لە ناوچە سەرسنوورەکانی سودانیش هەبوو، بۆیە ئینگلیز دان بە حکومەتەکەی ئەلتعایش دانانێت، بۆیەش لە میسر دەستبەرداری سودان دەبێت ئینگلیزەکان وڵاتەکە بە سنوورێکی قەدەغەکراو و تایبەت بە خۆی دەزانێت، میسرییەکانیش بەردەوام خۆیان بە خاوەنی سودان دەزانی، بەڵام لەبەر شۆرشەکەی ئەلمهدی

بووە و ناچاریش بووینە ئەگەرنا دەستبەرداری ئەو وڵاتە نەدەبوون. ئەلتعایش دەیەوێت لەگەڵ ئینگلیز و میسرییەکان دانوستان بکات، بۆیە لە مانگی مارسی ساڵی ١٨٨٧ سێ نامە بە سێ نوێنەریان ڕەوانە دەکات، لەوانە نامەیەك بۆ سولتای عوسمانی عەبدولحمیدی دووەم و ڤیکتۆریای شاژن و و خدیوی محەمەد توفیق، ئەو سێ نوێنەرە دەگەنە دۆڵی حلفا و لەوێیەوە نامەکان ڕەوانەی قاهیرە دەکەن، لەبەرئەوەی خۆیان ئەوان ئاستی خۆیان بە بەرز دەزانن، بۆیە نایەنەوێت بە نامە وەڵامی ئەلتعایش بدەنەوە، نوێنەرەکان بە وەڵامی زارەکییەوە دەگەڕێنەوە. ئەو وەڵامدانەوەیە وا دەکات ئەلتعایش تووڕە دەکات و بیر لە پەلاماردانی میسر دەکاتەوە، بەڵام پاش ئەوەی شەڕەکەی لەگەڵ حبشە تەواو دەکات، کە لەدوا شەڕدا لە ئەلقلابات لەو بەرەیەدا سەردەکەوێت، بۆیە بیر لەو جێبەجێکردنی خەونی داگیرکردنی میسر دەکاتەوە، کە ماوەیەکی زۆر بوو بیری لێ کردبووە، بەوەش حکومەتە تەمەن سێزدە ساڵییەکەشی لەدەست دەدات .

داگیرکەرانی بریتانی لە میسر دەیانەوێ بە دیالۆگ کێشەی سنوورەکانی باشووریان لەگەڵ ئەلمهدییە چارەسەر بکات، بەڵام ئەلتعایش بڕوای بەو دیالۆگە نەبووە و هێرشەکەی بۆ سەر میسر هەر دەکات کە لە دۆڵی حلفاوە دەست پێ دەکات! سوپایە سودانییەکە بە سەرکردایەتی عەبدولرەحمان ئەلنجومی لە ڕۆژی ٣ ی مایوی ساڵی ١٨٨٩ لە دنقلەوە بەڕێدەکەوێت و سوپاکەی لە ڕۆژی ٢ ی یولیۆ دەشکێت و ٢٥ میل بەرەو باشوور پاشەکشە دەکەن و چاوەڕوانی یارمەتی و هێزی تر دەکەن، بەڵام سەربازەکانی بەردەوام لە بەرەکە ڕایان دەکرد و خۆیان رادەستی سوپای میسری دەکرد، ئەوەش سوپاکەی شپرزە دەکات.

لە ڕۆژی ١٦ ی یولیۆ سیر فرنسیس جرنفیل سەرداری سوپای میسری بە نامەیەك داوا لە ئەلنجومی دەکات هەتا نەکوژراوە خۆی رادەستی ئەوان بکات، بەڵام ئەو بۆ ڕۆژی دوایی وەڵامیان دەداتەوە کەوا ئەو هەرگیز بیری لە داگیرکردنی میسر نەکردوتەوە، بەڵام داوا دەکات ئەوان خۆیان بدەن بەدەستەوە و ببنە موسلمان پێی دەڵێت ئەگەر ئەوە نەکەن چارەنووسی ئێوەش وەك چارەنووسی جوردون پاشا دەبێت و دەیگرن  و سەری دەپەڕێنن. لە ڕۆژی ٣ ی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٨٨٩ شەڕەکەی توشکی دەقەومێت، لەوێ سوپاکەی ئەلنجومی شکستێکی گەورە دەخۆن، بۆیە ئەلنجومی خۆی و یەکێك لە مناڵە تەمەن دە ساڵییەکەشی دەکوژێت، مناڵێکی

تریش لەناو خیوەتەکەدا دیل دەبێت. شەڕەکەی توشکی سەرەتای رووخانی دەوڵەتی ئەلمهدییەت بوو، لەساڵی ١٨٩٦ لۆرد کتشنر لە هەڵمەتێکی سەربازی گەورەدا بەرەو داگیرکردنەوەی سودان بەڕێدەکەوێت و چەندین شەڕ لەگەڵ ئەلمهدییەکان روودەدات، کە دوا شەڕیان لە بەیانی رۆژی ٢٤ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٨٩٩ لە ئوم دویکرات بوو، کە تێدا خەلیفە عەبدولڵا ئەلتعایشیش دەکوژرێت.

ئەلسادق ئەلمهدی

پاش شەڕەکان و شکانی سوپای حکومەتەکەی ئەلمهدییەت بیر و هزری مهدییەت لەناو درویشە سودانییەکان مابوو، لە بنەماڵەی مهدییەکان یەك کەسیان مابوو و لە شەڕەکەی ئوم دویکرات نەکوژرابوو، ئەویش عەبدولرەحمان ئەلسادق ئەلمهدی تەمەنی ١٣ ساڵ بوو، بۆیەش درویشەکان وەك سەرکردەیەکی خۆیان سەیری دەکەن و لەو کۆدەبنەوە. ئەلسادق داوای سەربەخۆیی سودان دەکاتەوە، لەبەر ئەو کەسێکی نەرم بوو، لەناو میللەتەکەش ناوبانگی باشی هەبوو، بۆیە ئینگلیزەکان بیر لەوە دەکەنەوە دانوستان لەگەڵ ئەودا بکەن و دان بە سەرکردایەتی درویشەکانی سودان ئەو دادەنێن، بەوەش بواری شۆڕشێکی تر دەگرن، پشتیوانی دەکەن لە بەرنامە چاکسازییەکانی بۆ گەشەپێدانی سودان، ئەویش دەتوانێت بنکەیەکی پیشەسازی و کشتوکاڵی دادەمەزرێنێت و هانی فێربوون و خوێندەواری دەدات و رۆژنامەش لەسەردەمی ئەو دەردەچێت، ئەو بەدروستی رێبەرایەتی گۆڕانێکی بەرجەستە لەناو کۆمەڵگەی سوداندا دەکات.

کە دەوڵەتی مهداویەت دەرووخێت، دووبارە سودان دەکەوێتەوە ژێر رکێفی حوکمی دوولایەنەی میسری ئینگلیزی، ئینگلیزەکان هەست بەوە دەکەن کەوا هزری ئاینی لەناو سودان چەند قووڵە و چۆن رەگوریشەی داکوتاوە، بۆیەش بۆ ئەوەی بتوانن خەڵکەکە دەستەمۆ بکەن، بەباشیان زانیبوو بە هیچ شێوەیەك دژایەتی ئاینی ئیسلام نەکەن، بۆیەش پشتیوانی زانا و گەورە کەسایەتییە موسلمانەکانیان کردبوو ئەوانەی هاوبیری مهدییەت نین و ئەو هزرە رەفز دەکەنەوە،

بۆیەش سۆفیزم گەشە دەكات، لەوانە بەرێز عەلی ئەلمیزغنی وەك پێشەوای ئەلختمییە و بەرێز یوسف وەك پێشەوای ئەلنهدییە كە لقێكی قادرییە دەردەكەون، بە زۆربوونی تەریقەتەكانی سۆفیزم و گەشەكردنی بوارەكانی یەكێتی وشە و رامانی میللەتی سودانی پەخشان دەبێت .

ئینگلیزەكان كار دەكەن سیستەمێكی نوێ لە سودان پەیڕەو بكەن، ئەو دەسەڵات و سیستەمە دوولایەنە میسرییە ئینگلیزییەی سودان كە بەپێی ریكەوتنەكەی نێوان پوترس غالی پاشای چاودێری وەزارەتی درەوەی میسری و لۆرد كرومری بریكاری بریتانی لە میسر كە لە رۆژی ١٩ ی مانگی ینایری ساڵی ١٨٩٩ مۆركرابوو، سودان لەنێوان ئەو دوو دەسەڵاتەدا بەشدەكەن، بەڵام لەڕاستییدا بوونی دوو دەسەڵاتەكە تەنها بە شێوە و بەناو بووە، ئەگینا لەو ساڵانەدا دەسەڵات و فەرمانەكە تەنها بریتانیا بووە، میسر لە كارگێڕی سوداندا هیچی لە دەستدا نەبووە، هەر بۆ ناو ئاڵایەكی میسرییان لەتەنیشت ئاڵای بریتانی لەسەر باڵەخانەی حوكمدا بەرزكردبووە، چونكە وڵاتی میسریش لەلایەن ئینگلیزەوە داگیركرابوو. ئەو پەیمانەی نێوان بریتانیا و میسرییش مۆركرابوو بریتی بوو لە زەنجیرەیەكی درێژی مینی چێندراوی شاراوەی ناو پەیوەندییەكانی نێوان میسر و سودان بووە، كە نێوانیان لەسەر دۆسیەیەك ئاڵۆز دەبوو، لەناكاو یەكێك لەو مینانە دەتەقین و زۆر بابەتی شاراوەی ئەو پەیمانە دەردەكەوت، ئەوەش دەبووە گەردەلوولێكی بەردەوام و بواری بەردەمی هەردووكیانی تاریك و تەماویی دەكرد. بەپێی ریكەوتنامەكە سنووری نێوان هەردوو وڵاتەكە كێشەی زۆری تێ دەكەوێت، چونكە لە سنوورەكەی بەپیی هێڵی پانی ٢٢ بەرەو باكوور دیار دەكەن، هیچ رەچاوی سرووشتی كۆمەڵایەتی دانیشتووانی ناوچەكەیان نەكردبوو، بەو سنووردانانە جەستەی یەك وڵاتەكە بەشدەكەن تا بتوانن بەئاسانی قووتی بدەن و هەرسی بكەن.

## بابەتی حەوتەم

## شۆرشی فەرەنسا

## فەیلەسوفەکان نەتەوە بەزیوەکە دەرباز دەکەن

**حەسەن حافیز**

## فەرەنسا پێش شۆرش، ئیمپراتۆریەتێکی موفلیسی بریندار بەشکۆمەندیی نیشتمانییەوە

لەگەڵ هەموو هیوا و مەبەست و هەنگاو و کاروان و هەڵوێستە مەزنەکانی و هەڵە گەورەکانی، هێشتا شۆرشی فەرەنسی ئەوەی کە لەساڵی ١٧٨٩ هەڵگیرسا خەونێکە و خەڵکێکی زۆری هەراسانکردووە، ئەگەرچی شۆرشی ئینگلیزەکان زووتر و دەرئەنجامی روونتریش بوو، بەڵام هەر شۆرشی فەرەنسییەکان ناوی زۆرترە و دایکی شەرعی هەموو شۆرشەکانی پاش خۆیەتی. هەر کە بڵێسەی شۆرشەکە هەڵدەکرێت بەخێرایی هەموو بەت و پەیکەرەکانی رژێمەکە هەڵدەوەرێت و بنچینەکانی روناکی ئازادی و برایەتی و یەکسانییەکان هەموو ئەوروپای تاریك دەگرێتەوە، کە لەلایەن چەند بنەماڵەیەکی گەندەڵەوە کۆنترۆڵ کرابوون. دەستەیەك لە هوشیارترین هزری فەرەنسی لە بوارەکانی هزر و فەلسەفەدا رێنسانسی دووەمی ئەورپایان لە سەدەی هەژدەم بەرپاکرد. لەوانە مولییر و ڤۆلتێر و روسو و مونتیسکۆ و دریدور و روناکبیرانی تر، ئەوانە بە بەرنامە و بەها نوێیەکانی مرۆڤایەتی و چەسپاندنی مافی خەڵکە چەوساوەکان لەڕووی رەوشە ئابوورییە و دەسەڵاتە رەهاکەی پاشاکان، کە خۆیان بە نیوە خودایەك دەبینی و کڵێسا باتریکییەکان کە ئیمانیان بە پارە دەفرۆشت میللەتیان بۆ شۆرش و گۆڕانەکان هاندا. ئەو فەیلەسوفانە بوون کەوا بواری شۆرشەکەیان سازکرد و زەمینەی پێشوازیکردنی شۆرشەکەیان خۆش کردبوو، کە بە نووسینەکانیان تیرۆژی شۆرشیان نیشان دەدا.

بنەماڵەی بوربونییەکان ئەوانەی لەساڵی ١٥٨٩ دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، بەردەوام چاویان لەوە بوو زۆرترین وڵاتی ئەوروپا داگیر بکەن، بۆیەش وڵاتەکە لەبەر فەرمانڕەوایی ئەو بنەماڵەیە، بەردەوام لە شەڕی دژواردا بوون.

لە سەدەی حەڤدە پاشای فەرەنسا لویسی چواردەم، ئەوەی بە پاشای خۆر دەناسرا، وڵاتەکەی لە ئەورووپا دووچاری چەندین شەڕی دژوار کردبووە، کە پاشای ئەسپانیا کارلۆسی دووەم دەمرێت، ئەو پاشایەی کە ماوەی چواردە ساڵ لەنێوان ١٧٠١_ ١٧١٤ شەڕی فەرەنسا کردبوو، لە هەموو شەڕەکانیش فەرەنسییەکان دەشکان، ئینجا بۆ دانانی پاشایەکی نوێ بۆ ئەسپانیان وڵاتانی ئەورووپا بڕیاردەدەن پاڵێوراوی فەرەنسا فیلیپی پێنجەم نەوەی لویسی چواردەم لەبەرامبەر دەستبەرداربوونی لە تەختی پاشایەتی لە فەرەنسا دابنێنن، کەواتە جارێکی تر فەرەنسا و ئەسپانیا لەبن سێبەری تەختێکی پاشایەتی یەك ناگرن، ئەوەی لویسی چواردەم خەونی پێوە دەبینی .

ئاسمانی ئەورووپا لە ئەنجامی شەڕ و ململانێیەکان و هەڤاڵبەندییەکان، کە دەکرا و هەڵدەوەشایەوە، بۆیەش هەرگیز ئارام نەبوو، کە ئیمپراتۆری نەمسا شارلزی شەشەم دەمرێت، لەبەر ئەوەی کوڕی نەبوو، بۆیە ماریا تیریزای کیژی ١٧١٧_ ١٧٤٨ لەسەر تەخت دادەنێن، بەوەش شەڕێکی دژوار دەقەومێت و ئەوەش بارێکی گران لە ماوەی هەشت ساڵ ١٧٤٠ هەتا ١٧٤٨ بەردەوام دەبێت، کە تێدا فەرەنسییەکان دەشکێن، چونکە ئینگلترا پشتیوانی نەمسا دەکات و دواییش بروسیا (ئەڵمانیا) دەکشێتەوە. لەو شەڕەدا فەرەنسییەکان دەزانن کەوا ئینگلترا بوویتە دوژمنی سەرەکی ئەوان، چونکە ئەوان خۆیان بە هێزی مەزنی ئەورووپا دەزانی، بۆیە ئاسایی بوو فەرەنسییەکان خۆیان بۆ شەڕێکی دژواری چاوەڕوان ساز بکەن. تا کەرامەتی خۆیان لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا بەرز بکەنەوە.

لەساڵی ١٧٥٦ هەشت ساڵ بوو ئەورووپا ئاشتییەکی وەهمی بەخۆییەوە دیبوو، ئەو شەڕە میراتییەی لە نیگای سیاسەتمەدارەکان یەکلانەبووەوە، هێشتا نەمسا لە ڕەوشی بوهیمی مابوو، ئیتاڵیا و بروسیا لە سیلیزیا و بریتانیا لە هانۆڤەر و فەرەنساش لە هیند نیگەران بوون. بنکە کۆنەکانی گەمە سیاسییەکەی ئەورووپا گۆڕابوو، بروسیا وەك هێزێکی نوێ لە جیهانی جرمان دەرکەوتبوو، سوپای رووسی وەك هێزێکی مەزنیش دیاربوو، ئینگلتراش پاشماوەی ئیمپراتۆریەتییەکانی دەریایی پرتوگاڵی و ئەسپانی و هۆلەندیی بۆ دەمینێتەوە، بۆیەش ڕۆحی نەتەوەیی لە ئینگلترا بە دەسکەوتە بازرگانییەکانیان و بوارەکانی تر مەست و سەرکەش بوون،

بروسیاش سەرکەوتووی شەڕەکان بوو، فەرەنسا مەکۆی پێشکەوتنی رۆشنبیری بە نەمانی سوپاکەی هەستی بە سستی و نائارامییەك دەکرد. ململانێی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکانیش بەرەو دووریانیکی گێراوە دەچوو، هەردوولاش چاوەڕوانی بەخت بوون بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕە سی سالییەکەیان، هەمووش بۆ دەست بەسەرداگرتنی رۆحی ئەورووپا بوو، بۆیەش شەڕەکە هەلدەگیرسێت .

شەڕێکی دژوار و لە هەموو بەرەکان، فەرەنسا وەك سەری ئۆردوگایەك چاوی لە داگیرکردنی نەمسا و رووسیا و سوید بوو، ئینگلترا و بروسیا کە دوایی بووە بە ئەلمانیا هاوپەیمانی دەبەستن و شەڕێك لە گۆڕەپانەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و هیند لە ماوەی حەوت سالی ١٧٥٦ هەتا ١٧٦٣ روودەدات، دەرئەنجام فەرەنسا لەو شەڕانەدا قەلەمڕەوییەکانی پشت دەریاکانی ئەمریکا و هیند دەدۆڕێنێت و دوژمنە دێرینەکەی ئەو ناوچانە کۆنترۆل دەکات، بروسیاش وەك هێزێکی مەزنی سەرەکی لە ئەورووپا و لەسەر حیسانی فەرەنسا پەیدا دەبێت، فەرەنسا لەبەردەم هێزە مەزنەکەی ئینگلیزەکان دەستەوەسان دەبێت.

### سالەکانی بەفیڕۆچوو

فەرەنسا لەو شەڕدانە بەشکاویی و ملکەچی بە سوپایەکی ماندوو و گەنجینەیەکی بەتال دەمینێتەوە، میللەتەکەشی دەکەونە رەوشی برسیەتی و توانای خۆراگرییان نامینێت و بەرەو هەرەس دەچێت. ئەوەی لەناو گوندەکانی فەرەنسا دەسووڕایەوە دەیزانی ئەو میللەتە چەند داماوە، هەژاری و برسیەتی چۆن هیلاکی کردووە، دەولەتیش بەرەو ئیفلاسی دەچوو، لویسی شازدەهەمی پاشاش بێ دەسەلاتانە لەبەر ماری ئەنتونێتی شاژنیش دەستەوەستان بوو، چونکە ئەو هەر خەریکی بەزم و ئاهەنگە خۆشەکانی خۆی بوو، میللەتیش لە برسانا بەرەو شارەکان کۆچیان دەکرد. پاشاش تاقەتی بینینی میللەتەکەی نەمابوو، ئەوانیش لەناو شاری رووناکی و لە کۆلانە تاریکەکانیدا عەودالی پارچە نانێکی وشك بوون، تەنها چیرۆك و بەسەرهاتە خۆشەکانی

پاشا و شاژنیان دەبیست، ئەو شاژنەی بەڕەچەڵەك لە بنەماڵە ئیمپراتۆریەتی ڤییناوە هاتبوو، بۆیەش میللەت کە بە کتێب و نووسینەکانی سەردەمی رۆشنگەری و بە چەکی عەقڵ بەر لە بارود دەکەن و بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەك دەگەنە ناو شەقامەکانی پاریس و هاواریان لێ هەڵدەستێت، بەڵام کەس وەڵامیان ناداتەوە، تەنها سەدای دەنگی خۆیان دەبیستەوە.

بۆیەش دەستە رووناکبیرەکە، لەوانە روسۆ و ڤۆلتێر ومونتیسکۆ و دیدور بۆ دەربازبوونی وڵاتەکەیان لەو رەوشە شەرمەزارییەی، کە وڵاتەکەیان لە لووتکەی گەشەی ئەوروپاییەوە گەیشتووتە پلەی دووەم، بیر لەوە دەکەنەوە نیگایەکی نوێ بۆ دەبازبوون بدۆزنەوە، چونکە فەرەنسا لەناو قەیرانێکدا بوو دەرچوونی نەبوو، هەموو ریفۆرمەکانی ئەوانەش داوای چاکسازی سیستەمی پاشایەتی بوو، ئەوەش دەکرا لە ناوەوە شۆرشێکی هەڵگیرسێت، کە داوا چاکسازییەکانیان گوێی لێ راناگیرێت، بۆیە بەناچاری هەموو هەنگاوەکان بەرەو هەوارێك دەبەن، کە هەرگیز ئەو رێگایە تاقی نەکراوەتەوە.

سەردەمی رۆشنگەری

کە فەرەنسا لە بەرەی شەڕەکاندا دەشکێت بە سەرکەوتن و هزری فەیلەسوف ڤۆلتێر فەرەنسوا ماری ئارویە، ئەوەی لە رۆژی ٢١ ی مانگی نۆڤمبەری ساڵی ١٦٩٤ لە بنەماڵەیەکی برژەوا لەدایك بووە و لە کۆلێژی لویس لوگرانی یسووعیەتی دەخوێنێت، کە خوێندنەکەی تەواو دەکات، رێبازی ژیانی بەرژەواکان رەفز دەکات و لەوان یاخی دەبێت و پیشەی پارێزەرییەش ناکات، ئارەزووی ژیانی بەڕەڵایی و یاخیبوون و قاوەخانە ئەدەبییەکان دەکات.

کە بە شیعرەکانی کۆمەڵگەی ئەوسای فەرەنسی رەخنە دەکات، دەسەڵاتدارەکان دەیگرن و لە زیندانی باستیلی دەپەستن، ئەو لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە یەك ساڵ زیندانی دەکرێت، کە لە زیندان بەردەبێت، ناوە درێژەکەی فەرانسوا ماری ئارویە رەش دەکاتەوە، ناوی ڤۆلتێر وەردەگرێت، کە پاشان لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو بەو ناوە دەناسرێتەوە.

ڤۆلتێر وەك فەیلەسوفەكانی تر خۆی سەرقاڵی دانانی ڕێبازێكی عەقڵی و دامەزراندنی فەلسەفەیەكی پتەو نەبوو، ئەوەندەی پەرۆشی رووخاندنی كایە نەگۆڕ و دابونەریتە باوەكان بوو، كە بواری هزر و بیركردنەوەیان لە دەربازبوون دەگرت، كە ئەو دژایەتی و ململانێی لەگەڵ كڵێسا دەكرد، مەبەستی نەبوو وەك كەسێكی مولحید و لادەر لە دابونەریتەكانی كاسۆلیك دەربكەوێت، بەڵكو ئەو هێرشی كردووە كڵێسا لە ڕۆژانەی ژیانی فەرەنسییەكان دووربكەوێتەوە، رەخنەی لە ئاكارە رەق و توندەكەی كڵێسای كاسۆلیك گرتووە كە بڕوای بە لێبووردەیی نەبووە.

ئەو دەیوت كەوا خورافیاتەكان بەرهەم و دەستكردی قەشە و كاهینەكانە، ئەوانە بوون زانستی لاهوتیان داهێنا، هەموو ملمانێی و ناكۆكییەكانیش لە لاهوتەوە پەیدابووە، كە ناكۆكییەكان و نەهامەتییە تاڵەكان و شەڕە دژوارەكانی ناوخۆی ئاینی لێ دەكەوێتەوە، ڤۆلتێر لە كتێبەكەی نامە ئینگلیزییەكاندا كۆمەڵگەی فەرەنسی ریسوا كردووە، ئەو كتێبە پاشان بە نامە فەلسەفییەكان دەناسرێت، كە تێدا كۆمەڵگەی فەرەنسی بە كۆمەڵگەی ئینگلیزی ناساندووە، كە زۆر لەسەر وڵاتەكەی ئەوان پێشكەوتوو تربووە، لە فەرەنسییەكان تووڕەیە كە رەووشتی عەقڵ و لێبووردەیی ئاینی پەیڕەو ناكەن. لەوێ نووسیویەتی:

لە فەرەنسا دەسەڵاتێكی رەهای توندكاری زۆردارانە پەیڕەوە، چینە دەرەبەگە لووتبەرزەكەش بێكار دەژین، لە فەرەنسا بازرگانی بە چاوی كەمە دەبینرێت، جووتیارەكانیش لەبن زەبری باجە زۆرەكان دەناڵێنێت، كە دەرەبەگەكان لەسەریان داناون، بەڵام لە ئینگلترا پەرلەمان گەورەی وڵاتە و حوكم دەكات، ئەوەش لە ئەنجامی شۆرشەكەی كرومویلی ساڵی ١٦٦٦ بەرپابووە، كە تێدا زۆرداریيەكان نەماون. لەوێ بازرگانی بەشكۆیە و جووتیاریش كارمەندێكی دەوڵەمەند و شكۆدارە و بڕوای بە خۆی هەیە و سەربەستانە كار دەكات، لە فەرەنساش خەڵكەكە لەناو ملمانێی دانوستانی لاهوتی نەزۆكەوە خول دەخۆنەوە، وەك ئەوە حەرامە، ئەوەش حەرامە، ئەوە ئاوەگرە، یان ئەوەیان خاوێنە، ئەو كەسە ئیماندارە، بەڵام ئەوی تریان كافرە، بەڵام لە ئینگلترا دیالۆگە فەلسەفییەكان لەسەر شێوازەكەی فرنسیسی بیكون و ڕێبازە ئەزموونگەرییەكەی لە زانست، یان شێوازەكەی جۆن لۆكی لۆژیكی دوور لە تەجریدی و میتافیزیقی، یان كارەكانی نیوتن

ئەو بلیمەتە مەزنەی ئەوەی سیستەمی جیهانی شرۆڤەکرد و ئینگلیزەکانیش ڕێزیان گرت و ئاست و شکۆییان بەرزتر کردەوە.

ئیتر ڤۆلتێر بەو شێوەیە کارە دزێوەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی ئاشکرا دەکات و پاشکەوتن و نەفامییەکانیان باس دەکات، بەوەش دەتوانێت بنچینەکانی خورافەت هەڵدەتەکێنێت، لە پیشەی پارێزەرییەکانی بەرگری لە بابەتەکانی ئاوەز دەکات، ئەگەر ڤۆلتێر رووناکبیر نەبوایە، ئەوە دەبووە پارێزەرێکی مەزنی ئەو جیهانە، ئەو بەتوندی دژایەتی هزری جادووگەریی و نەفامی کردووە و پشتیوانی تەواوی لە بەهاکانی ئاوەز و بیرکردنەوەی ئازادی بەهێزی باڵکێش کردووە.

## شێتەکەی ژەنێڤ

ئەگەر عەقڵی ڤۆلتێر لەودەمانە لە سەردەمێکی تاریکی فەرەنسادا سەردەکەوێت ئەوا هاوڕێیەک، نەیارێکی تری کە پاشان بە ناوی جان جاك رۆسۆ دەناسرێت، ئەو سۆز و هەڵچوونەکانی مرۆڤ کە دوایی بە رەوتی رۆمانسیەت ناسرا، بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم باڵ بەسەر هزر و ئەدەب دەکێشێت، کە ئەدیبی مەزنی روسیا تۆلستۆی ملوانکەیەکی بە وێنەکەی رۆسۆ وەدەکات، ئەوە باشترین بەڵگە و نیشانەی گەورەیی رۆسۆ بووە، دانیشی بەوە داناوە کەوا ئەو پیاوە رۆڵێکی مەزنی لەسەر ئەودا هەبووە .

جان جاك رۆسۆ (١٧١٢_١٧٧٨) ئەوەی بە شێتەکەی ژەنێڤ دەناسرا، چونکە کەسایەتییەکی سەیر و نامۆی هەبوو، ئاکارەکانی ناوازە بوون، بەڵام ئەو یەکێك بوو لە رێبەرانی شۆرشەکە چونکە کتێبەکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی کە بێ دانوستان ببووە ئەنجیلی شۆرشە فەرەنسییەکە. ژیانی رۆسۆ فاکتەرێك بوو، کەوا ماوەیەك ئەو کەسایەتییە پشتگوێی بخرێت و ماوەیەکیش دووبارە بێتەوە پێشەوە، ئەو لە بنەماڵەیەکی برژەوا لە شاری ژەنێڤ لەدایکبووە، تا بگاتە ناو سالۆنە رووناك و ناودارەکانی پاریس و زۆرتر لە بوارەکانی رۆشنبیری ئەو وڵاتە دەربکەوێت و بناسرێت بەرەو پاریس دەڕوات، لەوێ هەتا نقوومبوون و تاوانەوە دەژیت و بە دەستەواژەی سەیریش

پێناسەی ئەو ژیانەی کردووە، ئەوەشیان لە بەشێکی کتێبەکەی دانپێدانانەکانمدا باسی کردووە، کە ئەو نووسین و دەربڕینە دەبێتە بەشێك لە ئەدەبی بیرەوەری تایبەتی.

رۆسۆ لەناو خەڵکە داماو و ناوازەکاندا ژیاوە، ئەوەش دەبێتە سەرچاوە و ژێدەرێکی مەزن بۆ گەورەیی و نوێبوونەوەی هزر و رامانەکەی، ئەگەرچی ئەو لەو کۆمەڵگایە کەسێکی نامۆش بووە، بەڵام بەئاسانی دەگاتە ناو پیاوانی شۆرشەکە، لەبەرئەوەی پێشەنگەکانی شۆرشەکەش کەسانی نامۆ و ناوازەبوون، بۆیەش ئەو ئەوانە بەئاسانی دەدۆزێتەوە و رۆسۆ دە ساڵیش بەر لە هەڵگیرسانی شۆرشەکە لەویَ کۆچ دەکات، بەڵام ئەو دۆستی نزیکی ئەوان بووە، بۆیەش شۆرشگێرەکان دەیانووت :

ئەو لەکاتی خۆییدا هاورِیَ و هاوبیری ئێمە بووە، ئێمەش تەنها ئەوەمان دەیویست، ئیمەش ئەوەمان دەیویست کە ئەو بانگێشتی دەکرد .

رۆسۆ هەموو رەچەڵەك و رەسەنایەتی پاشایەتی ئەوروپی و فەرەنسیشی رەفز کردیتەوە، چونکە ئەو لە کتێبەکەییدا پەیمانی کۆمەڵایەتییەکەییدا بەڕوونی قسەی لەسەر یەکسانی و دادپەروەری نێوان میللەت و کاربەدەستان کردووە، ئەویش بووە کە وەڵامی ئەو پرسیارە زەحمەتەی داوەتەوە، کیَ مافی هەیە یاساکان دابرێژێت؟

ئەو دروشم و داوایەی لە کتێبەکەییدا باسکردووە کە لەساڵی ١٧٦٤ نووسیبوو، ئەو ئەوەی سەلماندووە کەوا دەوڵەت واتە پەیوەندی و پەیمان لەنێوان تاکی کەسەکان و سیستەمەکان، ئەوەش دەرئەنجامی گەشەی سرووشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دێتە ئاراوە، کە تاکەکان لە هەندیَ لە دەسەڵاتەکانیان دەدەنە دەستەیەکی سیاسی، ئەوەش مانای ئەوە نییە کەوا خەڵکەکە کە واز لە دەسەڵاتەکانیان دەهێنن، دەسەڵاتەکان دەبەخشنە کەسێك یان دەستەیەك لە کەسانی تر، بەڵکو ئەوان دەسەڵاتەکەیان دەبەخشنە هەموو کۆمەڵگەکە، بەوەش ئیدارەیەکی گشتی ساز دەبێت کە کۆمەڵگە ساز و بەسیستەم دەکات، ئینجا دەستە سیاسییەکان وەك دەزگایەکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی جڤات دادەمەزرێن و کاریش بۆ بەرژەوەندی گشتی دەکەن، کە ئیرادەی گشتی هێزی گشتی بووە، بۆیەش هەموو دەمێك میللەت دەتوانێت حکومەت بگۆڕێت،

چونکە لێرە و لەو ڕەوشەدا وشەی میللەت گوزارشت لە ویست و خواستە گشتییەکان دەکات. بەوەش ڕۆسۆ پاش ئەوەی بیردۆز و دەسەلاٌتی خودایی لە دەسەلاٌتدا لە پاشاکان دەستێنێتەوە، کلیلی شۆڕشەکەی داوەتە دەست میللەتی فەرەنسی. ئەوە و ڕۆسۆ بۆ هەموو مرۆڤێك ڕۆڵی لە ژیاندا داناوە، بە پێناسەی ڕۆسۆ نەفس لەناو خۆییدا بوونی هەیە و ژیانی تایبەتییش لەو سرووشتەدا پیادە دەکات، بۆیەش ئەو مرۆڤە لەناو ژیانی میللەتەدا دەتاوێتەوە و هەموو ماناکانی خۆدی خۆی دەداتە بوونەوەرێکی ئەخلاقی کە لەلایەن میللەتەوە بەرجەستە بووە .

ڕۆسۆ بە نووسینەکانی دیموکراسیەتی کردوتە کایەکی گونجاو و بەردەست، پاش ئەوەی وتی هەموو خەڵك لە ژان و خۆشییەکاندا یەکسان، کە ڕۆسۆ بانگێشتی بەها سۆزدارییەکانی کردووە و داوای بەرز ڕاگرتنی عەقڵی لەناو چوارچیوەی بیردۆزی کارسازییەکانی شۆڕش کردووە، هەردوو بەشی عەقلاٌنیەت و سۆزداری، یان عەقلٌ و دلٌ تەواوکەرییان پێگەیاندووە. بەوەش شۆڕشەکە بەرنامە هزرییەکانی تەواو دەبێت.

ئینسکلۆپیدیا

ئیتر لێرەوە ڕۆڵی فەیلسوفێکی تر بەناوی دنیس دیدور (١٧١٣_١٧٨٤) پەیدا دەبێت، کە بە نووسینەکانی هێرشی کردوتە سەر کلێسا و دەوڵەت، ئەو هزر و بەرنامەکانی لە کارێکی فرەلایەندا، کە دوایی بە ئینسکلۆپیدیا ناسرا، ئەو زانستەی دوایی بنچینەکانی زانستی دارشت، کە تێدا هەموو ئاماژەکانی سەردەمی زانستی تێدا دوور لە دەسەلاٌتی کلێسا دیار دەکات، ئەو توانی یەکەم کۆشش بۆ ئاسانکردنی زانست و زانیارییەکان بۆ خەڵکە سادە و دوور لە توێژە ئورستقراتییەکە دابنێت، بەوەش ئینسکلۆپیدیاکە دەبێتە گوزارەشتێکی زیندووی چینی برژەوا بەڕووی بەهاکانی پاشایەتی و ئورستقراتییەکان و کلێساش. لەگەلٌ ئەو داهێنانەدا و بۆ دەوڵەمەندکردنی ئینسکلۆپیدیاکە فەیلەسوف کلۆد ئادریان هلفتیوس (١٧١٥_١٧٧١) بۆ سازبوونی هەندێ لە وتارەکانی ئەو کۆبەرهەمەدا بەشداری دەکات و لە هەردوو کتێبەکەی بە ناوی (لە ڕۆحەوە) و

(زیرەکی) دا بیردۆزەکەی خۆی دادەڕێژێت، کە تێدا وتبووی هەموو خەڵك یەکسانە لە وزە و لە داهێنانا، جیاوازییەکانیش لە ڕەوشەکانی گەشەکردن و پەروەردە و فێربووندا دەردەکەوێت، لەبەر ئەو بۆچوونە بووە کە کتێبەکانی ئەویان سووتاندووە. ئەو ڕامانەی ئەو کاردانەوەیەکی مەزنی هەبوو، لەودەمانەی کەوا بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان ڕەنگی خوێنی خۆیان بە شینی بێگەرد زانیوە، خۆیان وا ناساندووە کەوا ئەوان لەلایەن یەزدانەوە دەستنیشان کراون .

ئەو ئازایانە نەفرەتی کڵێسای کردووە و داوای کردووە لە دەوڵەتیش دابڕێت. ئەگەرچی هلفتیوس هیچ ڕێنمایی و ڕاسپاردەی نەبووە، بەڵام داوای کردووە دەسەڵاتی کڵێسای کاسۆلیك لە فەرەنسا بەرتەسك بکرێتەوە، چونکە لەو سەردەمەدا کڵێسا وا لەگەڵ سیستەمی پاشایەتی مارەکرابوون نەدەکرا لەیەك بکرێتەوە یان دابڕێن، ئەو بە بیردۆز و ڕامانێکی کۆمەڵایەتی نەك لاهوتییەوە ڕەخنەی کڵێسای کردووە، ئەو دژی بەرنامەکەی کڵێسا بووە، کە هەژاری و بەتەنیایی ژیانی نەمر و شکۆدارکردووە، لەبەر ئەوەی کڵێسای کاسۆلیك فێربوونی سووك کردووە، لەبەر ئەوە نەبوو کەوا فێربوون واتە ڕەخنەگرتن و ڕامان لە بۆچوونە زانستییەکان و هونەرییەکان، بەڵکو زانستی بەدروست و بەپێویست نەزانیوە، کڵێساش مەبەستی بووە هزر و بیری تاك هەر لە منداڵییەوە بخاتە بن دەسەڵاتی کهنوتییەوە، بۆیەش دەنگەکەی ئەو بەهێز بووە بۆ دابڕینی فێربوون لە دەسەڵاتی کڵێسا .

ئیتر وا ئەنجیلی عەقڵ دژ بە ئەفسانە و جادووگەرییەکان بە کۆشش و خەباتی ڤۆلتێر دەردەکەوێت، لەولاشەوە ئەنجیلی زانست دژ بە عەقیدە و ڕێنماییە ئایینییەکان بە کۆششی دیدور و ئینسکلۆپیدیاکەی و ئەنجیلی پێشکەوتن بە فێربوون دژ بە تەئمل و بیرکردنەوەی کۆن لە مردن بە ئازایەتی و هزری ڕۆسۆ سەرهەڵدەدات، لە هەموو گۆشەیەکەوە هزرە نوێیەکان دەگاتە فەرەنسا و سەردەمێك دێتە کایەوە بانگێشتی شۆڕش دەکات.

## بزاڤە سیاسییەکان هاوشانی فەیلسوفەکان خەبات دەکەن

لەسەر ئاستی دەرەوە و لە شەڕەکاندا فەرەنسا شکستی خواردبوو، لەناوەوەش ئیفلاسی کردبوو، رۆژانەش تووڕەیی خەڵکە هەژارەکە زۆرتر دەبوو، لویسی شازدەمی پاشاش ئاوڕێکی لە برسیەتی خەڵکەکە نەدەدایەوە و شاژنیش لەسەر خۆشی و پارە سەرفکردنەکانیدا بەردەوام بوو، کتێبە فەلسەفییەکانی سەردەمی رۆشنگەریی لەگەڵ برسیەتی و زۆردارییەکانی حکومەت و گەندەڵییەکاندا جۆشیان دەدا، نووسینەکانی رۆسۆ و ڤۆلتێر ببوونە دار و سوتەمەنی شۆرشەکە و هەتا ساتی سەرهەڵدانەکە کاریگەرییان زۆرتر و گەرمتر بوو. لەگەڵ زۆربوونی هەڕەشەی برسیەتی هەژارەکان بۆ نزیکبوونەوە لە پاشا و شاژن لە گوندەکان رایان دەکرد و دەهاتنە پاریسی رووناکی، بەڵام پاشا وەڵامی ئەوانەی بە زۆرترین ئاهەنگ و بەزمی شەوانەی خۆی دەدایەوە و خەڵکە داماوە برسییەکەش تەنها زانین و گێڕانەوەی چیرۆکە ئەفسوناوی و سیحراوییەکانی ناو کۆشکی پاشایەتییان دەبیستەوە، کە ئەو پارەی لە بەزمەکانی کۆشکەکان سەرف دەکرا، دەکرا میللەتە برسیەکەی پێ تێر بکرێت .

لویسی شازدەم (لوی ئوجست) ئەو کوڕە گەنجە بوو کە لە تەمەنی ٢٩ ساڵییدا لەپاش مردنی باپیری لویسی پازدەهەم ئەوەی لە رۆژی ١٠ی مایۆی ساڵی ١٧٧٤ مردبوو، دەگاتە تەختی پاشایەتی و نازناوی پاشایەتی لویسی شازدەهەمی بەردەکەوێت. ئەو پاشایە گەنجە دەگاتە سەر تەختێکی شڕی بارگران لە نەهامەتییەکان، چونکە فەرەنسا وەك هێزێکی کاریگەر و دیاری ئەوروپا سوپاکەی شکاوی هەڵوەشاو بوو، ئەگەر جاران فەرەنسا هێزی دووەمی دەریایی پاش بریتانیا و هێزی دووەمی پاش رووسیای قەیسەری پیادەیی بووبێت، وا لەسەردەمی ئەودا خەزینەکەی بەتاڵە و دەربەگەکان هەراسان و پەریشانیان کردبوو، هەروەها شاژن ماری ئەنتوانێتی کیژی ژنەئیمپراتۆری نەمسا ماریا تاریز پاشایە گەنجەکەی دەستەمۆ کردبوو، ئەوەندە هەراسانی کردبوو، پەکی خستبوو، بۆیەش ناوی لەکەدار کردبوو، ئەگەرچی رەوشی فەرەنسا ناڵەبار و پەریشان بوو، ئەو لەسەر مەسرەفە زۆرەکانی خۆی نەدەکەوت، تەنها سەرقاڵی ئەوە بوو، چۆن زۆرتر پارە بە پاشا سەرف بکات و ئاهەنگە گەورەکان ساز و جۆشدار بکات، کە وەزیرەکان ویستوویانە شاژن لەو رەووشتە دووربخەنەوە و دەستی بگرن ئەو لە دەرکردن و دوورخستنەوەیان دوودڵ نەبووە.

بەزمی ئاهەنگەکانی شاژن لە هەموو ئەورووپا دەنگی دەدایەوە، بۆیەش ئیمپراتۆرە براکەی لە نەمساوە بە دەمامکەوە لە ڤیێناوە دەگاتە پاریس، تا لە رەوشەکە تێبگات و خوشکەکەی لەو رەووشتە دووربکاتەوە و خوشکەکەی ئیقناع بکات واز لەو پارەسەرفکردنە بهێنێت و خەمێك لە رەوشە ئاڵۆزەکەی خەڵکەکە و وڵاتەکەیان بخۆن و چیتر خەریکی بەزم و ئاهەنگەکان نەبێت، شاژن بەمەلوولییەوە گوێ لە ئامۆژگارییەکانی براکەی دەگرێت، بەڵام کە ئەو لە دەرگاوە دەچێتە دەرەوە، شاژن هەموو ئامۆژگارییەکان لەبیردەکات و واز لە دەسەڵاتە توندەکەی لەسەر پاشا و ئاهەنگەکانی ناهێنێت، لەودەمانە وڵاتەکە تەنگژەیەکی گەورەی لەناو دەوڵەت و دەزگاکاندا هەبوو، ناکۆکی و ململانێی دەکەوێتە نێوان پاشا و خانەدانەکان و ئەوەش بەڕوونی هەستی پێ دەکرا.

### سەرکەوتنی دەرەبەگەکان

مێژوو شاهیدی ئەوەیە کە هەڵگیرسێنەری شۆرشە خەڵکە برژەواکان نەبوون، بەڵکو دەرەبەگەکان بوون، سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ئەودەمانەی فەرەنسا دەگەڕایەوە سەدەکانی ناوەڕاست، پاشا بە پشتیوانی پەیمانی یەزدانییەوە حوکمی دەوڵەتەکەی بە هاوکاری چینە دەرەبەگەکان، کە بە خانەدانانەکان دەناسرا بەڕێوە دەبرد، ئەوانیش هەموو دەسکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان قورخکردبوو، بۆیەش ئەوانە دەسەڵاتی وەرگرتنی باجیان هەبوو، هەر خۆشیان دەستنیشانی باجی ناو هەرێمەکان دەکرد و ئارەزووی خۆیان پارەکانیان لەسەر خەڵکەکە دەبڕیەوە.

پاشا و دارودەستەکەی لە چینە خانەدانەکان لەلایەن پیاوانی کڵێسا هەموو پشتیوانییەکیان لێ دەکرا، بۆیەش دەرەبەگەکان بە هەموو شێوەکان خەڵکە هەژارەکەیان دەچەوساندەوە و باجی زۆریان لە جووتیارەکان وەردەگرت، ئەوانەش بریتی بوون لە چینێکی زۆری هاوڵاتیانی فەرەنسی، جووتیارەکان هەموو کارێکیان کردووە بە هەموو شێوەیەك گەورەکانیان رازی بکەن.

بەپێی گرێبەستی و یەکێتییەکەی نێوان بەرژەوەندییەکانی پاشا و دەرەبەگەکان و کڵێسای کاسۆلیك بیر لەوە نەدەکرایەوە دەرزێك بکەوێتە نێوان لایەنە سێگۆشە بەدکارەکە، بەڵام بەر لە شۆرش، کە پاشایەتی ئیفلاس دەکات و گەنجینەی پاشا هەموو پاشکەوتەکانی لە شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا (١٧٧٥_١٧٨٣) بەتاڵ دەبێت، کە تێدا فەرەنسا لە دژایەتیکردنی ئینگلترای دوژمنە دێرینەکەی هاوکارێکی زۆری دارایی شەڕەکە دەکات، بۆیەش پاشایەتی ناچار دەبن بۆ پەیداکردنی پارە باجی زۆر لەسەر خانەدانەکان و پیاوانی کڵێسا دابنێن. ئەوەش بۆ دەرەبەگەکان درەفتێکی باش دەبێت بۆ پەلاماردانی دەسەڵاتە رەهاکەی پاشایەتی، لەبەرامبەر پارەکانیان داوایان کردبوو بەپێی حوکمی دەستووری بەشداری لە دەسەڵات بکەن و لاوازی بکەن .

یەکەم بلێسەی رووبەڕووبونەوەکە لەنێوان پاشا و دەرەبەگەکان دەردەکەوێت کە چاودێری گشتی دارایی کالۆن پرۆژەیەك لە مانگی ئۆگستی ساڵی ١٧٨٦ دەداتە پاشا، کە تێدا داواکاربوو ئیمتیازەکانی دەرەبەگەکان هەڵوەشێنێتەوە و باج لەسەر هەموو میللەتی فەرەنسی بەیەکسانی دابنێن و بەرپرسیاریەتییەکە بگەڕێتەوە دەستی پیاوانی حکومەت نەك دەرەبەگەکان، بەڵام دەرەبەگ و پیاوانی کڵێسا ئەوەیان لەسەر خۆیان بە مەترسی زانیبوو، بۆیە زۆر بەپەلە رووبەڕووی کالۆن دەبنەوە و دەیروخێنن، لەجیاتی ئەو (لمنی دی بریین) ی گەورەی ئەسقفەکان دادەنێن، ئەوەش سەرکەوتنێکی بەپەلەی دەرەبەگەکان و پیاوانی ئاکلیرۆس بوو. لە گەرمە و بەردەوامی شەڕەکەدا، دەرەبەگەکان بڕیاردەدەن هەموو پشتیوانییە داراییەکە لەسەر پاشا رادەگرن، بۆیەش بریین ئاگاداریان دەکاتەوە و پێیان دەڵێت:

کە خانەدان و پیاوانی ئاینی کە پشتیوانی سرووشتی پاشابوون دەستبەرداری دەبن، ئاساییە ئەگەر پاشایەتی بچێتە ناو باوەشی گشتی خەڵکەکە واتە برژەواکان. دەرەبەگەکان هەر بەو کارە نەوەستان، یاخیبوون و خۆپیشاندان لە هەرێمەکانی فەرەنسا رادەگەێنن، ئەوەش نیشانەی سەرکەوتنی چینە دەرەبەگەکە و پیاوانی کڵێساکان و رووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی دەگەیاند، ئەوەش لە مێژوودا رووی نەدابوو، دیارە کەوا کەسایەتی ئەو رۆژانەی لویسی شازدەهەم بەرگەی ئەو فشارانەی نەدەکرد، بۆیە دەبوایە سازش لەگەڵ دەرەبەگەکان بکات و داوا بکات ئەنجومەنی چینەکانی نەتەوەکە کە لە نوێنەرایەتی هەر سێ لایەنی فەرەنسی (دەرەبەگەکان، ئاکلیروس و

چینە گشتییەکە) لە ڕۆژی ١ی مانگی مایۆی ساڵی ١٧٨٩ کۆببنەوە، ئەوەش لەسەر داوای چینی خانەدانەکان و دەرەبەگەکان دەبێت و کە بە سەرکەوتنێکی مەزنی چینەکە ئەژمارد کرابوو، بەوەش دەرەبەگەکان گۆڕ بۆ خۆیان بۆ پاشاش ئامادە دەکەن.

## ئەنجومەنی چینەکانی نەتەوەکە

لە ڕۆژە دیاریکراوەکەدا لە ٤ ی مانگی مایۆی ساڵی ١٧٨٩ نوێنەرەکانی هەموو هەرێمەکانی فەرەنسی لە کۆشکی فرسای بەئامادەبوونی نوێنەرانی هەر سێ چینەکە، پیاوانی ئاینی و دەرەبەگ و گشتییەکە، لە دیمەنێکی نازداردا کە چاویش بڕوای پێ نەدەکرد کۆدەبنەوە، کە تێدا کاهینی کڵێسا قەدیس لویس لە فرساش ئامادەببوو، ئینجا نوێنەرانی چینە گشتییەکە (برژەواکە) بە جلی ڕەش و نوێنەرانی خانەدانەکانیش بە جلی زێرینەوە، ئینجا نوێنەرەکانی ئاکلیروس، پاشا و شاژنیش لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی بوربونی ناسراو بە کەژاوەیەکی نازدار دێنە ژوورەوە .

لە دیمەنەکەدا وا دیاربوو کەوا فەرەنسییەکان بە هەموو چینەکانیانەوە کۆکن و پاش لەیەکدابڕانی زۆرەوە یەکدەگرن و لە ئاکاریانەوە شادی و جوانییان لێ دەباری و مەبەستیانە هەموو تەنگژەکان چارەسەر بکەن، بەڵام لەبنەوە و لەبن دیمەنە پەردەپۆشراوەکەدا کڵپەی ئاگری شاراوە بوونی هەبوو، لەگەڵ دەرکەوتنی کەژاوەکەی نوێنەرانی گشتییەوە خەڵکەکە لەسەربانی شارەکە بە چەپڵە و دروشمەوە پێشوازییان دەنواند، هەروەها پاشاش بەو دیمەنە شکۆمەندە پێشوازی دەکردن، بەڵام پێشوازی نوێنەرانی خانەدانەکان و پیاوانی ئاینی و شاژن بە کپبوونەوە دەکەن. نوێنەری چینە گشتییەکە نیوەی ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی چینەکانی نەتەوەکە دەبوو، کە ژمارەکەیان ٦٢١ ئەندام بوو، سەرەتا کۆبونەوەکە لە بەرژەوەندی ئەواندا بوو، بەڵام نوێنەری خانەدانەکان و ئاکلیروس ٥٩٣ ئەندام بوون، ئەوەش لەسەر داوای چینی برژەواکە بوو، کە ژمارەیان زۆرتر بێت ئەگەرنا بەشداری ناکەن، بۆیە ژمارەی ئەندامەکانیان لە نوێنەرانی هەردوو

چینەکە زۆرتر بوو، دیارە کەوا پاشا بەناچاری داواکەی ئەوانی قبوولْ کردبوو، ئەوەش سەرەتای سەرکەوتنی چینە برژەواکە بوو.

لەبەرئەوەی ئەوان بەرەچەڵەك لە چینە برژەواکەوە هاتبوون، بۆیە ژمارەیەك لە نوێنەرانی ئاکلیروس دەچنە پالْ برژەواکان، بەوەش پێگەیان پتەوتر دەبێت، کە سێ بەشی نوێنەرەکانیان لە پیاوانی یاساناس و کارگێڕی و بزنسمانەکان و رێژی ١٣٪ و خاوەن موڵك و زەویدارەکان و کەسایەتییەکانیش رێژەیان ١٠٪ بوو، ئەگەرچی ئەندامانی ئەو چینە لە چەندین سەرچاوەوە هاتبوون، بەڵام بۆ بەرژەوەندی گشتی بەیەکەوە هاوسۆز و کارکەر بوون. تا زۆرینەکەی چینی برژەواکە ئیفلیج بکەن، نوێنەرەکانی دەرەبەگ و پیاوانی ئاینی لەسەر دەنگدانی کراوە لاریی دەنوێنن، بۆیە داوا دەکەن هەر چینە بەتەنها بڕیارە تایبەتییەکەی دەربکات و ئینجا بڕیارەکانی هەر سێ چینەکە کۆدەکەنەوە و بڕیارەکەش بە زۆرینەی دەنگ وەردەگرن، بەوەش چینە گشتییەکە لە زۆرینەکەی سوود وەرناگرێت، برژەواکان کۆششی زۆر دەکەن بەڵام دەرەبەگەکان باش خۆیان بۆ ئەوە سازکردبوو، بۆیە ئیقناع نابن، بەوەش سەرکەوتنەکەی برژەوا بەسەر پاشا پەکدەخەن و شەڕەکە دەکەوێتە نێوان دەرەبەگەکان و برژەوا تازە پێگەیشتووەکە .

برژەواکان زۆر بەپەلە پێشنیارەکە رەتدەکەنەوە، کۆشش دەکەن خۆیان لەسەر بۆچوونێکی روون ساز بکەن، مشتومڕ و دانوستانەکان چەند هەفتەیەك دەخایێنێت، بۆیە لە رۆژی ١٠ی مانگی یونیۆدا برژەواکان لیژنەیەك رەوانەی لای خانەدانەکان و ئاکلیروس دەکەن، بۆ بەستنی کۆبونەوەیەکی یەکگرتوو و بەڕوونیش مەسەلەی رەتکردنەوەکەیان پێ رادەگەێنن، زۆر بەدڵنیاییەوە پێیان دەڵێن کەوا ئەوان نوێنەرایەتی رێژەی ٩٦٪ کۆی نەتەوەکە دەکەن، بۆیەش ئەوان خاوەن شەرعیەتن، دیارە کەوا ئەوانیش داواکەی چینەکە رەفز دەکەنەوە.

**کۆمەڵەی نیشتمانی**

نوێنەرەکانی میللەت زیرەکانە و بەلەز لە ڕۆژی ١٧ ی یونیۆی ساڵی ١٧٨٩ کۆمەڵەی نیشتمانی دادەمەزرێنن کە نوێنەرایەتی چین و توێژەکانیان دەکرد، خۆیان بە دەنگی ڕاستی خەڵکەکە بۆ ڕادەربڕین و کارکەری خەڵکەکە دەزانن، بەوەش یەکسەر فەرمانی پاشایەتی ڕەها دەگۆڕێت بە پاشایەتی کۆتبەندکراو و کۆتایی هاتنی دەسکەوتی دەرەبەگەکان، واتە ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی نیشتمانی واتە ڕاگەیاندنی مردنی سیستەمە کۆنەکە، ئەوەش لە ڕووی سیاسییەوە دەبێتە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشەکە. بۆیەش نوێنەرەکانی میللەت ناشەرعیەتی وەرگرتنی باجەکان ڕادەگەیێنن، بەڵام لەبەرئەوەی کۆمەڵەکە وەك هەنگاوێکی تاکتیکی دامەزرابوو، تا کۆمەڵەکەش بە فەرمانێکی پاشایەتی هەڵنەوەشێنەوە، لەو دەرفەتەدا وەرگرتنی باجەکە بە ئاسایی دەزانن، چونکە دیارە کەوا گەنجینەکانی پاشا بەتاڵ بوون .

کۆمەڵەکە بۆ دانوستان لەسەر کێشەکانی خواردەمەنی و برسیەتی ناو وڵات لیژنەی ئازوخەش پێکدەهێنن، قبووڵی ئەوەش دەکەن ئەگەر دەستوورێکی نوێ دانرا، ئەوە قەرزەکانی سەر دەوڵەت و دانەوەی دەکەنە ماڵ لەسەر خۆیان، ئەگەرچی ئەو بڕیارانە سادە بوون، بەڵام ئەوە یەکەمجارە میللەتی فەرەنسی دەنگی خۆی بەڕووی دەسەڵاتە کۆنەکە بەرز دەکاتەوە. ڕووداوەکانی ڕۆژی ١٧ ی یونیۆ بەئاسانی تێنەپەڕی، وەك گەمەی دۆمینو کاردانەوەی بەردەوامی هەبوو، هەر کەوتنەخوارەوەی یەکەم گەڵای زەحمەت بوو، بۆیە گەڵاکان یەك لەدوای یەکدا هەڵدەوەران، بۆیەش خانەدانەکان و پیاوانی کۆشك بە ڕووداوەکان سەرسام دەبن، هەمووش بڕوایان وا دەبێت، کەوا پاشا بە کەژاوەیەکی ڕەسمی بچێتە بارەگای کۆمەڵەی نیشتمانی و ئەوەش مانای ئەوە دەبێت کەوا هەموو بڕیارەکانی هەڵوەشاوەتەوە، بۆیەش بارەگای کۆمەڵە نیشتمانییەکە لەلایەن هێزەکانی پاشا بۆ ئاسانکردنی گەیشتنی پاشا بۆ بارەگەکە دادەخەن .

لویس ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنە تایبەتییەکەی خۆی دەکات، لەوێ وەزیرە داراییە نوێیەکەی (نکر)، پاشا ئاگادار دەکاتەوە کەوا ئەنجومەنی چینەکان دەرووخێت ئەگەر هەردوو چینی دەرەبەگ و ئاکلیروس گوێرایەڵ نەبن و باجەکان نەدرێت، چونکە دیارە کەوا حکومەت بەرەو ئیفلاسبوون دەڕوات و هیچ دەسەڵاتێکی نامینێت، بەڵام وەزیرەکانی تر دژ دەبن و دەڵێن دەنگدانی بەتاك مانای دیکتاتۆریەتی گشتییە، چینە خانەدانەکانیش تووشی سستی سیاسی دەکات، ئەوەش

دەبێتە فاکتەری لاوازبوونی دەسەڵاتی پاشا و کەمبوونەوەی ئیمتیازەکانی، لویس بڕیار دەدات لەگەڵ کۆمەڵە نیشتمانییەکە رووبەڕوو ببێتەوە، چونکە ئەوەی باش دەزانی کەوا چینی خانەدانەکان و ئاکلیروس پشتیوانی تەواوی کۆشك و تاجەکەی ئەون، پاش ئەوەی وەزیرەکە قسەکانی بڕ ناکات و سوودی نابێت دەست لەکاردەکێشێتەوە، بەڵام پاشا دەیزانی میللەت ناڕەزایی دەبێت، بۆیە داوا لە وەزیرەکە دەکات لە پۆستەکەی بمینێتەوە.

بەڵام پیاوەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی زۆر بەلەز وەڵامی پاشا دەدەنەوە و سوێند دەخۆن کەوا ئەوان کۆبونەوەکانیان هەر دەکەن و گرینگ نییە لەکام شوێن بێت، گرینگ ئەوەیە بەیەکەوە ئەندامەکان دیمانەیان ببێت، لەودەمانەی ئەندامەکان ئەو سوێندە مێژووییە مەزنە بەجۆشەوە لەناو خەڵکەکە دەخۆن، هونەرمەند دیڤید وێنەی ئەو دیمەنە جەماوەرەییە هێمنە بە وێنەیەکی نازدار دەکێشێت، کە شکۆ و جوانی زۆری پێوە بوو. تا ئەندامانی کۆمەڵەکە لەناو یاریگەی تنسەکە کۆنەبنەوە، خانەدانەکان زوو شوێنەکە دەگرن، بەڵام ئەندامەکان سوێندیان خواردبوو کەوا کۆدەبنەوە، بۆیە سوێندەکەیان جێبەجێ دەکەن و لە کڵێسای قدیس لویس کۆبونەوەکە دەکەن، لەوێ و بەئامادەبوونی ١٤٤ قەشە و چوار لە گەورە پیاوانی ئاینی و دوو کەسایەتی خانەدان کۆبونەوەکە دەکەن .

ماری ئەنتوانێتی شاژن دەچێتە پاڵ دەرەبەگەکان، ئیتر ئەوانیش بە پشتیوانی ژنەکە، کە دەسەڵاتی زۆری بەسەر پاشاوە هەبوو، فشارێکی زۆر لە پاشا دەکەن. لە رۆژی ٢٣ی مانگی یونیۆی ساڵی ١٧٨٩ کە کۆبونەوەکەی پاشایەتی دەکرێت، لەوێ بەڕوونی دیارە کەوا هەڵوێستی لویسی شازدەهەم پشتیوانی لە خانەدانەکان دەکات، ئەگەرچی ئەو خۆی وەك پاشایەکی دەستووری راستەقینەش ناساندبوو، کە ناکرێ باج و قەرزەکان بێ رەزامەندی ئەنجومەنی چینەکانی نەتەوەکە وەربگرێت، لەوێ بەڵێن دەدات هەنگاو باوێت بۆ هەڵگرتنی سانسۆر لەسەر رۆژنامەکان، ئەوانەش بۆ چینی برژەواش سەرکەوتنێکی مەزن بوو، بەوەش کۆتایی هاتن بوو بە دەسەڵاتە رەهاکەی بنەماڵەی بوربون. لەوێ لویس وتارەکەی بەو قسانە دەهێنێت: بڕوا ناکەم لەو جیهانەدا هیچ پاشایەك هەبێت وەك من بۆ میللەتەکەی باش بێت، بۆیە داواکارم ئێوە لەگەڵ مندا بن تا منیش لەگەڵ ئێوەدا بم، بۆیەش من بە تەنها کارم کردووە هەموو بەرژەوەندییەکانی

نەتەوەکەم دابین بکەم، من خۆشم بە تاکە نوێنەری ئەو میللەتە دەزانم. دیارە کەوا قسانە هەر بۆ بەباکردن بوو، هیچی لێوە سەوز نەدەبوو، بەڵام ڕاستییەکەی لویسی شازدەهەم مەبەستی بوو فێڵ لە دەسکەوتەکانی کۆمەڵەی نیشتمانییەکە بکات، پاشا ریفۆرمەکانی بە مەرجێکی بنچینەیی دەبەستایەوە، ئەویش هەڵوەشاندنەوەی هەموو بڕیارەکانی کۆمەڵەکە بوو، هەروەها داواشی دەکرد بوونی جیاوازەکانی نێوان هەرسێ چینەکان دەرەبەگ و ئاکلیروس و چینە گشتییەکە بمینێت، چونکە ئەوەیان بە دەستووری مەملەکەتە گرێ دراوە. پاشا دەیویست بگەڕێتەوە سەر سیستەم کۆنەکە و هەموو ویست و داخوازییەکانی چینە برژەواکەش فەرامۆش بکات، بۆیەش کاری کردووە دەسەڵاتەکانی چینی دەرەبەگ و پیاوانی ئاینییەکە لەژێر پەردەی پاراستنی سیستەمە کۆنەکە باڵادەست بمینێتەوە.

ئیتر بەو شێوەیە پاشا لەژێر فشارەکانی شاژن بڕیاری خۆی دەدات و دەکەوێتە بن دەستی بڕیار و ویستەکانی چینە دەرەبەگەکە و چیتر برژەواکان بە نوێنەری میللەت ناس ناکات، ئەوەش بەبۆچوونی برژەواکان واتە داخستنی هەموو بوارەکانی بەردەمیان، بۆیەش بێجگە لە شۆرش هیچ بژاریان لەبەردەمدا نامینێت، کە پاشا و چینی برژەوا دەکەونە ململانێی، شەڕەکە دەکەوێتە نێوان دەرەبەگ و برژەواکانیش. کە پاشا داوا دەکات نوێنەرەکانی هۆلەکە چۆڵ بکەن، نوێنەرانی خانەدانەکان و پیاوانی ئاینی لە کۆبونەوەکە دەکشێنەوە و دەچنە دەرەوە، بەڵام نوێنەرە برژەواکان هۆلەکە چۆڵ ناکەن، بڕیاردەدەن هەر لەوەدەمانە بڕیارەکەی پاشا جێبەجێ نەکەن، چونکە دەیانزانی چۆکدان و دەرچوونیان واتە ئەوان دەکەونە بن هەڕەشەی لەناوچوون بە دەستی پیاوانی پاشا. میرابوو وەك نوێنەرێکی میللەت هەڵوێستی خۆی بەو قسانە لەبەردەم پاشا یەکلا دەکاتەوە و دەڵێت :

بەرێزان... من دان بەوەدادەنێم و رەنگە ئەو وتارەی ئێستا گوێتان لێی بوو، لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمان بێت، بەڵام من گومانم هەیە لەو دەستە زۆردارەی پێشکەشمان دەکرێت، من لەناخمەوە دەترسێم، ئەو دیکتاتۆریەتییە بۆ وا دەکات!؟ ئەوانە دەیانەوێت بە چەك و رقەکانیانەوە بەرەو سەرفرازییمان ببەن، باشە کێن ئەوانەی ئەو فەرمانانە دەردەکەن؟ ئەوەش نوێنەری هەمووتانە ! کێن ئەوانەی یاساکان دادەرێژن، ئەویش هەر نوێنەری ئێوەیە ! ئەوە هەمان

**کەسە و هەر ئەو کەسەش دەبوایە فەرمانەکان لە ئێوەوە وەربگرێت، بەرێزەکان ئێمە نوێنەرایەتی ٢٥ ملیۆن کەس دەکەین، ئەوان چاویان لە ئێمەیە، بەنیازن ئێمە سەرفرازییان بۆ دەستەبەر بکەین، بەڵام وا ئێوە بەژێر زەبری چەك کۆدەبنەوە و بەو شێوەیەش دانوستانەکان دەکەن... ئەوانە لە چ دەمانپارێزن، کوانی دوژمنەکانی میللەت، ئەوانەن کە ئێمە لەبن چەپۆکی ئەوانە دەپارێزن؟ من داوات لێ دەکەم وەك چۆن سوێندتان خواردووە، سوێندەکە بەتاڵ مەکەن، هەر ئەو سوێندیە داواتان لێ دەکات پەرتە مەکەن، کار بکەن هەتا دەستوورێك بۆ ئەو نەتەوەیە دادەرێژن.**

**ئەو وتارە بەجۆشە دەبوایە هەستەکان بورووژێنێت و سۆزەکان گەرم بکات، لەودەمانەدا مارکیز بریزیەی گەورە پاسەوانەکانی کۆشك دێتە ژوورەوە و داوایان لێ دەکات فەرمانەکانی پاشا جێبەجێ بکەن، بەڵام باییی (فەلەکناس بوو، ئەویش نوێنەری میللەت بوو) پێیدەڵێت :**

**ئەو نەتەوەیەی لەو شوێنەدا کۆبوونەتەوە کەس مافی نییە فەرمانیان بەسەردا دەربکات.**

**سییسی گەورە قەشەش دەڵێت:**

**بەرێزەکانم، ئیمڕۆش وەك دوێنێ با بەیەکەوە کار بکەین تا میللەتەکەم دەگاتە مافە رەواکانیان، با دانوستانەکان بەردەوام بکەین.**

**ئیتر ئامادەبوان دانیشتنەکەی بە سەرۆکایەتی پاشا کرابوو، هەڵدەوەشێنەوە و هەموو دانوستانەکە لەبیردەکەن. بەر لەوەی گەورە پاسەوانەکە بچێتە دەرەوە و وەڵامی برژەواکان بۆ پاشا بباتەوە، میرابوو قسە ناودارەکەی پێ وتبوو، کە وتبووی: بەرێز برۆ و بە گەورەکەت بڵێ، ئێمە ئەو هۆلە چۆڵ ناکەین، ئەگەر بە سەرە نێزە نەبێت. هێشتا میرابوو دوا وشەی لەدەم دەرناچێت، هەموو نوێنەرەکان بەیەك دەنگ دەڵێن :**

**بەڵێ ئەوەیان ویستی کۆمەڵەکەمان .**

**لەوێ میرابوو پێشنیار دەکات ئەندامەکان دەنگ بەوە بدەن، کەوا نوێنەرەکان پشتیوانی میللەتیان هەیە، بۆیە ناکرێ دادگایی بکرێن، کە ئامادەبوان دەنگی بۆ دەدەن، ئیتر کۆمەڵە**

نیشتمانییەکە دەبێتە دەسەڵاتی ڕەسمی لە فەرەنسا و چیتر کاریان بەوە نەبوو بۆ بڕیارەکان بگەڕێنەوە سەر پرسکردن بە پاشا.

پاریس بەخۆشییەوە چاوەڕوانی کاردانەوەی کۆشکی فرسای و هاوسەرەکە زۆردارەکەی دەکرد، بەڕاستی پاشا لەناو گێژاوێکدا بوو، خانەدانەکانیش پشتی تێدەکەن، لە زۆرترین هەرێمەوە دەنگ و ئاڵای ناڕەزاییەکان بەڕووی پاشا بەرز دەکەنەوە، پاشا کێشەی زۆری هەبوو، سوپاکەی لە شەڕەکانی ئەمریکا ماندوو بوو، لەناو هەرێمەکاندا پەرتەیان کردبوو، گەنجینەکەشی هیچ پارەی تێدا نەبوو و نەیدەتوانی چیتر ویژدانی پیاوە ئاینەکان و کەسە نەفسنزمەکانی ناو دەرەبەگەکان بکڕێت، بۆیە پاشا بە شێوەیەکی کاتی بڕیاردەدات خۆی بەڕووی باهۆزەکە بچەمێنێتەوە، بڕیار دەدات بە زەبری هێز پەرتە بە ئەنجومەنەکە نەکات، بۆیە وتبووی: باشە ئەگەر نایەوێ بچنە دەرەوە، نا نەچنە دەرەوە چ دەکەن با بیکەن.

بۆ ڕۆژی دوایی و لە ٢٤ ی مانگی یونیۆی ساڵی ١٧٨٩ زۆربەی پیاوانی ئاینی کە ژمارەیان ٤٧ کەس بوو، ئەوانەی بەرەچەلەك لە بنەماڵە برژەواکانەوە بوون، دەچنە پاڵ نوێنەرانی برژەوا، لەوانە دۆق دورلیان کوڕە مامی پاشا کە لەناو فەرەنسا دەنگ و دەسەڵاتێکی مەزنی هەبوو، بۆیەش ئامۆژگاری زۆر لە خانەدانەکان دەکات بە فەرمانەکانی پاشا نەجولێنەوە و بگەنە ناو چینە گشتییەکە. دۆقی لۆکسمبرگ کە سەرکردەیەکی خانەدانەکان بوو داوا دەکات پاشا لە فەرمانەکەی پەشیمان نەبێتەوە، بۆیە وتبووی :

ئەوەیان خاوەن شکۆ مانای ئەوەیە، کەوا بەرێزتان دان بەوە دادەنێن کەوا دەسەڵاتی کۆمەڵەی نیشتمانی لەسەرووی هەموو دەسەڵاتێکەوەیە، بۆیە ئێمە وەك چینی خانەدانەکان خۆمان بە قوربانی تۆ دەکەین. بەڵام پاشا بەو شێوەیە وەڵامی داوەتەوە :

من نامەوێ کەس خۆی بە قوربانی من بکات. ئیتر بەو شێوەیە شۆرشە ئاشتیخوازەکە بە سەرکردایەتی برژەواکان سەردەکەوێت، پاشا و چینە پشتیوانەکانی چۆك دەدەن و لە فەرەنسا هێزێکی سیاسی نوێی یەکگرتوو لەناو چینە برژەواکە پێکدێت.

لە ڕۆژی ٧ی مانگی یولیۆ کۆمەڵەکە کۆدەبنەوە، بڕیار دەدەن دەستوورێکی نوێی دابڕێژن، کە تێدا دەسەڵاتەکانی پاشا سنووردار و کەم بکاتەوە، لە ڕۆژی ٩ی مانگی یولیۆ ناوی کۆمەڵەی نیشتمانی دەگۆڕن بە کۆمەڵەی دامەزراندن، لە ڕۆژی ١١ی مانگی یولیۆ لافاییت پرۆژە تایبەتییەکەی بە ناوی مافەکانی مرۆڤ رادەگەیێنێت، ئەوەش مانای ئەوە بوو کەوا بەبێ ئەوەی یەك دڵۆپە خوێن رژابێت شۆڕشەکە سەردەکەوێت، بەڵام فەرەنسا لەسەر دووڕیانێکی مێژوویی ترسناکدا بوو، چونکە مەترسی شۆڕشێکی خوێناوی دەکرا کە لە مێژوو رووی نەدابێت.

### پاشا بەگوێی ژنە بەنازەکەی دەکات

پاش چەندین چالاکی و بزاڤی سیاسی و ئاشتییانە پیاوانی چینەکانی ناوەند، دەتوانن بەسەر بەرەی پاشا و چینە خانەدانەکە سەربکەون، بۆیەش خەڵکەکە وا هەست دەکەن، کەوا دەسەڵاتە رەهاکەی پاشایەتی وا بەئاسانی بە سیستەمێکی پاشایەتی دەستووری دەگۆڕێت، بەڵام رۆژەکانی یەکەمی شۆڕشەکە بە چەندین رووداو دێتە پێشەوە کە لەنێوان پاشایەتی و برژەواکان دەقەومێت، کە تێدا فەرەنسا لەناو خوێنەکەییدا دەخنکێنێت. بەو شکانەی لەبەرامبەر نوێنەرانی میللەت پیاوانی کۆشکی پاشایەتی رووبەڕوویان دەبێتەوە سەرسام دەبن و بیر لە تۆڵەکردنەوە دەکەنەوە، سەرەتا نکری وەزیری داراییەکە ئەوەی دروشمی (کارنامەی یەکەمی حکومەت ئەوەیە، میللەت رازی بکات و پاروویەکی نانیان بۆ پەیدا بکات) دەردەکەن، تا لە پاشا دووربکەوێتەوە و هزرە ریفۆرمخوازییەکەی کار لەو نەکات، بۆیە لەجیاتی ئەو هاوڕێی شاژن دیبروتوی دادەنێن و دیبرولی دەکەنە وەزیری جەنگ، هەردووکیان لە بەرەی دژ بە شۆڕش دەژمێردران. دەرەبەگەکان و پیاوانی کۆشك ماری ئەنتوانێت و کۆنت ئارتوای برای پاشا ئیقناع دەکەن، تا دەستبەرداری بەرنامەی ئاشتەوایی ببنەوە و بۆ گەڕانەوەی شکۆی پاشایەتی و دەسەڵاتەکەی کە لەو چەند رۆژەی دوایی دۆڕاندویەتی و پەنا ببەنە بەر هێز و توندوتیژی.

پەنا بردنە بەر سوپا

پاشایە لاوازەکە ناتوانێت بەرووی ژنە توندکارەکەی بوەستێت، کە لەلایەن پیاوانی کۆشکەوە پشتیوانی دەکرا، بۆیەش مەترسی زەبری سوپا دەخەنە ناو مێشکی پاشا و هوشیاری دەکەنەوە، کەوا ئەو سوپایەی وا لەنزیك پاریس مۆڵدراوە مەترسی لەسەرە نەوەك لە هەر رووداوێکی لەناکاودا سوپاکە بچێتە پاڵ میللەت، بۆیە و پاش ئەو ئاگادارکردنەوەیە پاشا داوای سوپایەکی گەورەی سویسری و ئەڵمانی دەکات بۆ پاراستنی پاریس و کۆشکەکەی دەکات، بە هاتنی ٤٠ هەزار سەربازی بێگانە هەوری نائومێدی و کاولبوون لە ئاسمانی پاریس دەردەکەوێت، ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانیش گومانیان لەوەدا نامێنێت کەوا پاشا و داروودەستەکەی ناو کۆشك پلان لە دەسکەوتە میللییەکان دەگێڕن و دەیانەوێ رەوشە نوێیەکە لەباربەرن. لەسەر داوا و پێشنیاری میرابوو ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی کۆدەبنەوە و تێدا پێشنیار دەکەن وەفدێك رەوانەی لەلای پاشا بکەن و داوای لێ بکەن هێزە بێگانەکانی چواردەورەی پاریس بکێشێتەوە و چیتر هاوڵاتیان تووڕە نەکات، چونکە ئەوەیان کودەتایەکی ترسناکە لەسەر ئەو دەسکەوتانەی کە میللەت بەدەستی هێناوە. بەڵام پاشا زۆر بەتوندییەوە وەڵامیان دەداتەوە، کەوا خۆی خاوەن دەسەڵاتی باڵایە لە جولە و پەرتکردنی هێزەکان و ئەو سوپایەش کە لە چواردەورەی شار مۆڵدراوە تەنها بۆ پاراستنی هێمنی و ئارامییە، داواشی لە ئەندامانی کۆمەڵەکەش کردبوو، ئەگەر لەو سەربازانە دەترسن با لە پاریس بچنە دەرەوە. ئەگەرچی ئەندامانی وەفدەکە لەگەڵ مانەوەی پاشادا بوون و دەیانویست ئیقناعی بکەن پاشایەتی دەستووریی رابگەیندرێت، پاشا ئەو جۆرە دیمانەیە و داوایە بە مەترسی ریفۆرمخوازەکان و برژەواکان لەسەر دەسەڵاتەکەی دەزانێت، بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە زەبرێکی توندیان لێ بدات و چاویان بشکێنێت. میرابوو ئەو یەکێك لە کەسە توندە رادیکالییەکان بوو، کە داوای دەکرد حکومەتێکی هاوشێوەی ئینگلترا بێتە کایەوە و تێدا کۆمەڵەیەکی یاسادانانی تێدا بێت، هاوکات سیستەمە پاشایەتییەکەش بمینێت. ئەو هەڵسوکەوت و رامانەی پاشا نوێنەرەکان تووڕە دەکات و گومان دەکەن، بۆیە میرابوو دەپرسێت :

ئایا ئەو پیاوانە هیچ مێژووی میللەتانیان خوێندیتەوە، نازانن شۆرش چۆن و کەی بەرپادەبێت؟ ئەوانە نازانن ئەو کارە دزێوانە پیاوی هۆشمەندیش هار دەکات، ئەو کردەوانە کاردانەوەی لێ دەکەوێتە، بۆ بیر لەوە ناکەنەوە، تەنها کەمێك بیربکەنەوە دەتوانن بەرنامە توندەکانیان بگۆڕن؟

لەو رەوشەدا ئاسایی بوو کە شاری پاریس بکەوێتە ناو ناڵەباری و تەنگاوییەوە، شلەژانێك لەو شارەدا هەست پێدەکرا، لێرەولەوێ دەوترا کەوا کەسانی ریفۆرمخوازەکان دەگیرێن و ئازار دەدرێن، رۆژنامەکان کە لەلایەن برژەواکانەوە دەردەچوو، رۆڵیان هەبوو لە هوشیارکردنەوەی خەڵکەکە، ئەو پلانانەیان ئاشکرا دەکرد کە نەیارەکانیان بەرنامە چاکسازییەکان لەبار دەبەن و کۆسپ دەخەنە بەر رەوشێکی زەلالی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە بڵندگۆکاندا بەجۆشەوە دەنگی هوشیارکردنەوە و هاندانەکان گەرم بوو، هەموو بوارەکان لەباربوون بۆ هەڵسانەوە بەرووی پیاوانی کۆشك، دیارە ئەوەش بەتوندییەوە لەلایەن پیاوانی کۆشکەوە وەڵام دەدرانەوە.

هەڵگیرسانی شۆرشەکە

هەڵگیرسان و تێکچوونەکە لەودەمەوە دەست پێدەکات، کە لە رۆژی ١١ ی یولیۆدا کە پەیامێکی پاشا لەسەر خوانی نانخواردن دەگاتە (نکر) وەزیرەکەی میللەت، کە تێدا فەرمانی دوورخستنەوەی لە وڵات پێ رادەگەێنێت و داوای لێ دەکات هەر ئێستا لە فەرەنسا بچێتە دەرەوە، بەڵام نکر بەئارامییەوە نانەکەی دەخوات، ئینجا پەیامە شاهانییەکەی دەپێچێتەوە، هیچ قسەیەکیش بۆ ریفۆرمخوازەکان ناکات و لەگەڵ مادام نکر بە عارەبانەکەی بەرەو سنووری فەرەنسا بەرێدەکەوێت.

بەڵام دیارە کەوا ماڵی سیاسییەکان بەردەوام هەزار چاوی لەسەرە، هەزارەها گوێی قسەی تێدا دەبیستێت، بەیانی رووداوەکەی نکر لەسەرانسەری فەرەنسادا دەزانرێت، دەزانن چ بەو پیاوە کراوە، بۆیە هەزارەها کەس دەرژێنە سەر شەقامەکانی پاریس و بەرەو باخچەی بالیە روایال دەرۆن، لەوێ دوانبێژەکان دەچنە سەر سەکۆکان و وتار پێشکەش دەکەن، خەڵکەکە لە

مەترسییەکانی دوارۆژی فەرەنسا ئاگادار دەکەنەوە، کە چۆن دەیانەوێت رەوتە ریفۆرمخوازەکان لەناوبەرن و هەرەس بە بەرنامەکانیان بهێنن. لەو رەوشە گەرمەدا خەڵکێکی زۆر لە دوانبێژ کامی دیمولان کۆدەبنەوە، کە چاوەکانی سووربیوون و دەمانچەیەکی لەدەستدابوو، کە لێدوانە بەناوبانگەکەی دەردەبڕی و دەیووت :

ئەی هاوڵاتیان: دەزانن کاتمان لەدەستدا نەماوە بەفیڕۆی بدەین، لادانی نکر، واتە سەرەتای کۆمەڵکوژییەکە کە خەڵکە نیشتمانپەروەرەکانی تێدا دەبنە قوربانی. هەر لەو شەوەوە تیمە سەربازییە سویسرییەکان و ئەڵمانەکان لە مۆڵگەکانیانەوە دێنە دەرەوە تا هەموومان سەرببڕن، بۆیەش ئێمە تەنها یەك بوارمان لەبەردەمدا ماوە، ئەویش چەك هەڵگرتنە. ئەو قسانە بەخۆشیی و بەویستێکی بێ سنوورەوە لە هەموو گۆشەیەکی پاریسا دەنگ دەداتەوە، لەناو قسانەکانییدا داوای لە خەڵکەکە کردبوو، بۆ ناسینەوە و شانازی با رەنگێك هەڵبژێرین، ئەو رەنگەش بکەینە سومبڵی کۆبونەوەی و ناسین و هاوبیری، ئینجا وتبووی:

کام رەنگ دەستنیشان دەکەن، کام رەنگتان پێ باشە، رەنگی کەسك واتە رەنگی هیوا... یان رەنگی سوور رەنگی ئازادی؟ هەموو ئامادەبوان یەکدەنگ هاوار دەکەن کەسك... کەسك. دیمولان لەپشتی سەکۆکەی خۆیەوە دەست دەداتە لقە دارێکی سەوزی نزیك خۆیەوە بە پەنجەکانی لێدەکاتەوە، خەڵکەکەش وەك ئەو لقی دارەکان دەقرتێنن، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە زۆربوون بۆیە لقی سەوز لەو باخچەیەدا نامینێت. جەماوەرەکە بەجۆش و بەتووڕەییەوە بەناو شەقامەکاندا دەڕۆن و لە کۆڵانەکانەوە خەڵکی تریش دەگەیشتە ناو رێپێوانەکە، کە دەگەنە مەیدانی فندۆم کۆمەڵێك سەربازی ئەڵمانی کارکەر لەناو سوپای فەرەنسی رووبەڕوویان دەبنەوە، ئەوانیش دەیانەوێ رێ بە جەماوەرەکە بگرن، بەڵام خەڵکەکە بەردبارانیان دەکەن، ئەوانیش خۆیان پێ ناگیرێت، بۆیە بەردەمیان چۆڵ دەکەن و رێپێوانەکە بەردەوام دەبێت. شۆرشگێرەکان بە یەکەم سەرکەوتنەکەیان سەرفراز دەبن، بۆیە لە مەیدانی لویسی پازدەهەم رووبەڕووی هێزێکی درندە دەبنەوە و بەچڕی تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن، لەوێ دەستەی یەکەمی شۆرشگێڕەکان شەهید دەبن و سوارە دەست بەشیرەکە دەکەوێتە ناو خەڵکەکە و سەریان دەپەڕێنێت، دەست لەکەس ناپارێزێت ئەوانەی بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکەش نەکردووە دەکەونە بەر شیری ئەو، بەڵام

ڕەوشەکە ئاڵۆز دەبێت و کۆنترۆڵکردن ناکرێت و هەموو وڵات دەگرێتەوە، هەموولایەك بانگێشتی چەکهەڵگرتن دەکەن، ئینجا هەموو مەرجەکانی شۆڕشەکە پێ دەگات و هەڵدەگیرسێت.

١٤ی یولیۆ و بەرەڵابوونی باستیل

کۆمەڵەی نیشتمانی دەیەوێت بەر لە هەڵگیرسانی ئاگرەکە ناوبژیوانێك بکات و وەفدێك ڕەوانەی لای پاشا دەکات کە باسی ترسناکی ڕەوشەکەی بۆ بکات، لە هەموو لایەنەکانی ڕووداوەکان ئاگاداری بکاتەوە، داواش بکات سەربازە بێگانەکان لەناو پاریس بکێشێتەوە، پاسەوانی شارەکە بداتەوە دەست پاسەوانە نیشتمانییەکە، بەڵام پاشا داواکانیان ڕەفز دەکاتەوە و وەفدەکەش بەنائومێدییەوە دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی کۆمەڵەی نیشتمانی باش لە هەڵوێستەکەی پاشا تێدەگات و بەپەلە کۆدەبنەوە، لەوێ باس لە هەڵوێستی ئەو وەزیرانە دەکەن کە لەپاش نکر پۆستی وەزارەتەکە وەردەگرن، هەروەها ڕامانیان لەسەر هاوڕێیە ڕیفۆرمخوازەکانیش دەبێت، سووریش دەبن لەسەر دوورخستنەوەی سوپا بێگانەکان و داواش دەکەن پاسەوانی نیشتمانی دابنێنن.

لەناو شەقامەکانی پاریس ڕادەی هەڵچوون و تووڕەییەکان زۆرتر دەبوو، لە ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ١٣ ی یولیۆ تیمێکی میللی لە هەموو گەڕەکەکانی پاریس ساز دەکەن، بۆ هەر تیمێك لەوانە ئەفسەرێك دەکەنە بەرپرسی تیمەکە و بۆ سەرکردایەتی گشتی تیمەکانیش بەرپرسی باڵا دەستنیشان دەکەن، ئینجا ڕەنگە کەسکەکە وەك سومبلی شۆڕشەکە دەگۆڕن بە ڕەنگی سوور و شین، ئەو دوو ڕەنگەش ڕەنگی شاری پاریس بوو، تیمە گیانفیداییەکان وەك پاسەوان لەناو شەقامەکانی پاریس دەسووڕێنەوە. لە ڕۆژی ١٤ی یولیۆدا شۆڕشگێڕەکان هێرش دەکەنە سەر ئوتیل لیزا نڤالید و لەوێ ٢٨ هەزار تفەنگ و چەندین شیر و خەنجەر و چەکی هەمەجۆری تریان دەستدەکەوێت، بەوەش چەکێکی زۆر دەکەوێتە دەست شۆڕشگێڕەکان و دەتوانن کۆنترۆڵی هەموو شەقامەکانی پاریس بکەن.

دەنگۆیەك لەناو خەڵكەكە دەگوترا كەوا هێزەكانی پاشایەتی لەسەر گرتووخانەی باستیلەوە تۆپبارانی خەڵكەكەی سەر شەقامی سانت ئەنتوان كراوە، كە ناوی ئەو گرتووخانە هاتووە، ئەو شوێنەی بوویتە زیندانێكی ترسناك و داپلۆسین و هەموو شێوازەكانی چەوساندنەوە و تێدا بە فەرمانی بنەماڵەی بوربونەكان نەیارەكانیان زەنجیربەند كردووە و ئازاری سیاسییەكانیان داوە، بەبێ دادگایی و لێپرسینەوە خەڵكیان بەند كردووە و ئەوەی لە ژێر ئەشكەنجەكانیش مردبێت بەنهێنی تەرمەكەی لە شوێنی نادیارا شاردراوەتەوە، بۆیەش خەڵكەكە زۆرتر جۆش دەگرن و خۆیان بۆ هێرشێك ساز دەكەن. ئەو گرتووخانەیە لەساڵی ١٦٦٧ەوە وەك كۆشكێكی پاشایەتی بووە، بۆیە هیچ جۆرە چاودێرییەكی تر بێجگە ئەوەی لەلایەن پاشاوە دانرابوو لەسەر نەبووە، شۆرشگێرە تووڕەكان بەرەو باستیل هێرش دەبەن و هاوار دەكەن: بەرەو باستیل... بەرەو ناستیل، بۆیەش وەفدێك رەوانەی لای سەرۆك سوپاكەی گرتووخانەكە دەكەن، تا تۆپخانەكە لەوێ هەڵگرن، بەڵام ئەو زۆر بەپەلە بڕیاری رەتكردنەوەی داواكەیان دەدات.

گرتووخانەكان لەهەر چوارلاوە گەمارۆ درابوو، رەوشەكە ئاڵۆز ببوو، پاسەوانەكانیش خۆیان بۆ هەموو ئەگەرەكان و هێرشیش ساز كردبوو، شۆرشگێرەكان دەروازەكانی سەر خەرەندەكەیان گرتبوو، كە هێرش دەكەنە سەر یەكێك لە پردەكانەوە پاسەوانەكان تەقەیان لێ دەكەن، بۆیەش ژمارەیەك لە شۆرشگێرەكان دەكوژرێن، خوێنرشتنەكە هاندەری ئەو بوو شۆرشەكە بەجۆشەوە پەرەبسێنێت، بۆیە پاش چوار سەعات لە تەقەكردن و خوێنرشتن بە هەموو هێز و بە ورەیەكی پۆڵاینەوە بەرەو دەرگاكان دەچن .

تیمی پاسەوانی نیشتمانی بە تۆپەكانیان بەهانای شۆرشگێرەكان دێن و پاسەوانەكان خۆیان دەدەنە دەست و لەسەر مەخفەرەكەیان ئاڵای سپی هەڵدەكەن كە تۆپەكان وەك نیشانەی تەسلیمبوون روو لەناو قەڵاتەكە دەكەن و هاواری تەسلیمبوون دەكەن، بۆیەش بەڵێنی ئەوەیان پێ دەدەن كەوا كەسیان ناكوژن، بەوەش ئەوانیش هاوار دەكەن پردەكان داگرن و بە سەلامەتی دەربازتان دەكەین. كە دەرگاكان دەكرێتەوە خەڵكەكە بەرەو گرتووخانە هێرش دەبەن و هەموو سومبڵەكانی توندكاری و زۆردارییەكان دەرووخێت، كە تێدا ٩٨ كەس لە شۆرشگێرەكان دەبنە قوربانی شكاندنی قەڵاتی زۆرداری، هەروەها لەو شەڕەدا یەك لە پاسەوانەكانیش دەكوژرێت،

سەرۆکی پاسەوانەکانیش دی لونی دەگیرێت و رەوانەی شارەوانی دی ڤیلی دەکەن لەوێ شۆرشگێرەکان دەیکوژن.

ئەگەرچی گرتووخانەکە تەنها حەوت گیراوی تێدابوو، تەنها یەکێك لەوانە کەسێکی سیاسی بوو، بەلاَم گرتنی ئەو قەلاَتە وەچەرخانێکی یەکلاکەرەوە بوو، کەوتنی رەمزی دەسەلاَتە رەهاکە بوو، هەر ئەو سەرکەوتنەش بووە هاندەری شۆرشگێرەکان بەرەو جۆش و بڕوابوونەوە خەبات بکەن، ئەو رووداوە دەبێتە بەڕەسمی راگەیاندنی شۆرشەکە و رووبەڕووبونەوەیەکی ئاشکرا و بوێرانە بوو بەڕووی پاشا و داردەستە زۆردارەکەی، کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕوان دەکرا تۆلَە لە پاشا و پیاوەکانی کۆشك بکرێتەوە، بۆیەش دەبوایە بیر لە خۆیان بکەنەوە چۆن خۆیان لە هێزەکەی پاشا بپارێزن و شکۆی سەرکەوتنەکە راگرن، دەبوایە شارەکە باش توند بکەن و سەنگەر و خەرەند و چەك و تەقەمەنی زۆریان بۆ ئەو مەبەستە سازکردبوو. ژنان ئازایانە بەردیان دەبردە سەربانەکان تا بەرگری پێ بکەن و ئەگەر هێرش دەست پێکرد سەربازەکانی پێ بەردباران بکەن، یان کە بەناو کۆلاَنەکاندا گوزەر دەکەن، ئەوەش دەبێتە رۆژی یەکەمی هەلَگیرسانی شۆرشەکە و دەبێتە رۆژی نیشتمانی فەرەنسی کە رۆژێك بوو، مانای ئازادی و کەرامەت و شکۆی دەگەیاند.

## پاشا دەجولێتەوە

لەولاشەوە لە کۆشکدا پاشا و داروەدەستەکەی، شاژن و خانەدانەکان هەوالَی گرتنی گرتووخانەی باستیلیان بەسەرسامی و تاسەوە بیستبوو، ئەوان لە مەزندەکەیان لە هێزی شۆرشگێرەکان هەلە بوون، وایانزانیبوو جۆش و هێزەکەیان تەنها هەلَچوونێکە و چی تر نییە، ناتوانن خۆیان ساز بکەن، رەنگە بتوانن لێرەولەوێ کۆبونەوەیەك یان خۆپیشاندانێك بکەن، بەلاَم بڕوایان نەدەکرد رەوشەکە بگاتە یاخیبوونێکی جەماوەریی چەکدارانە، بۆیەش لەسەر راسپاردەی شاژن پاشا دەجولێتەوە و دەست دەکات بە چەند بزاڤێکی بەپەلە، لەوانە هەلَوەشاندنەوەی کۆمەلَە نیشتمانییەکە و بڕیاریش دەدات شۆرشەکە کپ بکەن.

بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕەوشەکە کۆمەڵەکە کۆبونەوەیەکی بەلەز دەکەن، دەیزانی گرتنی قەلاتەکە بەئاسانی تێناپەڕێت، هەروەها دەبوایە پێشهاتی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکەش شرۆڤە بکەن، دەرئەنجام بڕیاردەدەن وەفدێك ڕەوانە لای پاشا بکەن، تا بکرێ ئیقناعی بکەن لە بڕیارەکانی پەشیمان ببێتەوە، ئەوان لەو دانوستانە بوون، لەناکاو پاشا بەتەنها و بەبێ پاسەوان دەگاتە بارەگەی کۆمەڵەکە، لەوێ لویسی شازدەهەم قسە بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵەکە دەکات، پێیان دەڵێت من بڕوا بە زانایی هەڵسوکەوتەکانتان دەکەم، بەڵێنیش دەدات سوپاکەی لە پاریس و لە فرسای بکێشێتەوە، کۆشش دەکات پاریس لەو ڕەوشە ناڵەبارەدا دەرباز بکات، بۆیەش هەموولایەك بە چەپڵە و شادومانییەوە وتەکەی وەردەگرن، هەموو ئەندامەکان بەخۆشییەوە لە گالێسکەکەی پاشا کۆدەبنەوە و بەخۆشییەوە بەرەو کۆشکەوە بەڕێدەکەنەوە، بەوەش تیرۆژی هیوایەك و موژدەیەکی دەربازبوون لەو تەنگاوییەدا بەدی دەکرێت، پاشا لەوێ بەڵێن دەدات وەزیر دوورخراوەکە نکر بگێڕێتەوە سەر پۆستەکەی و دەسەلاتەکانی بداتەوە، داواش لە ئەنجومەن دەکات نێوانی خۆیان و وەزیرەکە بکات و بە هەموو مەرجەکان ڕازی دەبێت بۆ گەڕانەوەی متمانەی نێوان پاشا و میللەت .

هاولاتیانی پاریس ئەو پێشهاتە بەخۆشییەوە وەردەگرن، بڕیاریش دەدرێت سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی بایی بکرێتە سەرۆك شارەوانی پاریس، هەروەها ژەنراڵ لافاییت بکرێتە سەرۆکی پاسەوانی نیشتمانی. پاشا تا متمانە و دڵنیایی لەنێوان پاشا و میللەت بگێڕێتەوە لە ڕۆژی ١٧ی یولیۆ سەردانی فرسای دەکات، کە بایی و لافاییت لەو دوو پۆستە ناسکەدا دادەنرێن، شۆڕشگێران بۆ ڕێزگرتنی پاشا و بڕیارەکانی بڕیار دەدەن ڕەنگی سپی پاشایەتی لە پاڵ ڕەنگی شین و سوورەکەی شۆڕشەکەیان دابنێنن، ئەوەش دەبێتە ڕەنگی ئەو ئالایەی هەتا ئێستاش ماوە، لەو ڕۆژانەدا سەفیری ئینگلیزی لە پاریس لە نامەیەکدا بۆ حکومەتەکەی نووسیبوی: دەکرێ ئێستا بڵێت پاشاکە بوویتە پاشایەکی دەستووری، ئیتر لەودەمانە فەرەنسا ئازادە.

ئیتر بەو شێوەیە پاشا و کۆشك لە شۆڕشەکە دەسووڕێنەوە

که پاشا لایەنگیری شۆرشەکە دەکات، هەموو کۆشش و هەوڵەکانی شاژن و پیاوانی کۆشك بەهەدەر دەڕوات، بۆیە حزبی دژە شۆرشەکە پەرت دەبن، لەناو وڵات و لە دەرەوەش بڵاودەبنەوە، هەندێکیان بەرەو ئیتاڵیا رادەکەن، لێرەولەوێ کۆدەبنەوە و خۆیان بەشپرزەییەوە نیشان دەدەن، یەکێك لە هەڵاتووەکان دی ئارتوس بوو، ئەوەی پاشان دەبێتە پاشا شارلزی دەیەم و هەردوو کوڕەکەی شازادە دی کوندی و شازادە دی کونتی و ژمارەیەکی زۆری گەورە دەرەبەگەکان ئەوانەی پەیوەندی پتەویان بە رژێمە کۆنەکە هەبوو، ئەوانە لە شاری تورینی ئیتاڵی نیشتەجێ دەبن، لەوێیەوە کالۆن وەك جێگری کۆنت دی ئارتوس و شازادە دی کوندی پلان دادەرێژن شەڕێکی ناوخۆ هەڵگیرسێنن و هاپەیمانییەکی ئەوروپی دژ بە فەرەنسا ساز بکەن، چونکە ئەوەیان کاردانەوەیەکی نزیك و هاوسۆزی لەسەر دیمەنە فەرەنسییەکە دەبێت. کە نکر وەك سەرکردەیەکی سەرکەوتوو دەگەڕێتەوە ناو شەقامەکانی پاریس خەڵکەکە زۆر بەگەرمییەوە پێشوازی دەکەن، بەڵام ئەو هەست دەکات رەوشی شارەکە وەك جاران نەماوە و ئاڵۆزبووە و خوێن لەناو پاریسیش دەرژێت و پیاوانی پاشا و شۆرشگێرەکان خەڵك دەکوژن، بۆیە ئەو کۆشش دەکات خوێنرشتنەکە رادەگرێت و بواری زۆرتر نادات، یەکەم بڕیار ئەو داوای لێبووردنی گشتی دەکات، کە لەناو پەرلەمانیش دەنگی لەسەر دەدەن و بیرۆکەی دادگاکەی شاتلیت هەڵدەوەشێنەوە و بەڵام دەستە پێشەنگەکە دەسەڵاتیان لەسەر میللەتی فەرەنسی لاواز دەبێت و لە گوندەکانی فەرەنسی بڕیار دەدەن وەك شارەوانی پاریس ئەنجومەن و حکومەتی مەدەنی ساز دەکەن و پاسەوانی هەرێمایەتیش بۆ پاراستنی هەرێمەکانیش دادەمەزرێنن، بۆیەش لە هەرێمی دەربەگەکان چەندین هێرش دەکرێتە سەر کۆشکی خانەدانەکان، چونکە دەنگۆیەك بڵاودەبێتەوە کەوا ئەوانە دەیانەوێ شۆرشەکە برووخێنن، بەڵام ئەوەش بیانووی جووتیارەکان بوو، تا تۆڵە لە دەرەبەگەکان بکەنەوە، کە ساڵانێکی زۆر لەبن جەوری ئەوان ئازاریان کێشاوە، بۆیە لە رۆژانی ٢٠ی یولیۆ هەتا ٥ ی ئۆگستی حکومەتی ناوەندی کۆنترۆڵی لەسەر هەرێمەکان لاواز دەبێت، بۆیەش هەرێمەکان تەنها فەرمان لە کۆمەڵەی دامەزراندن واتە کۆمەڵەی نیشتمانی وەردەگرن و بەس. لە ئەنجامی ئەو توندوتیژییە دەرەبەگەکان ناچار دەبن واز لە هەندێ لە دەستکەوتەکانیان بهێنن، بۆیە بڕیار و وازهێنانەکانی ئەوان ئەوەندە زۆر ببوون، بۆیە کۆمەڵەی نیشتمانی پێ رانەدەگەیشت پەسەندیان بکات. بەوەش هەموو مافەکانی دەرەبەگایەتی تایبەتی

هەڵدەوەشێتەوە و قەزای دەرەبەگیش نامینێت و باجەکانی تایبەتی ئەوان دەبێتە گومرگ، جووتیارەکانیش کارکردن و سوخرەیان لەکۆڵ دەبێتەوە، کە لەجیاتی پارەدان بە دەرەبەگەکان کە بەردەوام لەسەریان بوو، بەوەش جووتیاری فەرەنسی مافی خوراوی هەزار ساڵەیان وەردەگرنەوە. لەناو رەوش و هەڵچونی شۆرشگێرانەدا نەدەکرا لەناو شار و گوندەکان دوو سیستەمی جاران بەیەکەوە هەڵبکەن، چونکە هەردوولا گوزارشتیان لە هێزی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاواز دەکرد، کە یاساکانیش مێژووەکەی دەگەڕایەوە سەدەکانی ناوەڕاست، ئەوەش وڵاتی بەرەو هەڵدێر دەبرد، بۆیە دەبوایە ئەو رەوشە بە رووبەڕووبونەوەیەکی توند وەڵام بدرێتەوە.

هەندێك وایاندەزانی کەوا سەرکەوتنەکانی شۆرشەکە بە ئاشتی و بە ئارامییەوە کۆتایی دێت، بەڵام دیارە کەوا بەش و هەنگاوەکانی شۆرشەکە زۆری مابوو تا مەزنی شۆرشەکە بەرقرار بێت، سەرەتا دارودەستەکەی پاشا و خانەدانەکان ماوەیەك خۆیان بێ جووله و بێدەنگ دەکرد و ئینجا بنکە و بارەگا رووخاوەکانیان کۆدەکەنەوە و لەدوای هاوکاری و پشتیوانی چاو دەگێڕن تا سیستەمە فەرەنسییەکە بۆ رۆژانی زۆرداریەکان بگێڕنەوە، لەودەمانەش شۆرشگێرەکان خەریکی سازکردنی سیستەمە نوێیەکە بوون، کە لەسەر بنچینەی یەکسانی و دادپەروەری و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پاشاوە سەرچاوەی گرتبوو .

کۆمەڵەی نیشتمانی دامەزراندن پەیامی (مافەکانی مرۆڤ و هاونیشتمانی) لە رۆژی ٢٦ی ئۆگستی ساڵی ١٧٨٩بڵاودەکەنەوە، شێوازە کۆتاییەکەی سیمای چینە برژەواکە و رەوشە سیاسییەکەی پێوە دیاربوو، کە تێدا لە بنچینەکانییدا هاتبوو: مرۆڤ لەسەرەتاوە بە ئازادی و یەکسانی لە مافەکان لەدایکبوون، لەسەر ئەوەش دەمینێنەوە. هەروەها لە بەندەکانییدا هاتبوو کەوا دەسەڵات و پاوەری میللەت تەنها لە میللەتەوە بووە. هەموو بنچینەکانی بەیانەکە بریتی بوو لە پەیامێك کە دوایی فەیلەسوفەکانی شۆرش ناویان نا ئازادی... یەکسانی... سەروەری نەتەوەیی... هاوێرکردنی دەسەڵاتەکان... ئیدارەی گشتی. تا پاشا بەوە رازی بکەن و دڵی زویر نەکەن، ناو لەو دەنێن پشتیوانی گەڕانەوەی ئازادییەکان بۆ فەرەنسا.

راگەیاندراوی مافەکانی مرۆڤیش سەرەتاییەك بوو وەك بنچینە گشتییەکان بۆ دەستوور، کە دوایی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانی دامەرزاندن لەسەر دارشتنی بەندەکانی دانوستان دەکەن، بەڵام ئەندامانی کۆمەڵەکە لەسەر دەسەڵات و پاوەری رەهای پاشا ناکۆك دەبن و دانوستان دەکەن، کە ئەو لەو دەستوورە نوێیە دەسەڵاتی چ بێت، زۆرینەکە ئەوانەی خاوەن هزری رادیکالی بوون، کەوا پاشا مافی ڤیتۆی هەبێت، بەڵام بەمەرجێك دەسەڵاتی هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی نەبێت. کە ئەو پەیام و گوتارەیان بە پاشا نیشانداوە، ئەو بڕیارانە و راگەیاندراوی مافەکانی مرۆڤیش رەت دەکاتەوە و قبووڵی نابێت، بۆیە دووبارە کێشەکان بەرچاو دەبێتەوە، کۆمەڵەش بەکۆی دەنگ داوا لە پاشا دەکەن، کەوا رەزامەندی لەسەر مەراسیمەکان دەربڕێت .

ئیتر لەودەمانە پاشا داوا لەسەربازەکانی دەکات، کەوا لەکاتی تەنگانەدا پشتیوانی بکەن و بەرگری لیٚ بکەن، لەودەمانەش دەنگۆی ئەوەش هەبوو، کەوا پاشا دەیەویٚ لەگەڵ دارودەستەکەی شۆرشەکە لەباریبەن، لە ئاهەنگەکانی سەربازییدا کە ئەفسەرەکان بە گیانی و سەلامەتی پاشا دەنگیان هەڵبڕیوە و دروشمەکانی شۆرشیان دڕاندووە، کە بریتی بوو لە ئاڵایە سیٚ رەنگەکە، ئەو هەواڵانەش دەگاتە ناو ریزی شۆرشگێرەکان.

ژنان خۆپیشاندان دەکەن

لەودەمانەدا رەوشە ئابوورییەکە شڕ و ناهەوار دەبوون، تا رادەیەك قەیرانی کەمبوونی نان پەیدا دەبێت، ئەوەش لەگەڵ رووداوێك یەك دەگرێتەوە کە کیژۆڵەیەك لە رۆژی ٥ ی ئۆکتۆبەر دەست بەتەپڵەوە دەچێتە بەردەم مەخفەرێك و لەوێیەوە بە تەپڵ لێدانەوە هاوار دەکات نان... نان... هەر لە ماوەی چاوقوچانێکەوە ژنانی برسی لەو کیژۆڵەیە کۆدەبنەوە و روو لە بارەگای پارێزگا دەکەن، دەچنە ناو باڵەخانەکە و داوای نان و چەك دەکەن، دەرگاکان دەشکێنن و لەناو جبەخانەکاندا چەکەکان دەبەن، بەرەو کۆشکی فرسای دەچن، تا داواکانیان ببەنە بەردەمی پاشا. دیارە کەوا پاسەوانەکانی پاشا روو لەو رێپێوانەکە دەگرن و بوار نادەن بەرەو کۆشك بچن، بەڵام

ژنە شۆرشگێڕەکان و دواییش پیاوەکانیش لەبەردەم کۆشکەکە ماندەگرن و دەمینێنەوە، بۆیە لە ڕۆژی دوایی، ژمارەیەك لەوانە دەگەنە ناو کۆشك، لەوێش ڕووبەڕووبونەوە و شەڕ ڕوو دەدات و شۆرشگێڕەکان و پاسەوانانی کۆشکەکە یەخەی یەکتری دەگرن، دەرئەنجام شۆرشگێڕەکان دەتوانن بچنە ناو چەند بەشێکی کۆشکەکە و دەگەنە ناو ژوورەکەی پاشا و تووڕەیی و ناڕەزاییەکان دەبەنە سەر سەرین و جێگەکەی شاژن و شپرزەی دەکەن، زۆریش نامینێت بگەنە شاژن، لەبەرئەوەی ئەو زووتر هەستی بە لێشاوی خەڵکەکە کردبوو، بۆیە بەرەو ژووری پاشا رایکردبوو. بەزەبری هێز، خەڵکەکە لەناو کۆشکەکە دەردەکەن، بەڵام ئەوان لەبن باڵکۆنەکەی پاشا دەوەستن و هاوار دەکەن :

دەمانەوێ پاشا بێتە پاریس .

ئیتر پاشا بەپیر بانگەواز و داواکەیان دێت و قسەیان لەگەڵ دەکات و سڵاویان لێ دەکات، سەرۆکی پاسەوانی نیشتمانی لافاییت، دەتوانیت کۆنترۆڵی ناڕەزاییەکەی بەردەم کۆشکی فرسای بکات، خەڵکە تووڕەکە سارد بکاتەوە. لە ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبەر یەکسەر پاشا دەگاتە پاریس، بەوەش وڵات کەمێك ئارامی و هێوربونەوەیەك بەخۆییەوە دەبینێت، پاشاش وەك بەندکراوێك لەبن دەسەڵات و هەژموونی شۆرشگێڕەکان دەمینێتەوە، بۆیەش پاشا لەگەڵ یەکێك لەسەرکردە ناودارەکانی شۆرشەکە میرابوو، پەیمانێك ساز دەکات، کە لەگەڵ مانەوەی پاشا وەك سومبلێك بوو، لەبەرامبەر ئەوەش مانگانە پاشا شەش هەزار فەرەنگ بدات و ئەویش قەرزەکانی بەو پارەیە بداتەوە، کە دەگەیشتە نزیکەی ٢٠٠ هەزار فەرەنگ، لە بەرامبەر ئەوەش میرابوو بەرگری لە دەسەڵاتەکانی بکات و لە هەموو ڕووداوەکان ئاگاداری بکاتەوە و ڕێنماییەکانی قبووڵ بکات. ئەگەرچی میرابوو زۆریش ئامۆژگاری پاشای دەکرد، بەڵام ئەو دەستبەرداری دەسەڵاتە زۆرداریيەکەی نەدەبوو، پیاوانی ناو کۆشك بەتایبەتی نەزانەکان دەستیان لە کاروباری وڵات وەردەدا، بۆیە ئامۆژگارییەکانی میرابوو هەتا سەر نەبوو، دەرئەنجام ڕەوشەکە ئاڵۆز دەبێت و شاژن ماری ئەنتوانێت لەگەڵ پیاوانی کۆشك و پاشماوەی دەرەبەگەکان کۆشش دەکەن پاشا خۆی دەرباز بکات، شەوێکیان بەرەو سنووره خۆرهەڵاتەکەی فەرەنسا رابکات و بکاتە ناو

ژمارەیەك لە خانەدان و شازادە راکردووەکان، لەوێیەوە داوای کۆمەك لە پاشاکانی ئەوروپا وەربگرێت تا شۆرشەکە هەرەس پیٚ بهێنێت.

## راکردنی پاشا

لە ئێوارەی رۆژی ٢٠ ی یونیۆی سالّی ١٧٩١ ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی بەبیٚ ئەوەی کەس هەستیان پیٚ بکات و بەدزییەوە دەیانەویٚ رابکەن، بەلاّم کە پاشا شپرزە دەبێت پلانەکەیان لیٚ ئاشکرا دەبێت، بۆیەش کە لە پاریس دەردەچێت و بەرەو شاری فردانی نزیك پاریس دەڕوات، لەویٚ دەستەیەك سوار چاوەڕوانی دەکەن، تا بەرەو سنووری فەرەنسای ببەن، بۆیەش پاشا ترسی نامینێت و خۆی ئاشکرا دەکات، کە یەکێك لە شۆرشگێرەکان هەست بەوە دەکات بەپەلە ئاگاداری هاوڕێیەکانی دەکاتەوە، ژمارەیەك چەکداری لیٚ پەیدا دەبن و ناچاری دەکەن بگەڕێتەوە پاریس، کە شارەکە لەناو رەوشێکی نیگەران و ئالۆزەدا بوو، خەڵکەکەش کە دەزانن پاشا دەیەویٚ را بکات، کەمێك سۆزیان بۆی دەجولێت. بەلاّم زۆرینەکە زۆر لە پاشا داخداربوون و رقی زۆریان لە سیستەمی پاشایەتی بوو، بەتایبەتی لویسی شازدەهەم، کە دەزانن رەوشەکە ئالۆزە و پاشا دەسەلاّتی لاواز بووە و دەزانن پاشا ویستویەتی را بکات روو لە مەیدانەکان دەکەن و پەیکەرەکانی دەشکێنن و لەناو دووکانەکاندا ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی وێنە و ناوی ئەوی لەسەر رەش دەکەنەوە، هەموو وشەکانی پاشا و شاژن و پاشایەکەم و بوربون و لویس و کۆشك ناهێڵن، لەبەردەم رووکار و ئاوێنەبەندەکانیش وێنە و تابلۆکان هەڵدەگرن، کە شکۆداری ئەو بنەماڵەیەی پێوە بێت .

پاش ئەوەی پاشا دەگیرێت کۆمەڵەی دامەزراندن بڕیار دەدەن دەست بەسەری بکەن تا دەستوورەکە دادەنێن و بەندەکانی تەواو دەکەن، ئینجا لەبەردەم پاشای دادەنێن تا سوێندی لەسەر بخوات و رێزی بگرێت و پشتیوانی بکات، بەلاّم ئەندامە یەعقوبییەکان کە بەشە توندڕەوەکەی ناو کۆمەڵەکە بوون، بیرۆکەکەیان پیٚ باش نابێت و دەڵێن ئەو پاشایە بوو کە

ویستبووی را بکات و واز لە کۆشك و تاجەکە بهێنێت شیاوی ئەوە نییە سوێند لەسەر ئەو دەستوورەمان بخوات، بۆیەش دەبێ ولآت ببێتە کۆماری و میللەت خۆی بڕیارەکان دەربکات و سەرپەرشتی ولآتەکەش بکات .

لە رۆژی ٣ ی سپتەمبەری ساڵی ١٧٩١ بۆ رەزامەندیکردن لەسەر دەستوورەکە پێشکەشی پاشای دەکەن، لە ١٤ هەمان مانگدا دەستوورەکە دەردەچێت و کۆمەڵەی نیشتمانیش لە ٣٠ سپتەمبەر خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و کۆمەڵەی یاسادانان بۆ بەیانییەکەی لە ١ ی ئۆکتۆبەردا کۆدەبێتەوە. لەو رەوشەی کە دەستوورەکە تێدا دادەنرا و جیاوازییەکان و دانوستان لەسەر سێ دەسەلآتەکە هەبوون، لەناو سێ حزب یان سێ رەوتی سیاسی سەرەکی ناکۆکییەکان پەیدا دەبن، یەکەمیان راستڕەوەکان، کە ئەو حزبە دەستوورییە بوون کە بڕوایان وابوو پاشا بمینێتەوە بەمەرجێك دان بە یاسا و دستوورە نوێیەك بنێت، حزبی دووەم چەپەکان بوون، ئەوانەش کۆمارییەکان بوون کە بڕوایان وابوو رژێمەکە برووخێت و سیستەمێکی کۆماری بێتە ئاراوە و ئەوانەی زۆریش توندڕەوبوون زیاتر بەختیاربوون، سەبارەت بە حزبەکەی ناوەند ئەوانە بێلایەن بوون و پشتیوانی هەردوو بۆچوون و سیاسەتیان دەکرد.

ولآت لە مەترسییدایە

هەموو رژێمە پاشایەتییەکانی ئەورووپا بە پێشهاتەکان و بنچینەکانی شۆرشی فەرەنسا هەستیان بە ترس و نیگەرانی کردبوو، ترسی ئەوەیان هەبوو ئەو رامانە هەموو ئەورووپا بگرێتەوە، بۆیەش شتێکی نامۆ و دوور نەبوو، کە هەموو ولآتەکان پشتی یەك بگرن و دژایەتی شۆرشەکە بکەن و بەرگری لە مافەکانی خودایی پاشا لەسەر دەسەلآت بکەن. دیارە کەوا کۆمەڵگەی فەرەنسی شەرخواز نەبوون، بەلآم شۆرشەکە گیانی نەتەوەیی جۆشدار دەکات و شۆرشگێرەکانیش لەبەر رۆشنایی بیردۆزی سرووشتی و مێژوویی فەرەنسا، ئارەزوویان بوو بنچینە و بنەماکانی مرۆڤایەتی شۆرشەکە بلآوبکەنەوە و هەموو ئەورووپا بگرێتەوە، وەك ئەوەی شۆرش بۆ دەربازبوونی میللەتەکە

له کۆیلەتی. بۆیەش هەر زوو لە ئاسمانی ئەوروپا نەزری شەڕێکی نوێ سەرهەڵدەدات و دواناکەون لە دۆزینەوەی بیانووی هەڵگیرسانی شەڕێك، کە لویسی شازدەهەمی پاشای فەرەنسا دەگیرێت ئیمپراتۆری نەمسا ( ئیمپراتۆری ڕۆمانی موقەدەس) و پاشای بروسیا دواناکەون لە ڕاگەیاندنی پشتیوانی لە پاشای فەرەنسا، بۆیەش لە مانگی ئۆگستی ساڵی ١٧٩١ ئەوە ڕادەگەیێنن و بەرگری و پشتیوانی پاشا و سەرکوتکردنی شۆڕشەکە ڕادەگەیێنن، ئەوەش بەئاشکرا بڵاودەکرێتەوە و ناوی لێ دەنێن بڕیارەکەی بلنتز.

هێزەکانی پاشایەتی بوونی حزبە فەرەنسییەکانی دژ بە شۆڕشەکە بە پشتیوان دەزانن و هاوپەیمانییان لەگەڵ دەکەن، بەوەش دەیانەوێ بیانووی شەرعی بدۆزنەوە بۆ دەستتێوەردان لە کاروبارە فەرەنسادا، بەوەش شۆڕشگێڕەکان نیگەران دەبن، کە ئەفسەرە گەورەکانی خانەدانان ڕیزەکانی چۆل دەکەن و بەوەش سوپاکە هەڵدەوەشێتەوە، بۆیەش کۆمەڵەی نیشتمانی لە ڕۆژی ١١ی یولیۆی ساڵی ١٧٩٢ بەیانێك بڵاودەکاتەوە کە تێدا هاتبوو: ئەی هاوڵاتیان... وڵاتەکەمان لە مەترسی دایە. بۆیەش خەڵکانی گیانفیدا و بۆ پڕکردنەوەی ڕیزەکانی سوپاکە، دەگەنە ناو سوپا و چەندین تیمی سەربازی ساز دەکەن و کوڕانی شۆڕشەکە دەبنە پشتیوانی سۆپاکە. ئەگەرچی هەردوولا کارکەر دەبن گرژییەکە خاو بکەنەوە و ڕەوشەکە نەتەقێتەوە، بەڵام هەر بارەکە ئاڵۆزتر دەبێت، بۆیەش شۆڕشگێڕەکان وەك بەرگرییەك و هەنگاوێك بۆ خۆپاراستن هێرش دەکەنە سەر بەلژیکا و دەیانەوێ بەوە سنوورەکەیان توند بکەن، بەڵام سوپای شۆڕشگێڕە فەرەنسییەکان شکان لەسەر شکانیان بەردەکەوێت و ڕەوشەکە مەترسی دەکەوێتە سەر و مەزندەش دەکرێت پاشایەتی بە زەبری شیر و تیر بگەڕێنەوە دەسەڵات. بەڵام شۆڕشگێڕەکان لەسەرچاوە و بەرەیەکی چاوەڕوان نەکراو پشتیوانی و هانایان بۆ دێت، لە ڕوسیا وەك وڵاتێکی مەزنی ئەوروپی، کە بەرەو دڵی ئەوروپا دەخشێت و بەوەش دڵی ئەڵمانەکان دەهەژێنێت، کە نەمسا و بروسیا سەرکردایەتییان دەکرد، بۆیەش سەرکردەی هێزە هاوپەیمانەکەی دژ بە شۆڕشەکە برونسڤیك بەتەنگاوییەوە لەگەڵ سەرکردەی سوپای شۆڕشگێڕەکان دیمورییە کۆدەبێتەوە و بڕیار دەدرێت سوپاکەی سەر سنووری فەرەنسا بکێشێتەوە، بۆیەش شەڕە گچکەکەی ڤالمی کە هاوپەیمانەکان دەکشێنەوە دەبێتە وەچەرخانێك لە مێژووی شۆڕشی فەرەنسا

و دووباره بڕوابوون و دڵنیایی لەلای شۆڕشگێڕەکان نوێ دەبێتەوە و بوار ساز دەبێت تا فەرەنسا ئارام ببێتەوە.

## لەسێدارەدانی پاشا

دۆق برنزویك سەرکردەی هێزە هاوپەیمانەکە هوشدارییەکی توند ئاراستەی شۆڕشگێڕەکان دەکات، کە نابێت بە هیچ شێوەیەك دەست لە پاشای وڵات بدەن، بەپێچەوانەش وڵاتەکە دووچاری چارەنووسێکی رەش و نەگبەت دەبێت، ئەوەش نیشانەیەك بوو بۆ هاتنە پێشەوەی کارەساتێك بەسەر وڵاتەکە و هەروەها ناوی پاشاش لەکەدار دەکات، بۆیەش شۆڕشگێڕەکان وادەزانن تەنها پشتیوانیکردن لە پاشا، جۆرێکە لە خیانەت و وێنەی پاشاش دەبێتە سیما و پەیوەستبوون بە هێزە پەلاماردە دەرەکییەکە، بۆیەش لەگەڵ حزبەکان هاوسۆز دەبن بۆ لەناوبردنی پاشا و کۆشش دەکەن هەموو بوارەکان پەیڕەو بکەن .

شۆڕشگێڕەکان هێرش دەکەنە سەر کۆشکی پاشایەتی و شەڕێکی خەستی دژوار دەقەومێت لەنێوان شۆڕشگێڕەکان و پاسەوانانی پاشا و کۆشك روودەدات، دەرئەنجام شۆڕشگێڕەکان سەردەکەون و پاشاش دەچێتە ناو بارەگای کۆمەڵەکە و ئەوانیش بڕیار دەدەن دەستبەسەری بکەن، دوایی لە دۆسیەکەی بکۆڵنەوە، پاشا و بنەماڵەکەی لە قەڵاتی تامبل دابنێنن و لەوێ لە یەکێك لە قونگرەکاندا حەپسی دەکەن. شۆڕشگێڕەکان پەلاماری دەرەبەگەکان دەدەن و لە مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٧٨٩ دا نزیکەی ١٥٠٠ دەرەبەگ دەکوژن، ناویان لەو رووداوەش نابوو کۆمەڵکوژییەکەی سپتەمبەر، لە رۆژی ٢٠ ی سپتەمبەریش کۆنگرەی نیشتمانیش رادەگەێنن و ئەوەش دەبێتە بەدیلی کۆمەڵەی دامەزراندن، کە یەکەم بڕیاریان لە رۆژی ٢١ ی سپتەمبەر هەڵوەشاندنەوەی پاشایەتی دەبێت، لە رۆژی ٢٥ ی سپتەمبەریش سیستەمی کۆماری رادەگەێنن. لەپاش رۆژی ١١ ی سپتەمبەرا خەریکی ئامادەکردنی سکالانامەیەك دژ بە پاشا دەبن، لەسەر ئەو داوایە بڕیاری لەسێدارەدانی پاشاش دەردەچێت، تا بەرگری لە خۆی بکات لە

هۆلی کۆنگرەی نیشتمانی ئامادەی دەکەن، پاشاش لەو دادگاییەدا یان نکۆڵی لە تومەتەکان دەکرد، یان ئەنجامدانی تاوانەکان دەخاتە پاڵ وەزیرەکانی، هەندێ جاریش کردەوەکانی بە بەندەکانی دەستوورەوە دەبەستێتەوە. بەڵام لە تۆڵەی کردەوەی توندکار و تیرۆرەکانی دژ بە ئەندامەکان کرابوون، سزای لە سێدارەدان بۆ پاشا دەردەکەن و بڕیار دەدەن لە ڕۆژی ١١ ی ینایری ساڵی ١٧٩٣ بە تومەتی خیانەت و دژایەتیکردنی نەتەوەکەی لە سێدارەی بدەن، بڕیاریش دەدەن جێبەجێکردنی حوکمەکەش لە ٢١ هەمان مانگدا جێبەجێ بکەن .

لە ڕۆژی دیارکراو و لە کاتژمێری دەی بەیانی کەژاوکەی پاشا دەگاتە مەیدانی شۆرش... خەڵکە تووڕە و شۆرشگێرەکەش لەوێ ئامادەبوون، ئەویش بە هەنگاوی چوستەوە دەچێتە بەر چەقۆکەی سەر پەڕاندن و لەوێش سەری بۆ قەشەکەی بەرامبەری نەوی دەکات و ئەویش دەستی لەسەر سەری دادەنێت و دەڵێت: ئەی کوڕەکەی قەدیس لویس برۆ بەرەو ئاسمان. پاشاش ویستی چەند قسەیەك بکات، ڕوو لە خەڵکەکە دەکات و دەڵێت :

من بێ تاوانم و داواکارم لەبەر سەری من، لە فەرەنسا خوێن نەرژێت .

بەڵام لەگەڵ دەنگی تەپڵ و دەهۆڵەکان نەکرا قسەکانی تەواو بکات و جەلادەکان بەرەو چەقۆکەی دەبەن. لە سەعات دە و دە دەقە جەلادەکە سەری بڕاوی پاشا بۆ خەڵکەکە بەرزدەکاتەوە، هەمووش بەیەك دەنگی هاوار دەکەن بژی کۆمارەکەمان. پاش لەسێدارەدانی پاشا و لە ڕۆژی ٢١ ی سپتەمبەر شاژنیش لەناو گۆڕەپانی کۆنکردی ناودار لەسێدارە دەدەن، پاش ئەوەی خەڵکە تووڕەکە بەوەی لەناو دەستیان بوو هەموو بەیەکەوە بەردبارانی دەکەن، ئەوەش سزای ئەو کردەوانە بوو، کە لە ماوەی دەسەڵاتی خۆی و مێردەکەی کردبوویان. ئەو شاژنەی بە جلوبەرگ و خشل و جوانکارییەکانی ببووە جێگەی سەرەنجی هەموو شاژنەکانی ئەورووپا، بەر لە کوشتنەکەی بە جلێکی شڕەوە دەردەکەوێت و تەرمەکەی دوو هەفتە لە گۆڕەپانەکەش دەمینێتەوە.

هاوپەیمانی نێونەتەوەیی

رووداوه مەزنە یەك لەدوای یەكەكانی فەرەنسا دەنگدانەوەیەكی زۆری لەناو هەموو وڵاتانی ئەورووپی دەبێت، لە سێدارەدانی پاشا و شاژنەكە و گۆڕانەكانی فەرەنسا دەنگدانەوە و وەچەرخانێكی مەزن و گەورە بوو لەناو هەموو پایتەختەكانی وڵاتانی ئەورووپی، بۆیەش لە ئینگلترا پرسە بۆ پاشای فەرەنسا رادەگەیێنن و پاشاش بڕیار دەدات هەموو پەیوەندییە دبلۆماسییەكان لەگەڵ فەرەنسادا ببڕن. هەروەها لە ئەسپانیا و هۆلەنداش هەمان كردەوە دەكرێت و ناڕەزایی دەردەبڕێت، بۆیەس فەرەنسا لە رۆژی ١ ی مانگی فبرایر فەرەنسا شەڕ دژی ئینگلترا و هۆلەندا رادەگەیێنێت و لە رۆژی ٧ ی مارسیش دژ بە ئەسپانیا شەڕ رادەگەیێنن، هەروەها پاپاش پشتیوانی لەو هاوپەیمانییە دەكات و بەوەش پیاوانی ئاینی فەرەنسی لەدەست دەدات، هەروەها شارە گەورەكانی ئیتالییش لەوانە ناپۆلی و ڤینیسیا و فلۆرنساش و دوایی ئیمارەتەكانی ئەڵمانی و نەمسا و بروسیا لە رۆژی یەكەمەوە دژایەتی شۆرشەكەیان راگەیاندبوو، هەمووش بۆ لەباربردنی شۆرشەكە و پارچەكردنی ئیمپراتۆریەتی فەرەنسایان مەبەست بوو، تا قەڵەمڕەوییەكەی لەسەر خۆیان دابەشی بكەن.

سەردەمی تیرۆر

روبسبیر یەكێك بوو لەسەركردە توندڕەوە یەعقوبییەكان، ئەوەی لە رۆژی ١٧ ی یولیۆی ساڵی ١٧٩٠ سەركردایەتی رێپیوانێكی مەزنی دژ بە پاشا و شاژن كردبوو، كە سەركردەی پاسەوانی پاشایەتی لافاییت رووبەڕوویان دەبێتەوە و كە تێدا لەو رۆژەدا دوو سەد كەسیان بە كوژراو و بە بریندار دەبنە قوربانی، ئەوەش كار لە ناوبانگی لافاییت و رەوتە میانڕەوەكەی دەكات و بوارسازیش دەبێت رەوتە توندڕەوكە پێش بكەون. بۆیەش بە هەنگاوی سست بەڵام بەدڵنیاییەوە روبسبیر پێش دەكەوت و نەمری و شكۆی بۆ خۆی دابین دەكرد و ئەو یاریدەری مارا بووە، ئەوەی سەرۆكی یەعقوبییەكان بووە و كە لە ساڵانی ١٧٩٣ هەتا ١٧٩٤ زۆرتر توندڕەوی لەلایەن لیژنەی ئاسایشی گشتییەوە كرابوو، كە یاسای تومەتباركردنیان دەركردبوو كە خەڵكیان تەنها

بەگومانەوە بە تاوانی پلانگێری سزاداوە و هەر لەودەمانەش دادگای شۆرشیان دانابوو، کە خەڵکی زۆریان دەگرت و سزای قوورسیان داون .

ئەوەی لە دوور و لەنزیکەوە پەیوەندی بە کۆشکەوە هەبوایە دادگایی دەکرا و تومەتی پلانگێرییان بۆ خەڵکەکە هەڵدەبەستا، ئەوەی تەنها ساردی و جۆشی بۆ شۆرشەکە نیشان دابوایە، بەوەش شۆرشەکە هێدی هێدی نەوەکانی خۆی دەبراندەوە، چەندین ئەندامانی حزبی دەستووریەتی پاشایەتی و زووتریش ئەندامانی حزبی جیروندییەکانیان بەرەو پەتی کوشتن بردووە، لەوانە سەرکردەکەیان مدام رۆلان، ئەوەی بەر لەوەی بیکوژن قسە ناودارەکەی بەرامبەر پەیکەری ئازادی وتوە کە فەرمووی :

ئای ئازادی، چەندین تاوانیان بە ناوە بەخشندەکەی تۆوە کرد .

لە ماوەی تەنها نۆ مانگدا بڕیار لەسەر کوشتن و لەسێدارەدانی ١٦ هەزار کەس دەدەن، بۆیەش هەموولایەك بەردەوام ترسیان لە بڕیار و گومانەکانی روبسبیر هەبوو، کە راست و چەپ خەڵکی دەگرت، بۆیەش ئاسایی بوو کە هەموو دەنگیان بکەنە یەك، تا ئەو پیاوە لەناوببەن، بۆیەش دەگیرێت و لە دادگاییەکی سەرپێیدا وەك چۆن ئەو خەڵکی دادگایی کرد، بۆیەش بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەکەن و لە رۆژی ٢٨ ی یولیۆی ساڵی ١٧٩٤ بڕیارەکە جێ بەجێ دەکەن و لەسێدارەی دەدەن. بە کوشتنی روبسبیر سەردەمی توندڕەوی و تیرۆر کۆتایی دێت و کاروانەکەی شۆرش بوارە دروستەکەی خۆی دەگرێتەوە.

## دیکتاتۆریەتی دەربازبوون

بۆ دەربازبوونی وڵاتەکە لە تەنگژەکان و رەوشە ئاڵۆزە ئابوورییەکەی لەپاش شکستەکانی سوپای شۆرشەکە رووبەڕووی دەبێتەوە، شۆرشگێرەکان بڕیار دەدەن حکومەتێکی دەربازبوونی گشتی

پێکبهێنن و دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتیش بەرپا بکەن کە بتوانن وڵاتەکە لە برسیەتی و لەناو قەیران و گێژاوەکان دەربازیان ببێت .

رەوشە دەوڵییەکەش بوارساز دەبێت خزمەتی ئەو رەوشەی فەرەنسا بکات، چونکە بروسیا و نەمسا واتە بەرەکەی خۆرهەڵات ناکۆکییان دەکەوێتە ناو و شپرزە ببوون، هەروەها هێزەکانی بروسیا و بریتانی ناکۆکیان تێدەکەوێت و لەسەرانسەری بەرەکە هاوپەیمانییەکان لاواز دەبێت، بۆیەش سوپاکەی شۆرش بەرووی هاوپەیمانەکان سەردەکەون و سوپاکەی فەرەنسا لە یولیۆی ساڵی ١٧٩٤ دەگەنە ناو بەلژیکا و دواییش پێیەکانیان لەناو ئیتاڵیا و ئەڵمانیاش گیر دەکەن .

پاش شکانی هەڤاڵبەندییەکەی هاوپەیمانان شۆرشی فەرەنسی لە ئاسمانی ئەورووپی سەرکەوتنی مەزن تۆمار دەکات و بوارساز دەبێت بگاتە ناو خاکە نوییەکان و ئیتاڵیا و ئەڵمانیاش. کە حکومەتی ئیدارەکە لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١٧٩٥ دەسەڵات دەگرێتە دەست، پلان دادەنێت پەلاماری وڵاتی نەمسا بدات، بۆ ئەوەش سێ سوپای فەرەنسی بەرەو نەمسا بەرێدەکەون، کە هەردوو سوپاکەی پێشەوە دەشکێن و پاشەکشە دەکەن، بەڵام هیوای مەزن بە سوپای سێیەم هەبوو کە بتوانن سەرکەوتنێك بۆ فەرەنسییەکان تۆمار بکەن و کاروانەکەی مێژوو بگۆرن .

سەرکردەی ئەو سوپایەش سەرکردەی گەنج پونابرت بوو، ئەوەی دوایی بە ناپلیۆنی یەکەم ناسرا، کە توانی بەسەر نەمساوییەکان و ئیتاڵییەکان و پاپوییەت سەربکەوێت، هەموو باکووری ئیتاڵیاش بە فەرەنساوە دەلکێنێت و پاپا بیوسی شەشەمی دوژمنی شۆرشەکە ناچار دەکات، هەموو مەسرەڤ شەرەکانیش بژمێرێت و لەگەڵ نەمساوییەکان پەیمانیش مۆر دەکات، کە دان بە سەرکەوتنی شۆرشی فەرەنسا دابنێنن، هەموو موڵك و دەسەڵاتەکەی بناسن. هەموو دوژمنەکانی فەرەنسا چارەسەرکرا تەنها ئینگلیزەکان دەمینێت، ئاسانیش نەبوو راستەوخۆ پەلاماری بدات چونکە ئینگلیزەکان کەشتی دەریایی مەزن و گەورەیان هەبوو، بۆیەش بیر لەوە دەکەنەوە لەجیاتی ئەوە و بۆ کۆنترۆلکردنی بازرگانییەکانی خۆرهەڵات پەلاماری میسر دەدەن، بەوەش ئینگلیزەکان لەبەر بوونی کۆلۆنیزمەکانیان لە هیند تەنگاو دەکەن. سەرکردایەتی ئەو سوپایەی کە لە ئیتاڵیا سەردەکەوێت دەسپێرنە ئەو، بۆ پەلاماردانی خۆرهەڵات و بە کەشتی دەریایی لەساڵی ١٧٩٨ هێرشەکەیان بەرەو میسر لە دەریاوە دەست پێ دەکات .

ناپلیۆن بەر لەوەی گەشتەکەی بەرەو میسر دەست پێ بکات دەچێتە ئیتاڵیا و لەوێ لە رۆما پاپای رۆمانییەکەی رەزیل دەکات، لەناوەندی وڵاتەکەش کۆمارێکی رۆمانی دادەمەزرێنێت، ئەوەش نەتەوەکانی کاسۆلیك تووڕە دەکات. سەرکەوتنەکانی فەرەنسا لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و پاپۆییەت دەتوانێت هەڤاڵبەندی نوێ بە بەشداری ئینگلترا و روسیا و نەمسا و بروسیای دەوڵەتی عوسمانی نوێ و پتەو بکاتەوە، بەڵام بەداگیرکردنی میسر ئەو هەڤاڵبەندییە ئاڵۆز دەبێت. بەو پێشهاتەش رەوشی حکومەتی شۆرش لە پاریس شپرزە دەبێت، بۆیە دانوستان لەسەر ئەو پێشهاتە ناپلیۆن بانگ دەکەنەوە فەرەنسا، ئەویش لە رۆژی ٩ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٧٩٩ دەگاتەوە وڵات، لەوێ کودەتایەك دەکات و حکومەتێکی قونسلگەریی لە سبیس و روجیە دیکو و پۆناپرت دادەمەزرێنێت. هەر سێ کونسڵ لەبەردەم ئەنجومەنی پیرەکانی کۆمار سوێند لەسەر یەکپارچەیی وڵات و ئازدی و یەکسانی و سیستەمی پەرلەمانی دەخۆن، بەوەش پۆناپرت دەبێتە کونسڵی یەکەمی وڵات و دەستەڵاتی جەنگ و ئاشتی و رێکەوتنامەکانیشی دەبێت .

پۆناپرت دەسەڵاتی رەها دەگرێتە دەست و بەتەنهای پاوانی هەموو دەسەڵاتەکان دەکات و نەیارەکانی لەناودەبات و خۆی وەك ئیمپراتۆرێك رادەگەێنێت، ناو لە خۆی دەنێت ناپلیۆنی یەکەم و هەتا ساڵی ١٨١٥ هەموو رەوشەکەی ئەورووپی کۆنترۆڵ دەکات. بەوەش لاپەڕەکانی شۆرشی فەرەنسا کۆتایی دێت، پاش ئەوەی ویژدانی هەموو ئەورووپا و جیهانیش دەهەژێنێت و لەبەردەم مرۆڤایەتیش دەروازەی نوێ دەکاتەوە و بەهاکان بەرەو ئاستی بەرز دەبات و ریزی مرۆڤ شکۆدار دەبیت و هەموو کۆت و زوڵم و زۆردارییەکان بەڕووی خەڵکەکە کەم دەبێتەوە و باجەکان سووك دەبن و سنووریك لەنێوان سەردەمە کۆنەکە و نوێیەکە دادەنرێت و دەربەگەکان ژمارەیان کەم دەبێتەوە. شۆرشەکە سەردەمێك دەرەخسێنێت و هەموو شتەکان دەبێتە موڵکی میللەت و پایەدارترین بەڵگەنامەش ئەو پەیمانە دەبێت کە مافەکانی مرۆڤی تێدا بەرقرار دەبێت و دەبێتە بڵێسەی هەموو میللەتان، لەسەر ئەو بنچینەیە دەستوورەکانی هەموو نەتەوەکانی ئەورووپا و جیهانیش و دەبێتە بەڵگەنامەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە پاشان چەندین بەڵگەنامەی تری لەسەر دادەرێژن.

**ئەو بابەتانە بە زەنجیرە لە مانگی ئۆگستی ٢٠١١ لە رۆژنامەی ئەلجریدەی کوێتی بڵاوکراوەتەوە.**

**سی ڤی شێرزاد هەینی**

لەساڵی ١٩٥٥ لە هەولێر لە دایکبووم، بەشی رووپێویم لە ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای بەغدا تەواوکردووە و هەتا لە وڵات دەرچووم لە شارەوانی هەولێربووم، شەش منداڵم هەیە، پێنجیان لە خوێندنی زانکۆ قۆناخی باشیان بڕیوە، لەنێوان هەولێر و ستۆکهۆلم دەژیم.

**چاپکراوەکانم ...**

1. لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985 کتێبی (هەولێر) م ئامادەو چاپکرد.
2. هەر لە شارەوانیدا لەساڵی 1994 دا، 12 ژمارەی رۆژنامەی (هەولێر) م دەرکرد.
3. کەلاوە، 1991 ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.
4. دیوەخانی فلێن، رۆژانەیە، لە 1999 لە رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی بڵاوکرایەوە.
5. هەولێر تا دبلن، 2000 ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.
6. بەغدا بۆ هەولێر، 2000 ریپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.
7. مەملەکەتی فارگۆنەکان، ریپۆرتاژ، سلێمانی.
8. کاکە ئەبو ئیسماعیل، 2001 ، سلێمانی.
9. بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو 2001 رۆمانی گابریل مارکیز.
10. رێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. دەزگای موکریانی.

11. سارد، یان گەرم (12) ریپۆرتاژبوو، لە رۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی.

12. فارگۆنەکان، لە دەزگای بەدرخان لەهەولێر2005 بڵاوکرایەوە.

13. مەملەکەتی کەلاوە، وەك نامیلکە لەوەزارەتی رۆشنبیری لەهەولێر بڵاوکرایەوە.

14. کۆریا پێناسە و مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە هەولێر 2007.

15. هولۆکۆست، وەرگێڕان، سەنتەری نما هەولێر 2007.

16. دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ، هەولێر دەزگای ئاراس 2008.

17. مارتن لۆسەر، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی 1 سەنتەری مەسەلە هەولێر 2008 .

18. بەرەو کۆشکی ئالیزی ، شیراك، روایال، سارکۆزی، و: خانەی وەرگێڕان 2008 .

19. سێکس و پۆلیتیك، دیوێکە لەژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ، و: سەردەم 2008

20. تەها حوسین، نابینایەکی بینا، ئامادەکردن، دۆسیەیەك لە گۆڤاری نما 2008

21. 955دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دیمانە، دەزگای نما 2008

22. دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابوورییە، و: دەزگای ئاراس 2008

23. مەجبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە، سلێمانی 2008

24. من رۆژنامەنووسم، جاسووس نیم، وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2009

25. مۆساد.. وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر چ1و 2 هەولێر 2009، 2010

26. دانپێدانەکانی حاجی پاولۆ، لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر 2009

27. ترێنە خێرایەکی خۆرهەلات، وەرگێڕان دەزگای موکریانی 2009

28. نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە، وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری 2009

29. کاکە ئەبو خەلیل، بەسەرهات، رەخنەی چاودێر سلێمانی 2009

30. برادەرە جوانەکە، رەشیدە داتی، دەزگای ئاراس وەرگێڕان 2009

31. سارا پالین، ژنێکە دەرچوو لە نەریتەکان .. وەرگێڕان دەزگای ئاراس 2010

32. دەسەڵات و نەخۆشی، وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2010

33. سیاسەتی دڵ، وەرگێڕان دەزگای ئاراس 2010

34. جیهان لە دیدی کۆشنێر، وەرگێڕان دەزگای نما 2010

35. سیڤییەکان 1، وەزارەتی رۆشنبیری، کۆمەڵە دیدارێکە 2002 _ 2009

36. گەشتێك بەرەو ئەورووپای نوێ، دەزگای ئاراس، وەرگێڕان 2010

37. حیکایەتەکانی غەدر و خوێن، وەرگێڕان، خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2010

38. چیرۆکێك لە خۆشەویستی و تاریکی، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١ هەولێر

39. تووتنەوانەکە، رۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١ هەولێر

40. ئەستێرە سەرگەردانەکە، رۆمان وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١ هەولێر

41. دەربازبوون، وەرگێران دەزگای ئاراس ٢٠١١

42. مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن دەزگای ئاراس ٢٠١١

43. سیڤییەکان ٢ کۆمەڵێك راز و دیمانە وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١١

44. کازیوە، ژنەکەی ناو فەیسبوك، نۆڤلێت دەزگای نما ٢٠١١

45. غاندی، چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا وەرگێڕان، چ[1] و چ[2] ئاوێر ٢٠١١

46. سەگەکان لە ریگا، رۆمان، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١

47. غاردان بەدوای گورگەکاندا، رۆمان ئاوێر وەرگێڕان ٢٠١٢

48. بابا سارتەر، رۆمان وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١

49. سیڤییەکان ٣ ، کۆمەڵە راز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٢

50. دەسەڵاتی دوو ژن، وەرگێڕان دەزگای بەدرخان ٢٠١٢

51. چراکانی ئۆرشەلیم، رۆمان عەلی بەدر وەرگێران ئاوێر ٢٠١٢

ئامادەی چاپە:

52. پایزە ساڵ، تۆماری رووداوەکان، 2009

53. پاسپۆرت، یادەوەری 2010

.54 زستانی خێزانەکە ڕۆمان عەلی بەدر، وەرگێڕان

.55 سیڤییەکان ٤، کۆمەڵە ڕاز و دیمانەیە

.56 چ لە سوید فێربووم، پەخشانەوتار

.57 دوورستان، پەخشانەوتار

.58 هەولێر ... ڕۆمان بەرگی یەکەم

.59 هەولێر ... ڕۆمان بەرگی دووەم